# سەیید عەلی ئەسغەری کوردستانی



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

# سەیید عەلی ئەسغەری کوردستانی

نووسینی

محەمەد حەمە باقی



ناوی کتێب: سەیید عەلی ئەسغەری کوردستانی
نووسینی: محەمەد حمە باقی
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ١٥٩
دەرهێنانی هونەری: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: شکار عەفان نەقشبەندی
نووسینی سەر بەرگ: محەمەد زادە
پیت لێدان: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیی کاری چاپخانە: ئاوڕەحمان مەحمود
چاپی یەکەم: ئێران، شهر کرد» ، ١٩٩٦
چاپی دووەم: دەزگای ئاراس
چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر- ٢٠٠٢
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر
ژمارە (٤٣٠)ی ساڵی ٢٠٠٢ی دراوەتێ

پێشکەشە بەباوکم:

**حاجی حەمەباقی ئەمینی وەیسە ڕازیانەیی**

کە فێری کردم

«**سەیید عەلی ئەسغەری کوردستانی**»م خۆش بوێ





سەیید عەلی ئەسغەری کوردستانی

# بەرایی

دەمێک بوو ئەوینی دەنگە بەسۆز و فریشتەییەکەی گۆرانیبێژی نەمر و ناسراو **سەیید عەلی ئەسغەری کوردستانی**[(١)] تا دەهات لەگەڵ گەورەبوونی تەمەن و ڕۆح و چێژی هونەریمدا هەر گەورە دەبوو...

ئەم خۆشەویستییە دێرینە خستبوومیە سەر ئەو خولیایەی نووسینێکی تێروتەسەلی لەسەر ئامادەبکەم؛ بەڵام تا لەناو شارەکانی کوردستانی عێراقدا بووم، مەیدانی لەسەر نووسینی ئەم بابەتە، چۆڵوهۆڵ بەبێ سەرچاوە و بێ بەڵگە بوو... دواتریش؛ دوای ساڵی ١٩٧٨ز دەرەتانی ژیانی ١٠ ساڵانەی دوورە شارم، دەرفەتی بۆ نەڕەخساندم...

تا سەرەتای بەهاری ١٩٨٨ز؛ دوای هێرشی بەربڵاوی کیمیاوی بارانی «سەددام» بۆ سەر ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستانی عێراق، ناچار بووم لەگەڵ بەشێک لە جەماوەری گەلەکەمدا بێمە کوردستانی ئێران و لە شاری شیرینی سەقزدا بگیرسێمەوە.

لەم هاتنەمدا، بەهەڵم زانی[(٢)] لەسەروو زۆر بەرنامەی تری ئەدەبیمەوە، کاتێکی باش لە بەرنامەکانم، بۆ لەسەر نووسینی ژیان و بەرهەمی گۆرانیبێژی ناوبراو تەرخان بکەم؛ کە دیارە ئەم کارەش بەبێ ئاوڕدانەوە لە **مێژووی مۆسیقای کوردی**، کارێکی نیوەچڵ دەردەچێ... بۆ ئەمە، ماوەیەکی زۆرم بۆ ئاوڕدانەوە لە پێشینەی مۆسیقا و گۆرانی کوردی تەرخانکرد...

کە ئەم ئاوڕدانەوەیە کاتێکی زۆری خایاند و زۆری ماندووکردم و پەلوپۆی مێژوویی زۆری لێ بووەوە و لە ئاکامدا بووە بابەتێکی دەوڵەمەند و گەورە و سەربەخۆ.. ئیتر منیش

(١) لەمەودوا لەبری ناوی سەیید عەلی ئەسغەری کوردستانی، دەنووسین: سەیید.

(٢) ڕەنگە خوێنەر پێی سەیر بێت ئەگەر بڵێم: هەر یەکەمین هەفتە کە گەیشتمە سەقز و بەبێ پۆشاک ولانە، لەگەڵ سەدان هاوڕێ و بنەماڵەی تردا، بەپەرتوبڵاوی و بێ ئەوەی کەس لە چارەنووس و سبەینێی خۆی بگات، منداڵەکانم لە ئوتێل سەقزی سیخناخدا بەجهێشت و لەترسی ئەوەی نەک جارێکی تر و لەدەرفەتی تردا دەستم نەگاتەوە کوردستانی ئێران، بەپەلە خۆم گەیاندە زێد و مەڵبەندی سەیید لە شاری سنەی جوان و پێوەندیم لەگەڵ سەرەتاکانی دەستکردن بە لەسەر نووسینی سەیید دروست کرد و... ئەوکاتە هەندێ دۆستیشم پێیان سەیر و سەمەرە بوو، کە لەو دژوارییەی ژیانی شپرزە و هەڵاتن و داهاتووە تەماوییەی خۆماندا، هەنگاو بۆ ڕەنگڕشتنی ئەم کتێبەی سەیید هەڵدەگرم!



و هاوڕێکانیشم کە لەنزیکەوە ئاگاداری ئەم کارە بوون، بە چاکمان زانی ئەم بابەتە ناو بنێین: «**مێژووی مۆسیقای کوردی**» و وەک کتێبێکی سەربەخۆ، بەجیا چاپ بکرێ؛ کە لە هەمان کاتیشدا دەبێتە دەروازە و کلاوڕۆژنەیەکی پێویست و بەکەڵک، بۆ هەر هەنگاوێکی تری ئاوڕدانەوە و بەسەرکردنەوەی ئەمجۆرە هونەرمەندانەمان.

مایەوە سەر **سەیید**؛ کە لە چاو کتێبی ناوبراودا، کەمتری پێوە ماندوو نەبووم و ئەوەی لەم پێناوەدا تروسکاییەکی زانیاری و هەواڵ و سۆراخ و کەڵکی بەرنامەکەمم تێدا بەدی کردبێ؛ خۆم گەیاندۆتێ و گوێم نەداوەتە دووری و نزیکی و کۆسپی ڕێگام.

بەڵام بەو هۆیەوە کە ئێمە فێر نەبووین مێژووی خۆمان بنووسینەوە و ڕێز و پارێزگاری شوێنەواری دێرینە و بەڵگەنامە و ژیانی ناودارانی خۆمان تۆمار بکەین؛ بۆیە زۆر بەگران و کوێرەوەری، نووسەرێک دەتوانێ چەردەیەکی تێروتەسەل، لەسەر بابەتێکی خۆماڵییانە ئامادە بکات، کە ئیتر خوێنەران لەو بابەتەدا پاراو بن و عەڤداڵی زانیاریی تر نەبن.

لەگەڵ ئەمانەشدا دەبێ ئەوە بڵێم کە داروباری کوردستانی ئێران بۆ ئەم جۆرە کارانە، لەچاو داروباری کوردستانی عێراقدا زۆر لەبارتر و بەپێزترە...چونکە مەیدانی ڕووناکبیری لە کوردستانی ئێراندا، خاکێکی بەیارە و هێشتا زۆر کەم دەستی بۆ براوە و ئەگەر لاوانی هۆشیار، لەم مەیدانەدا قۆڵی کارکردن و پشکنینی شوێنەواری کۆنینە و کۆکردنەوی فۆلکلۆر و ئەفسانە و دەستخەتی شاعیران و ئەدیبانی دێرینە، هەڵماڵن؛ بێگومانم ئەنجامی ماندووبوونیان پڕ پیت و بەبڕشت دەبێ...

لەبەر ئەوەی کوردستانی عێراق لە ماوەی ئەم (٣٥) ساڵەی ڕابردوودا، بەشار و شارۆچکە و گوند و مزگەوت و کەنیساوە، دەستی دوژمنانیان گەیوەتێ و سووتێنراون و تاڵانکراون و هەرچی سامانێکی فەرهەنگی کەوتبێتە بەردەستیان، بێ سێ و دوو، بەمەبەستی کوێرکردنەوەی شوێنەواری شارستانێتی کوردەواری، لەناویان بردوون.

ئەم تەقەللایەی منیش کە ئێستا لەبەردەستاندایە، بەری ڕەنجی نێوان ساڵانی (١٩٨٨–١٩٩٧ز)یە؛ واتە: بەری ڕەنجی ماوەیەکی درێژی حەوت هەشت ساڵێکمە، کە ئەگەر لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا، هەندی کاری تری ئەدەبیم، یان هەندێ کتێبی ترم چاپ بووبن و نۆرەبڕییان لێکردبێ، بەڵام بەردەوام لەگەڵما ژیاوە و بەردەوام بەدەم پشکنین و سۆراخەوە، زانیاری و بەڵگەنامەی ترم چنگ کەوتوون و ئەوانەی ئاگایان لەم کارەیە و هاوکاری دڵسۆزانەیان کردووم، دەزانن هەندێ زانیاری و بەڵگەکانی ناو ئەم کتێبە، دوای تەقەللای حەوت هەشت ساڵی عەڤداڵبوون و پەیجۆرکردن چنگم خستوون...

تەنانەت جاری وابووە هەموو بەشەکانی کتێبەکەم تەواو دەکرد، کەچی «خۆشبەختانە»

لە ناکاوێکدا بەڵگەیەک، یان هەواڵێکی تازەم چنگ دەکەوت، دەبووە مایەی تێکدانەوەی سەرلەبەری بەشێک لەبەشەکانی ئەم کتێبە و دووبارە دارِشاتنەوەی بەگوێرەی زانیاری و بەڵگەنامە تازەکە...

بۆیە خۆم بەچاکم زانیوە و مەبەستم بووە، تا دەرفەتی زیاترم لەبەردەستابێ؛ ئاگاداری و زانیاری زۆرترم لەم بوارەدا چنگ دەکەوێ... چونکە هەستم دەکرد تا پشووم درێژتر بێت؛ بەڵگە و ئاگاداری زیاترم دێنە رِێ و وەک لەسەروتریش ئاماژەم بۆ کرد، هەر گەرِان و سۆراخی زیاتر، لەسەر **سەیید**، زەمینەی لەبەردەمدا خۆشکردم، تا رِەگ و رِیشەی دێرینەی مۆسیقای کوردی، وردتر بپشکنم و کتێبی «**مێژووی مۆسیقای کوردی**»ش بەرئەنجامی خەملێنی ئەو پشووە درێژەیە...

لەبەر ئەوە لە کاتێکدا دوا وشەکانی ئەم کتێبەش دەنووسمەوە، بەڵام هێشتا چاوەرِێم لە ناکاوێکدا زانیاری و هەواڵێکی تازەترم چنگ بکەوێ؛ چونکە هێشتا دڵنیام زانیاری و بەڵگەنامەی تر، لەسەر ئەم هونەرمەندە، لە ماڵانی تری کوردستانی ئێراندا هەبن کە هێشتا رِووناکییان نەدیوە و رِێگەی رِووناکی دیتنیان لێدەگرن... هەر بۆیە ئەم چەند لاپەرِەیە، لە ئاقاری توانا و پەلهاویشتنی مندا، دوا چۆرِی پشوودرێژی و هەمەجۆر سۆراخی حەوت هەشت ساڵ نەپساومە، لە سەر ژیان و بەرهەمی ئەم هونەرمەندە نەمرەی کۆڵەگەیەکی پتەوی «**مێژووی مۆسیقای کوردی**»یە و مایەی سەروەری و بەشداریی گەلی کوردە، لە پێکەوەنانی سامانی ئەو کەلەپوورەی پێی دەوترێ: مۆسیقا و... سنووری لە نێوان وڵاتان و کیشوەر و نەتەوەکانی دنیادا نەهێشتووە و زمانی خەم و شادی هەموو مرۆڤایەتی قووڵتر و شیرینتر و جوانتر کردووە...

ئەو بەرنامەیەی لە ئامادەکردنی ئەم کتێبەدا گرتبوومەبەر و سەرچاوەی زانیاری و یارمەتیم بوون؛ بەپلەی یەکەم: بەسەرکردنەوەی بنەماڵەی خودی هونەرمەند **سەیید** بوو لە شاری سنە، کە بریتی بوون لە: «**سەیید ئەشرەف**»ی کورِی **سەیید** و کورِەزاکانی: «**سەیید** ئیبراهیم و **سەیید محێدین** و **سەیید** عەلا» کە ئێستا ئەمی دواییان لە تاران نیشتەجێیە؛ کورِانی خوالێخۆشبوو **سەیید** عەبدولئەحەدی کورِە گەورەی **سەیید** و خزم و دۆستانیان و بنەماڵەی هونەردۆستان و پیر و بەساڵاچووانی شاری سنە و گوندی سەڵەوات ئاوا و نووسەرانی شاری سنە، وەک بەرِێزان: خوالێخۆشبوو مامۆستا ئەحمەدی حەواری نەسەب (١٩٢٣-١٩٩٦ز) و مامۆستا **محێدین** حەقشناس (١٩٢٣ز) و خالیدی مەنسووری «پەشێو» و هاورِێیانی دڵسۆزم کاک ئەمیری لوتفوڵڵا نەژاد «کە ماندووبوونی مایەی



پێزانینمە» و کاک عەتای حەواری نەسەب و هونەرمەند کاک هادی زیائەدینی و بنەماڵەی موجتەهیدی: مامۆستا مەلا سدیق و مەلا حیسامەدینی کورِی و سازمانی رِادیۆی شاری سنە... کە هەریەکەیان بەگوێرەی توانای خۆیان یارمەتییان داوم... هەروەها هونەرمەندی مۆسیقا، کاک بەهمەنی حاجی ئەمینی لە شاری سنە، ژمارەی (٧) سترانی **سەییدی** بەتەقەللایەکی بێ پشوو، بۆ ئەم کتێبە نۆت کردووە... لەشاری «کرماشان»یش سەردانی رِادیۆی کرماشان و چەند جاریش لەگەڵ هاورِێم کاک شێخ محەمەدی شێخ ئەحمەدی شاکەلی و دواجاریش لەگەڵ دکتۆر عیزەدین **مستەفا** رِەسووڵ دا، سەردانی نووسەری ناسراو **سەیید** تاهیری هاشمی (١٩١٣-١٩٩١ز)م کردووە و لە تارانیش سەردانی وەزارەتی کیشوەر: ناوخۆم کردووە، تا نامەم بدەنێ بۆ ئیدارەی «ثبت احوال» لە شاری سنە بۆ ئەوەی ئەوانیش پەروەندە: دۆسیەی ژیاننامەی **سەییدم** نیشان بدەن.

دیسان هەر لە تاران سەردانی بنەماڵەی ناسراوی مۆسیقا کامگارەکان بەگشتی و مامۆستا حەسەنی کامگار (١٩٢٣-١٩٩٢ز) و کاک ئەرسەلانی کامگار (١٩٦٠ز)ی کورِیم بەتایبەتی کردوون؛ کە لەم سەردانانەدا، جارێکیان کاک بەرِۆژ ئاکرەیی و جارەکانی تر کاک فایەقی سوڵتانی ئامادەبوون...

هەر لە تاران بەرودوا سەردانی مامۆستا هەژاری موکریانی (١٩٢١-١٩٩٠ز) و لەگەڵ هاورِێم کاک رِەسووڵی میرزا پوور (١٩٥١ز)یش سەردانی مامۆستای مۆسیقا ئیرەجی بەرخوردار و دواتریش سەردانی مۆسیقازانی ناسراو مامۆستا حسەین یوسف زەمانی (١٩٣٣ز) و هونەرمەند کاک عەلائەدینی باباشەهابی «کورِەزای **سەیید**» و لەگەڵ ئەمیشدا سەردانی محەمەد عەلی گوڵشەنی ئیبراهیمی (١٩٢٠ز)م کردوون.

لە شاری مەهابادیش سەردانی مامۆستا مەلا قادری مودەرِیس (١٩٠٠-١٩٩٢ز) و چەند جارێکیش سەردانی مامۆستا عوبەیدوڵڵای ئەیوبیان (١٩٨٢ز) و کاک عومەری عەلیار (١٩٢٧ز) و مامۆستا **سەیید** نەجمەدینی ئەنیسی و هونەرمەندان: کاک محەمەدی ماملێ (١٩٢٥ز) و **سەیید** رِەحیمی قورِەیشی (١٩٣٠-١٩٩١ز) و کاک «عەزیز شاروخ»م کردوون؛ کە لە هەندێ لەم سەردانانەدا، هاورِێم: **سەیید** محەمەدی سەمەدی و کاک کەریمی قەییومی و کاک ناسر سینا ئامادەبوون و زۆرجاری تریش هاورِێم هونەرمەند کاک محەمەدی ماملێ چەندان رِۆژ، بۆ ماڵ بەماڵی کۆنەچایچی و چایچییەکانی مەهاباد، رِێنوێنی کردووم و لەگەڵمدا ماندوو بووە... دیسان هەر لە مەهاباد، مامۆستا ئەورِەحمانی حەیدەری بەڵگەی لەسەر **سەیید** بۆ پەیدا کردووم.

لەشاری سلێمانیش، یەکەمین هەنگاوەکانی سەرەتای دەستپێکردنی ئەم تەقەلایە لەوێوە دەستی پێکرد، کە لە سەرەتای هاوینی ١٩٨٨ز-دا، لە سەقزەوە نامەم لەگەڵ برایانی چیرۆکنووس: کاک ڕەئووف بێگەرد و مامۆستا **مستەفا** ساڵح کەریم و کاک عەبدولکەریم حەمە باقی برامدا گۆڕییەوە، تا ئەو وتارانەی لەسەر **سەیید** لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی کوردستانی عێراقدا بڵاوبوونەتەوە و خۆم لێرەوە ئاماژەم بۆ کردبوون؛ بۆم ڕوونووس، یان فۆتۆکۆپی بکەنەوە... دوای ڕاپەڕینەکەی کوردستانی عێراقیش، لە بەهاری ساڵی ١٩٩١ز-دا، هەر لە سلێمانی سەردانی تایبەتی و جیاجیای هونەرمەندان: کاک مەحموود تۆفیق شلک و کاک حەمەی بەکر و کاک «عومەر خەزان»م کردوون، کە لەم سەردانانەدا کاک «عەبدول»ی برام، یان خوالێخۆشبوو کاک عەلی بۆسکانی، یان کاک خالیدی ئەحمەد شەشۆیی لەگەڵم بوون.

لە شاری سەقزیش کەڵکم لە زانیاری مامۆستا موحسینی سدیقی (١٩٣٥-١٩٩٤ز)[٣] و هونەرمەندی مۆسیقا کاک ئازادی میرزا پوور (١٩٧٨ز) وەرگرتووە، هەروەها چەند جارێکیش نامەم بۆ شاری لەندەن بۆ هاوڕێم کاکە سەباح غالب نووسیوە و تکام لێکردووە تا پێوەندی بە کاک شێخ بابا عەلی شێخ مەحموودی حەفیدەوە بکات و سەبارەت بەهەواڵی سەردانی **سەیید** بۆ خزمەت شێخ مەحموود «لە بەغدا» پرسیارم بۆ بکات... هەر لە لەندەن نامەم بۆ کاک ئەنوەری سوڵتانی نووسیوە، کە وتاری خۆیانم سەبارەت بە **سەیید** بۆ بنێرن.

نامەشم بۆ کاک ئیبراهیم فەرشی لە **ئاڵمان** نووسیوە، تا سۆراخی شوێنەواری کۆمپانیای **گرامافۆن**ی «**پۆلیفۆن**»م بۆ بپرسێ. لە وڵاتی سویدیشەوە ئەو وتارەی لە ژمارەی (١٥)ی گۆڤاری مامۆستای کورددا لەسەر **سەیید** بڵاوبۆتەوە، چنگم خستووە...

دیسان لە شاری بەغدایش، بەنامە پێوەندیم لەگەڵ کاک حەمە سەعید حەمە کەریم کردووە، تا لە ڕادیۆی بەشی کوردی عێراق، نەواری گۆرانییەکانی **سەیید**م بۆ دەست بخات... بەو پێیەش کە ژیان و بەرهەمی **سەیید** لە ئێراندا بووە و بەپێودانی زانستی

(٣) بەداخەوەم کە لەماوەی حەوت هەشت ساڵی ئامادەکردنی ئەم کتێبەدا، هەندێ لەو کەسانەی لەم پێشەکییەدا ناویان هاتووە و کەم و زۆر یارمەتی ئامادەکردنی ئەن کتێبەیان داوە؛ کۆچی دواییان کردووە، وەک: مامۆستا هەژاری موکریانی، مامۆستا سەیید تاهیری هاشمی، مامۆستا مەلا قادری مودەڕیس، سەیید ئەشرەفی کوڕی سەیید عەلی ئەسغەر، مامۆستا موحسینی سدیقی، هونەرمەندان: حەسەنی کامگار و سەیید ڕەحیمی قوڕەیشی و محەمەدی مامڵێ و...هتد. خوالێیان خۆش بێت.



مۆسیقای ئێرانی، سترانەکانی چڕیون و هاوڕۆژگاری دەستەیەک هونەرمەندانی گۆرانی و مۆسیقای ئێرانی بووە؛ بۆیە بەوردی لەسەر مۆسیقای ئێرانی و ژیاننامەی هونەرمەندانی مۆسیقا بەگشتی و گۆرانیبێژانی ناسراوی ئێرانیم لەکتێبخانەی فارسیدا بەسەرکردۆتەوە. لە زۆر جێگەشدا ڕاستەوخۆ، واژە گەلی مۆسیقایی ئێرانیم بەکاربردووە.

لە شاری بۆکانیش، هاوڕێی چیرۆکنووس، کاک محەمەدی ڕەمەزانی، پێناسەی ئەم کتێبەی بە «**ئینگلیز**»ی وەرگێڕاوە. هەروەها کاکە دیلمان ئەحمەد لە هەڵەگیریی چاپی دووەمدا، زۆری پێوەماندوو بووە. زۆر سوپاسی دەکەم.

جگە لەو کەسانە و لەو جێگایانەش کە لەم کتێبەدا ناویان هاتووە؛ لە ماوەی ئەم حەوت هەشت ساڵەشدا، بۆ هەر شوێنێکیش چووبم و لەتەک هەر کەسێکی تردا دووابم؛ سێبەرە سەوزەکەی **سەیید** لە تەکمدا کۆچی کردووە و هاودەمی هەمیشەم بووە...

لەبەرئەوە ئەم تەقەللایە، چەند ماندووبوونی منی تێدایە، ئەوەندەش یارمەتی و هاوکاری ئەو دۆستانەی تێکەڵە، کە لای خۆمەوە، لە دڵەوە سوپاسی هەموویان دەکەم، سوپاسەکەشم ئەگەر نیشانەیەکی هەبێ؛ هەر نیشانەی ئەوەیە کە گەورەیی هونەری دەنگی **سەیید** توانیویەتی ئەو جوگرافیا فراوانەی پەلم تێدا هاویشتووە، هەمووی لەم تەقەللا بچووکەی مندا کۆبکاتەوە... یان بەپێچەوانەوە، ئەم تەقەللا بچووکەی من، بریتییە لەو جوگرافیا بەرینەی، ئەوینی دەنگی **سەیید** لە سەرانسەریدا شەپۆل دەداتەوە... سوپاس بۆ هەموو ئەو دڵسۆزانە. سوپاس بۆ **سەیید عەلی ئەسغەری کوردستانی**.

محەمەد حەمە باقی

بەهار و هاوینی ١٩٩٧ز- سەقز

**سەرنج:**

١- لەم کتێبەشمدا وەک کتێبی پێشووم: مێژووی مۆسیقای کوردی، سیستەمێکی ڕووسیم بۆ دەستنیشان کردنی سەرچاوەکان بەکارهێناوە؛ کە بریتییە لەوەی: ژمارەی یەکەمی ناو کەوانەکان، ناوی سەرچاوەکە و ژمارەکانی دوایی، ژمارەی لاپەڕەکانی ئەو سەرچاوانەن.

٢- بەمەبەستی یەکخستنی مێژووی ناو ئەم کتێبە؛ هەموو مێژووەکانم بەگوێرەی مێژووی زایین نووسیوە.

# بۆچی سەیید عەلی ئەسغەر؟!

لەناو گێژاوی ئەو شەپۆلە ئاوازگەلەی لەم (٤٠-٥٠) ساڵەی دواییدا، بەناوی ئاوازی کوردییەوە، دەرخوادی ئەم نەوە نوێیەی گوێگرانی گۆرانی و ئاوازی کوردی دەدەن؛ مەترسی چەواشەکردن و شێواندن و لە شەقامەڕێ لادانی ئاواز و گۆرانی کوردی دەکرێ...

بۆیە لە تەتەڵەو بژار و لەبێژنگدانی ئەو سەدان ئاواز و گۆرانییانەی بەناوی هونەری مۆسیقای هاوچەرخەوە، لەسەر نەوار و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ڤیدیۆوە، بەلێشاو بڵاودەبنەوە، جار جارە ئاوازێکی ڕەسەنی کوردی، وەک نموونەی دەنگی **سەیید** و کاوێس **ئاغا** و عەلی مەردان و حەسەن زیرەک و هۆرە و **سیاوچەمانە**یەک دەبیسترێن؛ کە مەزاجی کوردەواری لە ژەنگوژاری ئاواز و گۆرانی بیانی، پاک دەکەنەوە و لەهەمان کاتیشدا ئاوازی ڕەسەن و ناڕەسەنی کوردی و ناکوردی جیادەکەنەوە.

«... ئالێرەدا، کە باس هاتۆتە سەر جیاکردنەوەی ڕەسەنایەتی و ناڕەسەنایەتی ئەم مەقام و میلۆدییانە، هەمیشە لە خۆمم پرسیوە: محەکم بۆ ئەم جیاکردنەوەیە چییە؟ لە دواییدا هەر خۆم وەڵامی خۆمم داوەتەوە و وتوومە: دەشێ مەبەست لە کوردی بوونی ئەو مەقام و میلۆدییانە، ئەو شوێنپەنجە و زەبر و شوێنەوارە بێت، کە ئەو بەرهەمانە، لەهەست و هۆش و بیرەوەری و مەزاجی کوردەواریماندا جێی دەهێڵن» (١٨،٣٦).

لەبەرئەوە ئەم مەقام و میلۆدییە ڕەسەنانەی توانیویانە شوێنەوار و شوێنپەنجە لەدڵدا بەجێبێڵن، یان ئەو چەندان ئاوازە فۆلکۆرییانەی لە دێر زەمانەوە شەقڵ و بۆن و بەرامە و مۆرکی کوردییان پێوەیە؛ وەک چۆن ئاواز و گۆرانی هیندی و ئافریقایی ناسنامە و کەسایەتی خۆیان هەیە؛ هەر بەو جۆرەش ئەم مەقام و میلۆدییانە، ناسنامە و کەسایەتی خۆیان هەیە و دەناسرێنەوە(١٨،٣٦).

بەڵام ئەم ئاواز و مەقامە کوردییانە، کاتێ دەخرێنە بەر تیۆری زانستی مۆسیقاییەوە؛ یان ڕوونتر بڵێین: کاتێ بەدەنگێکی مۆسیقایی کێشدار دەوترێن، دەچنە کێش و پەیژەی مۆسیقاییەوە، کە ئەم کێش-پەیژە مۆسیقاییەش، کاتێ پۆلێن دەکرێن؛ ئەوسا هەر پۆلەی



ناوێکی تایبەتییان لێدەنرێ؛ کە ئەم کارە لەم سەد ساڵەی دواییدا بنەماڵەی **فەراهانی** ئێرانی، هاتن مۆسیقای دێرینەی سەدان و هەزاران ساڵەی ئێران «کە سەدان و هەزاران ساڵ، لە سنگی نەوە دوای نەوەدا پارێزرابوون» پۆلێن کرد و هەر خانەیەی ناوێکی جیاوازیان لێنان و بەتێکڕایی ئەو پۆلانەی بۆ مەقامگەلی ناوچەکەیان ئەنجامدا؛ پێیان وت: خانەبەندیکردنی مۆسیقای ئێرانی و کارەکەشیان لە باری زانستی مۆسیقاوە، بەلای هەموو مۆسیقازانانەوە، هەنگاوێکی زانستانە و باوەڕپێکراو بوو...

بۆیە وەک ئاکامی ئەم کارە، سەرومڕی مەقام و میلۆدی سەدان و هەزاران ساڵەی هەموو ناوچەکە، کەوتنە ناوبازنە و چوارچێوەی ئەم پۆلێنکردنەوە(٢٠،٣٦).

کە لەکاتی ئەنجامدانی ئەم کارەدا، خودی «میرزا عەبدوڵڵای **فەراهانی**: تار ژەنی بەناوبانگی ئێران، نزیکەی (٥) مانگ لە کوردستان ماوەتەوە» (٢٠،٤١).

شایانی باسە «نموونەی ئەم پۆلێنکردنەی گۆرانی و مۆسیقای ئێرانی؛ ئەو خانەبەندییە بوو کە خەلیلی ئەحمەدی فەراهیدی (٧١٨-٧٩١ز) بۆ هەموو شیعری دنیای کرد. چونکە ئەگەرچی سەدان و هەزارانساڵیش پێش خەلیلی فەراهیدی، شیعر هەبوو«کە تائێستاش نازانرێ تەمەنی شیعر چەندە و سەر بەکام ناوچە و نەتەوەیە» بەڵام کە لە دیدی مۆسیقاییەوە، هات جۆرەکانی «کێش: وەزن»ی شیعری جیاجیا کردەوە، واتە:

پۆلێن کرد؛ ئەوسا بۆ هەر خانەیەی، ناوێکی جیاوازی لێنان، کە تێکڕابوونە (١٩) وەزن و هەموو ئەو شیعرانەی بەوەزنی عرووز نووسراون و لە داهاتووشدا دەنووسرێن-بێ هیچ سێ و دوویەک، دەچنەوە سەر یەکێک لەم (١٩) وەزنە و... هەر بەم پێودانەش، هەر یەکێک لەم دەسگا مۆسیقاییانە، جۆرە پەیژەیەکی تایبەتییان هەیە، کە ئاوازی هەر گۆرانییەک، جۆری «پەیژە: گام»ی مۆسیقای، وەک پەیژەی یەکێک لەم دەسگایانە بێت، ئەوا دووبارە لە ئاکامدا دەڵێین: ئاوازی فلانە گۆرانی، سەر بەفیسارە دەسگای مۆسیقایە(٢٠،٣٦).

«بەمجۆرە؛ کاتێ بەشوێن ناسنامەی مەقام و میلۆدی کوردیدا دەگەڕێین، دەگەینە ئەو ئەنجامەی زۆربەی ئەم ئاوازانە، سەر بەو ئاوازگەلەن، کە هەموو شارەزایانی مۆسیقای جیهان و بەڵگە مێژووییەکانیش پێیان دەڵێن: مەقام و میلۆدی ئێرانی؛ کە ئەم مەقام و میلۆدییانەش، ئێستا لە زانستی مۆسیقای ئێرانیدا، پێیان دەوترێ: دەسگا و کوردانی کوردستانی ئێرانیش، هەر وایان ناو دەبەن، بەڵام لە کوردستانی عێراق، هەندێ جار

نەشارەزایانە، پێیـان دەوترێ: ئاواز؛ لەکـاتێکدا ئاواز ئەو لقوپۆپ و گـەڵایانەیە، کـە لە درەخـتـی «دایک»ی ئـەم دەسگـایانـە دەبنـەوە و هەر یـەکـێکیش لـە درەخـتـی دایکی ئـەم دەسگایانە، دەتوانرێ دەیان و دەیان ئاوازی تریان لێ هەڵبگۆزرێ» (١٩،٣٦).

«دەسگاکانی مۆسیقای «ئێرانی»ش کە ئێستا پۆلێن کراون، بریتیین لە حەوت دەسگا کە ئەمانەن:

١- ماهوور.

٢- هومایوون.

٣- سێگا.

٤- چوارگا.

٥- شوور.

٦- نەوا.

٧- ڕاست، یان: پێنجگا (٨،٢١-٢٢).

لە نێوان ئەم حەوت دەسگایەشدا، دەسگای شوور، لە هەموویان بەربڵاوتر و گەورەترە؛ چونکە ئەگەرچی دەسگاکانی تر، هەریەکەیان چەندان ئاوازیان لێ هەڵدەگۆزرێ، بەڵام شوور سەرەڕای ئەوەش کە وەک ئەوانی تر چەندان ئاواز گەلی تری لێ دەبێتەوە؛ لە هەمان کاتیشدا خاوەنی چەند پاشکۆیەکی سەربەخۆترە، کە هەر یەکێک لەمانیش ئاوازی تریان لێ هەڵدەگۆزرێ. ئەم پاشکۆیانەش ئەمانەن:

١- ئەبو عەتا «حیجازیش سەر بەم پاشکۆیەیە».

٢- بەیاتی تورک، یان بەیاتی زەند.

٣- ئەفشاری، یان: ئەفشار، یان: هەوشار.

٤- دەشتی.

٥- بەیاتی کورد، یان کورد بەیات.

هەروەها جگە لەو حەوت دەسگا و پێنج پاشکۆیە؛ پاشکۆیەکی تری ئێرانی، کە ناوی لە کتێبی کۆنینەی ئێرانیدا هەیە، پاشکۆی «ئیسفەهان»ە. ئەم پاشکۆیە، هەندێک پێیان وایە بەشێک لە شوور و هەندێکی تریش دەڵێن لقێکی «هومایوون»ە (٣،٣٩-٤٠).

بەڵام سەرنجێکی گرنگ هەیە، پێویستە پێی لەسەر دابگرین و بڵێین: کاتێ دەڵێین



مەقام و میلۆدیای کوردی، سەر بەم تۆرەمە و کەش و هەوای مۆسیقای کۆنی ئێرانن، مەبەستمان ئەوە نییە بڵێین تێکڕای مەقام و ئاوازی کوردی، وەک یەک و بێ هیچ جیاوازییەک و کوتومت، بچنە ناو چوارچێوەی ئەم خانەبەندیکردنەی دەسگای مۆسیقای کۆنینەی ئێرانی، بەڵکو لەسەرجەمی تایبەتمەندی مەقام و ئاوازی کوردیدا، کەم و زۆر جیاوازی لە نێوان مەقام و ئاوازی کوردی دەسگاگەلی مۆسیقای کۆنینەی ئیراندا هەیە و هەموو دەسگایەکی مۆسیقای «ئێرانی»ش وەک یەک و بە پێوانە و ئەندازەی یەک مەقام ئاوازی کوردی لەباوەش ناگرن چونکە مەرج نییە ئەوەندەی مەقام و ئاوازی کوردەواری لە دەسگای شوور و دەسگای ماهوور نزیکن و دەچنەوە باوەشی دەسگای شوور و ماهوور، هەر بەو جۆرەش مەقام و ئاوازی تری کوردی، لە دەستگای هومایوون نزیک بن؛ یان بەهەمان ئەندازە مەقام و ئاوازی کوردی، لە دەسگای هومایووندا هەبێ (٣٦،٢٠).

خۆ ئەگەر لە بازنە و جوگرافیای ئەم دەسگایانەش بچینە دەرەوە و بڵێین هەندێ ئاواز و مەقامی تری ڕەسەن و هەمیشە زیندووی کوردی هەن و یاسای ئەم دەسگایانەش نایگرێتەوە: کەچی بۆن و بەرامەی پاک و خاوێنی کوردییان پێوەیە، وەک هۆرە و **سیاوچەمانە** و... هەندێکی وەک ئەمانە چین و خانەی ئەمان لە کامە دەسگادایە؟!...

لە وەڵامدا دەڵێین: ئەو جۆرە ئاواز و گۆرانییانە، پاشماوەی دێرین و زیندووی ئاوازگەلی **گاثا** و ئاهوورای ئایینی «**زەرتوشت**»ین؛ کە شیعری ئەو گۆرانییانە، شیعری بڕگەیی- هیجان و پێوانەی عرووز نایانگرێتەوە و جوگرافیای سەخت و باوەشی قایم و داخراوی ناوچەی هەورامان پاراستوونی و نەیهێشتووە تۆز و گەردیان لێ بنیشێت ئەمەش پشتیوانیی ئەم بۆچوونەی ئێمە دەکات، کە دەڵێین: مەقام و ئاوازی کوردی، سەر بەڕێچەڵەکی مۆسیقایی کۆنی ئێرانن، نەک ئەو پۆلێن کردنەی ئێستای دەسگاکانی مۆسیقای ئێرانی...

بەڵام ئەگەر تا ئێستا لە خانەبەندی و ناولێناندا، نەچووبێتنە ناو یەکێک لەو خانە و دەسگا کۆنانەی مۆسیقای ئێرانی، هۆی ئەوەیە: لەکاتێکدا مۆسیقازانانی ئێرانی، بەتایبەتی بنەماڵەی **فەراهانی** لەم سەدساڵەی دواییدا، خانەبەندی و جیاکردنەوەی مەقام «دەسگا کۆنەکانی ئێرانی»یان پۆلێن و بەسەر کردۆتەوە؛ ئەمجۆرە مەقام و ئاوازانەیان لەگەڵ کەش و هەوای مۆسیقای ئێستای ئێرانیدا بۆ پۆلێن و هاوسرووشت نەکراوە واتە: خانەبەندی نەکردووە.

لەبەرئەوە ناولێنان و خانەبەندیکردنی ئەم گۆرانییە ڕەسەنانە، دەکەوێتە ئەستۆی پسپۆڕانی مۆسیقای کوردی، چونکە گۆرانی و ئاوازگەلی ناوچەی «هەورامان»یش پاکترین و ڕەسەنترین ئاواز و گۆرانی کوردی دەبن(٢١،٣٦).

بەواتەیەکی تر: خانەبەندینەکردنی مۆسیقای ناوچەی هەورامان، یان ڕوونتر بڵێین: مۆسیقای ڕەسەنی کوردی، دەبێتە هۆی ئەوەی دەسگاگەلی مۆسیقای کۆنینەی ئێرانی، ئەڵقەیەکی گرنگ و ڕەسەنی ئەم دەسگاگەلە، نادیار و ناتەواو بێت، کە مۆسیقاناسی ناسراوی ئێرانی: محەمەد عەلی گوڵشەن، هاوبیروڕای ئەم بۆچوونەمە(٥٥٦،٢١).

لێرەدا، مەبەستیش لە ئێرانی بوونی ئەو مەقام و میلۆدییانە، ئەو جوگرافیایەیە، کە لەژیار و شارستانێتی هەزاران ساڵ لەمەوبەرەوە، لەناوچەی ئێرانی ئێستادا، مۆسیقا لە ژیانی شەپۆلگەلی بەرودوای گەلان و نەتەوەکانی ئەم ناوچانەدا برەوی پێدراوە و ڕەگوڕیشەی بەجۆرێک بەو جوگرافییایەدا ڕۆچووە، کە هەموو پسپۆڕانی مۆسیقای دنیا و بەڵگە مێژووییەکانیش دەیسەلمێنن کە جوگرافیای ئێرانی کۆن و ناوچەی هەر دوو زێی دیجلە و فوڕات «میسیۆپۆتامیا» کە ئەم جوگرافیایە بەشێک لە کوردستانی ئێستاش دەگرێتەوە لانکەزای هەزاران ساڵ لەمەوبەری مۆسیقای جیهانن بەتایبەتیش ئەوەندەی پێوەندی بەمەبەستی ئێمەوە هەبێ، هەر لەم جوگرافیایەدا و لەسەر دەستی ئاریایی و مادەکاندا، «**زەرتوشت**»ی بەبنەچە ماد بەرەگەز ئاریایی پێغەمبەر، مۆسیقای کردە هاوتا و هاوکاریی پیادەکردنی ئاوازی سروود گەلی «**گاثا**، **گاتا**، **گازە**»ی ئایینی «**زەرتوشت**»ی و دواتریش لەسەر دەستی ساسانی(٢٧-٦٣٢ز)دا کە جوگرافیای دەسەڵاتی ئەمانیش، سەرتاسەری کوردستانی گرتۆتەوە و کوردیش لە پێکەوەنانی شارستانێتی و ژیاری ساسانیدا، ڕۆڵی گەورە و گرنگی هەبووە و لەم سەرەمەشدا مۆسیقا ڕێز و پلەو پایەی باڵای هەبووە و مۆسیقازانان و گۆرانیبێژان، خانەی بەشکۆی کۆمەڵایەتییان هەبووە...

ئیتر مۆسیقا بەڕادەیەک بنجی مێژوویی بەم ناوچانەدادا کوتا، کە بووە مەڵبەندێکی درەوشاوەی مۆسیقایی و گەلان و نەتەوەکانی دوور و دراوسێش، کەڵکیان لێوەرگرت و چاویان لێکرد...

یان بەواتەیەکی تر: ئەم شارستانێتی و ژیارەی مۆسیقای کۆنی ئێرانی، بووە سەرمایە و فەرهەنگێکی هاوبەشی گەلانی ناوچەکە و بووە بەشێک لە مێژووی فەرهەنگیان و هەموویان بەشی خۆیانیان لێهەڵگۆزتووە و شانازی پێوە دەکەن...



کە لە ڕاستیشدا ئەم دیاردی هاوبەشبوونە، لە کەلەپووری نێوان گەلانی ناوچەیەکدا، نەک هەر لایەنی مۆسیقا دەگرێتەوە، بەڵکو دەشێ لە زۆر دیاردی تری وەک: داستان و پەند و ئەفسانەشدا بەشداربن؛ وەک چۆن ئەگەر لەناو کەلەپووری کوردەواریدا مەلای مەشهوور هەبێ؛ لە بەرامبەریدا جەحا و «مەلا نەسرەدین»ی عەرەب و تورک هەیە؛ هەر بەو جۆرەش داستانی لەیلێ و مەجنون و شیرین و فەرهاد، کە لە نێوان ئەم گەلانەدا هاوبەشە.

جگەلەوەش گەلی کورد کە لە ناوچەی ئێرانی کۆندا ژیاوە؛ نەک هەر لەم سەرمایە مۆسیقاییەی ئێرانی کۆندا، بەشدار و هاوبەشە، بەڵکو وەک خۆرهەڵاتناسان و کوردناسان و پسپۆڕانی کوردیش، گەیشتوونەتە ئەو ڕاستییەی «زمانی کوردی»ش «کە لەچاو مۆسیقادا کۆڵەگەیەکی پتەوتر و گرنگتری پێکهاتنی قەوارەی نەتەوایەتییە» لەباری ڕەچەڵەک و پێناسەی زانستییانەوە، دەچێتەوە ناو زمانە کۆنەکانی ئێران...

لەبەرئەوە ئەگەر مۆسیقای کوردیش، بەتەریبی زمانی کوردیدا بچێتەوە خانەی مۆسیقای ئێرانی کۆن، ئەوا دەچێتەوە خانەی سروشتی خۆی(٣٦-٢٣).

بەتایبەتیش دەبێ لێرەدا «ئەوەمان لەیاد بێت، ئەو مۆسیقا کۆنەی ئێرانی؛ کە ئێمە مەبەستمانە، هی ڕۆژگارێکە کە سنووری جوگرافیایی ئێران، زۆر لە ڕووبەری جوگرافیای ئێستای بەرینتر بووە، چونکە «هەر بۆ نموونە» لە نێوان ڕۆژگاری دەسەڵاتداریێتی هەخامەنشی و ساسانیدا و ڕوونتر: لە سەردەمی شایەکانی ئەشکانیدا، دوو پێتەختی زنجیرەی شایەکانی ئێران، لە دەرەوەی سنووری ئێستای ئێراندا بوون، کە یەکەمیان شاری مەدائین، یان: «تیسفوون»ی **٣٢** کیلۆمەتری باکووری شاری بەغدای ئێستایە و دووەمیشیان شاری سلووکیەی سەر ڕۆخی چەپی ڕووباری دیجلەیە...

یەکەمیان تا دوارۆژەکانی دەسەڵاتداریێتی شایەکانی ساسانی، هەر پێتەختی ساسانی بووە و وەک وتیشمان ڕۆژگاری دەسەڵاتداریێتی «ساسانی»ش، ڕۆژگاری ڕێزلێنانی مۆسیقا و مۆسیقازانان بووە...

بۆیە تا ئەمڕۆش ئەو پشکنینانەی لەلایەن شوێنەوارناسانی دێرینەوە، لەمەڕ فەرهەنگ و هونەر، لەناو ئێرانی ئێستادا و لەناو دراوسێکانیدا ئەنجامی دەدەن، ئەوە دەسەلمێنن کە پێوەندی و نزیکایەتی فەرهەنگی و هونەری تێکڕای ئەم ناوچانە، وەک یەک بوون و ئەو ئامێری مۆسیقایی و مەقام «دەسگا» مۆسیقاییانەی لەو ڕۆژگارە دوورانەوە، لە

جوگرافیای ئێرانی کۆندا باوبوون، تا ئێستاش گەلانی ناوچەکە و دوورتریش، نەک هەر بەکاریان دێنن، بەڵکو هەر بەهەمان ناوی خۆیانەوە ماونەتەوە، وەک ناوی «ئامێری مۆسیقایی» : چەنگ، نای، دەهۆڵ، سوورنای، ڕوباب، بەربەت، کووس، شاهین، تەنبوور، کەڕەنای، زەنگ (زەنجی عەرەبی)...

له مەقام «دەسگا» کانیشدا وەک ناوی: ڕاست، نەوا، زەنگۆڵە، ڕەهاوی، دووگا، سێگا، چوارگا، پێنجگا، شەشگا، حەوتگا، شوور، هومایوون، نەهاوەند، نەیشابوور، مایە، شەهناز، ماخووری «ماهوور»؛ لەوپەڕەی خۆرئاوای وڵاتانی عەرەبی وەک تونس و جەزائیرەوە، تا ئەو سەری خۆرهەڵاتی چین، ناوەکانیان هەر وەک خۆیان ماون(٢٤,٣٦).

لەبەر ئەمەیە، دەڵێین: مەبەست لە ئێرانی بوونی مەقام و میلۆدی کوردی، جوگرافیای سیاسی هیچ سەردەمێکی دیاریکراوی ئێران نییە(٢٢,٣٦).

کاتێکیش دەڵێین زۆربەی مەقام و میلۆدی کوردی، سەر بەڕەچەڵەکی مۆسیقای کۆنی ئێرانن، مەبەستمان ئەوە نییە بڵێین: مەقام و ئاوازی کوردی سەر بەدەسگای مۆسیقای ئێستای ئێرانن یان دەبێ مۆسیقای کوردی، بەگوێەی ئەم دەسگایانە پیادە بکەین و تاقی بکەینەوە، یان بڵێین گۆرانی و ئاوازی کوردی، لە دوای ناونانی ئەم دەسگایانە لەدایک بوون!...

بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە کە سەدان و هەزاران ساڵە گەلی کورد، گۆرانی و ئاوازی خۆی هەیە و بەدرێژایی ئەو تەمەنە دێرینەیەش، توانیوێتی تایبەتمەندی و ڕەسەنایەتی و بۆن و بەرامەی کوردەوارییانەی خۆی بپارێزێ و لەناو گۆرانی و ئاوازی دراوسێکانیدا جیابکرێتەوە؛ چونکە خۆشبەختانە ئەو جۆرە تایبەتمەندییانەی مەقام و میلۆدی کوردی هەیەتی هیچ دراوسێیەکی نییەتی.

بەواتەیەکی تر: ئەو «**حەیران**»ەی کورد هەیەتی؛ هیچ دراوسێکیەکی نییەتی. ئەو «لاوک»ەی کورد هەیەتی؛ ئەو هۆرە و سیاچەمانەیەی کورد هەیەتی؛ هیچ دراوسێیەکی نییەتی(١٩,٣٦).

هەر بەو جۆرەش، هەڵبژاردنی ناوی **سەیید**، لەو دید و ڕوانگەیەوە هات کە: **سەیید** سەرەڕای ئەوەش بەوپەڕی سەرکەوتن و شارەزاییەوە، توانیوێتی پڕاوپڕی دەسگاگەلی مۆسیقای ئێرانی بەدەنگە فرشیتەییەکەی بسازێنێ؛ لەهەمان کاتیشدا توانیوێتی مۆرکێکی جیاواز، شەقڵێکی سەربەخۆ، ئافراندنێکی نوێ و تایبەت دابهێنێ، جیاوازتر



بێ لەو شێوازە گۆرانییانەی گۆرانیبێژانی پێش **سەیید**، لەناو چوارچێوەی دەسگاگەلی مۆسیقای ئێرانیدا، گۆرانییان پێ وتووە و بۆ شێوازی هەر یەکەیان، یان هەر دەستەیەیان، لەلایەن شێوازناسانی دەنگ و لەکاتی تاقیکردنەوەی دەنگەکانیاندا، ناوی تایبەتی جیاجیایان لێناون؛ وەک ئەوەی ناوی تایبەتییان لە شێوازی دەنگی قەمەرملووک وەزیری (١٩٠٣-١٩٥٩ز) و غولام حسەین بەنان (١٩١١-١٩٨٥ز) و تاج ئسفەهانی (١٩٠٣-١٩٨١ز) و محەمەد ڕەزا شەجەریان (١٩٤٠) و...هتد، ناوە...

بەڵام کە چریکەی بلبل ئاسایی(١٣,١٦) دەنگی **سەیید** کەوتە بەر گوێچکەی شێوازناسانی شێوازە جیاجیاکانی گۆرانی ئێرانی؛ هەر لە سەرەتاوە دایچڵەکاندن و سەراسیمەی کردن و کەوتنە سۆراخ و پشکنینی نهێنی دەنگی و شێوازی دەنگی **سەیید**!(١٣,١٦).

لە کوردستانیشدا، کە ئەو سەردەمە هێشتا پسپۆڕانی مەقام و شێوازناس مابوون و لە ئارادابوون، بەپەرۆشەوە بەرەو پیری چوون و هەر لەسەرەتای بیستن و بڵاوبوونەوەی ئەم دەنگەوە، زۆر زوو ناوبانگی **سەیید** وەک ئاگر و پووشوو، بەهەموو لایەک و کەل و قوژبنێکی کوردستاندا بڵاوبووەوە و لە هەموو کۆڕێکدا، باس هەر باسی ئەو بوو(٥,٣٩).

واتە: هێشتا **سەیید** خۆی لە ژیاندا بووە، کە هەر زوو دەنگی بووە مایەی بەپیرەوەچوون و ئاپووڕەدانی لەلایەن جەماوەری هەموو ناوچە جیاجیاکانی نیشتمانەکەیەوە و لەشارەکانی وەک مەهاباد و سلێمانی(٥,٣٩) بانگهێشتنیان کردووە؛ تا لە نزیکەوە بەدیداری شادبن و لە نزیکیشەوە چاویان پێی بکەوێ و بزانن چۆن لە جیاتی زمانی ڕۆحی ئەوان، گۆرانی دەچڕێ... وەک بڵێی ئاوێنەی بێگەرد و دەربڕی هەستی ڕاستەقینەی خەڵکی هەرێمەکەیەتی؛ دەنگی هونەری و فەرهەنگی ناوچەکەی خۆیەتی، بەهەموو خەم و خەون و فرمێسک و خەندەیەوە...

لەلایەکی تریشەوە، بووە قوتابخانەیەکی هونەری تایبەتمەند و نموونەی چاولێکەری و لاسایی کردنەوەی دەنگی، لەلایەن دەنگخۆشانی ترەوە...

کە دیارە ئەم دیاردییەی ئابوورەدان و لاسایی و چاولێکەری و باوەش پیاکردنەوەی دەنگی **سەیید**، ئەگەر مانا و نیشانەیەکی زەق و ئاشکرای هەبێ؛ هەر هی ئەوەیە کە دەنگی **سەیید**، دەنگی کەلەپووری مێژینە و دەنگی دڵ و دەروونی جەماوەری هەرێمەکەیەتی؛ ئەگینا لە پێش **سەیید** و لەدوای ئەویش، دەنگخۆشانی تر هەبوون، کە

ناوبانگیشیان هەبووە و دەنگیشیان خۆش بووە و شارەزای پیادەکردنی دەسگاگەلی مۆسیقاییش بوون؛ کەچی لە کوردستان کەس ئاپوورەی نەدان و کەس نەیکردنە قوتابخانەی هونەری و کەسیش لاسایی نەکردنەوە.

بۆیە دەنگی **سەیید** ئەگەرچی مێژوویەکی بەسەردا تێپەڕیووە، بەڵام لەو مێژووە پڕ سەروەرییانەیە، کە داهاتووشی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە...

واتە: ڕابوردوویەکی داهاتووە؛ ڕابوردوویەکی ڕەگوڕیشە داکوتراوە بەفەرهەنگ و هونەری گەلەکەیەوە، چونکە بەدرێژایی ئەو مێژووەی کە **سەیید** خۆی کۆچی دوایی کردووە، کەچی دەنگە نەمرەکەی، وەک باڵندەیەکی دەنگخۆش، هێلانەی بەسەر گومەزی ڕۆح و مەزاجی کوردەوارییەوە کردووە و هەتا دێت ئەم باڵندەیە نزیک و نزیکتریش بەدەوری سەر و بەدەوری گوێچکەی هونەری گۆرانی و مۆسیقای ڕەسەنی کوردەواریدا دەسووڕێتەوە... لەبەرئەوە تا مێژووی کۆچی **سەیید**، لە ڕۆژگاری ئێستامان دوور دەکەوێتەوە، دەنگە ئاشناکەی **سەیید**، هەتا دێت، هەر نزیک و نزیکتر دەبێتەوە...

هەر ئەمەشە گەوهەری نەمری ئەم دەنگە؛ کە (٧٠ - ٨٠)ساڵ لەمەوبەر، لەناو جەرگەی کۆمەڵگایەکی دواکەوتوودا، توانی نرخ و بایەخی هونەر، لای کۆمەڵگاکەی، لای گەلەکەی، باڵاتر هەڵچنێ و تێکڕای توێژ و چینەکانی گەل بەچاوی ڕێز و بایەخ و شکۆوە، ئاوڕ و سەرنج لە هونەر بدەنەوە، سەرنج لە دەسەڵاتی هونەر بدەن... تەنانەت وای کرد ئەو توێژ و کۆمەڵانەش کە پێشتر بایەخ و بەهایان بەهونەر نەداوە؛ ئاوڕ لە هونەر بدەنەوە... هونەریان لا جوان و پیرۆز بێت...

بەم کارەش **سەیید** توانی هونەری مۆسیقا و گۆرانی، لە باوەشی تایبەت و تەنگەبەر و ئابلووقەدراوی ناو دیوەخانان و دەسەڵاتداران و ئەشرافیان دەربهێنێ و ئابلووقە و گەمارۆی لەسەر لابەرێ و هونەر بکاتە کەرەسەی پێویست و خۆراکی ڕۆح بۆ ژیانی هەمووگەل.

کەواتە ئەم ڕێز و ئاوڕدانەوەیەی جەماوەری گەل و هونەردۆستان، لە دەنگی **سەیید** لەلایەکەوە و لاسایی کردنەوەی لەلایەن دەنگخۆشانی ڕۆژگاری خۆی و دوای خۆی لەلایەکی ترەوە، بەڵگەی ئەوەن ئەم هونەرمەندە، نوێنەری هەست و سۆزی کۆمەڵگاکەیەتی؛ نوێنەری مێژینەی هونەری ڕەسەن و ڕاستەقینەی گەلەکەیەتی؛ نوێنەری زیندووکردنەوەی گۆرانی و مۆسیقای ناو گەنجینەی پارێزراوی دێرینەی گەلەکەیەتی؛



نوێنەری بانگەوازی ڕۆحی کۆمەڵەکەیەتی؛ نوێنەری ناسنامە و پێناسەی ژیار و خانەی گەلەکەیەتی لە کاروانی گەلانی دراوسێدا؛ نوێنەری گریان و خۆزگە شاراوەکانی دەروونی گەلەکەیەتی؛ کە پشتاوپشت، لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر، بەمیراتی بۆ سەردەم و ڕۆژگاری **سەیید** بە ئەمانەت هەڵگیرابوو...

گەورەیی و کارامەیی **سەییدیش** لەبەردەم ئەم نوێنەرایەتییەدا، لەوە دابوو، کە ئەم ئەمانەت و پەیامەی بەوپەڕی لێهاتوویی و هونەری باڵاوە، خستەوە سەر خەرمانی نەوەکانی ڕۆژگاری خۆی و دوای خۆی؛ کە هونەرمەندی مۆسیقازان، پرۆفیسۆر قادر دیلان، بەر لە هەموو کەس ئەم ڕاستییەی پێکاوە و بەر لە هەموو کەسیش لەسەر ئەم نهێنییە هاتۆتە دەنگ و وتوویەتی: «... هەر جۆرە گۆرانییەکی وتبێ، چ بەستە و چ مەقام، شێوەیەکی کوردیی تەواوی داونەتێ... هەروەها ئەو تیپە مۆسیقایەی لە تەکیا بەشداربوون، هەموویان فارس بوون؛ بەڵام دەنگی بەرز و خۆشی **سەیید**، هێز و تەئسیری بەجۆرێک بووە؛ کە مۆسیقاژەنەکان خۆیان لەبیرچۆتەوە کە فارسن؛ لەبەرئەوەی شێوەی لێدانی بەستە و ئاوازەکان، زیاتر بەلای کوردیدا دەچێ، ئەگەر بەتەواوی کوردی نەبن» (٤٠).

هەر لەم بارەیەوە هونەرمەند عوسمان شارباژێڕی دەڵێ: «... **سەیید** یەکەمین گۆرانیبێژە، کە ڕێبازێکی کوردانەی گرتووە... لە وتنی مەقامی کوردی و مەقامی ڕۆژهەڵاتیدا ڕچەی شکاندووە، تەوقی فارسی وتنی لە گەردنی گۆرانی کوردی داماڵیوە» (٧٨،٤٧).

هەروەها هونەرمەندی شارەزا لە دەسگاگەلی مۆسیقای ئێرانیدا سدیقی تەعریف (١٩٥٥ز) کاتێ بەراوردی شێوازی دەنگی **سەیید** و شێوازی دەنگی گۆرانیبێژە بەناوبانگەکانی ئێران دەکا و لە نێوان ئەمانەدا بەشوێن ناسنامەی دەنگی **سەییددا** دەگەڕێ؛ دەگاتە ئەو ئاکامەی کە بڵێ: «دەنگی **سەیید**، شێوازی کوردستانییە» (٧٤،٥) لەم شێوازە کوردستانییەشدا، کاتێ بەقووڵی گوێ لە دەنگی **سەیید** دەگرین، هەست دەکەین «دەنگی **سەیید**»، دەنگدانەوەی گۆرانی و مۆسیقای سەدەکانی پێش خۆیەتی؛ وەک ئەوەی هەست بکەین: دەنگێکی دوور... دوور لە قووڵایی مێژووەوە، قووڵایی ناخمان بانگ دەکات؛ قووڵایی هەستمان دەدوێنێ...

هەر بۆیە هەندێ جار وا هەست دەکەین ئەم دەنگە، لە دوورەوە دەبیسترێ...

یان: بەپێچەوانەوە؛ هەندێ جاری ستر وا هەست دەکەین ئەم دەنگە، زۆر لێمان نزیکە؛

بەڵام ئەوەندە بانگەوازێکی بەهێز و بەزەبر و کاریگەرە؛ دەتوانێ ڕۆژگارە دوورەکانی پێش خۆی بانگ بکاتەوە... دەتوانێ بگاتەوە بەڕۆژانی دووری مێژوو؛ کە ئەگەر لاپەڕەکانی مێژووی گۆرانی و مۆسیقای سەدەکانی پێشینیش بەسەربکەینەوە؛ ئەوسا دەزانین گۆرانی و مۆسیقای باپیرانی **سەیید**، بریتی بوون لە چەپکێ شێوە گۆرانی و مۆسیقای ناوچە جیاجیاکان، کە بەهەموویان لەژێر چەتری یەک شێوازی یەکگرتوودا، کەش و هەوایەکی جیاواز و سەربەخۆ، بۆن و بەرامەیەکی تایبەتمەند و دیار؛ کۆی کردوونەتەوە...

ئەو کەش و هەوا و بۆن و بەرامەیەش، ئەو ناسنامەیەیە کە گۆرانی و مۆسیقای کوردی، لەناو گۆرانی و مۆسیقای دراوسێکانیدا جیاکردۆتەوە...

خۆ ئەگەر تایبەتمەندییە ئاشکرا و دیارەکانی ئەم ناسنامەیەش، لە نموونەی ڕەسەنترین و پاکترین گۆرانی و مۆسیقای کوردیدا لەبەر چاو بگرین، کە بریتیین لە: **لاووک**، **حەیران**، **بەیت**، **سیاوچەمانە** و هۆرە؛ سەرنج دەدەین ئەم چەپکە هونەرە، بەر لە هەموو شتێک هەموویان دەچنە خانەی «مەقام»ەوە؛ واتە ڕیتمیک نین؛ لە هەمان کاتیشدا یەکێتی بابەت لە هەموویاندا، ڕەگەزێکی زاڵ و لەبەرچاوە...

بەمانای ئەوەی لە هەموویاندا: کێشەیەک، مەسەلەیەک، پەیامێک، خەمێکی مرۆڤانە، بناوانی چنینی دەقەکەیە... پەیامی دەقەکەش، بەکۆمەڵێ وێنەی شیعریی ڕازێنراونەتەوە؛ کە وێنەکان هەموویان کورت و برووسکە ئاسا، سادە و ساکار، مەبەستەکان بەدەستەوە دەدەن، بەبێ ئەوەی گوێگر تووشی بێزاری و پەرتبوون بکەن...

بەڵام لە هەمووشیاندا ڕەگەزی زاڵ، ڕەگەزی مۆسیقایە؛ کە هەموو ڕەگەزەکانی تری لە هەناوی خۆیدا کۆکردۆتەوە. واتە: هەموو ڕەگەزەکانی تر، بەهۆی دەنگێکی مۆسیقاییەوە بەئێمە دەگات؛ نەک گەیاندنی پەیامێکی ڕووت، نەک گوێگرتن لە کۆمەڵە وێنەیەکی شیعری...

لەبەرئەوە لە زۆربەی **لاووک** و **حەیران** و **بەیت** و **سیاوچەمانە** و هۆرەدا، مۆسیقای دەنگێک، ڕابەرایەتی ڕەگەزەکانی تری دەقەکە دەکات.. هەر بۆیە کە گوێمان لە هۆرە یان **سیاوچەمانە**، یان گۆرانییەکی ڕەسەنی وەک قەتار دەبێ؛ لە پێش هەموو شتێکدا دەنگێکی مۆسیقایی، بانگی هەستمان دەکات؛ نەک ئەو چەپکە واژەگەلەی دەقەکەی چنیوە...

تەنانەت هەندێ جار ئەو چەپکە واژەگەلە، وەزنێکی شیعری و مۆسیقاییان نییە؛



بەڵکو لەکاتی وتنیاندا، لە شێوە گۆرانی وەک **لاووک** و **حەیران** و **بەیت** و هەندێ جاری تریش لە **سیاوچەمانە** و هۆرەشدا، مۆسیقای دەنگی گۆرانیبێژەکە بەقوڕگ لەنگەری مۆسیقایی وەزنی واژە و ڕستەکان ڕادەگرێ و مۆسیقایان بۆ دروست دەکات؛ کە ئەمەش کوتومت شێوازی چڕینی **گازەگەلی** «**زەرتوشت**»ی بووە.

هەر بۆیە گەورەترین هۆی سەرکەوتنی گۆرانی، لەوەدایە مۆسیقا، یان دەنگێکی مۆسیقایی، ڕەگەزەکانی تری گۆرانییەکە بموۆسیقێنێ، نەک دەربڕینی کۆمەڵە واژە و پەیامێک، یان شیعرێکی جوان، دەنگە مۆسیقاییەکە بشیعرێنێ!

چونکە ئەگەر وابوایە، واتە: ئەگەر لە گۆرانیدا، شیعر ڕابەرایەتی مۆسیقای بکردایە؛ ئەوسا ئیتر چ پێویست بوو شیعری جوان، پەیامی جوان، بەگۆرانی بووترێن؟! لە کاتێکدا ئێمە دەزانین دەسەڵاتی مەزنی دەنگێکی مۆسیقایی خۆش، نرخ و بایەخی شیعرەکە بەرجەستەتر و باڵاتر دەبات...

هەر بۆ نموونە دەڵێین: کاتێ گوێمان لە عەلی مەردان دەبێ، شیعرێکی مەولەوی تاوەگۆزی (١٨٠٦-١٨٨٦ز) بەمەقامی قەتار دەچڕێ؛ دەمودەست بۆمان دەردەکەوێ کە بەهۆی دەنگە مۆسیقاییەکەوە، شیعرەکەمان بیردەکەوێتەوە... یان جاری وا هەیە دەنگە مۆسیقاییەکە، ئەوەندە کاریگەرە، مانای شیعرەکە لەبیر دەباتەوە، یان هەر مەبەستمان نییە بزانین شیعری کێیە و چی دەڵێ...!

لەمەش زیاتر، هەندێ جار لە کاتی بیستنی گۆرانی و مۆسیقای خۆشی نەتەوەیەکی بیانیدا، کە تەنانەت زمانی ئەو نەتەوەیەش نەزانین، بەڵام ئەوەندەی زەبری دەنگە مۆسیقاییەکە، ڕامانده‌کێشێ؛ ئەوەندە تێگەیشتن لە زمانی ئەو گۆرانبێژە بیانییە، نابێتە ڕێگر و کۆسپ، لە ڕێگەی چێژوەرگرتن لە دەنگە مۆسیقاییەکەی... بەواتایەکی تر، زەبری مۆسیقاکە ئەوەندە زاڵە، کە لە ئاکامدا وا بزانین: نەمۆسیقایە و نەشیعرە.

لەجێی خۆیدایەتی لەم دەرفەتەدا نموونەیەک لە مەولەوی تاوگۆزی بەیادبهێنمەوە؛ کە خوالێخۆشبوو **سەیید** ئەحمەدی عازەبانی، بۆ جەنابی «مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس»ی گێڕاوەتەوە:

**سەیید** حەسەنی موفتی داوای حەبیبە خانمی کچی شێخ عەلی عەبابەیلێ دەکا و دەیدەنێ، کە لە «سلێمانی»یەوە دەڕۆن بۆ عەبابەیلێ بەشوێن بووکدا، شێخ عەلی باوکی بووک، بەمەولەوی دەڵێ؛ مەولەوی من کەسم نییە لەگەڵ حەبیبە بینێرم بۆ سلێمانی و

لەتۆ مەحرەمترم نییە بەماڵی ئێمە، لەگەڵی برۆ. ئەویش لەگەڵ بووک دەڕوا.

لەرێگادا بەعادەتی برازاوا، دەست دەکەن بەگۆرانی وتن: یەکێ لە کۆمەڵەکە ناوی **حەمەی ئامین** بووە، دەنگی زۆر خۆش بووە.

دەست دەکا بەقەتار و ئای ئای وتن بەشیعری مەولەوییەوە. مەولەوی بەسواری وڵاخەوە لەبەر خۆشی دەنگی **حەمەی ئامین** جەزبە دەیگرێ و بەجۆرێ لە حاڵی تەبیعی دەردەچێ، دەکەوێتە خوارەوە. خەڵکەکە دادەبەزن و ڕاستی دەکەنەوە و سواری وڵاخەکەی دەکەنەوە و لە «حەمەی ئامین»یش تووڕە دەبن، دەڵێن: خەتای تۆ بووە، وا مەولەوی کەوتە خوارەوە.

«**حەمەی ئامین**»یش دێ بەلای مەولەوییەوە، پێی دەڵێ: «قوربان، بۆچی وات پێهات؟ خۆ من هەر شیعرەکانی خۆتم دەخوێندەوە!». ئەویش دەڵێ: «کوڕە! کەی شیعری من ئەوەندە خۆش و بەتەئسیرە؟ بەخوا خەتای «ئاواز»ەکەی تۆ بوو...» (٣٧٦,٥٣)

ئەم دیاردییە لای **سەیید** لە لووتکەدایە... لە دەنگی **سەییددا**، بەرلەوەی لە مانای شیعرەکە بگەین؛ لەسیحری دەنگیدا، غافڵگیر دەبین. دەنگی **سەیید** بریتییە لە ... تەکنیکێکی «سَهل مُمتنع»، کە لە ڕوخساردا سادە و ساکار و لە ناوەرۆکیشدا یەکجار پڕ گێژەن و چەڵەمهێنە... ترپە و لەرینەوەیەکی وا لە دەنگیایەتی، دەمانگرێنێ... هەستێکی زوڵاڵ و قووڵیش لە دەنگیایەتی، هەموو ئەمانەش وەک ئاوی گەرمی ئۆقیانووس، لە دەنگیدا دەتوێنێتەوە... ئەمەیە جادووی نەمریی دەنگی **سەیید**(٧٤,٥). لەم جادووی دەنگەدا شیرینترین «چریکەی بلبل» ئاسایی، جگە لە **سەیید** کەسی تر نەیتوانیوە بەو جۆرە بچریکێنی(١٣,١٦).

بۆیە کە دەمانەوێ لە مانای دێرە شیعرێکی ناو گۆرانییەکانی **سەیید** بگەین؛ تووشی سەرەگێژە و ڕامان دەبین، چونکە **سەیید** ئەوەندەی دەربەستی ئارایش و ڕازاندنەوەی لەرینەوەکانی مۆسیقای دەنگێتی؛ ئەوەندە دەربەستی دەربڕین و دانپێدانانی واژەکان نییە. لە زۆربەی گۆرانییەکانیدا بەگوێرەی گونجاندنی مۆسیقایی و لەرینەوەی دەنگی؛ دەیانسازێنێ... تەنانەت هەندێ جار وا هەست دەکرێ واژەیەک دەکشێنێ و واژەیەکی تر زۆر کورت و تەماوی دەردەبڕێ...

هەر بۆیە تائێستاش سەدان و هەزاران کورد هەن؛ بەبێ ئەوەی لە مانای شیعرێکی ناو گۆرانییەکانیشی تێبگەن، چێژ لە دەنگی وەردەگرن... بەمانا: لای سەیید، مۆسیقا جڵەوکێشی شیعر دەکات و شیعر دەبێتە پاشکۆی مۆسیقا؛ نەک بەپێچەوانەوە.



دەنگی **سەیید**، چەند سروشتییانە، و ڕەوان دەبیسترێ، ئەوەندەش سەلیقە و دەسەڵاتی لەبن نەهاتووی لەبناواندایە، بەجۆرێک دەنگی دەردەبڕێ؛ وەک ئەوەی توانایەکی ئەفسانەیی، لەناو دەروونیدا جڵەوکێش و ڕەنگرێژی «فرەکانس»ەکانی دەنگی بکات، کە کتومت شەپۆلی لەرینەوەکان، بەئەندازە و پڕاوپڕی نێوان «گام»ێک و «گام»ێکی تری مۆسیقایی بێت؛ بەبێ ئەوەی لەهیچ ساتێکدا هەست بکەین زۆر لە خۆکرندێکی نائاسایی و ناسروشتی پێوە دیار بێت، وەک هەندێ گۆرانبێژ، بەبێ هیچ بۆنە و خرۆشانێک، لەرینەوەی بەرز و نزم و ناسروشتی لە دەنگیاندا دەردەبڕن.

دەسەڵاتی **سەیید**، بەسەرچین «ئۆکتاف»ەکانی دەنگیدا؛ ئەوەندە زاڵە، دەتوانێ لە هەر «مەقام»ێکدا تایبەتمەندییەکی جیاواز و سەربەخۆی بداتێ، بەجۆرێک لە هەر مەقامێکدا، ئۆکتافەکانی دەنگی، جیاوازترە لەو ئۆکتافانەی لە مەقامێکی تردا دەریدەبڕێ. واتە: ئەو چینە دەنگەی لە مەقامێکدا بەکاری دێنێ، لە مەقامێکی تردا ئەو جۆرە ئۆکتافانە بەو جۆرە بەکارناباتەوە. بۆیە هیچ گۆرانییەکی لە هیچ گۆرانییەکی تری ناچێ...

لە نێوان هەریەکێک لە مەقامەکانیدا وا هەست دەکەین زەمانێکی زۆر، بەهرە و سەلیقە و دەسەڵاتێکی جیاواز لە نێوانیاندایە...

کە هەر مەقامەی، تایبەتمەندییەکی سەربەخۆی هەیە... بەڵام بەهەموویان لەژێر ڕکێف و کەش و هەوای دەنگی **سەییددان**.

لە پشت ئەم تایبەتمەندییانەی دەنگی **سەییدەوە**، ئاگاداری و زانیاری **سەییدە** لە فەرهەنگ و ئەدەب بەگشتی و لەگەنجینەی فەرهەنگ و ئەدەبی گەلەکەی بەتایبەتی، کە ئەم گەنجینەیە بۆ **سەیید** بۆتە کۆڵەگەیەکی پتەوی سەرکەوتنی. چونکە **سەیید** بەرلەوەی ئێمە بەهۆی «دەنگ»ە بەسۆزەکەیەوە بیناسین، ئەو خۆی فەرهەنگ و ئەدەبی گەلەکەی ناسیوە... کە ئەمە بۆ هەر هونەرمەند و نووسەرێک بەردی بناغە و بنەما سەرەتاییەکانی سەرکەوتنێتی. لەبەرئەوەی هەرگیز هیچ هونەرمەند و نووسەرێک چاوەڕوانی سەرکەوتنی لێناکرێ؛ ئەگەر ئاگاداری پێشینەی هونەر و فەرهەنگی کۆمەڵگاکەی نەبێت.

لەم بوارەدا، ئەو بەڵگانەی لەبەردەستی ئێمەدان و لە جێگەی تردا باسیان دەکەین؛ ئەوە دەسەلمێنن کە **سەیید** ئاگادارییەکی زۆری لەسەر گەنجینەی هونەر و ئەدەب و فەرهەنگی گەلەکەی هەبووە... ئاگاداری سەرجەمی شیعری شاعیرانی کلاسیکی کوردی بووە و لەناو ئەو کاروانەشدا شەیدا و دڵبەندی شیعری عارفانەی مەولەوی تاوەگۆزی بووە، چونکە

هاوهەستی عارفانە و سۆزی عاشقانەی خۆی تیادیوەتەوە. جگە لەوەی کە شیعری مەولەوی تاوەگۆزی، تا ڕۆژگاری **سەیید** و لەسنوور و جوگرافیای هەرێمی سنەدا هەر درێژبوونەوەی مێژووی شیعری دیالیکتی «گۆران»ە، کە زیاتر لە چەندان سەدەی پێشینەوە، زاراوەی گۆران، جوگرافیای سنە و هەورامان باوەشی سەوز و گەرمی بووە. لەپاڵ ئەم هۆیەشدا پێوەندی ڕۆحی و دۆستایەتی **سەیید** لەگەڵ شێخانی سەر بەرێبازگەی نەقشبەندی لەناوچەی تەوێڵە و بیارە و بەتایبەتیش لەگەڵ خودی شێخ عەلی حیسامەدین (١٨٦١-١٩٣٩ز)(٨٣،٥٣-٨٤)؛ کە لەم بوارەدا (٤) نامەی سۆز ئامێز و پڕ لە ئەوینی دۆستایەتی شێخی ناوبراومان بۆ **سەیید** لەبەردەستدان. ئەم پێوەندییەش بێ سێ و دوو دەرگای ئەو گەنجینە دەوڵەمەندەی لەبەر **سەییدا** کردوەتەوە؛ کە لە دێرزەمانەوە خانەقاکانی تەوێڵە و بیارە، مەڵبەندی گردبوونەوە و ئەرشیفی پارێزراوی شاعیرە ناودار و عارفەکانی سەرتاسەری کوردستان بوون؛ بەتایبەتیش شاعیرانی دیالیکتی گۆران. بەم بۆنەیەوە **سەیید** شیعرگەلێکی زۆری شاعیرانی کوردی لەبەر بووە و هەندێکی تریشیانی بەخەتی خۆی نووسیوە، یان لەسەر خواستی خۆی بەخەتی دۆستانی، بۆی نووسراون و لای خۆی پاراستوونی و هەندێکیان بەهۆی بنەماڵەی «**سەیید** ئیبراهیم»ی کوڕەزایەوە تائێستاش پارێزراون و بۆ ئەم مەبەستە لەبەر دەستماندان. ئەم گەنجینەیە، ئاگاداری و زانیاری لەسەر شیعر و شاعیران و فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی بە**سەیید** بەخشیوە و لەگەڵ هەندێ لەشاعیرانی «گۆران»یشدا نامەی شیعری ئاڵوگۆڕ کردووە و جارجارەش سروشتی شیعر نووسینی هەبووە[١].

دیسان هەر ئەم گەنجینەیە، ئاگاداریی زۆری لەسەر زمانی یەکگرتووی کوردی بە**سەیید** گەیاندووە و بەم هۆیەوە ئەو شێوە دەنگ دەربڕینەی کە **سەیید** لە گۆرانییەکانیدا واژەگەلی کوردی پێ دەردەبڕێ، نیشانەی ئاگاداری **سەییدە** لەسەر زمانی یەکگرتووی کوردی و لەم بوارەدا دەڵێین: ئەو شێوە فۆنەتیکەی کە **سەیید** لە گۆرانییەکانیدا پێی دەئاخێوێ، هەرگیز ئەو شێوە فۆنەتیکی ئاخاوتنە نییە؛ کە تائێستاش دانیشتوانی سنەی زێد و مەڵبەندی **سەیید** پێی دەدوێن؛ بەڵکو بەهەموو مانای وشەی شارەزاییەوە، **سەیید** شارەزاییەکی زۆری لەسەر ئەو شێوە زمانە هەبووە، کەسێ کوچکەی میرنشینی بابان، واتە: نالی (١٨٠٠-١٨٧٣ز)، سالم (١٨٠٥-١٨٦٩ز) و کوردی (١٨٠٩-١٨٤٩ز)، ڕەنگیان بۆ ڕشتووە

(١) بنواڕە بەشی پاشکۆ.



و شاعیرانی دوای ئەوانیش پەیڕەویان کردووە. تێکڕای ئەم ئاگاداری و شارەزاییەی **سەیید**یش بۆی بوونە هاندەرێک کە ببێتە یەکەمین کەس لە کوردستانی ئێراندا؛ دەنگ و ئاوازی کوردی لەسەر **قەوان** تۆمار بکات.

هەرچەندە مامۆستا عەلائەدین سەججادی پێی وایە کە **سەیید** یەکەمین کەسە لەسەرتاسەری کوردستاندا، کە مەقاماتی کوردی خستەسەر **گرامافۆن**[٢](٤٥،٦٤).

بەمجۆرە کە بەتایبەتمەندییەکانی دەنگی **سەییدا** دەچینەوە؛ دەگەینە ئەو ئاکامەی کە:

١- میراتی هونەری گۆرانی باوک و باپیرانی کوردە، کە **سەیید** بەجوانترین و بەتواناترین دەسەڵاتی هونەرییەوە، بەئێمەی گەیاندووە.

٢- شێوازی دەنگی، کەش و هەوا و شێوازی کوردییە.

٣- هەر بەو هۆیەوە کە شێوازی دەنگی کوردییە، لەهەمان کاتیشدا شێوازێکی تایبەتمەند و سەربەخۆیە کە تا ئێستا «شێوەی گۆرانی وتنی، جیاوازە لەگەڵ هەموو گۆرانیبێژێکدا و کەس نەیتوانیوە لاسایی بکاتەوە»(٤٠).

٤- پەیڕەوی لەبنەما و ڕەگەزەکانی گۆرانی دێرینەی کوردی کردووە و لەم پێناوەدا جگە لەوەی خەمێکی خۆش و جوانی مرۆڤانە تێکەڵ گۆرانییەکانێتی؛ لەهەمان کاتیشدا بەپەیڕەوی لەشیعری دەقی **حەیران** و **لاووک** و هۆرە و **سیاوچەمانە** و **«بەیت»ی** کوردی، شیعری پڕ لەوێنەی ڕوون و سادە و کورتی هەڵبژاردووە.

٥- ئاگای لە پێشینەی هونەر و ئەدەبی کۆمەڵگاکەی خۆی بووە و شیعری فۆلکلۆر و شیعری شاعیرانی بەجۆرێک هەڵبژاردووە، کە بە هەموویان «یەکێتی بابەت»ی پەیامی گۆرانییەکان بگەیەنن.

٦- پڕاوپڕی دەسگاگەلی مۆسیقایی، دەنگی سازاندووە و لەم بارەیەوە ئەوەندەی دەربەست وپابەندی «مۆسیقاندن»ی دەنگێتی؛ ئەوەندە دەربەست و پابەندی «شیعراندن»ی ڕووت و زەقی دەقی گۆرانییەکانی نییە.

٧- لەو شارەزایی و ئاگادارییەی **سەیید**، لەدەسگاگەلی مۆسیقای کۆنینەی ئێرانیدا، کەش و هەوا و شەقڵ و مۆرکێکی تایبەتمەند و جیاواز، بۆ شێوازی دەنگی دیاری دەکات؛ کە هونەری گۆرانی کوردی، لەناو کاروانی هونەری گۆرانی ئێرانی و دراوسێکانیدا، خانەی جیاواز و تایبەت و سەربەخۆی هەبێ و بەم خانەیە؛ جێگە و پلەوپایەی

(٢) بەڵام ئێمە پێمان وایە لە پێش سەییددا، لە کوردستانی عێراق خەڵکی تر دەنگ و ئاوازی کوردییان لەسەر گرامافۆن تۆمار کردووە «وەک دواتر و لە جێگەی خۆیدا باسی دەکەین».

گۆرانی کوردی، ئابڕوومەندانە، شوێنی خۆی لەو کاروانەدا بپارێزێ.

هەمـوو ئەم ڕەگەزە هونەرییـانەی دەنگی **سەیید**، سیـحر و نەمرییەکی هەمیـشـەییـان بەدەنگی بەخـشـیـوە و بەهەمـووشیـان هونەرێکی مـەزنتریان ئەفـراندووە، کـە ئەم هونەرە سەرومرە، ئەو پرسیارەمان لا دروست دەکات لە خۆمان بپرسین: چ نهێنی و هۆیەک دەبنە هەوێنی هێشتنەوە و نەمریی دەنگێکی هونەری؛ یان بەرهەمێکی هونەری و ئەدەبی؟

لە وەڵامـدا دەڵێین: هەر تەنیـا ئـەو دەسـەڵاتە مـەزنە هونەرییـەی دەتوانێ پێـوەندییـەکی قـووڵ و خـاوێنی مـرۆڤـانە، لە نێـوان خـۆی و مـرۆڤـایەتیـدا دروست بکات؛ بەبێ ئەوەی لەکاتی دروستکردنی ئەم پێوەندییەدا، تەقەڵلای هاتوهاوار و ژاوەژاو بکات...

بەڵکو بەدوای زمانێکدا دەگەڕێ؛ بتـوانێ خـەم و خـەونە ڕەسـەن و دێرینەکـانی مـرۆڤ بلاوێنێ.

هەر ئـەمـەشە نـهێـنی نەمری و مـانەوەی ئەو هونەرمـەند و شـاعـیـر و نووسـەرانەی، سنووریان لەنێوان مرۆڤ و جوگرافیـادا نەهێـشـتووە و لە هەمـوو سەردەم و جێگایەکدا، زمانی هاوبەشی هەموو مرۆڤایەتین...

ئەگینا نەمری حافزی شیرازی و مەولەوی ڕۆمی و گۆتەی «**ئاڵمان**»ی و «پووشکین»ی رووسی و لورکاری ئیسپانی و مەولەوی تاوەگۆزی(٣) و... هتد،

لەبەر ئەوە نییە کە لە وەزنی شیعر و وێنەی شیعری و خەیاڵی بلاودا سەرکەوتوون! بەڵکو لەبەر ئەو دەسـەڵاتە مـەزنانەیە؛ کـە توانای پشکنین و دۆزینەوە و داهێنانی زمـانی هەستی هاوبەشی هەموو مرۆڤایەتی داونەتێ؛ لەکاتێکدا هەر یەکە لە مانە، سەر بەنەتەوە و جوگرافیایەکی جیاواز و دەنگ و شێوازی تایبەتی خۆیەتی.

هەر لـەم ڕوانگەیەوە هەڵبـژاردنی ناوی **سـەییـد**یش لەم تەقـەڵلا بچـووکـەی مندا، لەو گیـانەوە هات، کـە دەنگی **سەیید** سەرەڕای ئەوەی مۆرکی تایبـەتمەندی کوردەوارییـانەی پێـوەیە، لەهەمـان کـاتیـشدا دەنگی شـانازیی گـۆرانی کـوردییـە، لەناو گـۆرانی گـەلانی دراوسـێکانیـدا، لەهەمـان کـاتدا دەنگی هەسـتی هاوبەشی مـرۆڤـانەی کـورد و دراوسێکانێتی.

(٣) ئەو ناوانەمـان هەر وەک نموونە، بەتەنیـا لە شـاعـیـران هێنایەوە؛ تا لەناوهێنانی بەهرەمـەندانی تری مەیدانەکانی ئەدەب و هونەردا درێژە بەنموونەکان نەدەین.





وێنەی سەیید

# سەیید عەلی ئەسغەر کێیە؟!

(١)

هێشتا هیچ هونەرمەند و گۆرانیبێژێکمان ئەوەندەی **سەیید** عەلی ئەسغەر نووسین و لێکۆڵینەوەی هونەری و ئەدەبی لە ڕۆژنامە و گۆڤار و نامیلکەی سەربەخۆ و دووتویی کتێبدا بەزمانگەلی کوردی و عەرەبی و فارسی، لە وڵاتانی جیاجیای وەک عێراق، ئێران، سوید و بەریتانیا؛ لەسەر نەنووسراوە. زۆربەی ئەو وتار و نووسینە بەرچاوانە ئەمانەن:

١- بۆ یەکەمین جار، مۆسیقاژەنی ناسراو قادر دیلان ساڵی ١٩٥٧ز، لە ژمارە ١٣٣٣ی ڕۆژی پێنج شەممەی ١٩٥٧/٢/١٤زاینی ساڵی ٣٢ی ڕۆژنامەی ژین دا، وتاری بەکوردی لەسەر نووسیوە.

٢- بۆ دووەمین جار، محەممەدی مەلا کەریم، ساڵی ١٩٥٨ز، لە گۆڤاری هیوا ژمارە ١٠ لاپەڕە ٢٤ ساڵی (١) مانگی گوڵانی ١٩٥٨ز، وتار و شیعری بەکوردی لەسەر نووسیوە.

٣- بۆ سێیەمین جار، خوالێخۆشبوو غەفوور ڕەشید **داراغا**، ساڵی ١٩٦٠ز، لەگۆڤاری ڕۆژی نوێ، ژمارە (٩) ساڵی(١).

٤- نووسەری کۆچکردوو مامۆستا عەلائەدین سەججادی لە زنجیرە کتێبی ڕشتەی مرواری، بەرگی شەشەم، لاپەڕە ١١٧ تا ١٢٠ و بەرگی هەشتەم، لاپەڕە ٦٤، بەزمانی کوردی.

ئیتر بەردەوام چەندان لە نووسەران و هونەرمەندانی کورد و فارس، لەکتێبی هەمەجۆرەی مێژووی مۆسیقا و گۆرانی و گۆڤار و ڕۆژنامەدا، لەسەریان نووسیوە و پلەوپایەی هونەرییان نرخاندووە؛ لەوانە بە فارسی.

٥- مۆسیقازان و مێژوونووسی مۆسیقای ئێران، خوالێخۆشبوو ڕوحوڵڵای خالقی، بەزمانی فارسی.



٦- عینایەتوڵڵا شەکیباپوور، لە کتێبی گەورە و بەناوبانگی «دایره المعارف اجتماعی» کە بەزمانی فارسی نووسیوێتی و ساڵی ١٣٤٦ هەتاوی، ١٩٦٧ز، بۆ پێنجەمین جار چاپ کراوەتەوە، لەلاپەڕە ٦٠٢دا ناوی **سەیید** دێنێ.

٧- مەهدی تەجەللی پوور، لە کتێبی گەورە و بەناوبانگی دایره المعارف دانش بشر، کە ساڵی ١٣٤٦ هەتاوی،١٩٦٧ز، لەلاپەڕە ١٦٣٦دا، بەزمانی فارسی نووسیوێتی؛ ناوی هێناوە.

٨- نووسەری گەورەی ئێران باستانی پاریزی، لە کتێبی نای هفت بند، کە ساڵی ١٣٥٠ هەتاوی، ١٩٧١ز بەزمانی فارسی نووسیوێتی، لەلاپەڕە ٢٥٧دا، ناوی هێناوە. هەروەها ئەم نووسەر و هونەرمەندانەش، بەشێوەی جیاجیا، «**سەیید**»یان بەسەر کردۆتەوە.

٩- هونەرمەند عەباسی **کەمەندی**، ساڵی ١٣٦٤ هەتاوی، ١٩٨٥ز، نامیلکەیەکی تایبەتی بەزمانی فارسی لەسەر نووسیوە.

١٠- دکتۆر ساسان سپنتا لە کتێبی چشم انداز موسیقی ایران، ل٢١٧، بەفارسی لەسەری نووسیوە.

١١- یوسف عەلی میر شەککاک، ساڵی ١٣٦٩هەتاوی، ١٩٩١، لە ڕۆژنامەی کەیهان، ژمارە ١٤٠٣٦ ل١٣دا، وتاری بەفارسی لەسەر نووسیوە.

١٢- بورهان ئەیازی، لە کتێبی ائینه سنندج، ل٦٦٣دا وتاری بەفارسی لەسەر نووسیوە.

١٣- هونەرمەند سەدیق تەعریف، ساڵی ١٣٧١ هەتاوی، ١٩٩٢ز، لە گۆڤاری ادینه ژمارە ٧٤,٧٣ ل٧٤-٧٨؛ وتاری بەفارسی لەسەر نووسیوە.

١٤- **میرزا نادر**، هێشتا **سەیید** خۆی لەژیاندا بووە، شیعری بەزمانی کوردی «گۆران» لەگەڵدا ئاڵوگۆڕ کردووە.

١٥- موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی، ساڵی ١٩٧١ز، لە ڕۆژنامەی التآخي ژمارە ٨١٠ وتاری بەزمانی عەرەبی لەسەر نووسیوە.

١٦- ئەردەڵان، ساڵی ١٩٧٣ز، لەژمارە ١٥٢ی ڕۆژنامەی «هاوکاری»ی ١٩٧٣/٢/٢ز، وتاری بەکوردی لەسەر نووسیوە.

١٧- هونەرمەند عوسمان شارباژێڕی، ساڵی ١٩٨٢ز، لەگۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە٩٣، لاپەڕە ٧٦-٨٣ وتاری بەکوردی لەسەر نووسیوە.

١٨- محەمەد ساڵح ئیبراهیمی «شەپۆل»، ساڵی ١٣٦٣ هەتاوی، ١٩٨٣، لە کتێبی ژیناوەری زانایانی کورد لە جیهانی ئیسلامەتی...دا، لاپەڕە ٢٦٢ تا ٢٦٥ فەسڵێکی تایبەتی بەکوردی لەسەر نووسیوە.

١٩- محەمەد ڕەسووڵ هاوار، ساڵی ١٩٨٤ز، لە کتێبی کوێرەوەری و بیرەوەری، لەلاپەڕە ٢٢٩دا، بەکوردی لەسەری نووسیوە.

٢٠- ئازاد عەبدولواحید، ساڵی ١٩٨٥ز، ەبەرگی یەکەم، بەشی یەکەمی دیوانی شێخ نووری شێخ ساڵحدا، کە بەکوردی نووسیویتی، لەلاپەڕەکانی ١٤٠ تا١٤٢ باسی لەسەر نووسیوە.

٢١- هونەرمەند وریا ئەحمەد ساڵی ١٩٨٥ز، لەگۆڤاری ئۆتۆنۆمی ژمارە٣ وتاری لەسەر نووسیوە و هەمان وتاری لە گۆڤاری ڕەنگین ژمارە ١٩ی ساڵی ١٩٨٩ی-ز دووبارە کردۆتەوە.

٢٢- ئەنوەر مام **ئاغا** و فارووق بۆرەکەیی، ساڵی ١٣٦٧ هەتاوی، ١٩٨٨ز، لە گۆڤاری سروە ژماوە ٣٢ لاپەڕەکانی ٢٧-٣١ وتاریان بەکوردی لەسەر نووسیوە.

٢٣- تایەر کرمانج، ساڵی ١٩٩٠ز، لە کتێبی ژیان و هونەردا، لاپەڕەکانی ٥-٩ بەکوردی، لەمەڕ ژیان و بەرهەمی نووسیوە.

٢٤- هونەرمەند ناسری ڕەزازی، ساڵی ١٩٩٣ز، لەگۆڤاری مامۆستای کورد- ژمارە ١٥ل١٦-٢٤، وتاری بەکوردی لەسەر نووسیوە.

٢٥- عەبدولی حەمە باقی، لە ڕۆژنامەی «هەرێمی کوردستان» ژمارە (٢٥)ی ١٩٩٧/٥/٢٨ز، لاپەڕە ٨ دا وتاری بەکوردی لەسەر نووسیوە.

٢٦- ئامادەکردنی محەمەد کەریم، لە ڕۆژنامەی هەرێمی کوردستان، خولی دووەم، ژمارە ٤٥، ڕۆژی چوارشەممە: ١٩٩٧/٨/٦ز، وتاری بەکوردی لەسەر نووسیوە.

٢٧- دیسان شاعیرانی کورد، شیعریان بۆ وتووە، لەوانە:

- ئەسەدوڵڵای قادرمەرزی، هێشتا **سەیید** خۆی لەژیاندا بووە، شیعری بەزمانی کوردی «گۆران» لەگەڵدا ئاڵوگۆڕ کردووە.
- حاجی **سەیید** کازم **سەیید** سابیر **سەڵەواتئاوایی**، شیعری شیوەنی بۆ مێژووی مەرگی **سەیید**، بەفارسی نووسیوە.
- محەمەدی مەلا کەریم، ساڵی ١٩٥٨ز، لە ژمارە (١٠)ی گۆڤاری هیوادا.



- محەمەد حەمە باقی، ساڵی ١٩٨٨ز، لە گوڵەکانی دۆزەخ دا.
- ئەنوەر قادر جاف، ساڵی ١٩٨٩ز، لە زایەڵەدا.

٢٨- جگە لە کاری «نووسین»یش، بەو هۆیەوە کە شێوەی دەنگ و شێوازی سترانەکانی **سەیید**، لە سەردەمی ژیانی خۆیدا و تائێستاش بوونەتە قوتابخانەیەکی تایبەت و چاولێکەری؛ بۆیە دەنگخۆشانی تریش گۆرانییەکانیان و تۆتەوە، یان لاساییان کردۆتەوە... ئەو هونەرمەندانەی دەنگیان تۆمار کراوە، لەوانە: حەسەن زیرەک، مەزهەر خالقی، عومەر خەزان، عەزیز شاروخ (١٩٣٩ز)، **سەیید** ڕەحیمی **سەڵەواتئاوایی**. زۆری تریش لەسەردەمی خۆیدا و بەردەوام لاساییان کردۆتەوە، بەڵام دەنگیان لەسەر **قەوان** و نەوار تۆمار نەکراوە، سەر ژمارەکردنیان سەختە. هەرچەندە هەندێکیان هەروەک (ناو) لە هەندێ کتێب و گۆڤاردا ناویان هێنراوە(٦٦٤،٢) (١٨،٤١).

٢٩- هەروەها بنەماڵەی مۆسیقازانی ناسراو کامگار، چەند ساڵێکە نەوارێکی مۆسیقا و گۆرانییان بەیادی **سەیید**ەوە تۆمارکردووە.

٣٠- هونەرمەندی ناسراویش هادی زیائەدینی، چەند ساڵێکە پەیکەرێکی لە گەچ بۆ نیوەی جەستەی دروستکردووە.

٣١- لەناوەڕاستی مانگی شەهریوەری ١٣٧٣ هەتاوی ئابی ١٩٩٤ز، بەشی فەرهەنگی پارێزگا لەشاری سنە، میهرەجانێکی هونەرییان بۆ ماوەی (٣) ڕۆژ بۆ گێڕا؛ کە تیایدا وتار و گۆرانی و مۆسیقای بەشکۆ پێشکەش کرا.

٣٢- با ئەوەش نەبەمە ژێر گڵەوە کە هاوین و پاییزی ساڵی ١٩٦٧ز؛ کاتێ لە زیندانەکانی سلێمانی و کەرکووک و بەعقووبەدا، لەگەڵ هونەرمەندی کۆچکردوو حەسەن زیرەک (١٩٢١ز، ٢٦ی حوزەیرانی ١٩٧٢ز)دا، پێکەوە بووین؛ چەند جارێک لێم بیست بەهیوای ئامادەکردنی کتێبێکە لەسەر **سەیید**... بەڵام مخابن عەقڵی ئێستام، ئەوسا نەمبوو، تا لێی بپرسم و بزانم ئەو کتێبەی گەیاندۆتە کوێ!؟ هەرچند ئەوەم دەزانی کە حەسەن زیرەک نووسین و خوێندنەوە نازانێ و ئەگەر کاری وا بکات، دیارە هاوسەرەکەی خۆی: میدیا زەندی ئامادەی کردووە... تەنیا هەر ئەوەندەم لەیاد ماوە کە وێنەیەکی **سەیید**ی لە دوو توێی کەلوپەلە کۆچەری و زیندانییەکەیدا پاراستبوو. وێنەکەش هەر ئەو دوا وێنەیە بوو کە **سەیید** لە چایخانەیەکی شاری سنەدا گرتبووی[1].

(١) دوا وێنەی سەیید کە لە کۆتایی ئەم کتێبەدا هەیە.

ئەگەر ئەم سەرچاوە زۆرەی لەسەر **سەییدیان** نووسیوە، بەڵگەی ئەوەبن کە پلەوپایەی هونەریی **سەیید** شایانی ئەوە بووبێ نووسەرانێکی زۆر لەبارەیەوە بنووسن؛ بەڵام لەهەمان کاتیشدا بەداخەوە ئەم سەرچاوانە بەگشتی، دەستگر و ڕێنیشاندەرێکی تەواوی جیهانی **سەیید** نین، چونکە بەهەموویان نەیانتوانیوە تابلۆیەکی ڕاستەقینەی ژیانی هونەریی و مرۆڤانە و دیدی کۆمەڵایەتی و سیمای هونەریی **سەیید** بکێشن تەنانەت زۆربەی ئەو نووسینانە «بەتایبەتی ئەوانەی بە زمانی کوردی نووسراون جگە لە چەندانێکیان» ، بریتین لە چەند دێر، یان لاپڕەیەک، جگە لەوەی کە زۆریان هەڵە و بێ سەروبەرن...

لەبەرئەوە ئەم سەرچاوانەم نە کردنە دەستە چیلە و بنەما و پێگە، بۆ ئەم کارەم؛ مەگەر تاک و تەرایان، کە جارجارە ئاماژەی کورتم پێکردوون...

بۆیە هەر پشتم بەسۆراخ و گەڕان و لێکۆڵینەوەی پشوو درێژی مەیدانیی خۆم بەستووە، کە ڕاستەوخۆ و لە ئاکامی کاری ئەم حەوت هەشت ساڵەمدا، زانیارییەکانی ئەم کتێبەم دەستگیر بوون... لەو گەڕان و سۆراخە پشوو درێژەشمدا گەلێ هەواڵ و بەسەرهاتی جۆراوجۆرم لەزمانی خەڵکەوە بیستووە، کە دوو جۆرن:

١- جۆرێکیان ئاکامی خۆشەویستی **سەییدە** لەناو خەڵکدا و بەسەرهاتی ئەوەندە سەیر و سەمەرەیان بۆ دروستکردووە، گەیاندوویانەتە ئاستی ئەفسانە و لە پێگەیەکی زانستییانەدا جێگەیان نابێتەوە.

٢- جۆرێکی تریشیان ڕەنگدانەوەی تێنەگەیشتنی بەشێکی جەماوەرە لە نرخ و بایەخی هونەری ڕەسەن و نەمر و لەم پێناوەشدا ئەو ئاکارانەی گوایە بەناوی ڕێزلێنانەوە دەیدەنە پاڵ هونەرمەندان و ئەدیبان، ئەگەر لەنرخی هونەری و پلەوپایەی کەسایەتییان کەم نەکەنەوە، بەرزتری ناکەنەوە. لەبەرئەوە لەم بارەدا ئەو دوو جۆرە هەواڵانەم بەبێ بەڵگەزانیوە و کەم و زۆر بۆ ئەم کتێبەم نەگواستوونەتەوە... بەواتایەکی تر، هەر قسە و لێکدانەوەیەک لەسەر **سەیید**، ئەگەر بەڵگەی تەواوم لەسەری گیرنەکەوتبی، نەمنووسیوە و قسەم لەسەر نەکردووە.





لەدوتوێی سەر ومڕی ئەو کارانەی سەرەوەدا کە بۆ **سەیید** کراون بەگشتی و بەتایبەتیش لەناو ئەو وتارانەیاندا کە لەسەر **سەیید** نووسەران؛ لەسەر دوولایەنی **سەیید** دواون؛ کە لایەنێکیان بواری هونەری و پلەوپایە و خانەی دەنگی **سەییدە** لەناو هونەرمەندانی هاوڕێ و هاوچەرخەکانیدا و لایەنەکەی تریش، ژیاننامەی **سەییدە**، کە جارێ ئێستا ئێمە ئەمەیانمان مەبەستە و قسە لەسەر ئەمیان دەکەین... ئەم لایەنەش دوو دەستەن:

١- زۆربەی ئەوانەی وتارەکەی غەفوور ڕەشید **داراغایان** دیوە «کە زۆرتر نووسەرانی کوردستانی عێراقن» ، پێدەچێ گشتییان چاویان لەو مێژووە کردبێ کە غەفوور ڕەشید **داراغا** لە پێش هەموانەوە دەستپێشکەری زیرەکانەی کردووە و بۆ یەکەمجار «بەلای خۆیەوە» مێژووی لە دایکبوون و مردنی **سەییدی** دیاری کردووە؛ کە بریتییە لە (١٨٧٦-١٩٣٧ز). بەواتا ئەم دەستەیە بریتین لە: غەفوور ڕەشید **داراغا**، موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی، عوسمان شارباژێڕی[٢].

ئازاد عەبدولواحید، بورهان ئەیازی کە ئەمەیان هەر لە خۆیەوە، ساڵی ١٣١٨هەتاوی-١٩٤٠ز، بۆ ساڵی مەرگی **سەیید** دیاری کردووە(٦٦٣,٢). **داراغا**[٣] لەم وتارە خەست و کورتەیدا، دەوڵەمەندترین هەواڵی لەسەر **سەیید** کۆکردۆتەوە، کە وەک خۆی لە دامێنی وتارەکەیدا ئاماژەی بۆ کردووە، گۆرانبێژی ناسراو ڕەشۆل عەبدوڵلا و مەجیدی قالەی حەمامچی لە ئامادەکردنی وتارەکەیدا، یارمەتییان داوە...

ئەم دوو کەسەش سەرچاوەی هەواڵی ڕاستەقینە بوون لەسەر **سەیید**؛ چونکە یەکەمیان کە ڕەشۆڵ عەبدوڵلایە، جگە لەوەی هاوچەرخی **سەیید** بووە، لەهەمان کاتیشدا خۆی مامۆستای مەقامی کوردی بووە و بێ هیچ سێ و دوویەک شوێن پێی هەواڵی مەقامبێژێکی مەزنی وەک **سەییدی** هەڵگرتووە، کە لەو ڕۆژگارەدا ناوبانگی **سەیید** لە لووتکەدا بووە...

دووەمیشیان مەجیدی قالەی حەمامچی، لەو پیاوە بە سەردەرەوە و ناسراوانە بووە کە لە یارانی شێخ مەحموودی نەمر و دوای مەرگی ئەویش، دۆستی نزیکی «شێخ لەتیف

(٢) هەرچەندە ناوبراو لە بەشی دوایی وتارەکەیدا و بەپشتیوانی بیروڕای کەسێکی تر، مێژووی (١٢٦٠-١٣١٥هەتاوی) بەرامبەر (١٨٨١-١٩٣٦ز) بۆ هاتنە دنیا و مەرگی سەیید دیاری کردووە.
(٣) لەبەرئەوەش لەمەودوا ناوی غەفوور ڕەشید داراغا زۆر دووبارە دەبێتەوە، هەر بە داراغا ناوی دەبەین.

(۱۹۱۷-۱۹۷۲ز)ی کوڕی شێخ مەحموود بووە و ئەمانیش هەمیشە خزم و دۆستان و نزیکەکانیان هاتوچۆی ئێران و هەوالّی ئێران- یان لەلابووە.

۲- زۆربەی ئەوانەش نامیلکەکەی هونەرمەند عەبباسی **کەمەندی**یان دیوە «کە زۆرتر نووسەرانی کوردستانی ئێرانن»، چاویان لەو مێژووە کردووە کە عەبباسی کەمەندی «لای خۆیەوە» بۆ هاتنە دنیا و مردنی سەیید دیاری کردووە و بریتییە لە (۱۲۶۰-۱۳۱۵هەتاوی) بەرامبەر (۱۸۸۱-۱۹۳۷ز)، ئەمانیش بریتین لە: محەمەد سالّح ئیبراهیمی «شەپۆل»، سدیقی تەعریف، ناسری ڕەزازی، وریا ئەحمەد.

«**کەمەندی**»[٤]ش بەو هۆیەوە کە خۆی گۆرانبێژێکی ناسراوە و لەهەمان کاتیشدا هاوشاری **سەییدە** و سۆراخی دلّسۆزانەی بۆ زانینی مێژووی ژیانی **سەیید** کردووە؛ دیارە هەر ئەوەندەی چنگ کەوتووە.

بەلاّم ئەگەر سەرنج لەو دوو مێژووە بدەین کە **داراغا** و **کەمەندی** بۆ هاتنە دنیا و مردنی **سەیید**یان دیاری کردووە؛ دەبینین جیاوازی لەنێوان سالّی هاتنە دنیا و مردنی **سەییددا** هەیە؛ بەتایبەتیش جیاوازی سالّی هاتنە دنیای **سەیید** لەنێوان ئەو دوو دەستەیەدا پێنج سالّە و ئەم جیاوازییەش لەوکاتەوە کە **داراغا** سالّی ۱۹۶۰ز تائێستا ۱۹۹۷ز کە ئەو چەندان وتارە بەرودوایەی لەسەر **سەیید** تێدا نووسراوە؛ کەس هەولّی ساخکردنەوەی نەداوە؛ ئەگەر نەلّێم کەس ئاماژەیشی بۆ نەکردووە!

کەواتە بۆ ئەوەی ئێمەش لای خۆمانەوە بتوانین بەراوردێک لەنێوان ئەو مێژووانەدا بکەین و تەقەللای ساخکردنەوەی سالّی هاتنە دنیا و مردنی **سەیید** بدەین؛ سەرەتا لە بنەمالّەی خودی **سەیید**ەوە دەستمان پێکرد، کە مەبەستیش لە بنەمالّەی **سەیید**؛ کوڕ و نەوەکانی **سەییدن**. ئەوانیش بریتین لە:

۱- سەیید ئەشرەف ۱۹۱۶ز-۱۹۹۲ز دوا کوڕی سەیید.
۲- سەیید ئیبراهیم ۱۹۳۷ز.
۳- سەیید **محێدین** ۱۹٤۱ز.
٤- سەیید عەلا ۱۹٤۱ز.

کە ئەم سیانەی دوای کوڕەزاکانی **سەییدن**؛ واتە کوڕەکانی خوالێخۆشبوو **سەیید** عەبدولئەحەد، کە **سەیید محێدین** و **سەیید** عەلا دووانەن و ئێستا **سەیید** عەلا دانیشتووی

(٤) لەبەر ئەوەش لەمەودوا ناوی عەبباسی کەمەندی زۆر دووبارە دەبێتەوە؛ هەر بە«کەمەندی» ناوی دەبەین.



«تاران»ە و ئەوانی تر دانیشتووی شاری سنەن و هەریەکەیان بەجیا، لەگەلّ خاووخێزانی خۆیاندا دەژین.

بەداخەوە ناسنامەی **سەیید**مان لای هیچ یەکێک لەمانە چنگ نەکەوت، بەلاّم لای **سەیید** ئیبراهیم «بەچەند جارێک»، کۆمەلّێک نووسراوی بەجێماوی **سەیید**مان چنگ کەوت؛ کە بریتی بوون لە:

۱- شەجەرەنامەی خودی **سەیید**، کە سالّی ۱۳۳٤ **هیجری** ۱۹۱۵ز بەتایبەت و بەشێوەیەکی زۆر شکۆدار و بەخەتێکی خۆش، بۆ سەیید ئامادەکراوە، کە سەیید خۆی ئەم شەجەرەنامەیەی لەژیانی خۆی و لەتەمەنی ۳۳ سالّیدا ئامادە کردووە.
۲- قەوالّەیەکی **سەیید**، کە سالّی ۱۳٤۱ **هیجری** ۱۹۲۲ز، نووسراوە و سەبارەت بەهەندێ زەوێ و زاری خۆیەتی؛ کە لە نێوان هەردوو براکەیدا: سەیید عەبدولخالق و سەیید بابامحەمەد و کوڕەکانی سەیید: سەیید عەبدولئەحەد و سەیید مەسیح و سەیید ئەشرەفدا، دابەشی کردوون.
۳- ژمارەی (٤) نامەی شێخ عەلی حیسامەدین، کە بەبێ مێژوو بۆ سەییدی نووسین.
٤- بڕیارنامەیەکی نێوان سەیید و نوێنەری کۆمپانیای «**گرامافۆن**»ی «**پۆلیفۆن**»، کە ناوی: حەییم حەکاکی بەغدادی بووە و مێژووی (٦ی ئابان ۱۳۰۷ هەتاوی ۲۷/۱۰/۱۹۲۸زاینی پێوەیە.
٥- نامەیەکی سەیید بەخەتی خۆی، کە مێژووی پێوە نییە و بۆ بالّیۆزی میسر لە تاران، سەبارەت بەگازندەی سەیید لە میرزا یەعقووب سەمیمی هەمەدانی، نوێنەری کۆمپانیای «**گرامافۆن**»ی «**بەیزافۆن**»، بدافۆن.
٦- بڕێ شیعری هەمە جۆرە، کە هەندێکیان بەکوردی گۆران و هەندێکی تریشیان بەفارسی نووسراون. تیایاندا شیعرێکی مەعشووق.
۷- شیعرێکی ناری کاکە حەمەی بێلوو ۱۸۷٤زاینی ۱۹٤٤ز، کە سەیید بەخەتی خۆی نووسیویەتی.
۸- شیعرێکی عەبدوللا بەگی میسباح دیوان، کە لەسەر خواستی سەیید بەخەتی دۆستێکی نادیاری نووسراوە.
۹- ژمارە (٤) شیعری ئەسەدوللای قادر مەرزی بە کوردی گۆران، کە بەتایبەتی هەموویانی بۆ سەیید نووسیون.

١٠- شیعرێکی سەیید بە کوردی «گۆران»، کە وەڵامی شیعرەکەی ئەسەدوڵڵای قادر مەرزی داوەتەوە.

١١- شیعرێکی **میرزا نادر** بەکوردی «گۆران»، کە بەتایبەتی بۆ سەییدی نووسیوە.

١٢- شیعرێکی سەیید بەکوردی «گۆران»، کە وەڵامی «**میرزا نادر**»ی داوەتەوە.

١٣- تێکستی شیعری گۆرانییەکانی سەیید بەخەتی سەیید، کە بەر لە لەتۆمارکردنی گۆرانییەکانی، بۆ: «تشکیلات نظمیەء ایران»ی نووسیون، تا ڕێگەی وتن و تۆمارکردنیان بدرێت.

١٤- شیعرێکی شیوەننامەی مەرگی سەیید، کە حاجی سەیید کازم (١٩٠٣-١٩٨٣ز)ی **سەیید** سابیر **سەڵەواتئاوایی**، برازای سەیید، کە ٣٦ «**بەیت**»ە و بەزمانی فارسی و بەگوێرەی پیتەکانی **ئەبجەد**، ساڵ و ڕۆژی مەرگی سەییدی دیاری کردووە.

هەروەها کاکە عەلای باباشەهابی کوڕەزای **سەیید**، ڕۆژی ١٣٧٥/١٢/١٦ هەتاوی، ١٩٩٧/٢/٦ز، لەتارانەوە دەفتەرێکی دەستەختی **سەییدی** بۆ ناردووم، کە نزیکەی ١٤٢ لاپەڕەی قەوارەی مام ناوەندییە و لەم دەفتەرەدا **سەیید** بەخەتی خۆی و نەخش و نیگاری باوی ئەو ڕۆژگارە، کۆمەڵێک وتاری ئایینی بەزمانی فارسی و عەرەبی نووسیوە و وتارەکان تایبەتن بەمەولوودنامە و میعراجنامە و فەرموودەی حەزرەتی محەمەد و شیعری ئەو چەند بۆنەیە بەزمانی عەرەبی و فارسی(٥).

ئەگەرچی ئەم بەڵگەنامانە، زۆر لایەنی ژیانی **سەیید** دەردەخەن، بەڵام هیچیان ناسنامەی **سەیید** نین...

ناچار پەنام بۆ وەزارەتی «ناوخۆ: کیشوەر» لەتاران برد؛ کە نامەم بۆ ئیدارەی «ثبت احوال ـ سنە» بداتێ؛ تا لەوێ ڕێگەم بدەن، بەڵکو «دۆسیە: پەروەندە» کەی **سەییدم** نیشان بدەن. بەداخەوە وەزارەتی ناوبراو نامەی نەدامێ...

بەڵام ڕۆژی ١٣٦٩/٩/١٢ی هەتاوی، ١٩٩٠/١١/٢ز، لەگەڵ هاوڕێم: کاکە عەتای حەواری نەسەب چووینە «ئیدارەی ثبت احوال ـ سنە» و لەوێ کارناسانی دۆسییەکان، پەروەندەی **سەییدیان** نیشاندایین... کە ئەمە پوختەکەیەتی:

(٥) نموونەی تێکڕایی ئەم بەڵگەنامانە، لەبەشی «پاشکۆ»ی ئەم کتێبەدان.




جمهوری اسلامی ایران
اداره کل ثبت احوال استان کردستان
اداره ..........
بتاریخ ٦٩/٩/١٢
شماره ..........
پیوست ..........

با اطلاعات تحقیقی در رابطه با زندگی نامه سید علی اصغر کردستانی دارم
رساند قبل از سال ١٢٨٤ با خانمی بنام ماه شرف خانم ازدواج نموده
و در سال ١٢٨٤ صاحب اولین فرزند ذکور بنام عبدالاحد شده که در زمان تولد
در روستای صلوات آباد ساکن بوده و در سال ١٣٠٧ سید عبدالاحد در سنندج
سکونت داشته و در همان سال تیر اقدام به دریافت شناسنامه شماره ٢٠٩ محله سنندج
شده است.

کارشناس سجلی ثبت احوال
جلال مشحون
٦٩/٩/١٢

نامەی کارناسی بەڕێوەبەرایەتی «ثبت احوال استان کردستان»

هەرچەندە دۆسییەکەی ساڵی هاتنە دنیای **سەییدی** تێدا تۆمار نەکرابوو، چونکە **سەیید** پێش دامەزراندنی ئیدارەی ناوبراو، واتە پێش ساڵی ١٢٩٧ی هەتاوی، ١٩١٨ز، کە ئیدارەی ناوبراوی تێدا دامەزراوە، هاتۆتە دنیا... تەنیا ئەوەی تیابوو کە:

١- ساڵی ١٣٠٧ هەتاوی ١٩٢٨ز، ناسنامەی ژمارە ٢٠٢٩ی دەرهێناوە و لە دووتوێی ناسنامەکەیدا ئەم زانیارییانەی تێدایە:

٢- سەیید پێش ساڵی ١٢٨٤ هەتاوی ١٩٠٥ز، «ماهشەرەف خانم»ی ژنی هێناوە.

٣- ساڵی ١٢٨٤ هەتاوی ١٩٠٥ز، یەکەمین کوڕی لەم پێوەندییەیان بووە، کە ناویان ناوە: عەبدولئەحەد.

٤- هەمان ساڵی لەدایکبوونی عەبدولئەحەد (١٩٠٥ز) هێشتا ماڵی سەیید لە **سەڵەواتئاوای** زێدی بووە.

٥- بەڵام ساڵی دەرهێنانی ئەم ناسنامەیە ١٩٢٨ز، عەبدولئەحەدی کوڕە گەورەی دانیشتووی شاری سنە بووە.

٦- هەروەک لە دۆسییەکەیدا ساڵی هاتنە دنیای سەییدی تێدا نییە. ساڵی مردنیشی تێدا نییە.

لێرەدا دەبێ ئەوە بڵێم کە: لە نێوان ئەو سەردان و تەقەللایانەدا، چەند جارێکیش سەردانی گوندی هەمیشە ڕەنگین و دڵگیری سەڵەسواتئاوای زێدی **سەیید**یشم کرد «کە کەوتۆتە (٥) کیلۆمەتری خۆرهەڵاتی شاری سنەوە» لەوێ سەردانی گۆڕەکەیشیم کرد؛ تا بەڵکو بەهیوای ئەوەی کێلی گۆڕەکەی، شتێکی لەسەر نووسرابێ، یان بەهۆی پیرانی بەساڵاچووی گوندەکەوە بتوانم شتێکم چنگ بکەوێ...

بەداخەوە، لەوێش لەسەر گۆڕەکەی، نەک هەر هیچ نەنووسرابوو، بەڵکو سەرەڕای ئەوەی گۆڕەکەی «کێل»یشی نەبوو! جێگەی گۆڕەکەیشی زۆر نادیار و بەگران و بەهۆی ڕێنمایی کاک بێهرووز **سەڵەواتئاوا**ییەوە بۆمان دۆزایەوە؛ کە ناوبراو خۆی **سەڵەواتئاوا**ییە و لەسەر ڕاسپاردەی هونەرمەند کاک ڕەشید فەیزنەژاد لە سنەوە لەگەڵ خۆماندا بردبوومان بۆ ڕێنمایی... هەر لەو سەردانەمدا کە زیارەتی گۆڕەکەیمان کرد؛ جگە لە «بێهرووز»، هاوڕێیانم کاک «حسەین مەولایی نووسەری شاری سەقز» و کاک «شێخ عومەری شێخ کەریم»یشمان لە سەقزەوە لەگەڵ بوون.

لە گوندی **سەڵەواتئاواش** لەگەڵ دەیان پیر و بەساڵاچووی گوندەکە سەبارەت بەتەمەن و



ژیانی **سەیید** وتوویژمان کرد؛ کە زۆربەی وەڵامەکانیان بەگوێرەی پێویست، بۆ جێگەی جیاجیای کتێبەکە، دەگوێزمەوە...

بەڵام بەخۆشییەوە ئەو شیعری شیوەننامەیەی لە بڕگەی (١٤)ی سەرووتر ئاماژەمان بۆ کرد؛ کاری ژیاننامەی **سەیید** بەشێوەیەکی دڵنیایی بۆ ساغ کردینەوە.

وەک وتم ئەم شیوەننامەیە، لەلایەن حاجی **سەیید** کازم **سەیید** سابیری برازای **سەیید**ەوە، بەخەم و پەژارەیەکی بەکوڵ و جگەرسۆزانەوە، بۆ کۆچ و مەرگی **سەیید** نووسراوە.

ئەم شیوەننامە درێژەی کە بەفارسی نووسراوە؛ بریتییە لە ٣٦ **بەیت**؛ کە ناونیشانی شیوەننامەکە بەمجۆرەیە: «مرثیه و ماده تاریخ فوت مرحوم عمو سید علی اصغر کردستانی کەدر سنهء ١٣٥٥ هجری اتفاق افتاده است» واتە: (شیوەن و مێژووی کۆچی خوالێخۆشبوو: مامە «**سەیید عەلی ئەسغەری کوردستانی** کە لە ساڵی ١٣٥٥ **هیجری**»دا وەفاتی کردووە).



گۆڕی سەیید عەلی ئەسغەر

شیوەننامەکە جگە لەوەی لە**«بەیت»ی** (٨) و **«بەیت»ی** (٣٠)دا، مێژووی وەفاتی **سەیید** بەگوێرەی مێژووی هەتاوی و بەپێی پیتگەلی **ئەبجەد** دیاری دەکات؛ لە**«بەیت»ی** (٣٢)شدا، ساڵی مەرگی **سەیید** بەپێی پیتگلی **ئەبجەد** و بەگوێرەی مێژووی **هیجری** دیاری دەکات... ئەمەش ئەو چەند **بەیت**ەی شیوەننامەکەیە، کە ئەو مێژووانەی تێدان:

روز جمعه نصف «بهمن» از قضای کردگـــار

رخت بربست زین جهان شد عازم دار القرار[1] (**«بەیت»ی٨**)

مـصرع ثانی بە**شـمـسی** طبق أبجد آشکار:

هان عـــموی نوجـــوانم شـــد بجنّت پایدار[2] (**«بەیت»ی٢٠**)

**٥٦+١٢٦+١٥٦+٣٠٤+٤٥٥+٢١٨= ١٣١٥ هەتاوی**

وز برای ســال هجـری غـوطەور دل انکســار

کز سروش غیب بگوش (کاظم) آمد زارزار[3] (**«بەیت»ی٣١**)

بسکەدر عـــشق ائمـــه بلبل شـــیـــدا بُدی

بلبل گلزار چنان باشند لطف از کـــردگـــار (**«بەیت»ی٣٢**)

**٦٤+٢٥٨+١٠٤+٣٥٧+١١٩+٨+٤٤٥= ١٣٥٥ هیجری**

لەهەمان کاتدا، لە**«بەیت»ی** (٢٩)دا، ئەوە دەسەلمێنێ کە **سەیید** هەر ٥٤ ساڵ ژیاوە:

چو شد (پنجاو چهار) عمرش در این دنیای بی مقدار

ســرای جـاویدانی شـد بأمـر حضـرت دادار (**«بەیت»ی ٢٩**)

بەڵام سەبارە بەدیاریکردنی ئەم (٥٤) ساڵەی تەمەنی **سەیید** لەم **بەیت**ە شیعرەی **سەیید** کازم زیاتر، هیچ بەڵگەیەکی ترمان لەبەر دەستدا نییە...

هەروەک هیچ بەڵگە و نیشانەیەکی تریشمان نییە، ئەم هەواڵە هەڵبوەشێنێتەوە... بۆیە

(١) واتە: ڕۆژی هەینی، ناوەڕاستی مانگی بەهمەن، بەپێی فرمانی کردگار، باروبنەی ئەم جیهانەی تێکنا و چووە جیهانی یەکجارییەوە.

(٢) «بەیت»ی دواییش («بەیت»ی٣٠) لەنیوە «بەیت»ی دووەمدا، بەمێژووی (هەتاوی)، ساڵی مەرگی سەیید دیاری دەکات.

(٣) «بەیت»ی (٣٢)ش بەگوێرەی مێژووی (هیجری)، ساڵی مەرگی سەیید دیاری دەکات. نیوە «بەیت»ی دوایی، «بەیت»ی (٢٩)ش، تەمەنی سەیید دیاری دەکات.



دەبێ پشت بەدەقی ئەم شیعرە ببەستین. بەتایبەتی کە **سەیید** کازم برازای **سەیید**ە و خۆی لەپرسە و شیوەنەکەی **سەیید**دا بەشدار بووە.

کەواتە بەگوێرەی ئەم شیوەننامەیە؛ ئەگەر (٥٤)ساڵ، لە(١٣١٥ هەتاوی-١٩٣٧ز) واتە لە ساڵی مردنەکەی **سەیید** دەرهاوێژین؛ ئەوا مێژووی ساڵی هاتنە دنیای **سەیید** دەبێتە ساڵی (١٢٦١هەتاوی-١٨٨٢ز)...

خۆ ئەگەر لێرەدا **«بەیت»ی** (٨)ی شیوەننامەکە بەیادبێنمەوە، کە دەڵێ لە (١٥ی بەهمەنی ١٣١٥هەتاوی)دا وەفاتی کردووە؛ ئەوا لەکاتی ئاڵوگۆڕکردنی (١٥ی بەهمەنی ١٣١٥ هەتاوی)، بۆ مێژووی زایینی و مێژووی **هیجری**، ئەوسا (١٥ی بەهمەنی ١٣١٥ هەتاوی) دەبێتە: (١٤ی شوباتی ١٩٣٧ زایینی) و (٢٢ی زیقەعدەی ١٣٥٥ **هیجری**)[1]... کە ئەم مێژووە؛ واتە (١٨٨٢ز-٤ی شوباتی ١٩٣٧ز) بەهەموو دڵنیاییەکەوە، مێژووی ساڵی هاتنە دنیا و مەرگی **سەیید**ە و لە هەمان کاتیشدا لەگەڵ هەموو ئەو مێژووانەدا جیاوازە، کە لەمەوبەر بۆ ساڵی هاتنە دنیای **سەیید** لەو وتار و نووسین و نامیلکە باسکراوانەدا بوون.

بەمجۆرە لە کلاوڕۆژنەی ژیاننامەی **سەیید**ەوە دەچینەوە بۆ ساڵی ١٨٨٢ زایینی و گوندی سەڵەواتئاوا[2]ی زێدی **سەیید**؛ کە وەک وتمان لەو ساڵە و لەو گوندەی باوباپیرانیدا، لەباوەشی بنەماڵەی یەکێک لە **سەیید**ە ناودارەکانی ئەوێ: عەلی ئەسغەر لەدایک بوو؛ کە نازناوی ئەسغەر وەک ڕێز گرتنێک لەپلەوپایەی حەزرەتی عەلی «خەلیفەی چوارەمی ئیسلام» (خوای لێ ڕازی بێت)، لەو ڕۆژگارە و تائێستاش دەخرێتە تەک ناوی عەلی؛ تا هەر حەزرەتی عەلی، ناوی عەلی سەربەخۆی هەبێت.

نازناوی «کوردستانی»ش، کە دراوەتە پاڵ **سەیید عەلی ئەسغەری کوردستانی**؛ مەبەست

(١) بۆ زیاتر دڵنیابوون لە ساخکردنەوە و بەراورد لە نێوان ئەم مێژووانەدا، هاوڕێم کاک سەیید محەمەدی سەمەدی لەسەر داوای خۆم، نامەیەکی بەمێژووی ١٣٧٦/٤/١٢ هەتاوی (١٩٩٧/٧/٣ز) لەم بارەیەوە بۆ نووسیوم، تێیدا هاتووە: کتێبێک هەیە بەم ناونیشانە: «تطبیق تقاویم. تألیف: محەمەد قلی جوانشیرخوئی، ایرج ملک پور، محمد رضا صیاد. چاپ: انتشارات دانشگاه تهران. شماره ١٨٢٢، تاریخ چاپ اسفندەماە ١٣٦٠ شمسی. لە لاپەڕەی ٦٦ی ئەم کتێبەدا ئاوا نووسراوە: ١٣١٥/١١/١٥ شمسی، مطابق است با ١٣٥٥/١١/٢٢ هجری قمری و ١٩٣٧/٢/٤ میلادی.

(٢) لەناو سەرجەمی ئەوانەی تائێستا لەسەر سەییدیان نووسیوە، هەر بەتەنیا ئەردەڵان بەبێ هیچ بەڵگەیەک پێی وایە لە گوندی بایەوەی (١٠) کیلۆمەتری شاری «پێنجوین»ەوە لەدایک بووە. (هاوکاری -ژمارە ١٥٢- ١٩٧٣/٢/٢ز).

لەشار و پارێزگەی سنەیە؛ کە لە دەمێکەوە بەشاری سنە و پارێزگەی سنە دەوترێت: کوردستان. هەرچەندە موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی، نازناوی کوردستانی **سەییدی** وا لێک داوەتەوە گوایە ئەوەندەی «کوردستان»ی نیشتمانی خۆی خۆش ویستووە بۆیە پێیان وتووە: **سەیید عەلی ئەسغەری کوردستانی**!(٢٥).

**سەیید** عەلی ئەسغەر کوڕی یەکێک لە **سەییدە** بەناوبانگەکانی ئەم گوندەیە؛ کە ناوی **سەیید** نیزامەددین (-؟- ٨ی سەفەری ١٣٣٣ **هیجری**،١٩١٤ز)، کوڕی **سەیید** جامی، کوڕی **سەیید** محەممەد جەواد، کوڕی **سەیید** ئیبراهیمە و بەگوێرەی ئەو شەجەرەنامەیەی **سەیید**، کە لە **سەیید** ئیبراهیمی کوڕەزای **سەییدم** وەرگرتووە؛ دەچنەوە سەر **سەیید** عەلی هەمەدانیی برای شاعیری ناسراو: باباتاهیری هەمەدانی... لەسەرێکی تریشەوە دەچنەوە سەر دینداری بەناوبانگ: **سەیید** باباشەهابی. بۆیە بنەماڵەی کوڕە گەورەی **سەیید**، واتە: **سەیید** عەبدولئەحەد، نازناوی «باباشەهابی»یان لەخۆیان ناوە.[1]

بەڵام لەدوای تۆمارکردن و بڵاوبوونەوەی گۆڕانییەکانی لەسەر **قەوان**، ئیتر ناوبانگی **سەیید** بۆتە: **سەیید عەلی ئەسغەری کوردستانی**؛ یان **سەیید عەسکەر** «**سەیید ئەسکەر**».

**سەیید** عەبدولسەمەدی توودار، نووسەری: «مێژووی چمکێکی هەورامان و مەریوان»یش، کە لە ساڵی (١٠٩٩ **هیجری**، ١٦٨٧ز) نووسیویەتی؛ سەبارەت بە**سەییدە**کانی **سەڵەواتئاوا** دەنووسێ: **سەییدە**کانی **سەڵەواتئاوا** دوو بەشن: بەشی هەرە زۆریان وەچەی مەلا ئیبراهیمن و لەگەڵ بەرزنجییەکاندا لە پشتێکن، چونکە دەگەڕێنەوە سەر باباعەلی هەمەدانی(٤٤,٣٠)

گوندی سەڵەوتئاوا لە بنەڕەتدا ناوی نەمان بووە و هەر نووسەری ناوبراو لەم بارەیەوە دەڵێ: نەمان کە ئێستا پێی دەڵێن **سەڵەواتئاوا**؛ وشەیەکە بەمەعنا شێوی تەنگ و کەوەشاخە.[2]

ئەم دێیە هەر هەشت قشلاخەکەی موڵکی خۆیانە و مەلا ئیبراهیم وەقفی کردووە لەسەریان.(٤٤,٣٠)

وەک لە پیرانی بەساڵاچووی سنە و **سەڵەواتئاوام** بیستووە، گوایە تا ڕۆژگاری دەسەڵاتی یەکێک لەمیرانی ئەردەڵان، ناوەکەی هەر نەمان بووە؛ بەڵام ڕۆژێک ئەو میرە لەگەڵ چەند

(١) وەک دواتر لە بەڵگەنامەکاندا بۆمان دەردەکەوێ، سەیید نازناوی خۆی بە «حسینی»ش هێناوە.

(٢) بەڵام بەزمانی «ئاوێستایی»، واژەی «نەمان»، مانای «بنەماڵە»یە. (٤٥٣,١)



دۆستێکیدا، بەسواری ئەسپ بەرێگایەکدا تێپەڕدەبن، بەدەم ڕێوە تووشی ڕێبوارێک دەبن، دوای سڵاو و ماندوونەبوونی یەکتر، میر لە کابرای ڕێبوار دەپرسێ: خەڵکی کوێیت؟ ئەویش لەوەڵامدا دەڵێ: نەمان. میریش پێی دەڵێ: نەمان ناوێکی باش نییە و بڵێ «**سەڵەواتئاوا**». ئیتر لەو ڕۆژگارە بەدواوە، ناوی ئەم گوندە بۆتە: «**سەڵەواتئاوا**».

**سەیید** هەر لەم گوندەدا گۆش بووە و دوای ئەوەی دەبێتە مێردمنداڵ، باوکی دەینێرێتە بەرخوێندن لای مامۆستا شێخ عەبدولمۆئمین مەردووخ (١٨٢٥-١٨٩٦ز)(٤٦,١١) باوکی نووسەری ناسراو: ئایەتوڵڵا شێخ محەممەد مەردووخ (١٨٨٠-١٩٧٥ز)...

لە پیران و بەساڵاچووی سنەشم بیستووە، کە مامۆستا «مەلا ئیبراهیمی کانی مشکانی»ش دەرسی ئایینی بە**سەیید** وتووە. ئەم مامۆستایە لە زانایانی بەناویانگی کانی مشکان «کە لە ٢٠-٢٥کم باشووری شاری سنە»ە...

بەڵام ئەوەمان بیرنەچێ کە دایکی **سەیید** خزمایەتی نزیکی لەگەڵ «مەردووخی»یەکاندا هەبووە و لەگەڵ ماڵی ئایەتوڵڵا مەردووخدا بەیەکتریان وتووە: «خاڵۆ»... کە ڕەنگە هەر ئەم هۆیە؛ ئەو پرسیارەمان، یان ئەو گرێکوێرەیەشمان لەلا ئاسانتر بکاتەوە کە بڵێین: چۆن **سەییدی** گوندنشین، لەدێی **سەڵەواتئاوا**وە دێتە شاری سنە بۆ خوێندن؟! لەکاتێکدا مێردمنداڵانی هاوڕێ و هاودێیی **سەیید**، بەپێی نەریتیان، وەک تێکڕای گوندنشینانی ئەو ڕۆژگارەی کوردستان، هەر لە گوندی خۆیان بۆ کاروباری کشتوکاڵ و ئاژەڵداری هێڵراونەتەوە و نەخراونەتە بەر خوێندن، مەگەر بەدەگمەن... لەلایەکی تریشەوە دیارە ئەمە نیشانەی بەتەنگەوەهاتنی باوکی **سەیید** بووە بۆ خوێندەواری و ڕووناکبیری... بەواتەیەکی تر: بنەماڵەی باوانی **سەیید** هەر لەبنەڕەتدا خوازیاری زانست و فەرهەنگ بوون.

هەرچۆنێک بێت، ئەم دوو مامۆستا ناودارەی وتمان دەرسیان بە**سەیید** وتووە، هەردووکیان لە سنە، لە مزگەوتی هاجەرەخاتوون و دارولئیحسان بوون و ئەم دوو مزگەوتەش لەدەیان ساڵ لەوەبەرەوە، مەڵبەندی زانیاری و مەکۆی گردبوونەوەی زۆربەی زانایان و خوازیارانی زانیاری و ڕووناکبیرانی کوردستان بوون.

بەڵام تەمەنی ئەم قۆناغەی ژیانی **سەیید** و پلەکانی خوێندنی **سەیید** و مزگەوتی هاجەرەخاتوون و دارولئیحسان، نادیار و تەماوییە... ئەوەی لەژیانی **سەیید** ئاشکرا و زانراوە، پێوەندی توندوتۆڵی **سەیید** بووە بەشاری سنەوە؛ کە بەدرێژایی ژیانی و تاکۆچی دواییشی کردووە، ماڵ و منداڵی بەیەکجاریی نەهێناوەتە شاری سنە، بەڵکوو بەماڵ و منداڵەوە هەر لە **سەڵەواتئاوای** زێدی بووە و بەردەوامیش پردێکی هاتوچۆی هەمیشەیی

لەنێوان **سەڵەواتئاوا** و سنەدا دروستکردووە... یان وەک دەڵێن ئەوەندەی لەشاری سنە ژیاوە؛ ئەوەندە لە **سەڵەواتئاوا** نەژیاوە، کە بێگومان بژێوی خۆی و منداڵیشی هەر لەسەر ئەو زەوی و زار و مووچەیە بووە کە بە میراتی لە باوکییەوە بۆی جێماوە...

هەرچەندە خۆی زۆر بەتەنگ ماڵی دنیا و دارایی و پارە کۆکردنەوەوە نەبووە، چونکە سۆفی و عارف مەشرەب بووە و خۆی بۆ سەرپەرشتی کاروباری کشتوکاڵ تەرخان نەکردووە و ئەوەی وەک ئاکامێکی گشتی لە ژیانی هەڵدەگۆزین، زۆرتر هەر خەریکی خواپەرستی و خوێندنەوەی ئەدەبیات و بەتایبەتیش ئەدەبیاتی کوردی بووە «کە لە جێگەی خۆیدا هەڵوێستەی تایبەتی لەسەر دەگرین» و سەبارەت بەکاروکاسپی و پیشەیەکی دیاریکراوی **سەیید**، شتێکی ئاشکرا و بەڵگەدارمان لەسەری نییە؛ تەنیا ئەوە نەبێ لە نێوان ساڵانی خوێندنی **سەیید** و ساڵانی (١٩٠٥ز)دا، کە بەگوێرەی ناسنامەی پەروەندەکەی بەڕێوبەرایەتی «ثبت احوال ـ سنە»، زانیمان **سەیید**، پێش ساڵی (١٩٠٥ز) ژنی هێناوە، واتە لەتەمەنی نزیک بیست ساڵیدا ژنی هێناوە. لەم ژنهێنان و پێوەندییەش، (٣) کوڕی بەم ناوانە بوون:

١- **سەیید** عەبدولئەحەد (١٩٠٥-١٩٨٤ز).

٢- **سەیید** مەسیح (١٩١٦ز-؟)

٣- سەیید عەلی ئەشرەف (١٩١٦-١٩٩٢ز)

ئەم دوو کوڕەی دواییان دووانە بوون، بەڵام **سەیید** مەسیح هەر بەمنداڵی مردووە[1] دوو کچیشی بەم ناوانە بوون:

١- زەهرا (؟-١٩٦٠ز)

٢- شەرافەت (؟-١٩٨٥ز)

دوای ئەم قۆناغەش، چەند بەڵگەیەکی مێژوویی ترمان سەبارەت بەژیانی شەخسی **سەیید** لەبەر دەستدان؛ ڕووناکیی دەخەنە سەر لایەنی شەخسی و پلەوپایە و کەسایەتی **سەیید**، لەو ڕۆژگارە و لەناو کۆمەڵگاکەیدا.

بەڵگەکان؛ یەکەمیان: ئەو شەجەرەنامەیەی **سەیید** بوو، کە باسمان کرد و وتمان ئەم شەجەرەنامەیە ساڵی **١٩١٥**ز نووسراوە؛ واتە ئەو کاتە نووسراوە کە **سەیید** تەمەنی **٣٣** ساڵ بووە... بەڵام وتمان ئەم شەجەرەنامەیە بەشێوەیەکی زۆر شکۆدار ئامادەکراوە.

(١)وەک لە قەواڵەی باسکراودا ناوی «سەیید مەسیح هاتووە؛ ئەوە دەسەلمێنێ کە ناوبراو تا ساڵی ١٩٢٢ز- لەژیاندا بووە.





لەگەڵ هونەرمەند سەیید عەلای باباشەهابی، کوڕەزای سەییددا

سەرەتا، شەجەرەنامەکە پاش سوپاس و ستایشێکی ڕازاوە بۆ پەروەردگار و پەخشان ئامێزی جوان و باوی ئەو ڕۆژگارە؛ ئەوسا بەمجۆرە ناوی **سەیید** دێنێ: «... امّا بعد هذه صحیفة شریفة في بیان نسب عالیجناب سیادت و سعادت انتساب «سید علي اصغر» إبن مرحوم المغفور...»

بەڵگەی دووەمیان، ئەو قەواڵەیەیە کە وتمان **سەیید** هەندێ زەوی و زاری خۆی لەنێوان هەردوو براکانی و کوڕەکانی خۆیدا بەشدەکات... ئەم قەواڵەیەش وتمان ساڵی (١٣٤١**هیجری** -١٩٢٢ز) نووسراوە. واتە: ئەو کاتە نووسراوە کە **سەیید** تەمەنی ٤٠ ساڵان بووە. لەم قەواڵەیەشدا لە ٢ جێگەدا بەمجۆرە شکۆدارە ناوی **سەیید** دێنێ:

١- «... ثبت الاقرار الراسخ کالطود الشامخ من الجناب المستطاب العالی النسب والحری الحسب سُلاله الأطیاب الواصلین الی الأقدس الاطهر السّید الجلیل القدر الجامی الکمال علی اصغر المعروف بالسید عسکر وفقما...»

٢- «... جناب رشادت مآب، سلاله الاطیاب، سعادت رهبر، آقای سید علی اصغر معروف بسید اصغر...»



گوندی سەڵەواتئاوا



شوێن کۆنەماڵەکەی سەیید لە گوندی سەڵەواتئاوا



بەڵگەی سێیەمیان؛ (٤) نامەی جەنابی «شێخ عەلی حیسامەدین»ن؛ کە گشتیان ئاوا ناوی **سەیید** دێنن: «... جناب سیاده مآب، مجّرب، سعاده سَیر، سید علی اصغر».

یان: «جناب مستطلب، سیادت انتساب، سعادت اثر، محبوب فقراي درويشان: سيد على اصغر...»

دوای ئەمانەش، بەڵگەی ئەو چەند شیعرەی لەلایەن هەردوو شاعیر: ئەسەدوڵڵای قادرمەرزی و **میرزا نادر**-ەوە کە راستەوخۆ لەژیانی **سەییددا** بۆ خودی **سەیید** نێردراون و هەردوو شاعیرەکە، زۆر بەسۆز و پیاهەڵدان و رێزێکی بێسنوورەوە، ستایشی دەکەن... کە لە جێگەی خۆیدا شیعرەکانیان دەنووسین.

لەو چەند بەڵگەیەی سەرەوەدا، ئەگەر سەرنج لەو نازناوانە بدەین کە پێش ناوی **سەیید** بەکاربراون؛ تێدەگەین کە پلەوپایەی **سەیید** لە ئاستێکدایە، جێی دڵخۆشیی و سەروەرییە؛ هونەرمەندێک هێشتا خۆی لە ژیاندایە و بەوجۆرە ناوی دەبرێ... بەتایبەتی ئەگەر نازناوەکانی ناو هەموو بەڵگەکان بخەینە تەک یەک، دەزانین کەسایەتی **سەیید** لە پلەیەکی درەوشاوە و ناسراوە و زۆر لەبەرچاوانە...

لەمەش تایبەتی تر، دەبێ ئەوە بزانین کە دروستکردنی «شەجەرەنامە»، بۆ هەموو کەسێکی ئاسایی ناکرێ، مەگەر ئەو کەسە پلەوپایەی کۆمەڵایەتی زۆر دیار و ناسراوبێ... لەمەش دڵخۆشکەرەتر ئەوەیە، ئەوانەی شەجەرەنامەکەیان بۆ مۆر کردووە و سەلماندووە، لەوکەسە بەرجەستە و ناسراوانەن، کە لەو رۆژگارەدا، نەک هەر لە شاری سنە، بەڵکو لە کوردستانیشدا لەوان ناسراوتری تێدا نەبووە... کەسەکانیش «ئەوانەی شەجەرەنامەکەیان سەلماندووە و توانیومانە بیانناسینەوە» ئەمانە بوون:

١- شاعیری ناوداری سنە: سالم ناسراو بەسالمی سنە شێخ محەمەد سەلیم (١٨٥٧-١٩١٨ز) (١٤٤,١١)

٢- میرزا ئیبراهیم خانی ناسراو بە: «**سەردار ئەعزەم**»ی **ئاسەف دیوان**، کوڕی یوسف موشیر دیوان؛ کە ئامۆزای «**سەردار موعەزەم**»ی «**ئاسەف دیوان**»ی ئەندامی شورای میللی ئەو سەردەمەی ئێران بووە و ئەمی دوایییان رێنوێنی **سەییدی** کردووە بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر **گرامافۆن** تۆمار بکات. ئەم بنەماڵەیە کە نازناویان «وەزیری»یە، لە بنەچەدا لەشاری ئیسفەهانەوە بەبازرگانێتی هاتوونەتە شاری سنە و تیایدا نیشتەجێ بوون (١٩، جلد ٢ ,٦٥)

٣- شێخ محەمەد سادقی کوڕی شێخ محەمەد بەهائەدین (١٨٧٣-١٩٤٥ز)ی نەقشبەندی عوسمانی، کە دەبێتە برا بچکۆلەی شێخ عەلی حیسامەدینی نەقشبەندی. (٢٨٠،١١)

٤- محەمەد سوهرابی موشیر وەزیری. ئەمیش هەر دەبێتە بنەماڵەی «وەزیری».

٥- شێخ محەمەد ڕەزای بانەیی؛ کە وەک لە بنەماڵەکانی «ڕەزەوی ـ بانە»م بیستووە: باپیرە گەورەی ئەم بنەماڵانە بووە.

٦- «شێخ محەمەد وەسیمی ناسراو بەشێخ **ئاغا**برا (؟- ١٩٢٩ز)، کوڕی شێخ جەلالەدین و نەوەی زانای ناسراو: حاجی شێخ محەمەد سەعیدی تەختی، کە زانا و خەتخۆشێکی بەناوبانگی سەردەمی خۆی بووە و وەک نەوەکانی ئاگاداریان کردین کە ئێستا لەشاری سنە ماون و نموونەی «خەت»یان نیشاندایین؛ تابزانین کە «شەجەرەنامە»کەی **سەییدیش** هەر بەخەتی ئەم کەسە نووسراوەتەوە. (١٨١،١١)

٧- عەبدولجەوادی نازناو بە«شێخولئیسلام» و کوڕی «شێخ محەمەد فەخرولعولەما» (؟-١٨٨٢) (٤٥٣،١٠)ی شاعیر و هاوڕێی جگەرسۆزی مەولەوی تاوەگۆزی؛ کە لەگەڵ یەکتردا شیعریان گۆڕیوەتەوە و نازناوی شیعری «**حەیران** سنەیی» بووە.

(٤)

تائێرە و بەپێی ئەو ئاگادارییانەی سەرەوە، ئەم قۆناغەی ژیانی **سەیید** بریتییە لەو ساڵانەی دوای ئەو بەڵگەنامانەی: (١٩١٥ز) و (١٩٢٢ز) (١٩٢٨ز)، واتە: تا پێش ئەو کاتەی **سەیید** دەنگی لەسەر (**قەوان: سەفحە**) تۆمار کردووە...

بەمانای تا ئەو کاتەی **سەیید** وەک هونەرمەند و گۆرانیبێژێکی ناسراو، دەنگی بەتۆمارکراوی بەسەرتاسەری کوردستانی باشووردا بڵاوبووەوە.

بەساڵاچووەکانی **سەڵەواتئاوا** و سنە؛ کە بەتایبەتی لەم بارەیەوە قسەم لەگەڵ کردوون، هەموویان دڵنیایان دەکردم کە **سەیید** بەرلەوەش دەنگی لەسەر «**قەوان**» تۆمار بکرێ؛ وەک مرۆڤێکی هێژا و ڕێزلێگیراو و لەهەمان کاتیشدا وەک گۆرانبێژێکی زۆر دەنگخۆش ناسراوە.

کەواتە ئالێرەوە سەرەداوی ئەم دڵنیاکردنە، لە دووتوێی «بەشێک» لەو ناوبانگ و پلەوپایە شەخسییەی **سەیید** گیردەخەین، کە پێشتر باسمان کرد و وتمان: **سەیید** کە



بەنیازی خوێندنی ئایینی، چۆتە شاری سنە و لەسنەش چووە مزگەوتی بەناوبانگی هاجەرەخاتوون و بەتایبەتیش مزگەوتی دارولئیحسان و وتمان ئەم مزگەوتەش مەڵبەندی کۆبوونەوەی تێکڕای خوازیارانی ئایین و ئەدەب و هونەر پەروەرانی هەموو ناوچە جیاجیاکانی کوردستان بووە...

بۆیە **سەیید** لەم مزگەوتەدا، بەدەم دەرس خوێندنەوە کە دەرسی ئایینی بڕبڕەی دەرسەکان... و بەدەنگەوە خوێندن «تجوید»ی قورئانی پیرۆزیش ئەرکی سەرشانی قوتابیان بووە؛ بۆی دەرکەوت کە خاوەن دەنگێکی خۆشە.

ئیتر دەبێ هەر لەسەرەتای دەرس خوێندنەوە، دەنگی خۆی بۆ قورئان و موناجاتی خوا، پەروەردەکردبێ؛ کە لێرەدا بەپێی دابی ئەو ڕۆژگارەی کوردستان، پەروەردەکردنی «دەنگ»یش، بایەخ و گرنگایەتی خۆی پێدراوە و مەڵبەندی تایبەتی بۆ دیاری کراوە... لەهەمان کاتیشدا ئەو ڕۆژگارەی **سەیید** لەمزگەوتی دارولئیحسان خەریکی دەرس خوێندن بووە، هەر هاوڕۆژگاری ئەو قۆناغەیە کە کوردناسی دێرینە: ئوسکارمان، ساڵی ١٩٠١-١٩٠٣ز، هاتۆتە کوردستان[1] و هەر لەو ڕۆژگارەدا سەبارەت چۆنێتی فێربوون و پەرەپێدانی مۆسیقا و گۆرانی کوردی، دەڵێ: لەپاڵ ئەوەدا کە لە هەموو جێگەیەکی کوردستاندا «حوجرەی ئایینی» بۆ فێربوونی ئایینی ئیسلامی هەبووە؛ هەر بەو جۆرەش «قوتابخانەی تایبەتی» بۆ ئەوانە هەبووە کە ویستوویانە فێری گۆرانی وتن و مۆسیقاژەندن بن؛ ئەو جێگایانەش بەلای زۆرەوە هەر «قاوەخانە» و «دیوەخان»ی گەورە ماڵان و دەرەبەگ بووە. (٥٦٣،٢٤-٥٦٤)

لەپاڵ ئەم زانیارییەی ئۆسکارماندا، ئەوەشمان بێتەوە یاد؛ کە بنەماڵەی **سەیید** لە ڕۆژگاری پێش هاتنە دنیای **سەیید**یشەوە پلەوپایەی کۆمەڵایەتی و ناوبانگی ئایینیدارییان زۆر بەرێز و بەربڵاوبووە...

لەبەرئەوە ئەگەر **سەیید** لەچاو هاوتەمەنەکانیدا، لە مزگەوتی دارولئیحسان زۆرتر و گرنگتر بایەخی بە«تەجوید» دابێ؛ جێی سەرسووڕمان نییە؛ بەڵکو بەپێچەوانەوە، دەبێ

(١) ئەم هاتنەی لەسەر فرمانی خاوەن شکۆی ئیمپراتۆری دەوڵەتی ئاڵمان بووە؛ بۆ لێکۆڵینەوەی زمانی: کوردی، فارسی و گەلێک بەیت و گۆرانی و چیرۆک و داستانی وەک: مەم و زین، ناسر و ماڵ ماڵ، «بەیت»ی زەمبیل فرۆش، «بەیت»ی ئەوڕەحمان پاشای بەبە و...هتد، لەسەر زمانی ڕەحمان بەکر و ڕێنوێنی میرزا (جەوادی قازی) کۆکردەوە و ئەم تێکستانەی بەپیتی عەرەبی ولاتینی و وەرگێڕانی «ئاڵمان»ییەوە، لە ساڵی ١٩٠٥ز-دا لە بەرلین لەچاپدا و بڵاوی کردەوە و دواتریش شاعیری نەمر «هێمن»ی شاعیر،لە ساڵی ١٩٧٥ز-دا هێنایە سەر ڕێنووسی کوردی و کۆڕی زانیاری کوردیش ئەم تێکستانەی لە دووبەرگدا چاپ و بڵاوکردەوە.

زۆر زیاتر لە هاوڕێکانی، بەتەنگ قورئان خوێندنەوە بووبێ؛ بەتایبەتیش کە ڕۆژگاری **سەیید** دەکەوێتە پێش ڕۆژگاری شەپۆلی هاتن و بڵاوبوونەوەی **گرامافۆن**، ڕادیۆ، تەلەفزیۆن بۆ کوردستان و کۆمەڵگای ئەو ڕۆژگارەی کوردستانیش، زۆر بەرێز و بەشکۆوە، بۆنە و یادەکانی مەولوودنامە و شەوانی ڕەمەزان و میعراجنامەیان ساز کردووە و لە بۆنە و یادانەشدا دەنگخۆشترینیان بانگهێشتن و بەشدارکردووە... کە وەک دەگێڕنەوە: **سەیید** سەرباشقەی دەنگخۆشانی ئەو یاد و بۆنە ئایینیانەی ئەو ڕۆژگارەی شاری سنە بووە...

ئەو کەسانەش کە شتێک سەبارەت بەسازدانی مەولوودنامە و ڕەمەزان و میعراجنامەی ئەو ڕۆژگارە دەزانن، یان بیستوویانە، دڵنیان کە ئەو دەنگخۆشانە، جوانترین شیعری هەڵبژاردەی «کوردی»یان لەو بۆنە و یادانەدا، بەدەنگی خۆش و بەپێی شارەزایی تەواو، بەمەقامگەلی جیاجیا خوێندووە... واتە: زۆربەیان شارەزاییان لە مەقامبێژیدا هەبووە؛ کە هونەرمەندی گەورە: عەلی مەردان سەبارەت بەدەنگی خۆشی **سەیید** لەموناجاتدا، لەبیرەوەرییەکانی خۆیدا ئاوا دەبێژێ: «لە کەرکووک دەعوەتیان کرد بۆ خانەقای حاجی شێخ عەلی، ئەو شەوە «موناجات»ی کرد. بڕوا بکە لەبەر دەنگی **سەیید**، دەروێش کردیان بەکارەساتێک؛ کە بەکەس دانەدەمرکان(٤١,٢٣).

خۆ ئەگەر هەر بەدەم ئەمەوە، قسەکانی «ئۆسکارمان»یشمان بێتەوە یاد، کە دەبێژێ: «قاوەخانە» و «دیوەخانی گەورەمالان»ی کوردستان، مەڵبەندی فێربوونی گۆرانی وتن و مۆسیقاژەندن بوون؛ ئەوا شاری سنەی دێرینە ١٦٣٠ز، زۆر لە پێش ڕۆژگاری **سەیید**یشەوە مەڵبەندی پێشکەوتن و شارستانێتی و میراتگری تەمەنێکی نزیکە و ٦٠٠ ساڵی؛ درەوشاوەترین فەرمانڕەوایی میرانی ئەردەڵان بووە؛ کە هەر میرانی ئەردەڵان، بەهۆی دروستکردنی خزمایەتی و ژن و ژنخوازییەوە لەگەڵ شایەکان و سەرانی سەفەوی و قاجاریدا، تازەترین شارستانێتی و ژیاریان لە پایتەختەوە گواستۆتەوە شاری سنە...

بۆیە شاری سنە، لانکێکی مێژینەی ژیار و پێشکەوتنی فەرهەنگیی ڕەسەن بووە و شوێنەوارە بەجێماوەکانی میرانی ئەردەڵان بەگشتی و بەتایبەتیش کۆشکەکانیان؛ تائێستاش شایانی شانازیی پێوەکردنن؛ کە ناشێ لەو پێشکەوتنە تەمەن درێژ و سەقامگرتووەدا، هونەری گۆرانی و مۆسیقاش، هاوکاروانی ئەم ژیارە نەبووبن.

بۆ پشتیوانی زیاتر لەمانەش، ئەگەر بێتەوە یادمان، لەدامێنی ئەو شەجەرەنامەیەی **سەیید**دا، کە وتمان «یەکێک» لەو چەندان کەسەی ئەم شەجەرەنامەیان مۆر و سەلماندووە:



«**سەردار ئەعزەم**»ی ناسراو بووە؛ ئەوا دەبێ ئەوە بزانین کە «**سەردار ئەعزەم**»ی هاوڕێ و دۆستی **سەیید**، وەک پێشتر وتمان: دەبێتە ئامۆزای فەرەجوڵڵاخانی «**سەردار موعەزەم**»ی ئەندامی مەجلیسی شورای میللی و هەردووکیشیان لەبنەماڵەی «وەزیری»ن؛ کە ئەمانیش لەو ڕۆژگارەدا خاوەنی سنە و ناوچەکانی سەر بەو شارە و لە دەوڵەمەندە دەسەڵاتدارەکانی ئێران بوون...

ئەو خانووەش کە **ئاسەف دیوان** لەو ڕۆژگارەدا دروستی کردووە، ئەوەندە جوانە، ئەم ساڵانەی دوایی، بەڕێوەبەرایەتی «میرات فەرهەنگی سنە»، لە نەوەکانی «ئاسەف»یان کڕی و کردوویانەتە «مووزە»ی شاری سنە.

شایانی باسە، وەک دەگێڕنەوە دیوەخانی ئەم گەورەماڵە، لەو ڕۆژگارەدا هەمیشە مەڵبەندی کۆبوونەوەی هونەرمەندان و مۆسیقاژەنانی ناسراو بووە، کە دیارە «**سەردار ئەعزەم**»ی دۆستی نزیکی **سەیید**؛ هەمیشە دیوەخانەکەی بە**سەیید** ڕازاندۆتەوە...

کەواتە مزگەوتی «دارولئیحسان»ی هەمیشە درەوشاوە و دیوەخانی گەورەمالانی وەک نموونەی **سەردار ئەعزەم**، باوەش و فێرگەی پەروەردەکردن و پێگەیاندنی دەنگی خۆڕسک و فریشتەییانەی ئەو ڕۆژگارەی هونەرمەندانی ئەو شارەبوون؛ کە وەک پیران و بەساڵاچووی سنە و **سەڵەواتئاوا** دەگێڕنەوە هەر لەسەرەتای مێرمنداڵیی **سەیید**ەوە، نیشانەی دەنگخۆشیی پێوەدیار بووە و باخ و ڕەز و پەڵەچنارو قەڵبەز و لاپاڵە هەمیشە تەڕ و سەوزەکانی **سەڵەواتئاواش** بۆمان دەگێڕنەوە؛ کە گوێچکەی بیرەوەرییەکانییان، هێشتا دەنگی بەسۆزی **سەیید** تیایاندا دەچریکێنێ.(١) لەم بارەیەوە لەگەڵ شارەزاترینی هاتوچۆکارانی مزگەوتی دار و لئیحسان: مامۆستا مەلا سەدیقی موجتەهیدی (١٩٠٠ز) قسەمان کرد، کە ناوبراو لەدەمێکەوە پشتاوپشت، سەرپەشتیاری دارولئیحسان بوون؛ لەوەڵامدا وتیان: (١٠-١٢) ساڵان دەبووم، کە **سەیید** و «**سەردار ئەعزەم**»م لەگەڵ یەکتر دەبینی، نزیکەی (١٠) ساڵ لەسەر یەک، پێکەوە هاتوچۆی مزگەوتی دارولئێحسانیان دەکرد...

هەر لەم بوارەدا، بەڵگەی زیاتریش بۆ پشتیوانی لەم دۆستایەتی و پێوەندییەی **سەیید** و بنەماڵەی **ئاسەف دیوان** ئەوە بەیاددێنمەوە، کە لە دوای دامەزراندنی ڕادیۆی شاری سنە

(١) بێگومان بەگوێرەی ئەو نامانەی «شێخ عەلی حیسامەدینی نەقشبەندی»، دەبێ سەیید سەردانی خانەقاکانی (تەوێڵە و بیارە و «باخەکۆن»ی پشت «خورمال»یشی زۆر کردبێ و لەو چەند خانەقایەشدا موناجات و مەقامی زۆر بەسۆز و دڵنشینی چڕیبێ «کە دواتر لە بۆنەیەکی تردا، ئاماژە بەم باسە دەکەینەوە».

(١٩٤٨ز)، ئەو (١٣) «**قەوان**»ی گۆرانییەی کە لە **سەیید** بەجێمابوون، لە ماڵی **ئاسەف دیوان** دا دۆزرابوونەوە و درابوون بەرادیۆی سنە، کە ئێستا خەڵک لەسەر کاسێت گوێی لێدەگرن. (٩،١٨).

لەئەنجامی ئەم بەسەرکردنەوە و لێدووانە؛ ئەوەمان لا گەڵاڵە بوو، کە **سەیید** هەر خۆرسک دەنگی خۆش بووە و دوای پەروەردەکرنی دەنگی خۆی، بەخوێندنی قورئان و هاوبەشی کردنی لەبۆنە و یادی مەولوودنامە و میعراجنامەدا «کە بەپێی نەریتی بنەماڵە ئایین پەروەرەکەیان، پەیڕەویان کردووە» و دوای ئەوەی لە گەنجینەی میرات و کەلەپووری میرنشینێکی پێشکەوتووی تەمەن درێژی وەک میرنشینی ئەردەڵاندا، سامانێکی نەمر و ڕەسەنی مۆسیقا و گۆرانی ناوچەکەی، پشتاوپشت و سنگاوسنگ بۆ ماوەتەوە و لێوەی فێربووە... وتمان **سەیید** لەباوەشی ئەو ژیار و پێشکەوتنە کۆمەڵایەتی و هونەرییەدا، فێری هونەری گۆرانی وتن و فێری پەروەردەکردنی دەسگاگەلی مۆسیقابووە...

کەچی لەلایەکی ترەوە، سەبارەت پەروەردەکردن و فێرکردنی هونەری گۆرانی وتن و مۆسیقازانینی **سەیید**، قسەی تر هەیە؛ کە گوایە کەسێک هونەری گۆرانی و دەسگای مۆسیقای فێری **سەیید** کردووە!... ئەمەیان چۆن و چییە!؟... بابزانین...



لەگەڵ «سەیید ئەشرەف» کوڕی سەییددا





لەگەڵ سەیید ئیبراهیم باباشەهابی، کوڕە زای سەییددا



سەیید محێدین باباشەهابی، کوڕەزای سەیید

# کێ گۆرانی و دەسگاکانی مۆسیقای فێرکرد؟!

دەسەڵات و توانای هونەرمەندانەی **سەیید** لە پیادەکردنی دەسگاگەلی مۆسیقای ئێرانیدا؛ وای کردووە ببێتە جێی سەرسووڕمان و پرسیار و ڕامانی هونەرمەندان، بەتایبەتی ئەوانەی لە هونەری زانستی مۆسیقادا شارەزان... بۆیە هونەرمەندێکی وەک **کەمەندی** پێی وایە **سەیید** بەرلەوەی دەنگی لەسەر **قەوان** تۆمار بکات، کەسێکی پسپۆڕ لە زانستی مۆسیقادا، یان مامۆستایەکی مۆسیقازان ڕێنوێنی و پەروەردەی مۆسیقایی کردبێ... ئەو کەسەش دەشێ عارفی قەزوێنی (١٨٨٢-١٩٣٣ز)ی شاعیری ناودار و گۆرانیدانەری ئێرانی بووبێ...!

ئەم بۆچوونەیشی لەو ڕوانگەیەوە هاتبێ؛ چونکە هەر لەو ڕۆژگارەی **سەیید** لەشار سنە ژیاوە، عارفی قەزوینیش بەو هۆیەوە کە لەلایەن ڕژێمی ئەو سەردەمەی ئێرانەوە، بۆ سنە دوور خراوەتەوە... «عارف»یش لەبەر ئەوەی هاتوچۆی ماڵە خان و ئەعیانەکان و بەتایبەتیش هاتوچۆی ماڵی **ئاسەف دیوان**-ی کردووە و هەر لەوێ لەگەڵ **سەیید** یەکتریان دیوە و دەنگی **سەیید**یش هەستی عارفی بۆلای خۆی ڕاکێشاوە... ئیتر دوای چەندان یەکتر دیتن و پێکەوە دانیشتن، دەسگاگەلی مۆسیقای ئێرانی لە «عارف»ەوە فێربێ...

چونکە شێوەی لەرانەوەی دەنگی **سەیید** لە گۆرانییەکانیدا، دەچێتەوە سەر گۆرانییەکانی عارفی قەزوێنی؛ یان هەر هیچ نەبێ عارف بەجۆرێک لە جۆرەکان، دەستی لە پەروەردەکردنی دەنگی **سەیید**دا هەبووە...! خۆ ئەگەر وا نەبێ، ئەوا **سەیید** خۆی داهێنەری ئەم شێوازە دەنگەیە. (١٨، ١٠).

ئەم جۆچوونەی **کەمەندی** لە دووتوویێی ئەو نامیلکەیەیدایە کە بەتایبەتی لەسەر **سەییدی** نووسیوە، تا ڕادەیەک دەنگدانەوەی خۆی لای خوێنەرانی نامیلکەی ناوبراو هەبووە، بۆیە بۆ ئەوەی هەڵوەستەیەک لەئاستیدا بگرین، بەچاکم زانی خۆمی لێ نەبان نەکەم.

جارێ پێشەکی ئەوە دەسەلمێنین کە مۆسیقا، زمانی هەست وەدەروونی هەموو مرۆڤی دنیایە و سنووری لەنێوان گەلاندا نەهێشتووە... لەهەمان کاتدا مۆسیقا، زانستە و





لەگەڵ هونەرمەند عەباسی کەمەندیدا

فێربوونی «زانست»یش لای هەر مامۆستایەک و بەهەر زمانێک بێت، جێی سەروەرییە...

لەبەرئەوە ئەگەر عارف شتێکی لەبارەی زانستی مۆسیقاوە، فێری **سەیید** کردبێ؛ جێی سوپاس و پێزانینە... بەڵام لەپاڵ ئەمەشدا دەبێ ئەوە بزانین کە بەر لە**سەیید**یش دەیان و دەیان گۆرانبێژ و هونەرمەندی تر لەناو کورددا هەبوون، بەڵام بەو هۆیەوە کە ناویان و دەنگیان لەناو مێژوودا و لەسەر **قەوان** و نەوار تۆمار نەکراوە؛ ئەوانیش ناویان و دەنگیان لەناو ناوانا نەماوە[1] ئەو هونەرمەندانەش کە دوای ئەو گومناوانە، دەنگیان لەسەر **قەوان** تۆمار کراوە، وەک نموونەی **سەیید** و مەلا کەریم ئەحمەد (١٨٨٥-١٩٣٩ز) و عەبدوڵڵا

(١) وەک نموونەی ئەحەی ناسر (١٨٧٦-١٩٢٣/٩/٢٤ز) و سەعیدی ماملێ (١٨٨٧-١٩٤١ز) و (شێخ نووری شێخ سالح) (١٨٨٧-١٩٥٨ز)ی شاعیر، کە هەر ئەوەمان زانیوە کە دەنگیان زۆر خۆش بووە؛ ئەگینا دەنگیان نەچووەتە سەر قەوان و نەوار.

**سەیید** ئیسماعیل (١٨٨٩-١٩٣١ز) و حەمدی ئەفەندی (١٨٨٧-١٩٤٩ز) و ئەڵماس محەمەد (١٨٩٤-١٩٧٩ز) و دایکی جەمال -بەهیجە ئیبراهیم یەعقووب (١٩٠٨-١٩٧٩ز) و «**سەعید ئاغای لاووک**»زان (١٩٠٠ز-؟) و عەلی مەردان (١٩٠٤-١٩٨١ز) و زۆرتریش و دوای ئەمانیش دەستەی تری وەک تاهیر تۆفیق (١٩٢٢-١٩٨٧) و محەمەدی ماملێ و حەسەن زیرەک(١٩٢٦-١٩٧٢) و ڕەسووڵ گەردی (١٩٢٠-١٩٩٤) و...هتد، هەموویان ئەوەمان پێدەڵێن کە زۆربەیان شارەزاییان لەدەسگاکانی مۆسیقادا هەبووە؛ کە لەناو ئەمانەدا، جگە لە **سەیید**، هونەرمەندی تری وەک عەلی مەردان و تاهیر تۆفیق نموونەی شارەزا و بەرچاون... کە دیارە ئەمانە هەموویان هەروا لە پڕێکدا، پەیدانەبوون؛ بەڵکو هەموویان میراتگری کەلەپوورێکی دێرینەی سنگاوسنگ هەڵگیراوی هونەری گۆرانی و مۆسیقای کوردین.

واتە لە پێشینەی هەموویانەوە مێژوویەکی زیندووی میراتی گۆرانی و مۆسیقا هەیە... ئەو گۆرانی و مۆسیقایەی لەژیار و شارستانێتی جوگرافیای ناوچەکە و گەلانی دراوسێدا، لەسەدان ساڵەوە، پێ بەپێی پێشکەوتن و ژیاری تری هەمە لایەنە، دروست بووە و بۆتە سامان و سەرمایەی تێکڕای گەلانی ناوچەکە؛ کە گەلی کوردیش وەک گەلانی دراوسێ، تەقەللا و شوێنپەنجەی خۆی لەو ژیارەدا هەیە و شەقڵ و مۆرکی تایبەتمەندی و نەتەوایەتی خۆی، بەهونەری گۆرانی و مۆسیقاکەیەوە لکاندووە، کە پێوەی دەناسرێتەوە.

بۆیە ئەو سامانە مۆسیقایەی ئێستا پێی دەوترێ: مۆسیقا و دەسگاگەلی مۆسیقای ئێرانی؛ هەر بەتەنیا سامانی تاقە نەتەوەیەکی ئێران نییە، بەڵکو سامانی تێکڕای گەلانی ئێرانە؛ کە گەلی کوردیش بەو پێیەی ئاریایی نەژادە و کۆنترینی ئەو گەلانەیە کە لەناوچەی ئێرانی کۆندا ژیاوە و بەشداری دێرینەی لەم سامانەدا هەیە... ئەم بەشدارییەیشیمان لە کتێبی «**مێژووی مۆسیقای کوردی**»دا زۆر بەدرێژی باسکردووە و لێرەدا دەرفەتی بەسەرکردنەوەی ئەو بەشدارییە نییە... بۆیە تەنیا هەر بۆ بەڵگەیە، چەند نموونەیەک دێنمەوە:

ئەولیا چەلەبی لەو سیاحەتنامەیەیدا کە ساڵی ١٦٣٠ز، بۆ جزیر و بۆتانی کردووە و چاوی بە «عەڤداڵ خان»ی میری جزیر و بۆتان کەوتووە، سەبارەت بەهونەر و بەهرەی میرعەڤدال خان دەڵێت: «لە هونەری گۆرانی و مۆسیقادا هەر باس ناکرێ، مەقامی ڕاست و سێگا زۆرباش دەزانێ و لەوتنی زەجل و زیکر و تەسنیف و مورەبەعات و وارسقی و شەرقی سەرچیادا، وەستایە کە؛ کەس نایگاتێ...



کە دەست دەداتە ئامێرێکی مۆسیقایی و شیعری حافز بەبیست و چوار ئوسووڵەوە دەڵێت؛ مەل بەئاسمانەوە ڕادەگرێ(٣٦, ١٣٠-١٣٤).

لەسەردەمی میرنشینی «بابان»ەکاندا، شاعیری ناسراو **مستەفا** بەگی کوردی، لە شیعرێکیدا کە باسی هونەرمەندانی گۆرانی و مۆسیقای ڕۆژگاری خۆی دەکات؛ دەڵێ:

**ئاغازەنوون** لێبدات: **سینەکەمان، فارس گرفت**
**ئەلکە**: تەنبوور و دەف، ئەسعەد بدا دەستی بەساز
**مستۆ**: ئیبراهیمی و ئەورەحمان: نەوا و **فەتحی**: **حەزین**
**مستەفا**: ناری و سێگا، یونس بلێ: دەشت و حیجاز
بارەسووڵ هەڵداتە ڕاست و ساڵح بلێ: نیوەشەویی
**محێدین**: چوارگا و قەرە: دەنگی بلێندکا بۆ قەزاز
جاربەجار بەکزێکەوە هەستی لەپەردەی تاهیری
یارەکەی عاشق کوژە و مەعشووقەکەی دوژمن نەواز (٤٣-٢٠٧)

شاعیری سابڵاخی سەیفولقوزات (١٨٧٦-١٩٤٤ز)، لەشیعرێکیدا ناوی ئەم مەقامانە دێنێ:

بڵابێن: حاجی بابا و ڕەحمەتوڵڵا
بێن: ڕاک و حیجاز و ماهوور(٥٢, ٦١-٦٢)

... خۆ ئەگەر بۆ ئەم مەبەستە، دووتوێی دیوانگەلی شاعیرانی کورد بپشکنین و بگەڕێین بەدوای ناوی دەسگاگەلی مۆسیقای ئێرانی وەک: «ماهوور، هۆمایوون، سێگا، چوارگا، نەوا، ڕاست، شوور و پاشکۆکانی» وەک: «حیجاز، بەیات» (بەهەموو جۆرەکانییەوە)، ئەفشاری و دەشتی دا؛ ئەوا بەدەیان و دەیان شیعر و «**بەیت**»ە شیعرمان بەرچاو دەکەون، بەتایبەتی لای مەلای جزیری (سەدەی ١٥ی زایین)[(١)] و ئەحمەدی خانی (١٦٥٠-

١- لای مەلای جزیری ئەم نموونانە باسی مۆسیقایان تێدایە: (ل: ٦٤ «بەیت»ی ٥، ل ١٢٦ «بەیت»ی ٦، ل: ١٥٨ «بەیت»ی ١٣، ل ٣١٥ «بەیت»ی ٣، ل ٣٣٩ «بەیت»ی ٤-٥، ل ٣٤٢ «بەیت»ی ٦، ل ٣٦٨ «بەیت»ی ٩و١٠، ل ٤٨٢ «بەیت»ی ١١، ل ٤٩٢ «بەیت»ی ١٢).

١٧٠٧ز)[٢] و مەولەوی تاوەگۆزی (١٨٠٦-١٨٨٢ز)[٣]، تەنانەت لای مەولەوی تاوەگۆزی، ناوی چەندان ئاواز و مەقامی کوردی هەن، کە ئەگەر وەک چۆن بنەماڵەی **فەراهانی** لەم سەد ساڵەی دواییدا هاتن مۆسیقا کۆنینەی ئێرانییان پۆلێن کرد، ئەوانەش ئاوا پۆلێن بکرانایە، دڵنیام ئەو مۆسیقایەی ئێستای کورد هەیەتی، دەوڵەمەندتر دەبوو... کە هەر لێرەدا و لەدەرفەتی ناوهێنانی بنەماڵەی **فەراهانی** دا، ئەوەمان لەیادبێ کە پێشتر وتمان: میرزا عەبدوڵڵای **فەراهانی** لەکاتی خەریکبوون و کۆکردنەوە و خانەبەندیکردنی مۆسیقای ئێرانیدا، نزیکەی ٥ مانگ لە کوردستاندا ماوەتەوە؛ ئەو پرسیارەمان هەبێ بڵێین: بۆچی هاتۆتە کوردستان؟! جگە لەوەیەی هاتبێ بۆ کۆکردنەوەی مەقامگەل و ئاوازی کوردی؟!...

ئەی کێ دەزانێ «عارفی قەزوینی»ش ئەو ماوەی لە کوردستان بووە؛ هەمان کاری

٢- لای ئەحمەد خانی ئەم نموونانە باسی مۆسیقایان تێدایە:

مەجمەر کریان بەعوود و عەنبەر
بوون جوملە مەشامێ جان موعەتتەر
رامشگەر و خۆشنەوا و خۆشدەنگ
شایستە و خۆشقوماش و خۆشڕەنگ
هەڤدەنگ هنەک ب سەوتی سازان
هەمدەک هنەک ب فەخر و نازان
موغەننی و کەمانچە و عوود و تەنبوور
چەنگ و دەف و زورنا و سەنتوور
عوششاق و نەوا، عیراقی و ئەوج
ڤێکرا دکرن ب راستی زەرج
ئاوازە و شوعبە و مەقامات
بێ پەردە ب موعجیز و کەرامات
زاهیر کو دەبوون ژ نای گەردان
غارەتگرێ عەقڵ و دین و ئیمان (٣٨، ١٠٦)

٣- لای مەولەوی تاوەگۆزەی ئەم نموونانە باسی ئامێری مۆسیقایی و مەقامی مۆسیقایان تێدایە: (ل:٣ «بەیت»ی ١٠,١١,١٢؛ ل٢٠، ل:٢١ «بەیت»ی ٢؛ ل ٢٤؛ ل:٢٥ «بەیت»ی ٨,٩؛ل:٢٨ «بەیت»ی ٦-٨؛ل٩٥ «بەیت»ی ٤,٥؛ل:٢١٦ «بەیت»ی ١٤؛ل:٢٤٢ «بەیت»ی ٤؛ل:٢٦٥ «بەیت»ی٧؛ل:٢٦٨ «بەیت»ی ٥؛ل:٢٦٩ «بەیت»ی٧؛ل:٢٧٦«بەیت»ی ١١؛ل:٢٨٣«بەیت»ی ٩... یان ئەم بەیتەی، کە باڵای چەماوەی خۆی، بەئامێرێکی مۆسیقایی وەک چەنگ دەچوێنێ:

موتەریب یەکەمان باڵای خەمکەردەم
یەتار ئەسرین خەم کۆک ئاوردەم
سادەی تەنخوای من، وە دەم دەردەوە
لێدەر نەوایە، وەی چەند فەردەوە:...



نەکردبێ؟!(٤١، ٢٠)... لەکاتێکدا ئەو نموونانەی لەسەر ئەولیاچەلەبی و شیعری شاعیرانی کورد هێنامانەوە، هی پێش سەدەی هاتنی (عارف)ن بۆ کوردستان؛ کە ئەگەر جیا لەو نموونانەش، ئەوە بەیادبهێنینەوە کە شاعیرانی وەک وەفایی (١٨٤٧-١٩١٦ز) و عەبدوڵڵابەگی میسباح دیوان (١٨٦٠-١٩١٥ز) و شێخ نووری شێخ ساڵح (١٨٩٧-١٩٥٨ز)یش ناوبەرین؛ کە هەرسێکیان دەنگخۆش و ئاوازدانەریش بوون، ئەوا دیسان دەکەونەوە پێش هاتنی عارف بۆ کوردستان. ئەمە هەمووی لەلایەکەوە؛ لەلایەکی تریشەوە پێشتر وتمان ناوبانگ و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی **سەیید** و گۆرانی وتنی **سەیید** دەکەوێتە پێش ساڵانی ١٩١٥ز، واتە: دەکەوێتە پێش مێژووی هاتنی عارف بۆ شاری سنە؛ لە کاتێکدا عارف لە هاوینی ١٩٢١زدا، هاتووە بۆ کوردستان و ماوەی ساڵێک بەدوورخراوەیی لەشاری سنەدا ماوەتەوە... لەم هاتنەشدا بەگوێرەی هەندێ بەڵگە، بۆمان دەردەکەوێ کە پردی دۆستایەتی نێوان عارف و **سەیید** لە زۆر لایەنەوە یەکجار بێ هێز و لاوازە و ئەگەریش لەماوەی ئەو یەک ساڵەی ژیانی عارفدا لەسنە **سەیید** و عارف یەکتریان دیبێ و ناسیاویشیان پەیداکردبێ؛ بەڵام بەگشتی و لەزۆر لایەنەوە، هێشتا ئەم پردە بەکەڵکی ئەوە نایەت ئەم دوانە بەسەریدا بپەڕنەوە و هاتوچۆی پیادا بکەن، چونکە:

١- عارفی قەزوینی لەگەڵ ئەوەشدا لەبنەماڵەیەکی ئایینیدا پەروەردە بووە، بەڵام هەر زوو ڕووداوگەلی سیاسی هاویشتیانە باوەش و گێژەنی سیاسەتەوە و ئیتر ڕاستەوخۆ بووە مرۆڤێکی تانوپۆ سیاسی و ئازادیخواز... هەر لەبەر ئەمەش کە تێکەڵ کاروباری سیاسی و «ڕاپەڕینی میللی خوراسان»ی ئەو ڕۆژگارە بووە؛ بۆیە بۆ کوردستان دوورخراوەتەوە(١٥٦,١١٧).

واتە: عارف هەر لەبناواندا دەرئەنجامی شۆڕشی مەشرووتەی ئێران بووە و بۆ ئەم شۆڕش و بۆنەیە چنرابوو...؛ بەهەموو دڵ و کوڵ لەگەڵ ڕووداوەکانی مەشرووتە بووە؛ لەپێناویدا ماندبوو بووە و جوانترین سروودی نیشتمانی و حەماسی بەدەنگی خۆی و بەشیعری خۆی بۆ وتووە؛ کە بەم کارەی، نەک هەر خزمەتی مۆسیقای کرد، بەڵکو جەماوەری سەردەمەکەیشی ئاشنای کاروباری سیاسی کرد.

چونکە ئەو سرووده پڕ شوورانەی عارف، بزوێنەری هەستی نیشتمانپەروەرانەی خەڵکی ئێران بوون؛ کە عارف خۆی لەم بارەیەوە دەڵێ: ئەو سەردەمەی من سروودی نیشتمانییانەم داهێنا، لە دەهەزار ئێرانی، تاقە یەک کەسیان نەیاندەزانی نیشتمان یانی چی!(٥٨,٩-٥٩).

کەچی کە داروباری شۆڕشی مەشرووتە بەبارێکی تردا ناوەرۆکەکەی گۆڕا و سەرەتاکانی دەسەڵاتی دیکتاتۆری دەرکەوتن، «عارف»یش بۆی دەرکەوت بۆ ئەم مەیدانەی تریان نەخولقاوە... لەلایەکی ترەوە و لەهەمان کاتدا ئەهلی ئەدەبیش هەوێنی شاعیرێتی ئەویان بەکەم دەزانی و ڕەخنەیان لێدەگرت؛ لەمەشدا حەقیان بوو، چونکە عارف نەیدەتوانی ببێتە شاعیرێکی ناودار... بۆیە دەفتەری شیعر و شاعیرێتی خۆی پێچاوە و خۆی خستە کەنار(٩-٥٣).

٢- بەڵام **سەیید** سەرەڕای ئەوەش هەر بەبنەماڵە، پیاوێکی ئایینپەروەری سۆفی مەشرەب و تۆبەکار بووە و کەمتر ڕاستەوخۆ تێکەڵ کاروباری سیاسەت بووە، لە هەمان کاتدا هەر ئەو ڕووداوگەلەی لە نێوان ساڵانی (١٩١٥-١٩٢١ز)دا ڕوویانداوە؛ **سەییدیان** بەجۆرێکی تر و بەرێبازێکی جیاوازتر لە ڕێبازی عارف دا بردووە؛ چونکە ئەگەرچی شۆڕشی مەشرووتە (١٩٠٦ز) زۆربەی ناوچە شیعە نشینەکانی ئێرانی گرتۆتەوە و عارف بووە بەسروودبێژی ئەم شۆڕشە؛ کەچی بەڵگەیەکی ئەوتۆمان سەبارەت بەبەشداری و ئاوڕدانەوەی **سەیید** لەم شۆڕەشە، لەبەر دەستدا نییە... بەڵام کە دواتر، ڕووداوگەلی تر لە ئێران و ناوچەکە و سەرتاسەری جیهاندا ڕوو دەدەن، بۆمان دەردەکەوێ کە **سەیید** بەرئەنجامی تری لێهەڵدەگۆزرێ... ڕووداوەکانیش هەر لەگەورەترین شەڕی یەکەمی جیهانەوە، کە ئەگەرچیش ئێران بێلایەنی خۆی بەرامبەری دەربڕی؛ لەگەڵ ئەوەشدا ئێران بووە مەیدانێکی خوێناوی و جەنجاڵی ئەم شەڕە و لەلایەکی تریشەوە هەر بەسۆنگەی ئەم شەڕەوە، کاتێ گەورەترین ئیمپراتۆرێتی دنیا (ئیمپراتۆرێتی عوسمانی)، هەرەس دێنێ و گەلانی سەدان ساڵ ژێردەستە و داگیرکراوی ئەم ئیمپراتۆریەتە، هەستی نیشتمانی و نەتەوایەتییان دەبزوێ؛ ڕادەپەڕن و داوای ئازادی و سەربەخۆیی وڵاتەکانیان دەکەن؛ گەلی کوردیش لەریزی ئەو نەتەوانەدا، لەم ئیمپراتۆریەتە و لەدژی دەسەڵاتی بەریتانیای ئەو سەردەمە، لە باکوور و باشووریی کوردستان، ڕادەپەڕێ؛ لەهەرێمەکەی **سەییدیش**دا ڕاپەڕینی «سەردار ڕەشید: عەباسخانی سەردار ڕەشیدی کوڕی عەلیخانی کوڕی محەمەد سادقخانی کوڕی ئەمانوڵڵاخانی ئەردەڵان» لەساڵانی دوای ١٩١٧ز- بەدواوە، بۆ سەندنەوەی دەسەڵاتی لەدەستچووی میرنشینی ئەردەڵان دەست پێدەکات (٤٤,٧١-٧٧)؛ ئەوسا لەهەموو کوردستانیشدا، هەستی نەتەوایەتی دەبزوێ. **سەیید** لەم کەش و هەوا تازەیەدا ئاوڕ لە گەنجینەی شیعری کلاسیکی کوردی و گۆرانی و مۆسیقای ڕەسەنی کوردی و



زمانی کوردی دەداتەوە... بۆیە ئەگەر لەم داروبارە تازەیەدا **سەیید**، بەشداری و هاوکارییەکی ڕاستەخۆی لە سیاسەتدا نەکردبێ؛ بەڵام وەک شێخ عوسمانی بیارە (١٨٩٦-١٩٩٦ز) دەڵێ: ئینسانێکی وشک و کەللەڕەق نەبووە؛ بەڵکو هەستی کوردانەیشی هەبووە(٤١,٢٠).

لەم هەستی کوردانەیەشدا وەک ئاکامی ئەو ڕووداوانە؛ **سەیید** دەبێتە یەکەمین کوردێک، کە بیر لەوە بکاتەوە بەزمانی کوردی، دەنگی خۆی لەسەر **قەوان** تۆمار بکات(٤٤,٦٤). لەکاتێکدا لەناو وڵات و کۆمەڵگایەکدا ژیاوە، کە زمانی گەلێکی تر زاڵ بووە بەسەر زمانەکەی **سەیید**دا (٤٠) و **سەیید**یش ئەو زمانەی تری زۆرباش زانیوە؛ بەڵام وەک پەیامێکی خۆی، هەر بەزمانەکەی خۆی گۆرانی وتووە.

٣- ئەو دوو جیاوازییەی سەرەوە، مەودایەکی ئاشکرایان لەنێوان عارف و **سەیید**دا دروست کردووە، چونکە ئاکامی ژیان و هەڵوێستی ئەم دوو مرۆڤە، بەرامبەر بەهونەر و جەماوەر، لەبەرهەمەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە، کە وەک زانیمان لای عارف بەسروودی نیشتمانی و شۆڕشگێڕانە و بەزمانی فارسی هاتە بەرهەم و لای **سەیید**یش بەمەقام «دەسگا»، لەپلەی یەکەمدا و ئەوسا بەبەستەی خەمینی تێکەڵ بەسۆزی عارفانە و بەزمانی کوردی ڕەنگی داوە؛ کە لەبارەی زانستی مۆسیقاوە، کارەکەی **سەیید** بەدەسگاگەلی مۆسیقای ئێرانی نزیکترە، نەک کاری سروودە حەماسی و ڕیتمیکەکانی عارف... چونکە کارەکەی عارف هەنگاوێکی تازە و نامۆ بوو بەو شێوازە مۆسیقایەی لەسەدان ساڵەوە مۆسیقای کۆنینەی ناوچەکە پەیڕەوی دەکرد...

لە کاتێکدا شێوازی کارەکەی **سەیید**، هەر پەیڕەوکردنی ئەو ڕێچکە و شەقڵە بوو، کە ببووە ناسنامەی مۆسیقای کۆنینەی ئێرانی... بەتایبەتیش بۆ **سەیید**، کە وەک وتمان: سۆفی مەشرەب و گەورەبووی ناو کۆڕی موناجات و مەولوودنامە و میعراجنامە و ناوەناوەش خانەقای بیارە؛ کە وەک ئاشکرایە لەم جێگایانەدا زۆرتر هەر سۆز بەمەقام دەکەن.

لەجێی خۆیدایەتی لێرەدا ڕازێک لەمبارەیەوە بدرکێنم و بڵێم: کاتێ ئاوڕ لەشێوازی گۆرانی و مۆسیقای ڕەسەنی کوردی دەدەینەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە: **لاووک**، **حەیران**، هۆرە، **سیاوچەمانە**، چەمەری، **بەیت**، سۆزی ناو مەولوودنامە و میعراجنامە و کۆڕی ئایینی؛ هەموویان مەقامن و هەریەکەیان لە یەکێک لەو ٧ دەسگا مۆسیقا کۆنەی ئێرانییەوە نزیکن، واتە ڕیتمیک نین و ئەگەریش ڕیتمیک بن، ئەوا دوای وتنی مەقامێک ئەو ڕیتمیکە دێت؛ وەک نموونەی زۆربەی گۆرانییەکانی عەلی مەردان، محەمەد

عارف جەزراوی، کاوێس **ئاغا** ، ساڵح دیلان، تاهیر تۆفیق، سێوە (١٨٩١-١٩٦٤ز) و گۆرانی ئایینی و...هتد، کەچی ئەوەی لەم ٤٠-٥٠ ساڵەی دواییدا، لەناو گۆرانی کوردیدا هەستی پێدەکەین، مۆرک و شەقڵی گۆرانی و مۆسیقای کوردی، زۆرتر ڕیتمیکە! کە من پێم وایە ئەم شەقڵە بەتایبەتی لەدوای هاتنەکایەی چەپکە گۆرانییەکانی حەسەن زیرەک پەرەی سەند و بووەباو...

هەرچەندە ئەم سەرنجە ئەوە ناگەیەنێ کە بڵێم شەقڵی ڕیتمیک، یان ئەوەی لەناو کوردانی گەرمیاندا، پێی دەڵێن بەستە؛ پێشتر لەناو گۆرانی و مۆسیقای کوردی دا نەبووبێ! نەخێر، چونکە «بەستە» بەشێکی گرنگی جەستەی گۆرانی و مۆسیقای کوردییە؛ بەڵام وێدەچێ پلەوپایە و خانەی مەقام «دەسگا» ، لای گۆرانیبێژانی مەقام و پسپۆڕانی دەسگاگەلی مۆسیقای کۆنینەی ناوچەکە، لەچاو پلەوپایە و بەهای بەستەدا، باڵاتر و شیاوتر بێ... هەربۆیەش کاتێ لەگەڵ نووسەری سابڵاخی، هاوڕێم: کاکە **سەیید** محەمەدی سەمەدیدا، بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر **سەیید** بەگشتی و بەتایبەتیش لەسەر ئەو سەردانەی **سەیید** کە لە ساڵانی سەرەتای سییەکانی ئەم سەدەیەدا، لەسەر بانگهێشتنی تایبەتی خەڵکی «سابڵاخ»ەوە بۆی کراوە و چۆتە ئەوێ و لەوێ ئاهەنگی گۆرانی لە چەند جێگایەک و بۆ ماوەی مانگێک زیاتر گێڕاوە؛ دوای نیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٨٦/٦/٢٠ لەکاتی سەردان و وتوبێژماندا لە خزمەت نووسەری ناسراوی سابڵاخ: مامۆستا مەلا قادری مودەڕیس، ناوبراو وتی لە کۆڕێکدا داوای بەستەیەکیان لە**سەیید** کرد، لە وەڵامدا **سەیید** بەدڵتەنگییەوە پێی وتن: بۆچی ئافرەتم تا بەستەتان بۆ بڵێم؟!(١)

٤- پێوەندی کۆمەڵایەتی **سەیید** پێوەندییەکی هەمەلایەنەی بەربڵاو بووە؛ لەگەڵ هەموو توێژ و چین و دەستەیەکدا دۆستایەتی هەبووە... لەکاتێکدا پێوەندی کۆمەڵایەتی عارف وەک خۆی بانگاشەی بۆ کردووە و بەگوێرەی دیدی سیاسی ئەو ڕۆژگارە و بەپێی بیرەوەرییەکانی عارف خۆی، لەگەڵ ئەو بنەماڵانەدا نەبووە کە پێیان وتراوە دەوڵەمەند و موڵکدار و دەرەبەگ؛ بەتایبەتیش لەگەڵ بنەماڵەی **ئاسەف دیوان** و کوڕەکانیدا، کە پێشتر وتمان «**سەردار موعەززەم**»ی **ئاسەف دیوان**، دۆستێکی نزیک و ڕاستەقینەی **سەیید** بووە و دیوەخانەکەیان مەڵبەندی شاعیران و هونەرمەندان بووە و «وەک

(١) ئەگەر ئەم بەڵگەیە نیشانەی ئەوەبێ کە سەیید وتنی بەستەی پێ خۆش نەبووبێ؛ ئەوا دڵنیام ئەو چەند بەستەیەی کە کاتی خۆی تۆماری کردوون و ئێستا لەبەر دەستماندان؛ لەسەر تکای ئەو کۆمپانیای گرامافۆنە، وتبنی کە گۆرانییەکانی لایان تۆمار کردووە.



دواتریش باسی دەکەین، هەر ئەم بنەماڵەیە ڕێنمایی **سەیید**یان کرد و هانیان داوە دەنگی لەسەر **قەوان** تۆمار بکات» کەچی بەپێچەوانەوە، عارف ڕقی خەست و ڕاستەوخۆی لەم بنەماڵەیە بووە... لەم بارەیەوە بۆ زیاتر دڵنیابوون، باچاوێکی ڕاستەوخۆ بەبیرەوەرییەکانی عارف خۆیدا بگێڕین؛ کە لە ڕۆژانی ژیانی ناوشاری سنەیدا؛ واتە: هەر دەمودەست ٣-٤ ڕۆژ دوای هاتنی بۆ شاری سنە نووسیونی:

«... سەرومڕی کوردستان «مەبەستی پارێزگەی سنەیە» ، بەدەست چەند ئەشرافێکەوەیە، کە یەکێک لەوانە ئاسەف ئەعزەمە» (٢٧٤,١٧) . دوای ئەم چەند ڕستەیە باسی ئەوە دەکا لەگەڵ دوو نۆکەری خۆیدا(!) چۆتە هاوینەهەواری کانی شەفای لاپاڵی کێوی ئاویدەری شاری سنە و ماوەی ١٠تا٢٥ ڕۆژ، لای کانی و ئاوەکەی، چادری هەڵداوە؛ دیسانەوە ئاوا باسی ئاسەف ئەعزەم دەکاتەوە:

«... بۆم دەرکەوت کە شەشدانگی ئەم کانی و باخ و کێڵگەیە موڵکی ئەو پیاوە جووتیارەیە کە لەوێیە، بەڵام ئاسەف ئەعزەم بەزەبری شەق و لێدان و هەڕەشە و زۆرەملێ، سێ دانگی بەپێنجسەد تمەن لەو پیاوە کلۆڵە داگیرکردووە و خەریکیشە نەهێڵێت ئەو جووتیارە، خاوەنی سێ دانگەکەی تریشی بێت؛ لە کاتێکدا بەخوا سوێند دەخۆم کە کەس ناتوانێ نرخێک بۆ ئەو سێ دانگەی دابنێ... ئەم پیاوە لێقەوماوە، وا دەزانێ من کارێکم پێدەکرێ و هاواری بۆ هێناوم؛ وا بزانم پێیان وتووە لایەنگری جووتیارانم.» (٢٧٥,١٧) .

... یەکێکی تر لە دەرەبەگە خاوەن دەسەڵات و دێهاتەکانی کوردستان حیشمە تەلمولوک کوردستانی بوو، لەم سەفەرەدا گوندی **سەڵەواتئاوای** بەعارف بەخشیوە و هەر تکای لێکردووە کە قەباڵەکەی لێوەربگرێ، بەڵام عارف قبووڵی نەکردووە، چونکە عارف چارەی ئەم کابرایەشی خۆش نەویستووە، تەنانەت لە شیعرێکدا سەبارەت بەم دەرەبەگە ئاوا دەڵێ:

بــــەرۆژ لــــە وتـــــوویێـــــژی وەڕســـــم
شەویش لە قوڵتەقوڵتی نێرگەلەکەی بێزارم

(٢٢٣,١٧-٣٢٦، ٥٥٣-٥٥٤)

لێرەدا ئەوەشمان لەیادنەچێ کە هەر وەک **سەیید** لە بنەماڵەیەکی ئایینپەروەردا پەروەردەبووە و لەقوتابخانەی ئایینیدا دەرسی خوێندووە و هەر بەمنداڵیش دەنگخۆش بووە و بۆتە قورئانخوێن؛ هەر بەوجۆرەش عارف لە بنەماڵەیەکی ئایینی ناودار لەدایکبووە

و وەک **سەیید**یش بەمندالّی لەقوتابخانەی ئایینیدا نراوەتە بەرخوێندن و هەر لە مندالّیشەوە نیشانەی دەنگخۆشیی تێدا دیاربووە، بۆیە هەر زوو باوکی: مەلا هادی وەکیل ڕێنومایی کردووە و ئارەزووی ئەوەی تێدا دروستکردووە کە بچێتە پشت مینبەرەکانی قەزوین و لە دابونەریتی شیوەننامەی عاشوورا و حسەینیدا بلاوێنێتەوە...

تا لە دواییدا ئاهەنگێکی ڕەسمی بۆ ئەم مەبەستە بۆ سازکردووە و عەمامەیان لەسەر ناوە(١٥,١٧)... بەلاّم هەر دوای مەرگی باوکی، جبە و عەمامەی بەلاوە ناوە و دەستبەرداری ڕەوەزەخوانی بووە(١٥,١٧) و تێکەلّ کاری سیاسی و ڕێکخستنی شیعری نیشتمانی و ئاوازدانانی سروودی شۆڕشگێڕانە بووە؛ کە ئەمە لە (١٩١٥ز)، بەدواوە دەست پێدەکات(١٣٧,٩). بەتایبەتیش لەم سەردەمەدا چەند سروودێکی بەناوبانگی ساز کرد، لەوانە: بەیادی کۆلۆنێل محەمەد تەقی خان پەسیان (١٩٢٢ز) و سروودی کۆماری و بەیادی باقرخان و ستارخان کە لە تەوریز لە مانگی مارتی ١٩٢٤ز، چڕی(١٣٧,٩). ئەم سروودانەی عارف دواتر گۆرانیبێژی بەناوبانگی ئێرانی: خانم قەمەرملووک وەزیری، بەدەنگی بەسۆزی خۆی، هەمووی وتنەوە و لەسەر **قەوان**یش بەو شێوازە تۆماری کردن، کە عارف خۆی ئاوازی بۆ دانابوون...

کەواتە عارف کاتێ هاتۆتە کوردستان «سنە» لە گەرمە و هەڕەتی خەبات و تێکۆشانیدا بووە و ناوبانگی بەسەرتاسەری ئێراندا بلاّوبۆتەوە و ئەگەر زانیارییەکی لەبارەی مۆسیقاوە بە**سەیید** فێرکردبایە، دەبووایە جێپەنجەی ئاوازی حەماسییانەی بەیەکێک لە گۆرانییەکانی **سەیید**ەوە دیار بوایە؛ وەک چۆن جێپەنجەی بەسرووەدەکانی قەمەرملووک وەزیرییەوە دیارە!... کەچی وەک دەزانین هەموو گۆرانییەکانی **سەیید**، تەنانەت گۆرانییە فۆلکلۆرییەکانیشی «وەک: ئای لەنجە، کراس کورتێ، هەی نابێ و یار غەزالّ»ی وەها گوتووە؛ کە کردوونیەتە گۆرانیگەلێکی سەنگین و لەسەرخۆ و لە حالّەتی شادیی و هەلّپەڕکێی دەرهێناون. (١٨,٤١)

جگە لەمانەش، قسەی **سەیید** عەبدولئەحەدی کوڕە گەورەی **سەیید**یشمان بیرنەچێ کە زۆر جێی بڕوا و متمانەیە و وتوویەتی: «باوکم سەرەڕای ئەوەی هیچ مامۆستایەکی تایبەتی نەبووە، بەلاّم سەرلەبەری دەسگاگەل و مەقامگەلی مۆسیقای ئێرانی زانیوە و چڕیوە... ئەو گۆرانییانەش کە چڕیونی؛ یان لەسەر بنەمای مۆسیقای ڕەسەنی کوردی چڕیونی، یان هەر لە بنەڕەتدا گۆرانی کوردی بوون و **سەیید** بەو شێوازەی خۆی چڕیونی. (٩,١٨)



هەر لە بواری باسکردنی پردی بێ هێز و لاوازی نێوان عارف و **سەیید**دا، دەبێ وەک ئەمانەتێک ئەوەش بۆ مێژوو بگێڕمەوە، کە هاوڕێی نووسەر: کاک خالیدی مەسنووری «پەشێو» لە سنە، لەم بارەیەوە بۆمی گێڕایەوە «ناوبراو پێی وایە هەر ئەم هەوالّەشە بۆتە هەوێنی بلاّوبوونەوەی هەوالّەکەی لای **کەمەندی** و دۆستایەتی نێوان عارف و **سەیید**» هەوالّەکەش وەک خالیدی مەنسووری گێڕایەوە، ئاوایە:

١٥ سالّێک لەمەوبەر، ڕۆژێک لە شاری کەرەج میوانی بنەمالّەی شاعیری کۆچکردووی سنەیی: **سەیید** مەهدی ڕەزەوی (؟-١٩٣٢ز) ناسراو بە: قەوام قزلّجەکەندی بووم شایانی باسە ئەم شاعیرە لە بنەڕەتدا خەلّکی گوندی دلّوەران «دلّبەران»ی لای شاری سنە و هاوسەردەمی **سەیید** بووە و هەندێ جاریش پێی وتراوە: نەسرینی دلّوەران، یان: دلّبەرانی(٣٠٩,١٤) بەدەم چاوگێڕان بەدیوانی دەستخەتی ئەم شاعیرەوە؛ کە هێشتا چاپ نەکراوە و بەخەتی خۆی نووسیوێتی... لە پەراوێزی لاپەڕەیەکیدا چاوم بەبیرەوەرییەک کەوت، کە ئەم شاعیرە لە دامێنی ئەو لاپەڕەیەدا نووسیوێتی؛ دەلّێ: «ئەمڕۆ، دوای نوێژی نیوەڕۆ، کە لەگەلّ عارفی قەزوینی لە مزگەوتی دارولئیحسان هاتینە دەرەوە، بڕیارماندا بەجووتە سەردانی **سەیید عەلی ئەسغەری کوردستانی** بکەین».

تا ئێرە، هەوالّەکەی کاک خالید بەمجۆرەیە و ئیتر یادی نەماوە ئەو بیرەوەرییە، مێژووی کەی لەسەر بووە و کاتێکیش لێم پرسی: دەتوانین جارێکی تر سەردانی بنەمالّەی شاعیری ناوبراو بکەینەوە؟!، وتیان ئێستا لە ئێران نەماون و سەفەریان کردووە.

دەمێنێتەوە سەر شتێک، کە نەدەکرا بۆ ئەم بەشەی ئەم کتێبە پشت گوێی بخەم؛ ئەویش سۆراخکردنی ئەو عەشق و ئەوینە مەزن و ئاگراوییانەیە، کە هەندێ جار بەئاشکرا و هەندێ جاری تریش بەنهێنی، بەربوونەتە گیان و جەستەی زۆربەی شاعیران و هونەرمەندانی بەناوبانگی جیهان و... داهێنان و ئەفراندنی بەرهەمی نەمر و شاکاری پێخولقاندوون... بەواتایەکی تر: بۆیان بۆتە مامۆستا و ڕابەر و... بەدوای خۆیدا جلّەوکێشی کردوون بۆ سەر چاووگ و کانی و باخە ئاگرینەکانی داهێنان... بەکورتی بەدوای مامۆستایەکی ڕاستەقینەی **سەیید**دام گەڕام... کە ئەوینی فێرکرد... ئەو ئەوینە داهێنەر و سووتێنەرەی لای کاوێس **ئاغا** (١٨٨٩-١٩٣٦) بووە هەوێنی ئەفراندنی چەپکێ **لاووک** و **«حەیران»**ی هەمیشە زیندوو... بەلّێ ئەم ئەوینە لای کاوێسی «**لاووک** و **حەیران**» بێژ، ئەوینی کچۆلّەیەکی خێلّی هەرکی بوو، کە ئارامی لەبەر کاوێس بڕی و

بەدوای خێڵە ڕەوەندەکەی کچە هەرکیدا، بووە باڵندەیەکی کۆچەری و لە هەموو کۆچ و کۆچبارێکی گەرمیان و کوێستانی ئەم خێڵەدا، بە ژوورسەری ڕەشماڵەکەی یارەوە، هەر هەڵفڕیو و حەسانەوەی نەبووە و لە خوێندنیش نەکەوتووە...

لای حەمەکەچەڵ-ی داهێنەری مەقامی بەناوبانگی پادیواری سنەییش، کچێکی قژکاڵ بوو، وەک ڕەنگی مانگەشەو کاڵ بوو... بۆیە حەمەش لای خۆیەوە ناوی نابوو: کاڵێ و بەڕۆژ و بەشەو لە پاڵ دیواری ماڵی کاڵێدا، وەک ئەستێرە دوور و نەبینراوەکان دەسووتا و دەگڕا و گۆرانی فرمێسکاوی دەچڕی و دیوار و ماڵی کاڵێش، وەک بورج و قوللەی ئاگر پرژێن و گڕگان، شەو تابەیانی هەر ئاگریان بەسەر حەمەدا دەباران...

تا لەناو گێژەنی ئەم ئاگرە شیرینەدا، دیواری ماڵی ماڵێ، بۆ حەمە، بووە جوانترین و بەرزترین دیواری زیندان و حەمەی پێوە بەسترایەوە و هەر لە پاڵ ئەو دیوارەدا بۆ کاڵێ کوژرا...(١٣٦،٣٦-١٣٧)

لای عارفی قەزوینیش کە هەر لەم بەشەدا و لەبوارێکی تردا ناومان هێنا ئەوینی کچە پەرییەکی قەزوینی، دەستی لە دڵە ساوا و ١٧ ساڵانەکەی عارف وەشاند و شەیدای خۆی کرد... عارف داوای کرد و کەسوکاری ڕازی نەبوون بیدەنێ، عارف هەر تکای داواکردنی دەکرد و ماڵی یار ڕازی نەدەبوون... عارفیش ناچار بەنهێنی مارەی کرد؛ ماڵی کچە هەڕەشەی مەرگیان لێکرد. عارف ماوەی ساڵێک بۆ ڕەشت هەڵات و بەهیوای دڵنەرمبوونی ماڵی یار، هاتەوە قەزوین، هەر ڕازی نەبوون... دووبارە عارف بەرەو تاران سەری خۆی هەڵگرتەوە... دوای ماوەی ساڵێک دیسان چۆتەوە قەزوین و... ئیتر کە زانیویێتی ئەم کچەی بۆ نابێ، ناچار بووە دەستبەرداری بێت...

لەبەرئەمە تا مرد، هەر بەم سەرمایەی ئەوینەوە ژیاوە و ئیتر ژنی نەهێناوە و بەرەبەنی ماوەتەوە(١٦،١٧).... بەڵام دڵە هەمیشە سەوزەکەی عارف پڕ بوو لە جگەرگۆشی سروودی گەرم و شۆڕشگێڕانە، کە بوونە مایەی سەروەریی هونەری مۆسیقا و وەرسووڕانێکی تازە لە مۆسیقای ئێرانیدا.

لای مەلای جزیری و مەولەوی «تاوەگۆزی»ش سەلما و عەنبەرخاتوون ناوێکی شیرین بوون؛ کە لەگەڵ گەردوون و کردگاردا تێکەڵ بوون و بەهەردووکیان شیعری فرمێسکاوی و هەمیشە تەڕ و نەمریان بەم دوو شاعیرە دڵ پڕ ئاسۆیە هەڵقوڵاندووە... لای «نالی»ش حەبیبە بوو؛ کە بووە مایەی سەوداسەری سەرهەڵگرتن و جوانی و گریان و هەزاران خەون



و ئاواتی ناکامی و مەرگی دورە وڵاتی و شیعری غەریبایەتی بەئەدەبی کوردی بەخشی...

لای «ئاراگۆن»ی شاعیری مەزنی فەرانسەیی، چاوە ئەفسووناوی و سیحراوییەکانی ئێلزا و... لای وەلی دێوانەی شارەزوور و حەمە **ئاغای** دەربەندفەقەرە و... لای...لای...

کەچی هەرچی چووم بەشوێن سەرەداوی هەواڵێکی ئەم ئەوینەدا؛ ئەم مامۆستایەی



عارفی قەزوینی

**سەییدد**ا لای خزمان و ناسیاوانی **سەیید** و لای پیرانی بەساڵاچووی شاری سنە و گوندی **سەڵەواتئاوا**... مخابن هیچم دەستگیر نەبوو... تەنانەت لای هەندێ لەوانەی **سەڵەواتئاوا** کە پرسیارم لەو بارەیەوە لێدەکردن، ڕوویان گرژ دەکرد!.

وەک بڵێی: ئەوینی **سەیید**؛ مامۆستای **سەیید**، هەر تەنیا ئەوینی عیرفانی بووە... لای مامۆستا نەجمەدینی تەوحیدی پرسیاری ئەم مەبەستەم لێکرد، پێمی وت: ئەو کاتەی کە **سەیید** لەسەر بانگهێشتی خەڵکی مهاباد و بۆماوەی مانگێک زیاتر ئاهەنگی گۆرانی وتنی گێڕا، هەر کاتێ گۆرانی بگوتبا، سەرنجم دەدایە، چۆڕچۆڕ دەگریا...! لای خانمێکی بەساڵاچووی هاوتەمەنی **سەیید** و **سەڵەواتئاوا**یی پرسیارم کرد:

* جەنابتان سەییدتان لە نزیکەوە دیبوو؟

– بەڵێ.

* پیاوێکی جوان بوو؟

– بەڵێ.

* چۆن و کەدی دیبووتان

– ئێمە ڕایەی ئەوەمان نەدەکەوت، ئەگەر **سەیید** دەربکەوێ، ڕووبەڕوو سەیری بکەین... **سەیید** پیاوێکی سەنگین و بەشکۆبوو، هەر کە لەناو دێ دەرکەوتبا، ئیتر هەر ئافرەتێ کە لەبەر دەرگای ماڵەکانیاندا دانیشتبا، ڕایاندەکردە ژوورەوە.

* ئەی فەرمووتان لە نزیکەوە دیوتانە چۆنتان دیبوو؟

– لەودیوی پەنجەرەی ماڵەکانمانەوە.

* ئەی لە کەستان نەبیستووە **سەیید** دڵی بەئافرەتێکەوە بووبێت، یان حەزی لە ئافرەتێک کردبێ؟

– تکایە ئەم قسانە لە **سەڵەواتئاوا** مەکەن.(١)

(١) لەم سەفەرەدا کاک حسەین مەولایی، کاک بێهرووز سەڵەواتئاوایی و کاک «شێخ عومەری شێخ کەریم»ی سلێمانی ئامادەبوون.

# چۆن و کەی و لە کوێ سترانەکانی تۆمار کرد؟!

هەموو ئەو نووسەرانەی پێشتر ناومان هێنان و لەسەر **سەیید** نووسیویانە، سەبارەت بەساڵ و چۆنێتی و جێگەی تۆمارکردنی دەنگی **سەیید** شتیان نووسیوە، هیچیان بەتەواوی وەکو خۆی نەیانسەلماندووە کە **سەیید**، کەی و چۆن و لەکوێ سترانەکانی تۆمار کردووە. لەبەرئەوە هەریەکەیان بیروڕای جیاجیا و دوور لەیەک و بێ توێژینەوە و بێ بەڵگەیان نووسیوە. یان هەندێکیان شوێن بیر و بۆچوونی هەندێکی تری پێش خۆیان کەوتوون. سەیریش لەوەدایە ئەم نووسەرانە، کاتێ ئەم بیروبۆچوونانە دەنووسن، هیچیان لای خۆیانەوە دوودڵی و ئەگەر و گومانێک ناهێڵنەوە و بەوپەڕی دڵنیاییەوە ئەم هەواڵانە دەنووسن؛ کە هەر بۆ نموونە بیروڕای هەندێ لەم نووسەرانە دەخەینە بەرچاو:

١- **داراغا**: «... سەی ئەسکەر لەسەر خواست و داوای کۆمپانیای **بەیزافۆن** ڕووی کردە تاران، کە دەنگ و هونەرەکەی تۆمار بکات؛ لەوێ ١٧ «**قەوان**»ی دەرکرد.» (٥,٣٩)

٢- موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی: «... کە تەمەنی گەیشتە نزیک بیست ساڵی، ڕووی کردە تاران و لەکۆمپانیای **بەیزافۆن** گۆرانییەکانی تۆمار کرد.» (٢٤)

٣- **کەمەندی**: «... تەمەنی **سەیید** لە ٤٠ ساڵ تێپەڕی کردبوو؛ کە کۆمپانیای **پۆلیفۆن** نزیکەی ٣٠ گۆرانی لەسەر **قەوان** بۆ تۆمار کرد... کۆمپانیای **پۆلیفۆن** یەکەمین و تەنیا کۆمپانیایەکی **قەوان** پڕکردنەوە بوو لە ئێراندا کە بەهۆی **ئاڵمان** (!) یا **ئینگلیز** (!)ەوە لە ئێراندا دامەزراوە» (٨,١٨)

٤- عوسمان شارباژێڕی: «... هەر لە تافی ژیانیدا (!) سەرۆکی کۆمپانیای **پۆلیفۆن** بانگهێشتنی دەکا بۆ تاران...» (٧٩,٤٧)

٥- ڕەزازی: «... **پۆلیفۆن** کە شەریکەیەکی **ئینگلیزی** بووە (!) نزیکەی ٣٠ گۆرانی (!) بۆ تۆمار دەکا...» (١٧,٤١)

٦- مەلا ساڵحی ئیبراهیمی: «... لە تەمەنی ٤٧ ساڵیدا بۆ تواف چۆتە عێراق و دوو چریکەی بەلوڕی تۆمار کردووە...» (٣٦٤,٢)



٧- ئەیازی: «... ساڵی ١٣١٠ی هەتاوی -١٩٣١ز (!) کۆمپانیای «**گرامافۆن**»ی **ئاغا**سی ژمارەی ١٣ دەسگای بۆ پڕکردنەوە...» (٦٦٣,٢)

بەڵام بەرلەوەی بەراوردی ئەو بیروبۆچوونانە و چۆنێتی و مێژووی تۆمارکردنی دەنگی **سەیید**، لەسەر **گرامافۆن** بکەین؛ بەپێویستی دەزانم مێژووچەیەکی هێنان و هاتنی ئامێری **گرامافۆن** بۆ ئێران باس بکەم؛ کە بەهۆی ئەم بەسەرکردنەوەیەوە دەتوانین ناوی کۆمپانیاگەل و ساڵی هاتنیان و ئەو مۆسیقاژەنانەش بزانین کە لەگەڵ هەریەکێک لەم کۆمپانیاگەلی **گرامافۆن**ەدا کاریان کردووە.

بەرلەوەی **قەوان**، یان وەک کوردانی ئێران پێی دەڵێن **سەفحە**، بەم شێوەیەی دوایی دروست بێت، لەسەرەتادا دەنگ لەسەر لوولەیەکی مۆمین و بەئامێری فۆنۆگراف تۆمار دەکرا؛ ئەم ئامێرە تۆماس ئەدیسۆن دایهێنابوو. (٢٣,٩) لەدوا ڕۆژانی دەسەڵاتی ناسرەدین شا (١٨٣١-١٨٩٦ز)دا، دوو ئامێریان لەمجۆرە بۆ ئێران هێنابوو.

دوای کوژرانی ناسرەدین شا (١٨٩٦ز) و هاتنی موزەفەرەدین شا (١٨٩٦-١٩٠٦ز) چەند دانەیەکی تریشیان لەم ئامێرە هێنایە ئێرانەوە. بەڵام هەر دوای هێنانی **گرامافۆن** ئیتر ئامێری پێشووی باوی نەما.

تۆمارکردنی دەنگ لەسەر **قەوان** لە دواڕۆژانی دەسەڵاتی موزەفەرەدین شادا، واتە: لە ساڵی ١٩٠٦ز، دا دەستی پێکرد. کۆمپانیای **گرامافۆن** و تاپیکردن لە تاران دامەزران؛ کە لەبنەڕەتدا کۆپانیایەکی ئەمەریکایی بوو(١٣٣,٩)، ئەم «**قەوان**»انە بەبێ کارەبا و بەشێوەی ئاگوستیک تۆمار دەکران. یەکەمین دەستەی ئەوانەی لەم ماوەیەدا کاریان لەسەر ئەم «**قەوان**»انە تۆمار دەکرا، بریتی بوون لە: نایب ئەسەدوڵڵا، نەی(٦٥,١٢,٦٩)؛ میرزا عەبدوڵڵا (١٨٤٣-١٩١٨ز)، تار(٤٨,٤٤,١٢)، **ئاغا** حسەینقولی (١٨٥٣-١٩١٦ز)، تار(٥٥,٤٩,١٢)؛ میرزا غولامڕەزای شیرازی، تار(٢١,٢٢)؛ دەروێشخان (١٨٧٢-١٩٢٦ز)، تار؛(١٢,١٠٩-١١٢)، باقرخان، کەمانچە(١٢,٧١-٧٢)؛ عەلی ئەکبەر شاهی (١٨٥٧-؟)(٤٣,٢٢) و(٦٠,١٢) و حەسەن خان(٩٨,١٢) و(٢١-٤٣) سەنتوور؛ ئاقا حسەینقولی(٩١,١٢) و تاهیرزادە (١٨٤٥ز-؟)(٩٥,١٢) لاواندنەوە؛ **سەیید** ئەحمەد خان(٨٨,١٢) و نایب سەڵتەنە(٧٠,١٢) و قوربان خان - ئاواز(٦١,١٢)... یەکەمین کەس کە دەنگی لەسەر ئەمجۆرە «**قەوان**»انە تۆمار کرا، جەناب دەماوەندی(٩٣,١٢) بووە(١٣٤,٩)

نوێنەری ئەم کۆمپانیایە ناوی خواجە هامبارسۆن(١٣٤,٩) بوو، «**قەوان**»ەکانی ئەم

خوله، قورساییان ٣٧٥ گرەم و لەسەر یەک ڕووی **قەوان**ەکان دەنگ تۆمار دەکرا... دوای ئەم ماوەیە کۆمپانیاگەلی: **هیزماستەر زویس**، **پۆلیفۆن**، **کۆلۆمبیا**، ساڵی یەک دووجار پسپۆرانی خۆیان دەنارده ئێران؛ کە هەر جارەی ١٠٠ قاڵب «**قەوان**»یان بۆ پڕکردنەوە دەنارد. ئەم پسپۆڕانە تا ئەو کاتە ئامێری میکرۆفۆنیان نەبوو، بەڵکو ئامێرێکی لە شێوەی شەیپوور و کەڕەنا، یان «سوورنا: زوڕنا)یەکی گەورەیان بەکاردەهێنا(١٣٤,٩). مۆسیقا ژەنان، یان گۆرانیچڕان دەبا هەریەکەیان لەبەر یەکێک لەم سوورنا گەورانەدا دانیشن، تا «**قەوان**»ەکە پڕبکەنەوە(١٣٥,٩). لەو ژمارە (١٠٠) «**قەوان**»ەی کە دەهێنران، لە ئاکامدا هەر ٣٠-٤٠ دانەیەکیان بەڕێکوپێکی دەنگیان لەسەر تۆمار دەکرا؛ چونکە قاڵبەکان لە کەرەسەیەک بوو وەک مۆم و ئەستوورایی نزیکەی ٢ سانتیمەتر دەبوون و دەبا لەجێگەیەکی گەرمی تایبەتدا بپارێزرێن. هەر بۆیەش ئەو قاڵبانەی کۆمپانیاکان بۆ پڕکردنەوە دەیانناردن، زۆریان بەلاوە شیرین بوون، هەر کاتێ گۆرانیبێژ، یان مۆسیقاژەنێک هەڵەیەکی بکردایە؛ زۆر بەتووڕەییەوە قاڵبەکانیان بۆ دەگۆڕین(١٣٥,٩). بەدیع زادە (١٩٠١-١٩٧٩ز)(٢١٧,١٧) لەم بارەیەوە دەڵێ: جارێک بڕیار بوو لەگەڵ عەبدولحسەین شەهنازی (؟-١٩٤٨ز)(١٧٤,١٢)، «**قەوان**»ێک پڕبکەینەوە، شەهنازی یەکێک بوو لە بەتواناترین تار ژەن و زۆریش توند و بەهێز تاری دەژەند. لەبەرئەمە زۆر تار بەرگەی نەدەگرت و ژێیەکانی لەبەردەستیدا دەپچڕان، «**قەوان**»ەکانیش کە دەبا پڕبکرێنەوە، نزیکەی ٣/٥-٤/٥ دەقیقەی دەخایاند...

ئەو ڕۆژە چەند جارێک، دوو دەقیقە دوای دەستپێکردن؛ ژێیەکانی تارەکەی پسان، کابرای «**ئینگلیز**»ی ناچار بوو چەند جارێک قاڵبەکان بگۆڕێ، تا لە ئەنجامدا بۆ جاری چوارەم، یان پێنجەم بوو، ئیتر هەر یەکسەر لە ژوورەکە چووە دەرێ و دوای یەک دوو دەقیقە، بەباوەشێ تەلەوە، کە هەمووی تەلی کارەبای ڕەنگ ڕەش بوو، هاتەوە ژوورێ و بەتووڕەییەوە وتی: ئەم تەلانە بەکاربهێنە و ئیتر ناپسێن(١٢٥,٩)...

ئەم قاڵبانەیان بەپڕکراوەیی دەناردەوە بۆ ئەو وڵاتانەی مەڵبەندی کۆمپانیاکان، تا لەبەریان بگیرێتەوە و دووبارە دەهێنرانەوە بۆ ئێران و ئەوسا دەفرۆشران... ئەوانەی لەم قۆناغەدا «**قەوان**»یان لێ تۆمار کراوە، بریتی بوون لە (ئیقباڵ سوڵتان ١٨٧٣-١٩٧١ز)(٢١٢,١٢)؛ قەمەرملووک وەزیری (١٣٥,٩) و(١٩٢,١٢) و ڕووح ئەنگیز (١٩٠٤-١٩٨٤ز)[٢٠٧,١٢-٢١٠] و ئەدیب خانساری (١٩٠٤-١٩٨٢ز)(٢١٣,١٢) و بەدیع زادە(١٣٥,٩)



ئەمە تا ساڵی ١٩٠٨ز، درێژەی کێشا. دوای ئەوە دوو کۆمپانیای تر بەناوی ڕۆیاڵ ومۆزیکاڵ بۆ ماوەی شەش مانگ هاتنە ئێران. بەڵام ئیتر لەمەبەدواوە «**قەوان**»ەکان نەدەبرانە دەرەوە بۆ پڕکردنەوە؛ تا لە بەریان بگیرێتەوە، بەڵکو ئامێری لەبەرگرتنەوەیان هێنا؛ کە هەر ڕۆژەی نزیکەی ٢٥ «**قەوان**»یان لەبەر دەگرتنەوە.(١٣٦,٩)

ئەم شێوە **قەوان** پڕکردنەوەیە، لە ساڵانی ١٩٠٦ز تا ١٩١٥ز-ی خایاند. ئیتر دوای ئەم ماوەیە بەهۆی هەڵایسانی ئاگری شەڕی یەکەمی جیهانەوە، ئەمکارە ڕاوەستا؛ چونکە کەمبوونەوەی کەرەسەی خاوی ئەم بەرهەمهێنانە، تۆمارکردن و هێنانی «**قەوان**»یشی بۆ ماوەیەک ڕاگرت. تەنانەت ژمارەیەکی زۆریش لەم «**قەوان**»انە، کاتێ بەپڕکراوەیی؛ بەمەبەستی لەبەرگرتنەوەیان «تاتیراژیان زیاتر بێت» برابوونەوە مەڵبەندە جیاجیاکانی وڵاتانی ئەوروپا، کەوتنە بەر بۆمبابارانی جەنگەکە و تاماوەی نزیک ١٠ ساڵێک، کاری **قەوان** تۆمارکردن ڕاوەستا. ئەم خولەی **قەوان** تۆمارکردنە؛ دەکەوێتە ڕۆژگاری دەسەڵاتی ئەحمەد شای قاجار، کە لە زیلحەجەی ١٣٣٢ی **هیجری** ١٩١٤ز،دا، بانگی بێلایەنیی ئێرانی ڕاهێشت. هەرچەندە نەیتوانی ئێران لە پریشکی ئاگری جەنگەکە بپارێزێ، بەڵکو ئێران خۆی بووە مەیدانێکی پڕ لە هەرای جەنگەکە.

بەڵام هەر دوای بڕانەوەی جەنگەکە و برەو پەیداکردن و بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامە و دەسگاکانی ڕاگەیاندن و پیادەکردنی شانۆنامە و بڵاوکردنەوەی گۆرانی و سروودی نیشتمانییانە لەناو خەڵکدا لەلایەکەوە و ڕۆیشتنی ئەحمەدشای قاجار بۆ ئەوروپا و دواییهاتنی دەسەڵاتی بنەماڵەی قاجارەکان و هاتنی ڕەزاشا (١٩٢٥ز)، لەلایەکی ترەوە، لاپەڕەیەکی تری مێژووی ئێران هەڵدرایەوە(١٣٦,٩).

لەدوای ئەم ماوەیە و ڕاستتر: لە دەوروبەری ساڵی ١٩٢٧ز،دا، دووبارە تۆمارکردنەوەی **قەوان**-یش سەری هەڵدایەوە و تیپی مۆسیقا و ئاهەنگگێڕانی مۆسیقاش دەستی پێکردووە. لەم خولەدا ئەو دەستەیەی پێشتر دەنگ و ئاوازیان تۆمارکرابوو، بەهۆی پیربوون، یان مردنی هەندێکی تریانەوە، هیجیان لێ تۆمار نەکرایەوە؛ وەک نموونەی: میرزا حسەینقولی، میرزا عەبدوڵڵا، نایب ئەسەدوڵڵا (نەیژەن).

لەم دەورەیەدا کۆمپانیایەکی **ئینگلیزی** بەناوی **هیزماستەر زویس** تەواوکەری کاری «**گرامافۆن**»ی The gramophne Co.Itd بوو؛ کە وێنەی سەری سەگێک و سەرە سوورنایەکی گەورەی پێوەبوو. لەم **قەوان**انەدا لەسەر هەردوو ڕووەکەی دەنگ تۆمار دەکرا،







وێنەی ڕووی (١) و (٢)ی مەقامی «سێگا»کەی سەیید کە لە کۆمپانیای گرامافۆنی پۆلیفۆن پڕکراوەتەوە.



بازنەکەی ٢٥ سانتیمەتر بوو. کۆمپانیایەکی تری ناودار، بەناوی **پۆلیفۆن** Polephpne، کە **ئاڵمان**ی بوو، لە ساڵی ١٩٢٧ز-دا دەستی بەکار کرد و ئەمیش لەسەر هەردوو ڕووەکەی دەنگ تۆمار دەکرا و بازنەکەی ٢٧ سانتیمەتر بوو.

ئەم دوو کۆمپانیایە لەبەربەرەکانێدا بوون. لەم کۆمپنیایدا گۆرانبێژی بەناوبانگ قەمەرملووک وەزیری ژمارەیەک «**قەوان**»ی تۆمار کرد. قەمەرملووک لە کۆمپانیای «**هیزماستەر زویس**»ی پێشینە، لەگەڵ برایان: (مورتەزاخانی نەی داوود ١٩٠٠-١٩٩٠ز، تار)(١٦٩,١٢) و موساخانی نەی داوود (١٩٠٧-١٩٩٣ز- ویۆلۆن) هاوکارییان کردووە. بەڵام لە «**پۆلیفۆن**»دا، جارجارە ئەمیر ئەرسەلان خانی دەرگاهی (١٩٠٢-١٩٧٣ز)یش(١٧٣,١٢) بەتار هاوکاری قەمەری کردووە. لەم خولەدا ئەو دەستە هونەرمەندانەی مۆسیقایان لەگەڵ قەمەردا تۆمار کردووە، ئەمانە بوون: سەلیم خان ویۆلۆن و تار،(٢١٧,١٢) مورتەزاخانی نەی داوود تار، موبەشیرخانی قەوام(٢١١,١٢) و یەحیاخانی زەڕین پەنجە (١٨٥٣-١٨٩٢ز)(٢٤,٢١-٢٥) و عەبدولحسەین شەهنازی «تار»، مەهدی خانی نەوایی ئیسفەهانی (١٨٧٩-١٩٤٧ز) نەی(١١٧,١٢)، مسیۆهایکۆ «کەمانچە»(١٩١,١٢)، دەستەیەکی قەفقازی «ئاواز»: قولیخان(٨٩,١٢)، مادام پەری ئاقا بابایۆف(٢١١,١٢)، ئەختەرخانم(٢١٠,١٢)، ئیران دەولە(٢١٠,١٢)،... چەند «**قەوان**»ێکیش لەلایەن ئەدیب خوانساری و پەروانە(١٧٥,١٢)، کە حەبیب سەماعی

(١٩٠١-١٩٤٦ز)(١٧٥,١٢) سەنتووری لەگەڵ لێدوان و دوای ئەمانیش هەندێ «**قەوان**»ی تر، بەئاوازی بەدیع زادە و ئێقباڵ سوڵتان تۆمار و بڵاوکرانەوە.(١٤٢,١٢). هەر لەپاڵ کۆمپانیای «**پۆلیفۆن**»دا؛ کۆمپانیاگەلی **قەوان** پڕکردنەوەی تریش دامەزرابوون، کە ئەمانیش هەر «**ئاڵمان**»ی بوون؛ وەک: بایدافۆن، **ئەدیئۆن**، **پارلیفۆن**... لەبەرامبەریاندا کۆمپانیاگەلێکی ئەمریکاییش دروست بوون، کە لەگەڵ یەکتردا لەبەربەرەکانێدا بوون.(١٤٧,٩)

دوای هاتنی «**قەوان**»ی تر، کە بەکارەبا پڕ دەکرانەوە (بابرق پرشدە) بۆ بازاڕەکانی ئێران؛ کڕیارانی **قەوان**، چێژێکی تازەتریان لە بیستنی **قەوان** کرد، چونکە هەستیان کرد جۆری دەنگە تۆماکراوەکان باشتر بوون. لەم «**قەوان**»انەدا تاری کۆلۆنێل عەلینەقی وەزیری (١٨٨٧-١٩٧٩ز)(١٣٤,١٢) و مورتەزاخانی نەی داوود خۆشتر و چاکتر دەبیستران.(١٤٤,١٢)

جگە لەو «**قەوان**»ە باسکراوانەش، ، هەندێ «**قەوان**»ی تر، کە هەر لەکۆمپانیای **پۆلیفۆن** و بەکارەبا پڕکرابوونەوە، دوو نموونەی تری تاک ژەندن هەبوون، کە هەردووکیان (مەهدی خانی نەوایی ئیسفەهانی) بەنەی تۆماری کردوون؛ یەکێکیان مەقامی دەشتی و ئەوی تریشیان «**قەوان**»ێکی بەیاتی تورک و «راک»ی عەبدوڵلا بوو.

ئەوانەی لەگەڵ هاتنی کۆمپانیای «**پۆلیفۆن**»دا، مۆسیقایان لە «**قەوان**»ەکانیدا تۆمار کردووە؛ ئەمانە بوون: ئەمیر ئەرسەلان دەرگاهی تار و مورتەزاخانی نەی داوود تار.

«**قەوان**»ەکانی **پۆلیفۆن** لەدوو خولدا تۆمار کراون؛ خولێکیان کاغەزی سەر «**قەوان**»ەکانی، ڕەنگی سووربوو، خولی دووەمیان ڕەنگی کاغەزی سەر**قەوان**ەکان زەرد بوون؛ کە هەر ئەمجۆرەشیان لەوی پێشوو باشتر بوو. (١٥١,٩)

شایانی باسە بڵێین: گۆرانیبێژی بەناوبانگی ئێران قەمەرملووک وەزیری زۆرترین و پاکترین و چاکترین گۆرانییەکانی خۆی، لەم کۆمپانیای «**پۆلیفۆن**»ە پڕکرۆتەوە.

ئەم بەسەکردنەوە چڕ و خێرایەمان تا ئەو مێژووە هێنا؛ کە کاری ئێمەی تێدا دەبینرێ، واتە: تا ئەو مێژووەی کە **سەیید** دەنگی خۆی لەسەر **گرامافۆن** تۆمار دەکات... لەم بارەیەوە چەندان بەڵگەنامەمان لەبەردەستدان، کە بریتین لە:

١- نامەیەکی **سەیید** بەخەتی خۆی، بۆ باڵیۆزی دەوڵەتی میسر لە ئێران، کە مێژووی پێوەنییە و تیایدا گلەیی و گازندە لە نوێنەری کۆمپانیای «**گرامافۆن**»ی «بەیدافۆن، **بەیزافۆن**، بدافۆن» دەکات؛ کە ناوی میرزا یەعقووب هەمەدانی بووە، لەسەر ئەوەی نوێنەری ناوبراو، چەندان جار تەلەگراف و نامە و تەلەفۆنی تایبەتی لە تارانەوە بۆ **سەیید** کردووە، تا گۆرانیگەلی **سەیید** لە کۆمپانای ناوبراو تۆمار بکەن.

**سەیید**یش بەدەم ئەم چەندان بانگهێشتنانەوە چۆتە تاران، بەڵام نوێنەری کۆمپانیای ناوبراو، پەیمانشکێنی لەگەڵ **سەیید** کردووە؛ کە بەچاکی دەزانم درێژەی ڕووداوەکە، وەکو خۆی کە بەختی **سەیید** خۆی و بەزمانی فارسییە لەپێشدا بخەینە بەرچاو، ئەوسا سەرنجی لەسەر دەربڕین:







موقع محترم سفارت جلیل القدر دولت
شاهنشاهی مصر مقیم دربار ایران روحیفداه

اجمالاً بذکر پیش آمدی کة تقریباً بافنای فدوی مساویست خاطر مبارك رامصدع میشوم فدوی: سیّد علی اصغر ابراهیمی کُردستانی واز سادات تسنّن آن صفحات میباشد، در سه‌ماه قبل و در موقعی که بمختصر آب و خاك و رعیّتی خود که وسیلهء إعاشهء فامیلم بود رسیدگی میکردم، نه برضیات بلکه باجبار بموجب تلگرافات و مراسلات و تلفنی که از طرف میرزا یعقوب صمیمی همدانی نمایندهء کمپانی بدافون درهمدان برای پرکردن صفحه بتهران حرکت نموده و عایلهء خود رابی سرپرست گذارده که بزودی رجعت کنم، ولی بدون اینکه از طرف مُشارالیه یا کمپانی مزبور قبل از ورود بنده تکلیف در کارم معین نمایند الآن مدهء سه ماه است باتحمل خسارت فوق العاده در مرکز مُعطل و خود میرزا یعقوب هم بدون اطّلاع بهمدان مراجعت کرده. مختصر اعتنا و توجهی هم ننمودند، در نتیجه وضعّیت زندگی ام گسیخته شده و سرگردان مانده‌ام، فقد چارهء که بعقیدهء خود سُراغ کرده‌ام استمداد از یکنفر نمایندهء رسمی اسلامی است که بملاحظهء تعصّب دیانت و مذهب نگذارند حق یکنفر سید متدّین پایمال شود و فدوی بی التفاتی یکنفز خارج مذهب بشود بارعایت وجدان و شرافت همیشگی که‌در وجودهر فرد مصری نجیب سُراغ دارم متوسل بآن مقام محترم میشوم که امر فرمائید که بشکلي مقتضی است کمپانی مزبور حق مُسلّم و خسارت وارده فدوي راجبران نماید که آسوده بولایت مراجعت کنم، والاّ مادم که بحق خود نرسیده‌ام در کنف حمایت آن سفارت محترم بحالت تحصن باقی خواهم بود. دیگر بسته برأی مبارك است.



**فدوی اصغر ابراهیمی کردستانی**

### ماناکەی بەکوردی «پوختەکەی» :

بەڕێز: باڵیۆزی هێژای دەوڵەتی

شاهەنشاهی میسر، لە ئێران، ڕۆحم بەقوربانی بێ

سەرومڕیی شتێکتان عەرز دەکەم، کە لەگەڵ لەناوبردنمدا هاوسانە. بەندە: کە ناوم **سەیید** عەلی ئەسغەری ئیبراهیمی کوردستانی‌یە و لەسەیدە سونییەکانی ئەو هەرێمەم، سێ مانگ لەمەوبەر، کە لەسەر زەوی و زاری خۆم، بژێوی ماڵ و منداڵم بەڕێوەدەبرد، نەک لەسەر ڕەزامەندی خۆم، بەڵکو بەزۆرەملە و بەهۆی چەندان تەلگراف و نامەگەل و تەلەفوونەوە کە لەلایەن میرزا یەعقووبی سەمیمی هەمەدانی نوێنەری کۆمپانیای «بدافون»ی پڕکردنەوەی «**قەوان**»ەوە بۆم کراوە، هاتوومەتە تاران و خێزانی خۆم بێ سەرپەرشت بەجێهێشتووە، تا بەزوویی بگەڕێمەوە لایان، کەچی بەبێئەوەی بەر لەهاتنم لەلایەن نوێنەر و کۆمپانیای ناوبراوەوە؛ کار و بەرنامەم بۆ دیاری بکرێ، ئەوا ئێستا ماوەی سێ مانگە لە پێتەختدا گیر ماوم و زیانێکی زۆرم لێکەوتووە و خودی میرزا یەعقووبیش بەبێ ئاگاداری من چۆتەوە هەمەدان و کەمەکێ لای لێ نەکردوومەتەوە و بایەخی پێنەداوم، لەئاکامدا گوزەرانم لێ شێواوە و سەرگەردان ماومەتەوە. بۆیە بەلای خۆمەوە تەنیا چارە هەر ئەوەیە تکای یارمەتی لە کەسێک بخوازم کە نوێنەری ڕەسمی ئیسلامە، تا بەگیانی بەتەنگەوە هاتنی ئایین و مەزهەبەوە، مافی مرۆڤێکی **سەییدی** ئایینپەروەر پێشێل نەکرێ و نەبمە قوربانی کەمتەرخەمی کەسێکی ئایین جیاواز؛ بەو دیدەشەوە کە ویژدان و شەرەفی هەمیشەیی لە هەر کەسێکی میسری نەجیبدا شک

دەبم، تکام لەو پایەدارە بەڕێزە ئەوەیە شێوەیەکی پێویست بفەرموێ، تا کۆمپانیای ناوبراو مافی ڕەوا و ئەو زیانەی لێم کەوتووە؛ بۆم قەرەبوو بکەنەوە، بۆ ئەوەی بەئاسوودەیی بۆ هەرێمەکەی خۆم بگەڕێمەوە. ئەگینا تا بەمافی خۆم دەگەم، هەر لەناو باڵوێزخانە بەڕێزەکەتاندا بەمانگرتوویی دەمێنمەوە. ئیتر دەمێنێتەوە سەر بڕیاری موبارەکی ئێوە.

**عەلی ئەسغەری ئیبراهیمی کودرستانی**

وەک وتمان کۆمپانیای «**گرامافۆن**»ی بدافۆنیش هەر ئەو ماوەیە هاتۆتە ئێرانەوە کە کۆمپانیاگەلی: **هیزماستەر زویس**، **کۆلۆمبیا**، ئەدیئۆن، **پارلیفۆن** و **پۆلیفۆن** لە ئارادا بوون، واتە هەر لە دەوروبەری ساڵانی ١٩٢٧ز- بەدواوە، لە کار و چالاکیدا بوون. وەک لە دووتوێی نامەکەشدا دەردەکەوێ؛ دیارە کۆمپانیای ناوبراو مەڵبەندەکەی لە تاران بووە و لقێکیشی لە هەمەدان بووە. بەڵام وەک وتیشمان ئەم نامەیەی **سەیید** مێژووی بەسەرەوە نییە و دیسانیش دوای سۆراخێکی زۆر، نەمتوانی نموونەیەکی ئەو تەلگرافانەمان چنگ بکەوێ، کە میرزا یەعقووبی هەمەدانی بۆ **سەییدی** ناردوون؛ تا بەهۆیانەوە مێژووی ئەم بانگهێشتنەی **سەیید** بۆ تاران بزانین. ئەوەشمان لەیاد نەچێ کە ئەم نامەیەمان لای **سەیید** ئیبراهیمی کوڕی **سەیید** عەبدولئەحەدی کورەگەورەی **سەییدەوە** چنگ کەوتووە، نەک بەهۆی باڵیۆزخانەی میسرەوە لە تاران؛ لەبەرئەوە نازانین ئەم نامەیە، کاتی خۆی گەیشتۆتە باڵیۆزخانەی ناوبراو، یان نا؟! دیارە ئەگەر گەیشتبێ، ئێستا نموونەی ئەم نامەیە لە باڵیۆزخانەی ناوبراو پارێزراوە. بۆیە هەر وەک چارەنووسی ئەم نامەیەمان لاروون نییە، ئەوەشمان لاروون نییە کە ئاخۆ باڵیۆزخانەی ناوبراو، لەبەرامبەر ئەم نامەیەدا، چ هەڵوێست و وەڵامێکی **سەییدی** داوەتەوە!... ئەوەی دووتوێی ئەم نامەیە ڕوونی دەکاتەوە، خەمێکی خەست و قووڵی **سەییدە** بەرامبەر بە پەیمانشکێنی کەسێکی «نائیسلام»، کە دیارە میرزا یەعقووبی هەمەدانی سەر بەئایینی حەزرەتی مووسا و مووسایی بووبێت.

لەهەمان کاتیشدا -سەرەڕای پشکنینی زۆرمان- نموونەی هیچ جۆرە قەوافێکی **سەیید**یشمان نەدیوە؛ ناونیشانی کۆمپانیای «بدافۆن»ی پێوەبێت... بۆیە لەلایەکەوە بەهۆی ناوەرۆکی ئەم نامەیەوە، کە **سەیید** لەگەڵ ئەم کۆمپانیایەدا نەگەیشتۆتە ئاکامێکی ئاشکرا و لەلایەکی تریشەوە بەهۆی چنگ نەکەوتنی **قەوانی سەیید**ەوە؛ کە ناونیشانی ئەم کۆمپانیایەی پێوە بێت، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە **سەیید** لەگەڵ ئەم کۆمپانیایەدا هیچ جۆرە **قەوان**ێکی پڕنەکردۆتەوە.





دەقی بڕیارنامەی نێوان سەیید و حەییم حەکاکی «نوێنەری کۆمپانیای گرامافۆنی پۆلیفۆن»

٢- بڕیارنامەیەکمان لەبەردەستدایە، لە نێوان **سەیید** و حەییم حەکاکی بەغدادیدا نووسراوە. ئەم بڕیارنامەیە مێژووی (ڕۆژی ٦ی مانگی ئابانی ساڵی ١٣٠٧ی هەتاوی، بەرامبەر: ١٩٢٨/١٠/٢٧ز)ی پێوەیە؛ کە ئەمە دەقەکەیەتی (وەک خۆی بەفارسی):

آقای سید اصغر شهابی خلف مرحوم آقای سید نظام الدین صلوة آبادی باآقای حیم حکاکی بغدای حاضر شدند. آقای شهابی ملتزم شد از تاریخ حال، که ٦ آبان ماه ١٣٠٧ الی مدت یکسال، که ٦ آبان ماه ١٣٠٨ میباشد موازي (١٠) صفحه دو رو از آواز و صدای کُردی برای آقای حیم پرکردة در مقابل مبلغ هفتاد تومان نقد رایج و نیز ملتزم شد در این مده یکسال مرقوم تا (١٠) صفحه اقای حیم پر از آوازی کُردی نکرده حق نداشتةباشد در جای دیگر و در ماکینه دیگری آواز کُردی بخواند نةدر ایران و نةدر خارج ایران و آقای حکاکي متعهد شد تمام مخارجات آقاي شهابي و ذهاب وایّاب از مال خود باقاي شهابی بدهد با (ده) روز توقف شهابي در طهران وطرفین متعهد گشتة ولازمه خود گردانیدند هر کدام از قنطرات مرقومه تخلف کردند مجاناً مبلغ هفتاد تومان بآن دیگري بدهد، بعد از یك ماه ماشین آقای حکاکي حاضر گردد و آقای شهابی تکاهل از خواندن آواز کُردی از هرقبیل از صفحةهاي او نموده، مبلغ نود تومان از مال خود تحویل حکاکی بدهد، و حضوراً مبلغ بیست و پنج تومان از هفتاد تومان حق العمل آقای حکاکی به آقای شهابی تحویل داد و باقی مبلغ در وقت پرکردن از صفحةهاي مرقومه از آواز کُردی باو تحویل دهد.

تحریراً فی ٦ آبان ماه ١٣٠٧.

لەدامێنی ئەم بڕیارنامەیەوە مۆرێکی خودی **سەیید** لەجیاتی ئیمزاکردنی **سەییدی** پێوەیە، کە لێی هەڵکۆڵراوە: «علی اصغر ابن نظام الدین الحسینی». جگە لەم مۆرەی **سەیید**، چوار کەسی تریش بڕیارنامەکەیان سەلماندووە. کە بریتین لە: «حوجەتولئیسلام، مەردووخی، سەعیدخان» و چوارەمیانم بۆ نەخوێندرایەوە.

هەروەها لەلایەن کۆمیتەی قۆمیسەری مەڵبەندی پۆلیسیشەوە ئیمزا کراوە. لەپاڵ ئیمزای حوجەتولئیسلامیشدا مێژووی ١٣٤٧ **هیجری** پێوەیە: کە دەبێتە ١٩٢٨ز.

دەقی نامەکە بەکوردی:



بەڕێز سەیید ئەسغەری شەهابی[١] کوڕی بەڕێز سەیید نیزامەدینی سەڵەواتئاوایی لەگەڵ بەڕێز حەییم حاکاکی بەغدادی ئامادەبوون. بەڕێز شەهابی هەر لە ئێستاوە کە شەشی مانگی ئابانی ساڵی ١٣٠٧ هەتاوی، ١٩٢٨/١٠/١٧ز، تاماوەی یەک ساڵی تر کە دەبێتە شەشی مانگی ئابانی ١٣٠٨ هەتاوی، ١٩٢٩/١٠/٢٧و، لەسەری پێویست دەبێ ١٠ «**قەوان**»ی دووڕوو بەدەنگ و ئاوازی کوردی، بۆ بەڕێز حەییم حەکاکی پڕبکاتەوە؛ بەرامبەر بە ٧٠ تمەنی دراوی برەودار، هەروەها پابەندی ئەوەشە ئەگەر لەماوەی ئەو یەک ساڵە دیاریکراوەدا، تا ١٠ «**قەوان**»ی لەدەنگ و ئاوازی کوردی بۆ حەییم پڕنەکردەوە، ئیتر مافی ئەوەی نییە لە جێگەی تر و بەئامێرێکی تر، نە لە ئێران و نەلەدەرەوەی ئێراندا ئاوازی کوردی بچڕێ. هەموو خەرجی و مەسرووفاتی بەڕێز شەهابی، بەچوون و گەڕانەوەی و ماوەی ١٠ ڕۆژ مانەوەی لە تاران پێویستە لەسەر گیرفانی بەڕێز حەکاکی بێت. هەردوو لاش پابەندی ئەم بڕیار نامەیە دەبن و هەر لایەکیان سەرپێچی ئەم بڕیارنامە نووسراوەیان کرد، دەبێ ٧٠ تمەن بدات بەلایەنەکەی تر. مانگێک دوای ئەم بڕیارنامەیەش، هەرکاتێ ئامێری دەنگ تۆمارکردنەکەی بەڕێز حەکاکی ئامادە کراو بەڕێز شەهابی هەر جۆرە کەمتەرخەمییەکی لە ئاواز چڕینی کوردیدا بۆ پڕکردنەوەی ئەو «**قەوان**» گەلە نواند؛ دەبێ ٩٠ تمەن لە گیرفانی خۆی بە حەکاکی بدات. ئێستاش پێشەکی بەڕێز حەکاکی، ٢٥ تمەنی ئەو ٧٠ تمەنی مافی کارەی بەبەڕێز شەهابی داوە و پاشماوەکەی تری لەکاتی پڕکردنەوەی «**قەوان**»ەکان بەئاوازی کوردی، دەداتێ.

٦ی مانگی ئابان ساڵی ١٣٠٧ هەتاوی
بەرامبەر: ١٩٢٨/١٠/٢٧ زایین

بەرلەوەی سەبارەت ناوەرۆکی ئەم بڕیارنامەیە هیچ دەربڕم؛ بەپێویستی دەزانم بڵێم؛ ئەو کەسەی ئەم بڕیارنامەیەی لەگەڵ **سەییدا** ئیمزا کردووە، واتە: حەییم حەکاکی بەغدادی، دوای پرسیار و سۆراخێکی زۆرم بۆم سەلماوە کە ناوبراو نوێنەری کۆمپانیای بەناوبانگی **قەوان** پڕکردنەوەی خولی دووەمی **پۆلیفۆن** بووە (٩,٩-١٣٩-١٤١-١٥٥-٢٩٧ هەروەها

(١) وەک لەبەشێکی پێشووی ژینامەی سەییددا، ئاماژەمان بۆکرد، جارجارەش بە «باباشەهابی»، یان «شەهابی» بانگکراوە.

٢٠٥,١٢)؛ كە لەم خولەدا كاغەزی سەر **قەوان**ەكانی، ڕەنگیان زەردبووە.

لەناوەڕۆكی ئەم بڕیارنامەیەدا ئەم ئاكامانەمان لاگەڵاڵە دەبن:

١- حەبیبم حەكاكی بەغدادی نوێنەری كۆمپانیای **قەوان** پڕكردنەوەی **پۆلیفۆن**، كە مەڵبەندی لە تاران بووە، خۆی لە تارانەوە هاتووە بۆ سنە بۆ لای **سەیید**، تا ئەم بڕیارنامەیەی لەگەڵدا ئیمزا بكات.[1]

٢- هاتنی **حەبیبم حەكاكی** لە تارانەوە بۆ لای **سەیید** لە **سنە**، ئەنجامی ناوبانگی دەنگخۆشی پێشینەی **سەیید** بووە لە گۆرانی كوردیدا.

٣- هەر لەبەرئەوەی وتمان **سەیید** پێشتر ناوبانگی دەنگخۆشی لە گۆرانی كوردیدا بەربڵاوبووە، بۆیە لەو چەند دێڕە كەمەی بڕیارنامەكەشدا، لە (٥) جێگەدا (٥) جار **حەبیبم حەكاكی** ئەوە لە **سەیید** دووپات دەكاتەوە كە دەبێ **سەیید**، دەنگ و ئاوازی كوردی لەسەر **قەوان** بۆ تۆمار بكات.

٤- هەر بەهۆی ئەم ناوبانگە پێشینەیەی **سەیید**یشەوەیە، كە میرزا یەعقووبی هەمەدانی «بەگوێرەی گازندەنامەی پێشووی **سەیید** بۆ باڵیۆزخانەی میسر لە تاران» نامە و تەلەگراف و تەلەفۆنی زۆری بۆ **سەیید** كردووە؛ تا **سەیید** بچێتە تاران و لەوێ دەنگی لەسەر **قەوان** تۆمار بكات.

٥- لەم بڕیارنامەیەدا حەبیبم حەكاكی زۆر زیرەكانە ئابڵوقەی ساڵێكی ناوبانگی **سەیید** دەدات، نەك لەو ساڵەدا كۆمپانیاگەلی تر بێن بۆ لای و بڕیارنامەی تۆماركردنی دەنگی لەگەڵدا ئیمزا بكەن. چونكە لەو ساڵانەدا كە ئەم بڕیارنامەیەی تێدا ئیمزا كراوە، چەندان كۆمپانیای تری **قەوان** پڕكردنەوە «كە پێشتر ناومان هێنان» لە گەرمە و جموجووڵی كاردابوون و هەر ئەم ساڵانەش گۆرانبیێژی بەناوبانگی ئێران، خانم قەمەرملووك وەزیری باس و خواسی لە هەڕەتی چالاكی و لووتكەی درەوشانەوەی هونەریدا بووە و ئاهەنگ گێڕانە جوانەكانی لە «ئوتێل گراند»ی سەر شەقامی لالەزاری تاران، سەرتاسەری ئێرانی پڕكردبووەوە(٩,٧١-٢٩١). بەواتەیەكی تر: ڕۆژگاری گەشانەوەی مۆسیقای ڕەسەنی ئێرانی بووە. لەلایەكی تریشەوە هەمان ئەو كۆمپانیای **«گرامافۆن»**گەلەی نوێنەریان لە ئێران بووە، هاوكات لە عێراقیشدا نوێنەریان هەبووە و

(١) بەگوێرەی پرسیاری هاوڕێی بەڕێزم، مۆسقازانی ناسراو: كاك حسێنی یوسف زەمانی (١٩٢٣ز) (١٥٥,٢١) كە خۆی نیشتەجێی تارانە- بارەگای كۆمپانیای ناوبراوكاتی خۆی لەسەر شەقامی لالەزار بووە.



لەگەڵ گۆرانیبێژەكانی كوردستانی عێراقیشدا خەریكی پڕكردنەوەی ئاواز و گۆرانی كوردی بوون لەسەر **قەوان**. بۆیە لەم بڕیارنامەیەدا ڕێگەی ئەوەش لە**سەیید** دەگیرێ كە لە ماوەی ئەو یەك ساڵەدا، لە دەرەوەی ئێرانیش، دەنگی لەسەر **قەوان** تۆمار نەكات.

٦- بەگوێرەی ئەم بڕیارنامەیە، هەر بەتەنیا خودی **سەیید** لەسنەوە دەچێتە تاران و دەستەی مۆسیقاژەنانی لەگەڵدا نابێ. كە دیارە كاروباری ئامادەكردنی مۆسیقاژەنان لە ئەستۆی كۆمپانیای ناوبراو بووە.

٧- بەگوێرەی ئەم بڕیارنامەیە لەسەر **سەیید** پێویست بووە لە ڕۆژی ئیمزاكردنی بڕیارنامەكەوە، واتە: لە٢٧/١٠/١٩٢٨ز-ەوە خۆی بۆ تۆماركردنی گۆرانییەكانی ئامادە بكات؛ بەڵام ئەو بەڵگانەی لەبەردەستماندان ئەوە دەردەخەن كە **سەیید** ماوەی ساڵێك دوای ئیمزاكردنی ئەم بڕیارنامەیە، واتە ساڵی ١٩٢٩ز- دەنگی خۆی لەسەر **قەوان**گەلی كۆمپانیای **پۆلیفۆن** تۆمار كردووە.

٨- ئەم بڕیارنامەیە و ئەو نامەیەی پێشووی **سەیید**، كە بۆ باڵوێزی میسری لە تاران ناردووە؛ هەردووكیان نیشانەی ئەوەن كە **سەیید** خۆی بەدوای تۆماركردنی گۆرانی و دەنگیدا نەچووە و ئەم بڕیارنامەیەش و ئەم یەك ساڵ دواخستنەیشی هەر بەڵگەی ئەوەن كە **سەیید** هەڵپە و پەلەی دەنگ تۆماركردنی نەبووە.

٩- لەم بڕیارنامەیەدا لەسەر **سەیید** پێویست بووە ژمارەی ١٠ گۆرانی كوردی لەسەر **قەوان** بۆ حەبیبم حەكاكی تۆمار بكات، بەڵام بەداخەوە ناوی ئەو (١٠) گۆرانییە لەم بڕیارنامەیەدا نەبراوە، هەرچەندە ئەو بەڵگانەی لەم بارەیەوە چنگمان كەوتوون، ئەوە دەسەلمێنن ئەو ژمارەی (١٠) گۆرانییەی لەم بڕیارنامەیەدا، بەڵێنی تۆماركردنیان دراوە؛ دواتر بۆ هەمان كۆمپانیای ناوبراو تۆمار كراون.

ئەو بەڵگانەی وتمان لەم بارەیەوە دەستمان كەوتوون؛ كۆمەڵێك شیعری جیاجیان، كە لەسەر ٧ پەڕە كاغەزی ئاسایی و ڕووبەری ٢١ × ١٣ سانتیمەتر نووسران، وەك **سەیید**یش خۆی لەسەری نووسیون: زۆربەیان شیعری «مەولەوی تاوەگۆزی»ن[1] ئەم نووسراوانەشمان لەگەڵ تێكڕای شوێنەوارە جێماوەكانی **سەییدا**، بەهۆی **سەیید** ئیبراهیمی كوڕەزایەوە لە ٢٩/١١/١٣٧٥ هەتاوی ١٨/٢/١٩٩٧ز، دەست كەوت.[2]

(١) بەڵام شیعری تریشیان تێدایە، هی مەولەوی نین، لەبەرئەوە وێدەچێ سەیید ویستبێتی بەهۆی ناوبانگی عارفانەی مەولەوی تاوگۆزییەوە شیعرەكانی تریش تێپەڕێنێ.

(٢) بڕوانە پاشكۆكان.

ئەم شیعرانە هەموویان بەخەتێکی زۆر پەلەی خودی **سەیید** نووسراون و زۆربەیشیان ئەو گۆرانییانەن کە تا ئێستا ئێمە ئەو شیعرانە لە گۆرانییە جێماوەکانی **سەییددا** دەبیستینەوە، کە لەسەر «**قەوان**»گەلی کۆمپانیای «**پۆلیفۆن**»ەوە خراونەتەوە سەر نەواری کاسێت. لەسەر هەر لاپەڕێک و لەدامێنی شیعرەکانەوە، مۆر و ئیمزای بەڕێوەبەرایەتی «تشکیلات نظمیه طهران»یان بۆ ئەوە پێوەیە کە ناوەرۆکی شیعرەکانی پەسەند کردووە، واتە: ئیمزا مۆری «تشکیلات نظمیه طهران» لەسەر ئەو شیعرانە ئەوە دەگەیەنن کە ئەم شیعرانە بەرلەوەی بکرێنە گۆرانی، پێشەکی نیشانی بەڕێوەبەرایەتی ناوبراو دراون، تا لەباری ناوەرۆکەوە بڕیاریان لەسەر بدرێ. وا دیارە یاسای ئەو سەردەمە بۆ پەسەندکردن و پەخشکردنەوەی **قەوانی** گۆرانی، وا پێویست بووە گۆرانیبێژان پێشەکی بڕیارێک لەبەڕێوەبەرایەتی ناوبراو، لەسەر تێکستی شیعری گۆرانییەکانیان وەربگرن، ئەوسا مافیان بووە گۆرانییەکانیان لەسەر **قەوان** تۆمار بکەن[٣]. ئیمزا و مۆری بەڕێوەبەرایەتی ناوبراو، ڕەنگێکی زۆر کاڵیان هەبووە، کە بەزەحمەت و بەهۆی یارمەتی هاوڕێم کاک عومەری عەبدوڵڵابەگی‌یەوە بۆمان خوێندرایەوە. لەپاڵ ئیمزا و مۆرەکەشدا بەڕێوەبەرایەتی ناوبراو بەچەند ڕستە و پاڕاگرافێک بیروڕای خۆی لەسەر ناوەرۆکی شیعرەکان بەمجۆرە دەربڕیوە: «اشعار فوق کلام مرحوم سید عبدالرحیم مولوی است کەیکی از عُلماي بزرگ کُردستان بوده و تمام مضامین حکمت و عرفان است «مطالبی سیاسی» الفاظ خارج از نزاکت ندارد، تمام مُرکّب از آیات قرآنی ومطلب عرفاتی است.» واتە: شیعرگەلی سەرەوە، شیعری خوالێخۆشبوو **سەیید** عەبدولڕەحیمی «مەولەوی»ن، کە یەکێکە لە زانا مەزنەکانی کوردستان و ناوەرۆکی هەموویان بریتییە لە پەند و عیرفان. باسی سیاسەت و

(١) لەجێی خۆیدایەتی بۆ ئەوەی خوێنەر ئاگادارییەکی کەمی سەبارەت ئازادی گۆرانی وتنی ئەو سەردەمەی ئێران هەبێ؛ هەر بۆ نموونە بڵێم: زۆر جار بڵاوبوونەوەی ئەو «قەوان»انە گێرەوکێشەی دروستکردووە، چونکە (بۆ نموونە) «قەوان»ێک کە شیعر و ئاوازەکەی هی عارفی قەزوینی و بەدەنگی خانم قەمەرملووک وەزیری تۆمارکرابوو، بەناوی مارشی جمهووری؛ بووە مایەی دەردەسەری بۆ گۆرانیبێژانی تر و فرۆشیارانی «قەوان»، لەبەرئەوەی «قەوان»ی ناوبراو بەفرمانی دەوڵەت لە بازاڕدا کۆکرایەوە وشکاندیان... دواتریش «قەوان»ی ناوبراویان لای هەر کەسێک شک ببردایە، دەکەوێتە ژێر چاودێری دەوڵەت، یان گرتن و سزادانی. (١٤٣,٩-١٤٤). بەمانایەکی تر: ئەو ڕۆژگارە و بەتایبەتیش ئەو ساڵەی سەیید ئەم گۆرانییانەی تێدا تۆمارکردوون، داروباری سیاسەتی ڕژێمی دیکتاتۆری ئەو سەردەمە، لەوپەڕی توندوتیژی و هەڕەشە و گرتن و داپڵۆسیندا بووە و هەر لە هەمان ساڵیشدا بووە یاسای قەدەغەکردنی لەبەرکردنی جلوبەرگی کوردی لەلایەن ڕژێمەوە سەپێنراوە و ئەم یاسایە بۆتە مایەی بێزاری و نارەزایی دەربڕینی جەماوەری کوردستان و لەهەندێ جێگەی تری وەک «موکریان»شدا بووە مایەی ڕاپەڕینی چەکدارانە و یاخیبوون لە ڕژێم، کە ئەم ڕاپەڕینە مەلاخەلیلی هۆمەرئامان ڕابەرایەتی کردووە.



واژەی دوور لە نەزاکەتیان تێدا نییە. هەموویان پڕن لەئایاتی قورئان و عیرفان... یان: «خارج از نزاکت نیست. آزاد است.» واتە: بێ نەزاکەتییان تێدا نییە و ئازادن. یان: «آزاد است.. یان: خارج از نزاکت نیست. آزاد است.» واتە: بێ نەزاکەتییان تێدا نییە و ئازادن.. یان: «آزاد است. کاملا تصدیق شد، اشعار معنی قرآن مجید است. این اشعار معنی وآداب قرآن است.» واتە: ئازادن و هەموویان پەسەند کران. شیعرەکان مانای قورئانی پیرۆزن. ئەم شیعرانە مانا و دابونەریتی قورئانن. زۆربەی شیعرەکانی سەر ئەم ٧ پەڕە کاغەزانە دووجار نووسراونەتەوە. وادیارە ئەم شیعرانە دراون بەدوو بەڕێوەبەرایەتی، چونکە لەگەڵ ئیمزای بەڕێوەبەرایەتی ناوبراودا، جارجارە لەجیاتی «تشکیلات نظمیه طهران»، «تشکیلات نظمیه ایران»یش نووسراون.

وەک وتمان دەقی ئەم شیعرانە، لە گۆرانییە جێماوەکانی **سەییددا** دەبیستینەوە؛ کە لەسەر **قەوان**گەلی «**پۆلیفۆن**»ەوە خراونەتەوە سەر نەواری کاسێت «کە دەقەکانیان لە جێگەی تردا باسدەکەین» بەڵام شیعرەکانی سەر ئەم ٧ پەڕە کاغەزە، کە «تشکیلات نظمیه طهران» ڕێگەی پەخشکردنەوەیانی داوە و مێژوویان لەسەر نەنووسراوە؛ بریتین لە شیعری ئەم گۆرانییانە:[١]

١- مەقامی سێگا.
٢- مەقامی بەیاتی تورک.
٣- مەقامی حیجاز. (ئەبوعەتا)
٤- هۆمایوون.
٥- مەقامی دەشتی.
٦- مەقامی شووشتەری.
٧- مەقامی ئیسفەهان... لەگەڵ بەستە (تەسنیف) گەلی:
٨- یار غەزال.
٩- هەی نابێ نابێ.
١٠- لەنجە و لەنجە.

(١) کە دەڵێین: دەقی ئەم شیعرانە لە گۆرانییە جێماوەکانی سەییددا دەبیستینەوە؛ مەبەستمان ئەوە نییە بڵێین ئەو گۆرانییانەی ئەم شیعرانەیان تێدا دەبیستینەوە، سەروموڕی شیعرەکانیان لەناو شیعرگەلی ئەو «٧» پەڕەیەدایە؛ بەڵکو هەندێ لە گۆرانییەکان، شیعرەکانیان کوتومت وەک شیعری ئەم «٧» لاپەڕەیەیە و هەندێ گۆرانی تریشیان دوو بەیت، یان زیاتر و کەمتری ئەم شیعرانەیان تێدایە -وەک دواتریش ئاماژەیان بۆ دەکەین.



نموونەیەک لەو (٧) لاپەڕە دەستخەتە پەلەیەی سەیید کە لەم لاپەڕەیەدا شیعری گۆرانی: هەی نابێ نابێ، لەنجەولەنجە و حیجاز (ئەبوعەتا) و دوو ئیمزای «تشکیلات نظمیه طهران»ی تێدان.





نموونەیەکی تر لەو (٧) لاپەڕە دەستخەتە پەلەیەی سەیید
کە لەم لاپەڕەیەدا شیعری مەقامی: شووشتەری و زەردی خەزان و هەندێ شیعری تر و ئیمزایەکی
«تشکیلات نظمیه طهران»ی تێدان.

بەمجۆرە ئێستا دەتوانین ئەو ژمارەی (١٠) گۆرانییەی **سەیید** و حەبیم حەکاکی کە دەبوایە **سەیید** تۆماریان بکات؛ هەر بریتین لە دەقی ئەو شیعرانەی لەم حەوت لاپەڕەیەدا بەختی خەتی **سەیید** بە «تشكيلات نظميه طهران» دراون بۆ ڕێگەپێدانیان، چونکە:

١- ئەو ژمارەی (١٠) گۆرانییەی ناوەکانیانمان نووسی، دەقی شیعرەکانیان لە دووتوێی ئەو لاپەڕە باسکراوەدا هەبوون.

٢- هەمان ئەو ژمارەی (١٠) گۆرانییە، دواتر هەر لەسەر «**قەوان**»ی کۆمپانیای **پۆلیفۆن** تۆمار کرابوون و لەسەر ئەم «**قەوان**»انەوە خرابوونەوە سەر نەواری کاسێت.

بەڵام وتیشمان ئەو (٧) لاپەڕەیە شیعری تریشیان تێدایە کە لەتەک شیعری ئەو (١٠) گۆرانییەدا نووسراون و ئەمانیش وەک تێکڕای شیعرەکانی تر «تشكيلات نظميه طهران» پەسەندی کردوون. کەچی دەقی ئەو شیعرانەی تر لە گۆرانی تری **سەییددا** نابیستینەوە...

ئەم سەرنجە ئەو پرسیارەمان لا دروست دەکات بڵێین: ئاخۆ **سەیید** ئەم شیعرانەیشی بەگۆرانی وتوون؟! ئەگەریش وتوونی؛ لەچەند گۆرانیدا وتوونی؟!... بەواتەیەکی تر: ئاخۆ **سەیید** هەر ئەو (١٠) گۆرانییە ناوبراوانەی بۆ ئەم کۆمپانیایە و کۆمپانیای تر وتوون؟!... یان ئاخۆ **سەیید** بەهەمووی چەند گۆرانی تۆمار کردوون؟

ئەمانە هەموویان پرسیارن و هەوڵ دەدەین بەپێی توانا وەڵامیان بدەینەوە.

## چەند گۆرانی تۆمار کردووە؟!

وتمان بیروڕا لەسەر ژمارە و جێگە و ساڵی تۆمار کردنی گۆرانییەکانی **سەیید**، بەپێی ئەو وتار و نامیلکە و نووسینانەی تائێستا، لەماوەی ئەم ٤٠ ساڵەدا لەسەر **سەیید** نووسراون، هێشتا جیاواز و ئاڵۆزە. وتیشمان بەگوێرەی ئەو دوو بەڵگەنامەیەی لەبەشی پێشوودا سەبارەت بەگۆرانی تۆمارکردن باسمان کردن؛ لەیەکەمیاندا دەرکەوت کە **سەیید** گۆرانی بۆ کۆمپانیای بدافۆن: **بەیزافۆن** (BAIDAPHON) تۆمار نەکردووە و ئێمەش لە سۆراخی هەمیشەی ئەم چەند ساڵەماندا بەڵگە و نیشانەیەکمان لەسەر گۆرانی **سەیید** گیرنەکەوتووە؛ پێوەندی بەکۆمپانیای «**گرامافۆن**»ی بدافۆنەوە هەبێ.

بەڵا سەبارەت بەڵگەنامەی دووەم؛ کە لە نێوان **سەیید** و نوێنەری کۆمپانیای گرامۆفۆنی **پۆلیفۆن** «حەییم حەکاکی»دا ئیمزا کراوە، بۆمان دەرکەوت کە بەگوێرەی ئەم بڕیارنامەیە و لەنێوان ساڵانی **١٩٢٨-١٩٢٩**زدا، **سەیید** ئەو ژمارەی ١٠ گۆرانییە بڕیاردراوەی بۆ کۆمپانیای ناوبراو تۆمار کردووە... «بەمجۆرە دەتوانین بڵێین کە **سەیید** لە تەمەنی ٤٧ ساڵیدا ئەم پۆلە گۆرانییەی تۆمار کردووە.» گۆرانییەکانیش وەک بەشیعرە جیاجیاکانی ناو «٧» لاپەڕەی باسکراودا، کە تشکیلات نظمیە طهران پەسەندی کردبوون، توانیمان شیعری ئەم گۆرانییانەیان تێدا ببینینەوە:

١- مەقامی سێگا.
٢- مەقامی بەیاتی تورک.
٣- مەقامی حیجاز.
٤- مەقامی هۆمایوون.
٥- مەقامی دەشتی.
٦- مەقامی شووشتەری.
٧- مەقامی ئیسفەهان.
٨- بەستەی یارغەزاڵ.



٩- بەستەی هەی نابێ نابێ.
١٠- بەستەی لەنجە و لەنجە.

لێرەشدا بەدڵنیاییەوە ئەوە دەسەلمێنم ئەو سۆراخەی ئێمە لەم بوارەدا کردوومانە؛ بۆمان دەرکەوتووە کە **سەیید**، جگە لە کۆمپانیای «**گرامافۆن**»ی **پۆلیفۆن**، هیچ جۆرە گۆرانییەکی بۆ هیچ کۆمپانیایەکی **گرامافۆن** تۆمار نەکراوە. لەم بوارەشدا هیچ بەڵگە و شوێنەوارێکمان چنگ نەکەوتووە... ئەوەشمان لەیادنەچێ کۆمپانیای **پۆلیفۆن** کە **سەیید** گۆرانییەکانی بۆ تۆمارکردووە، مەڵبەندی لە شاری تاران بووە. ئیتر هەر جۆرە بۆ چوونێکی تری جیا لەمە، گوایە فلانە گۆرانی لەشاری بەغداد، یان لەفلانە کۆمپانیای تری **گرامافۆن**؛ تۆماری کردووە، هەمووی بۆچوونی بی بەڵگە و بێ بناغەیە و نازانستییانەیە.

بەڵام کۆی ئەو ژمارە گۆرانییەی لەپاش **سەیید** جێماون و ئێستا لەبەردەستماندان، لەو ژمارەی ١٠ گۆرانییە زیاترن، کە لە بڕیارنامەی نێوان **سەیید** و نوێنەری کۆمپانای «**پۆلیفۆن**»دا هاتوونەتە تۆمارکردن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە دواتر **سەیید** و کۆمپانای «**گرامافۆن**»ی «**پۆلیفۆن**»، بڕیارنامەی تریان بۆ تۆمارکردنی گۆرانی تر، لە نێوان بووبێ؛ کە بەداخەوە ئێمە ئەوانەمان چنگ نەکەوتوون؛ سەرەڕای ئەم دەست نەکەوتنەش وتمان کۆی ئەو ژمارە گۆرانییەی لە **سەیید** جێماون و ئێستا لەبەر دەستماندان، لە ١٠ گۆرانی زیاترن و هەمووشیان هەر کۆمپانیای «**گرامافۆن**»ی «**پۆلیفۆن**» تۆماری کردوون... ئەمەیان چۆنە؟! بابەدوای وەڵامدا بگەڕێین. جارێ پێشەکی با ئەوە بڵێم کە ئەو گۆرانییانەی **سەییدی** لەناو هونەری گۆرانیدا پێناسرا؛ هەر ئەو گۆرانییانەن کە وتمان لەناو ١٠ گۆرانی ناو بڕیارنامەی نێوان **سەیید** و حەییم حەکاکیدا، ناومان هێنان و لەناو ئەمانەشدا بەتایبەتی مەقامەکانی بوون؛ کە پلەوپایەی هونەری گۆرانی کوردی لەناو گۆرانی گەلانی دراوسێدا پێ هەڵکێشا و گەیاندییە لووتکە.

ئەو گۆرانییانەی تریش کە جگە لەو ١٠ گۆرانییەی لە **سەیید** جێماون و ئێستا لەبەر دەستماندان؛ بریتین لە ٤ گۆرانی تر، کە ئەمانەن:

١- ئەی ڕەفیقانی تەریقەت.
٢- کراس کورتێ.
٣- جانی جانانم وەرە.
٤- غەمگین و دڵپەشێوم.

لەم ٤ گۆرانییەش، «**قەوان**»ی(٣) سیانیانمان دەست کەوتوون؛ کە ئەمانیش هەر لە کۆمپانیای «**گرامافۆن**»ی «**پۆلیفۆن**» و ساڵی **١٩٢٩**ز، پڕکراونەتەوە و ئەم ژمارانەیان لەسەرە:

١- جانی جانانم وەرە: **V.41462.**

٢- ئەی ڕەفیقانی تەریقەت: **V.41464.**

٣- غەمگین و دڵپەشێوم: **V.41466.**

ئەم بەڵگەیە، دەمانخاتە سەر ئەو بڕوایەی بەدڵنیاییەوە بڵێین گۆرانییەکەی تریش، واتە: کراس کورتێ؛ هەر لە کۆمپانیای «**گرامافۆن**»ی **پۆلیفۆن** پڕکرابێتەوە، چونکە ئەوانەی بەوردی گوێیان لەم چەند گۆرانییە «ریتمیک»ە گرتبێ؛ دەزانن کە شەقڵ و کەش و هەوای مۆسیقاژەنانی هەموویان، وەک یەکن و هەر لەگەڵ یەک دەستە مۆسیقاژەندا کراون.

لەبەرئەوە وێدەچێ هەر هەمان سەفەری **سەیید** بۆ تاران، بۆ ئەنجامدانی بڕیارنامەی نێوان خۆی و حەبیم حەکاکی، گۆرانییەکانی بووبێتنە مایەی پەسندیی کۆمپانیای ناوبراو و داوایان لێکردبێ گۆرانی تریشیان بۆ تۆمار بکات.

بەمجۆرە ژمارەی ئەو گۆرانییانەی لەبەردەستی ئێمەدان؛ دەبنە ١٤ گۆرانی... بەڵام **سەیید** ئەشرەفی کوڕی **سەیید** و دیسانیش **سەیید** ئیبراهیمی کوڕەزای **سەیید**، بۆمیان گێڕایەوە کە تۆمارکردنی گۆرانییەکانی **سەیید**، بەهۆی سەفەرێکی تایبەتی **سەیید**ەوە بووە بۆ تاران بۆ ئەنجامدانی کاری **سەیید** عەبدولئەحەدی کوڕەگەورەی، کە ساڵی **١٩٢٩**ز- لەپێناویدا چۆتە تاران؛ کارەکەش بریتی بووە:

بەو هۆیەوە کە لەسەرەتاوە وتمان **سەیید** پێوەندی دۆستایەتی لەگەڵ بنەماڵەی **ئاسەف دیوان** دا و بەتایبەتیش لەگەڵ «**سەردار ئەعزەم**»ی کوڕی **ئاسەف دیوان** دا بەهێز بووە و ئەمیش: «**سەردار موعەززەم**»ی ئامۆزای لە تاران، ئەندامی ئەنجومەنی شوورای میللی و نوێنەری پارێزگەی سنە بووە لە تاران. بۆیە **سەیید** داوای لێکردوون کاری ئازادکردنی **سەیید** عەبدولئەحەدی کوڕی، لەسەربازی بۆ جێبەجێ بکەن، بۆ جێبەجێ کردنی ئەم کارەش دەبوایە **سەیید** بچێتە تاران... کاتێ چۆتە تاران، میوانی **سەردار موعەززەم** بووە، کە بێگومان پێشتر ناسیاوییان لەگەڵ ئەمیشدا هەبووە و لەهەمان کاتیشدا ناوبانگی دەنگخۆشی **سەیید**، وای لە **سەردار موعەززەم** کردووە لە دیوەخانەکەی خۆیدا لە تاران، ئاهەنگی گۆرانی مۆسیقا بۆ **سەیید** بسازێنێ و لەم ئاهەنگەشدا مۆسیقاژەنانی تاران



بانگهێشتن بکرێن... ئیتر دیارە کە دەنگخۆشی و شارەزایی **سەیید** لە دەسگاگەلی مۆسیقای ئێراندا لای ئەو مۆسیقاژەنانەش کە ئەو سەردەمە لە تاراندا بوون؛ هەر ئەوانە بوون کە لەگەڵ کۆمپانیاگەلی **گرامافۆن** کاریان کردووە؛ هەواڵ و ناوبانگی **سەیید**یان بەکۆمپانیاگەلی **گرامافۆن** گەیاندووە... بۆیە وەک زانیمان نوێنەری دوو کۆمپانیای **گرامافۆن** لە تارانەوە بەتایبەتی بۆ ئەوە هاتوونەتە سنە بۆلای **سەیید**، تا دەنگی لەسەر **گرامافۆن** تۆمار بکەن.

هەر چۆنێک بێت، لە هەردوو بارەکەدا: ئەگەر **سەیید** بۆ جێبەجێ کردنی کاری عەبدولئەحەدی کوڕی، یان بۆ ئەنجامدانی بڕیارنامەی نێوان خۆی و نوێنەری کۆمپانیای «**گرامافۆن**»ی «**پۆلیفۆن**» چووبێتە تاران، ئەنجام بەوە گەیشتووە کە **سەیید** ژمارەیەک لە گۆرانییەکانی تۆمار بکات و لەم ژمارەیەش ١٤ گۆرانی لەسەر نەوار لەبەر دەستی ئێمەدان؛ کە لەم ١٤ گۆرانییەش، توانیومانە ژمارەی ٩ «**قەوان**»ی ئەم گۆرانییانە چنگ بخەین.

چنگخستنی ئەو «**قەوان**»انەی **سەیید**، کارێکی یەکجار سەخت و دژوار بوو بۆ من، چونکە ئەو «**قەوان**»انەی کاتی خۆی و لەسەردەمی باوی «**گرامافۆن**»**دا** لەبەردەستی خەڵکدا بوون؛ تاتوانیویانە بەکاریان هێناون و ئەوانەشیان کە لە قاوەخانە و چایخانە و شوێنگەلی گشتیدا بوون؛ حاڵیان لەو دەستەیەی پێشوو باشتر نەبووە. بۆیە ئەم دوو دەستەیە هەر دوای لەکارکەوتنی «**قەوان**»ەکان، ئیتر کاریان پێیان نەماوە و لەناویان بردوون. جگە لەوەی وەک لەسەرەتاشدا ئاماژەمان بۆکرد و وتمان داروباری کوردەواری، فێری هەڵگرتن و پاراستن و ڕاگرتنی ئەو جۆرە شتانە نەبووە... دام و دەسگاکانی دەوڵەتیش لە کوردستانی ئێران و عێراق ئەمجۆرە سامانەیان لە ئارشیفی تایبەتیدا نەپاراستووە. لەبەرئەوە ناچار بووم بۆ دەستخستنی «**قەوان**»ەکانی **سەیید**، بیر لەوە بکەمەوە ئەوەندەی دەستم دەگاتە شاران، بەشوێن کۆنە چاپچییەکاندا بگەڕێم.

لەم ڕووەوە شارەکانی «سنە و مهاباد و سەقز و بۆکان و سلێمانی»م کردە پێچاڵی پشکنین. کە بەداخەوە هەر لەسنە و مهاباددا «**قەوان**»م چنگ کەوتن...

لەشاری مهاباد بەهاوکاری دۆستان و هۆنەرمەندان: کاکە محەمەدی ماملێ و **سەیید** ڕەحیمی قورەیشی و کاکە **سەیید** موحەمەدی سەمەدی؛ کە لە ڕۆژانی ١٩٨٨/٦/٢٠ز، بەدواوە، دەستمان پێکرد؛ توانیمان ژمارەی ٨ «**قەوان**»ی کۆن، لای کۆنە قاوەچییەکان چنگبخەین، کە لەم پێناوەدا ئەو دۆستانە بەگشتی و هونەرمەند کاکە محەمەدی مامڵێ

بەتایبەتی، چەندان ڕۆژ، هەر لە بەیانییەوە هەتا ئێوارە و هەندێ جار شەوانیش، بۆ ماڵەوماڵی کۆنە چاپچییەکانی مهاباد، ڕێنوێنی کردووم و لەگەڵمدا گەڕاوە، کە بەیارمەتی هەموویان توانیمان هەر لەشاری مهاباد، ژمارەی ٨ **قەوان** پەیدا بکەین[(١)].

لە شاری «سەقز»یش ٣ دانە و لەشاری سنە و تارانیش چەند دانەیەکی نموونەی دووبارەی ئەم «**قەوان**»انەمان چنگ کەوتن، بەڵام لەو ٣ دانەیەی سەقز دانەیەکیان نموونەی لە شوێنانی تر نەبوون. ئەم ٣ دانەیە هونەرمەند کاک سدیقی زوهری بۆمی پەیداکردن. ژمارەی زنجیرەی «**قەوان**»ەکانیش بەمجۆرەن:

(١) بەپێویستی دەزانم بۆ ئاگاداری ئەوانەی مەبەستیانە، بلێم هەر بەدەم سۆراخی ق«ەوان»ی سەییدەوە ئەم چەند «قەوان»ە کوردییەی تریشم چنگ کەوتن و ئەوەندەی توانرا، پێناسەیانم بۆ ئێرە گواستۆتەوە:
یەکەم: قەواغێکی «غەزالە خانم»ی کۆمپانیای «گرامافۆن»ی پۆلیفۆن، کە دیار بوو لقی هەمان کۆمپانیا لەشاری بەغداد تۆماری کردبوو، چونکە بەعەرەبی ئاوای لەسەر نووسرابوو: «غزاله خانم الكرديه» (ئەمە بۆ یەکەمین جارە ناوی ئەم ئافرەتە گۆرانیبێژە، لە لیستی گۆرانی کوردی (کرمانجی ژووروو) ناوی دەبیسترێ.
ناوی گۆرانییەکەش:
دیوی یەکەم: لەیلێ پیری مالیمان
دیوی دووەم: دەلال گورکی دینۆ
ژمارەی «قەوان»ەکە: V.48150
لە جێگەیەکی تری ئەم قەوانەدا هەر بەعەرەبی نووسراوە: «ممنوع اذاعه هذه الاسطوانه بالراديو»... ئەم «قەوان»ەم هێنایە لای خۆم و تا درەنگانێ پاراستبووم و پیشانی هەندێ دۆستیشمدا؛ بەڵام کۆچ و کۆچباری ماڵ گوێزانەوەی بەردەوام، بەداخەوە «قەوانە»کە شکا... ئەم «قەوان»ە وەک هەموو قەوانگەلی پۆلیفۆن، لە ئەڵمانیا و ساڵی ١٩٢٨ز- تۆمار کرابوو.
دووەم: ژمارەی ٤ «قەوان»ی هونەرمەندی ناسراو «کاوێس ئاغا»؛ کە سیانیان کۆمپانیای بەیزافۆنBAIDAPHONی ئەڵمانی و چوارەمیان کۆمپانیای «اسطوانات نعيم» واتە: «قەوان»گەلی نەعیم» پڕ یان کردوونەتەوە... ئەم «قەوان»انەش دیاربوون لە شاری بەغداد پڕکرابوونەوە، چونکە بەعەرەبی لێیان نووسرابوو: «کاوێس آغا، المطرب الكردى المشهور، واتە: گۆرانیبێژی بەناوبانگی کوردی». هەروەها: «ممنوع اذاعه هذه الاسطوانه بالراديو پەخشکردنەوەی ئەم «قەوان»انە لە ڕادیۆ، قەدەغەیە».

ناوی گۆرانی و ژمارەکانیشیان ئاوا بوو:
* دیوی یەکەم: دڵبەرێ-یانێ
* دیوی دووەم: یانێ-دڵبەرێ:
ژمارەکەیشی ئاوا بوو B.092174
* دیوی یەکەم: حەیران
* دیوی دووەم: حەیران
ژمارەکەیشی ئاوابوو: B.090150
* گەنج خەلیل: هەر دوو دیوەکەی هەر «گەنج خەلیل»ە
ژمارەکەیشی ئاوابوو: B.090051 =



١- بەیاتی ئیسفەهان «بەستە ـ لەنجەو لەنجە»: V.41448.

٢- حیجاز «مەقام» V.41450.

٣- سێگا «مەقام» V.41454[(١)].

٤- زەردی خەزان «مەقام ـ بەیاتی تورک» V.41455.

٥- غەم ئەنگیز ـ دەشتی «مەقام» V.41456.

٦- یار غەزال «بەیاتی تورک ـ بەستە» V.41458[(٢)].

٧- جانی جانانم وەرە «ئەفشاری ناری-بەستە» V.41462[(٣)]

٨- ڕۆژی جەژنە «شووری تاهیری ـ بەستە» V.41464.

٩- خەمگین و دڵپەشێوم «دەشتی ـ بەستە» V.41466 لەو ٣ «**قەوان**»ەی لە سەقز چنگمان کەوتن، هەر ئەمیان لەجێی تر نەبوو.

ئەم «**قەوان**»انەی کۆمپانیای «**گرامافۆن»ی پۆلیفۆن**، هەموویان هی ئەو خولەی کۆمپانیای ناوبراون، کە کاغەزی سەر «**قەوان**»ەکان ڕەنگیان زەردە و لەسەریشیان نووسراوە: (بابرق پرشده RECORDING ELECTRICAL)؛ واتە: بەکارەبا پڕ کراونەتەوە.

لەشاری تارانیش بیستبووم محەمەد عەلی گوڵشەنی ئیبراهیمی ئەرشیفێکی گەورە و دەوڵەمەندی **قەوانی** کۆن و نەواری کاسێتی گۆرانیبێژەکانی ئێرانی لە ماڵی خۆیاندا پاراستووە. بۆیە بەپێویستم زانی سۆراخی ئەمیش بکەم؛ کە لەسەرەتادا لە ڕێگەی

= * اسماعیل اغا (مەبەست لە سمایل ئاغای شکاک سمکۆ)یە...ئەم سترانەش لە دەمێکەوە هۆگرانی دەنگی کاوێس ئاغا نەیانبیستووە
ئەم ٤ «قەوان»ە، ساڵی تۆمارکردنیان پێوەنییە.
سێیەم: دوو «قەوان»ی هونەرمەندی ناسراو «مەلا کەریم ١٨٨٥-١٩٣٩ز»، کە بەعەرەبی و بە «ئینگلیز»یش لەسەری نووسراوە: «مَنلا کَریم -Menla Karim»، هەردوو «قەوان»ەکەش لەبەغدا و لەکۆمپانیای «گرامافۆن»ی «ئۆدیۆن ODEON»ی ئەڵمانی پڕکرابوونەوە. بەڵام ساڵی تۆمارکردنیان لەسەر نەنووسرابوو.
ناوی «قەوان»ەکان ئاوابوون:
* یەکەم: دیوی یەکەم: هێزی پێم نییە (هیزی پام نیا): LA0220600a
دیوی دووەم: ناوی گۆرانییەکە سڕابۆوە.
* دووەم: دیوی یەکەم: هەی نار (هَینار) LA-220633a
دیوی دووەم: خاڵەی ڕێبوار
(١) نموونەی تری ئەم قەوانە لای هونەرمەند محەمەدی ماملێ هەیە.
(٢) نموونەی تری ئەم «قەوان»ە لەسنە، «سەیید محێدین»ی کوڕەزای سەیید هەیە.
(٣)- نموونەی تری ئەم «قەوان»ە لای سەیید عەلای کوڕەزای سەیید لە تاران هەیە.

مۆسیقازانی ناسراو: کاکە «حسەینی یوسف زەمانی»یەوە پرسیارمان لێکرد و دواتریش ڕاستەوخۆ، خۆم لەگەڵ هونەرمەند عەلائەدینی باباشەهابی «کوڕەزای **سەیید**، ڕۆژی ١٩٩٧/٥/٣١ لە تاران، لە ماڵی خۆی» چووینە لای و پرسیاری **قەوان** و نەواری **سەیید**مان لێکرد، کە بەداخەوە ئەمیش وتی گوایە هەرچی **قەوان** و نەواری هەبوون، و ئامادەی کروون بۆ ئەوەی بەگوێرەی بڕیارنامەیەک کە لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی «میراث فەرهەنگی-تاران»دا، نووسیوویانە هەموویان بدا بەبەڕێوەبەرایەتی ناوبراو، هەرچەندە وەک خۆی پێشتر وتبووی: ژمارەی ١٤ «**قەوان**»ی **سەییدی** کۆکردوونەتەوە... بەڵام دیاربوو **قەوان** و نەواری **سەییدی** لانەبوو.

لە شاری سنەش «**قەوان**»ی تری گۆرانیگەلی **سەییدم** لای کۆنترین و پیرترین «**قەوان**» فرۆش «کە ناوی شەریف بوو» شک دەبرد؛ بەڵام زۆرم هەوڵدا لەگەڵی و دۆستانی سنەیی خۆمم زۆر لێ ڕاسپارد، تا گۆرانییەکانی لای ئەو تۆمار بکەم؛ کەڵکی نەبوو. کە ئێستاش ئەو گۆرانییانەی **سەیید** کە زۆر بەچاکی پارێزراون و بێ گرێ و بێ هاژەهاژن و خراونەتە سەر نەوار و خۆم لای ئەم «**قەوان**» فرۆشە گوێم لێیان بووە؛ ئەمانە بوون:

١- هۆمایوون.

٢- کراس کورتێ.

٣- لەنجە و لەنجە.

شایانی باسە مەقامی «هۆمایوون»ی **سەیید**، کە ئێستا بەشێوەی نەوار لەبەردەست هۆگرانی دەنگی **سەییدد**ایە، یەکجار پڕگرێ و هاژە هاژە. هەروەها گۆرانی لەنجەولەنجەی **سەیید**، کە ئەویش لەسەر نەوار لەبەر دەستدایە، لەسەرەتا و لەناوەڕاستدا، چەند جارێک پساوە و دووبارە چاک کراوەتەوە؛ ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی وەک لەجێی خۆیدا باسی دەکەین دێڕی یەکەمی «**بەیت**»ە شیعری سەرەتا و دێری یەکەمی «**بەیت**»ە شیعری ناوەڕاستی گۆرانییەکە، بفەوتێ و نەزانرێ چین... دیسان گۆرانی کراس کورتێش هەر لای ئەم کابرایە لەسەر نەوار هەیە، کە یەکجار پاک و بێ گرێ و هاژەهاژە.

ئەم «**قەوان**»انەی کە ئەم کۆمپانیاگەلە پڕیان دەکردنەوە، لەسەرەتادا بەقەوارەی گەورە و دواتر ئەم «**قەوان**»انە، **قەوان**ی بچووکتریان لەبەر گیرایەوە، کە «**قەوان**»ە گەورەکانیان ٣٣ سووڕ و بچووکەکانیان ٤٥ سووڕ بوون... بەڵام وەک ئەو کۆنە «**قەوان**» فرۆشەی سنە، کە باسم کرد بۆمی گێڕایەوە، گوایە «**قەوان**»ە گەورەکانی **سەیید**، ژمارەی ٣ «**قەوان**»یان،



«**قەوان**»ی بچووکتریان لەبەر نەگیراوەتەوە؛ کە ئەو ٣ «**قەوان**»ەش ئەمانە بوون:

١- مەقامی سێگا.

٢- مەقامی غەم ئەنگیز.

٣- یار غەزاڵ.

قسەکەیشی تاڕادەیەک جێی لێ وردبوونەوەیە؛ چونکە بەدەم پشکنین و سۆراخمەوە بۆ «**قەوان**»گەلی **سەیید**، ڕێم لە زۆربەی «**قەوان**»ەکانی **سەیید** کەوتوون، کە «**قەوان**»ی بچووکتریان لەبەر گیراوەتەوە؛ جگە لەو ٣ «**قەوان**»ە ناوبراوە نەبێ.

***

تائێرە و دوای تەقەللا و پشکنینی زۆرمان، وتمان ئێستا هەر ژمارەی ١٤ گۆرانی **سەیید**مان چنگ کەوتوون، کە ئەمانەن:

**مەقامگەلی:**

١- حیجاز (ئەبوعەتا). ٢- سێگا (موخالف سێگا). ٣- زەردی خەزان (بەیاتی تورک). ٤- دەشتی (غەم ئەنگیز). ٥- هۆمایوون. ٦- شووشتەری. ٧- ئیسفەهان.

**بەستەگەلی:**

٨- یار غەزاڵ (بەیاتی تورک). ٩- هەی نابێ نابێ (ئەفشاری). ١٠- ئەی ڕەفیقانی تەریقەت (شووری تاهیری). ١١- غەمگین و دڵپەشێوم (دەشتی). ١٢- دەردی هیجران (ئەفشاری ناری). ١٣- کراس کورتێ (دەشتی). ١٤- لەنجەولەنجە (بەیاتی ئیسفەهان).

بەڵام سەرەڕای ئەم تەقەللا زۆرەی ئێمەش، هێشتا گومانی ئەوە دەکەم کە **سەیید** لەم ژمارەیەش زیاتر گۆرانی لە هەمان کۆمپانیای ناوبراو تۆمار کردبن، چونکە:

١- ئەو ٧ لاپەڕە شیعرە جیاجیایەی باسمان کردن و وتمان بەنیازی پەسەندکردن و ڕێگەپێدانیان بۆ ئەوەی بکرێنە گۆرانی؛ دراون بەتشکیلات نظمیە طهران و شیعری ١٠ گۆرانیمان تێدا بینینەوە؛ دەمانخەنە سەر ئەو گومانەی بڵێین: ئەی ئەو شیعرانەی تری ناو ئەم ٧ لاپەڕەیە، کە هێشتا بەدەنگی **سەیید** و لە گۆرانی تری **سەیید**دا گوێمان لێیان نەبووە، بۆ وەکو شیعرەکانی تر، کە **سەیید** کردنی بەو ١٠ گۆرانییە باسکراوە؛ ئەم شیعرانەیشی بۆچی نەکردن بەگۆرانی؟! یان: ئەگەر **سەیید** بەنیازی ئەوە نەینووسیبن، تا بیانکات بەگۆرانی، بۆچی لەگەڵ ئەواندا نووسینی؟! یان: ئەگەر

کردبنی بەگۆرانی، بۆچی کەس سۆراخیان نازانی و دەست کەس نەکەوتوون؟!

٢- لە لیستی ئەو نۆ (٩) گۆرانییەی ناوەکانیان و ژمارەی «**قەوان**»ەکانیانمان نووسی، هەندێکیان زنجیرەی ژمارەکانیان بەرودوانین، بەڵکو بچڕاوییەک هەست پێدەکرێ، کە ئەمە گومانی ئەوە دروست دەکات بڵێین ئەو ژمارە گومبووانە، گۆرانی فەوتاوبن؟

٣- لە سەردانێکی **سەیید** ئەشرەفی کوڕی **سەیید**، کە چەند جارێک لەسنەوە بۆ سەقز تەشریفی بۆ لامان هێنا و لەسەر نەوار گوێی لەو ١٤ گۆرانییەی **سەیید** گرت، کە لای من هەبوون، دوای گوێگرتن، بەسەرسووڕمانەوە لێمی پرسی: ئەی. خۆ ئەمانە، ئەو گۆرانییەیان تێدا نییە کە بەمجۆرە شیعرانە دەست پێدەکات:

سەرتاپای بالام ئالوودەی دەردەن
رەنگ چوون وەک خەزان روخسارم زەردەن
رەنگ چون زەردبووەن، لێو چون گرتەن بار
ئەویچ لە هیجران قیبلە و دیدە و یار

بەڵام داخەکەم ئەو کاتەی **سەیید** ئەشرەف ئەمەی فەرموو، من هێشتا ئەو ٧ لاپەڕە باسکراوەم چنگ نەکەوتبوو، چونکە وەک لە جێگەیەکی پێشووتردا وتم: ٧ لاپەڕە و هەندێ بەڵگەی ترم رۆژی ١٣٧٥/١١/٢٩ هەتاوی ١٩٩٧/٢/١٧ز، چنگ کەوتن؛ تا عەرزی بکەم کە ئەو چەند «**بەیت**»ە، لەو ٧ لاپەڕە باسکراوەدانین...

هەرچەندە ئەم سەرنجەم ئەوە ناگەیەنێ تا بڵێم: ئەگەر لەو ١٤ گۆرانییەی لای من هەن، گۆرانی تری **سەیید** چنگ بکەون و شیعرگەلی ئەو ٧ لاپەڕە باسکراوەیان تێدا نەبوو؛ ئیتر ببێتە جێی گومان. بەڵکو دەبێتە پرسیاری تر، چونکە هەر خودی ئەم ٧ لاپەڕەیە «وەک وتمان» شیعری تریان تێدایە و لەگۆرانییەکانی **سەیید**یشدا، بەدەنگ و بەگۆرانی **سەیید** نەمان بیستوون. لەبەرئەوە بۆ ئەوەیە بڵێین: ئەگەر ئەو شیعرانەی لەم ٧ لاپەڕەیەدا ژمارەی ١٠ گۆرانییان لە کۆمپانیای «**گرامافۆن**»ی «**پۆلیفۆن**»دا تۆمار کراون و بەدڵنیاییشەوە وتمان **سەیید** هەموو گۆرانییەکانی لە کۆمپانیای **پۆلیفۆن** تۆمار کردوون؛ ئەی ئەو دوو «**بەیت**»ەی **سەیید** ئەشرەف دەیوت لەگۆرانی تردا بیستوونی، لەگەڵ کامە دەستە گۆرانی تردا وتوونی؟!

٤- لەن امەیەکی **سەیید** ئیبراهیمی کوڕی **سەیید** عەبدولئەحەدی کوڕەگەورەی **سەیید**دا کە بەمێژووی ١٣٧٥/١١/٢٩ هەتاوی ١٩٩٧/٢/١٧ز- لەسنەوە بەتایبەتی لەم



بارەیەوە بۆمی نووسیوە؛ دەڵێ: «...منداڵ بووم، جارێک لە ماڵی خوالێخۆشبوو حاجی سەیفوڵڵای مەنوچیهرزادە[1].

لە خزمەت باوکمدا میوانیان بووین، «**قەوان**»ی باپیرم لەسەر **گرامافۆن** دانرابوو، گۆرانی دەوت. لەناکاودا خاوەن ماڵەکە بۆیان دەرکەوت کە باوکم دڵتەنگە و خەریکە بگری... ئەو «**قەوان**»ەیان هەڵگرت و «**قەوان**»ێکی تریان دانا؛ کە ئەو «**قەوان**»ەش هەر دەنگی باپیرم بوو، کە قورئانی پیرۆزی بەدەنگێکی زۆر خۆش و دڵڕفێن دەخوێند... بەداخەوە ئەو خاوەن ماڵە ئێستا وەفاتی کردووە و ئاگامان لە بنەماڵەکە نییە و نازانم ئەو «**قەوان**»ەیان چی لێکردووە و چی بەسەرهاتووە؟!»[2].

ئەم هەواڵەی **سەیید** ئیبراهیم بەڵگەی ئەوەیە کە **سەیید** لە ١٤ گۆرانی زیاتری بووبێ، بەڵام نەک بەو جۆرەی کە لەبەشی پێشوودا ئاماژەمان بۆ هەندێ لەو نووسەرانە کرد؛ کە وتوویانە **سەیید** ژمارەی ٣٠ گۆرانی هەبووە! چونکە رێی تێناچێ لەو ژمارەی ٣٠ گۆرانییە، هەر تەنیا ١٤ گۆرانی لێ بەجێمابێ!

٥- من لەگەڵ ئەو هەواڵەی ناو نووسینەکەی **داراغا**دام کەوتوویانە: «**سەیید** ژمارەی ١٧ گۆرانی هەبووە»... ئەو هۆیەش کە قایلم دەکات بەوەی **سەیید** ژمارەی ١٧ گۆرانی بووبێ، ئەوەیە کە **داراغا**، ٣٧ ساڵ لەمەوبەر، هەواڵەکەی لە کەسێکی ئاگادار لە گۆرانی و مەقامی کوردی، وەک هونەرمەند رەشۆڵ عەبدوڵڵا وەرگرتووە...

جگەلەوەی کە ژمارەی ١٧ زۆر نزیکترە بەژمارەی ١٤، نەک بەژمارەی ٣٠، کە گوایە **سەیید** ژمارەی ٣٠ گۆرانی هەبووبێ!

(١) رێنووسی نامەکەی سەیید ئیبراهیم بەجۆرێکی تر بوو، بەهەمان ناوەرۆکەوە ئەو بەشەیم بەو جۆرە داڕشتەوە.

(٢) ئەم نامەیەی سەیید ئیبراهیم جێی دڵنیاییە، چونکە لەلایەکی ترەوە و دوای ئەم نامەیە، سەید عەلای کوڕەزای سەیید و برای سەیید ئیبراهیم لە تارانەوە لە تەلەفۆنێکدا ئاگاداری کردم کە خوالێخۆشبوو حاجی سەیفوڵڵا خانی مەنوچیهرزادە، هەموو «قەوان»ەکانی سەییدیان هەبووە و ئەو «قەوان»ی «دەشتی: غەمگین و دڵپەشێوم»ەی ئێستا لای سەیید عەلایە؛ لە بنەماڵەی ناوبراوی وەرگرتووە.

# شیعری سترانەکانی

ساغکردنەوەی شیعری سترانگەلی **سەیید**، لەو کارانە بوو کە لە درێژایی ئەم چەند ساڵەدا، لە هەموو کارەکانی تری ئامادەکردنی ئەم کتێبە، سەختتر بوو. بۆیە هەموو پشکنین و شارە و شار گەڕان و عەڤداڵبوون و دڵەڕاوکە، بەدوای پەیداکردنی سەرەداوی هەواڵ و زانیاری لەسەر **سەیید** و ئەنجامدانی کارەکانی تری ئەم کتێبە، بارتەقای هەموویان، شەونخوونیم لەگەڵ ئەم شیعرانەدا کێشاوە؛ تابتوانم بەتەواوی ساغیان بکەمەوە. چونکە ئەم شیعرانە، بەجۆرێکی ئەوەندە هونەری لەناو مۆسیقای دەنگی فریشتەییانەی **سەییددا** تواونەتەوە؛ وەک ئەوەی شیعر و دەنگە مۆسیقاییەکە؛ بوونە دووانەی یەکتر... تا ئەگەر بمانەوێ لێکیان جیابکەینەوە، نەزانین کامیان شیعرەکەیە و کامیان دەنگە مۆسیقاییەکەیە! لەبەرئەوەش بوو لەبەشی یەکەمی ئەم کتێبەدا وتمان دەسەڵاتی دەنگی **سەیید**، لە ئاستێکدایە، هەموو کەرەسەکانی تری گۆرانییەکە، لەژێر ڕکێفی دەنگیایەتی... دەنگی **سەیید** هەموو شتێک دەمۆسیقێنێ.

هەر ئەم هۆیەش بووە، هەموو ئەوانەی تائێستاش گۆرانییەکانی **سەییدیان** وتۆتەوە و ویستوویانە هەمان شیعری گۆرانیگەلی **سەیید** بڵێنەوە، هیچیان نەیانتوانیوە شیعرەکان بەتەواوی و وەکو خۆی بڵێنەوە و هەموویان هەڵەیان کردووە. یان هەندێکی تر لە هۆگرانی دەنگی **سەیید**، هەر کە باسی شیعری گۆرانییەکانی **سەیید** دەکەن؛ دەمودەست شیعری گۆرانییە ڕیتمیکەکانی و لەناو ڕیتمیکەکانیشدا شیعری گۆرانی وەک: ڕۆژی جەژنە و جانی جانانم وەرە یان لەسەر زەمانە... تەنانەت هەموو ئەو نووسەرانەش کە لەسەر **سەییدیان** نووسیوە و هەندێکیان شیعری هەندێ گۆرانیگەلی **سەییدیان** نووسیوەتەوە؛ هیچیان بەتەواوی شیعرەکانیان نەنووسیوە و هەڵەی زۆریان تێدایە و ئەمە یەکەمین جارە سەرجەمی شیعری گۆرانیگەلی **سەیید** بەبێ هەڵە، بڵاودەبنەوە.

شیعرەکانی ئەم ١٤ گۆرانییەی **سەیید**، کە حەوتیان مەقامە و حەوتەکەی تریان ڕیتمیک «تەسنیف: بەستە»ن، زۆربەیان شیعری دیالێکتی «گۆران»ن و لەناو ئەم



شیعرانەشدا، ئەوانەی ناسیومانەتەوە، شیعری «مەولەوی تاوەگۆزی»ن. ئەوانەی تریشیان هەندێکی شیعری شاعیری نەناسراو و هەندێکی تریان شیعری شاعیرانی دیالێکتی ناوەڕاستن، وەک: وەفایی، ئەحمەدی کۆر، تاهیر بەگی جاف (١٨٧٥-١٩١٧ز) و... تاکەتاکەش **«بەیت»ی** فۆلکلۆری کوردی و چوارینەیەکی «باباتاهیری هەمەدانی»شیان تێدایە.

ئەوەی لەناسینەوە و ساغکردنەوەی ئەم شیعرانەدا کەمێک بەهاوارمەوە هات و یارمەتی دام، ناسیاوی پێشینە و دڵداری خۆم بوو لەگەڵ شیعری مەولەوی تاوەگۆزی، کە جارجارە بەهۆی ناسینەوەی هەندێ واژە و خواستەمەنی تایبەت بە«مەولەوی»یەوە، دەبوونە کلیل و چرا و ڕێگەکانی بۆ ڕووناک دەکردمەوە.

پاش ساغکردنەوەی ئەم شیعرانە و ئامادەکردنی ئەم کتێبە بەو مەبەستەی هەموو گۆرانییەکان نۆت بکرێن؛ ساڵی ١٩٩٠ز، سەرەتا شیعرەکانم لەگەڵ نەواری گۆرانییەکاندا لای هونەرمەند ئەرسەلانی کامگار و دواتر لای مامۆستا ئیرەجی بەرخوردار ١٩٤٣ز، لەتاران و دوای ئەوانیش لای هونەرمەند ئازاد میرزاپوور لەسەقز دانا. بەڵام لەم چەند مانگەی دواییدا، ڕۆژی (٢٩/١١/١٣٧٥ هەتاوی، ١٩٩٧/٢/١٧ز) لەسەردانێکمدا بۆ شاری سنە، لەگەڵ برای بەڕێزم کاک محەمەدی محەمەدی خاوەنی ئینتیشاراتی محەمەدی لە سەقز؛ لەکاتی چەندان جار سەردانەوەم بۆ ماڵی کاک **سەیید** ئیبراهیمی کوڕەزای **سەیید**؛ کە کاک ئەمیری لوتفوللا نەژادیش لەسنەوە لەگەڵمان هات. لای **سەیید** ئیبراهیم، لەگەڵ هەندێ بەڵگەنامەی تری **سەییددا**، هەندێ شیعری ئەم گۆرانییانەم، لەو ٧ لاپەڕە باسکراوەی دوو بەشی پێشوودا چنگ کەوتن، کە **سەیید** ئەم شیعرانەی بەخەتی خۆی و زۆر بەپەلە بۆ تیشکیلات نظمیه طهران نووسیون؛ تا پێش تۆمارکردنیان، لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ناوبراوەوە پەسەند بکرێن.

وەک وتم، پێشتر من شیعری گۆرانییەکانی **سەییدم** ساغ کردبۆوە، کە ئەم ٧ لاپەڕەیەم چنگ کەوتن. بەڵام هەروەک یادگاری دەستەختی **سەیید** لە پاشکۆی کتێبەکەدا بڵاویان دەکەمەوە. هەرچەندە بەو هۆیەوە کە زۆر بەپەلە و تێکەڵ و پێکەڵ نووسراونەتەوە. ئەگەر من پێشتر ئەم شیعرانەم ساغ نەکردایەتەوە و لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا، ئەو هەموو ئاشنایەتییەم لەگەڵ ئەم شیعرانەدا نەبایە؛ ئێستا منیش و خوێنەرانیش «سەرەڕای بڵاوکردنەوەشیان لەم کتێبەدا» سەرمان لە هیچ یەکێک لەم شیعرانە دەرنەدەچوو. بەڵام لەو ڕوانگەیەوە کە پێشتر ئاگاداریم لەسەر شیعرەکان هەبوو، بۆیە سەرەڕای ئەوەش لەم ٧



لەگەڵ هونەرمەند ئەرسەلانی کامگاردا

لاپەڕەیەدا زۆر تێکەڵ و پێکەڵ و جیا لە یەکتر نووسراون، بەڵام دیسان هەر توانیم هەموویان بەسەر بکەمەوە و بەگوێرەی بەکارهێنانیان لە گۆرانییەکاندا، لەیەکیان هەڵاوێرم و بەسەریان بکەمەوە، بەم هەڵاوێردنەش، دواتر دەتوانین لەکاتی ناوبردنی گۆرانییەکاندا، جارجارە ئاماژەیان پێبکەین.

## ١- مەقامی هۆمایوون

ئەم مەقامە، یەکێکە لە ٧ دەسگاگەلی بنەڕەتی مۆسیقای ئێران...

ئەم مەقامە لەسەر نەوار لای منە و لای «کاک حسەینی ئامینە»ی کۆنە نەوارفرۆشی سنە چنگم کەوتووە.(١) بەداخەوە خشەخشە و هاشەهاشی زۆر تێدایە. وێدەچێ کاتی خۆی لە **قەوان**ێکی زۆز کۆنەوە خرابێتە سەر نەواری کاسێت. جۆری باشتر و زۆرپاکتر و بێگەردی ئەم مەقامەم؛ لای شەریف ناوێکی کۆنە **قەوان** و نەوارفرۆشی سنە گوێ لێ

(١) ناوبراو لەسەر نەواری گەورە «ڕێڵ»ەوە بۆمی گوێزایەوە سەر نەواری کاسێت.



بووە؛ کە زۆر چێژم لێ وەرگرتووە و ئەوەی لای ئەم شەریفە هەیە، لای هیچ کەسێکی تر نییە، چونکە لەچاو هەموو نەوارێکی تری **سەیید**دا کە ئێستا لای من و لای خەڵکانی تر هەن گۆرانییەکان پاکتر و باڵاترن. زۆرم لەگەڵ ئەم کابرایە هەوڵدا و زۆریشم ناسیاوانی لێ ڕاسپارد، بەڵام هەر بەسەری دەبردم...

**«قەوان»**ی گەورە و بچووکی ئەم مەقامەم لەهیچ شوێنێک شک نەبردووە...

ماوەی گۆرانییەکە حەوت دەقیقە و نیوە. شیعرەکەیشی وەک **سەیید** لەسەر ٧ لاپەڕەی ناوبراو نووسیوێتی، گوایە شیعری مەولەوی تاوەگۆزییە. بەڵام لەدیوانی مەولەویدا نییە و لەشیعری «مەولەوی»ش ناچێ؛ کە ٤ **بەیت**ە و ئەمەش دەقەکەیەتی:

١- شەرای جەهەننەم سەقەرم وەردەن
سەختی گۆڕ ئەفشار ماجەرای مەردەن
٢- سوئال و جەواب نەکیر و مونکەر
نیشان دان وەمن مەحبووب دڵبەر
٣- بەقەد گونای وێم سووچیام وەنار
جەغوسەی دەوران، تەڵخی ڕۆژگار
٤- پەرسای خێروشەڕ، تەرازوو میزان
بەدیدەی وێم دیم نەدەور جەهان

## ٢- مەقامی سێگا

ئەم مەقامەش یەکێکە لە ٧ دەسگاگەلی بنەڕەتی مۆسیقای ئێرانی، کە وەک پێشتر وتم **«قەوان»**ی گەورەی ئەم مەقامەی **سەیید**، «**قەوان**»ی بچووکتری لەبەرنەگیراوەتەوە. «**قەوان**»ی گەورەی ئەم مەقامەم لە مەهاباد چنگ کەوتووە، کە ئەمە ژمارەیەکەتی: V.41450. ئەم «**قەوان**»ە ساڵی ١٩٢٩ز- لە کۆمپانیای «**گرامافۆن**»ی «**پۆلیفۆن**» پرکراوەتەوە.

**قەوان**ی تری ئەم مەقامە، ئێستا لە چەند جێگایەکی وەک مەهاباد، لای هونەرمەند

کاک محەمەدی مامڵێ و لای «**سەیید محێدین**»ی کوڕەزای **سەیید** لە سنە و لە سەقزیش لای هونەرمەند کاک سدیقی زوهری هەیە... ئەم مەقامە ٧ دەقیقە و شیعرەکەیشی وەک **سەیید** لە دوو جێگەی ٧ لاپەڕەی ناوبراودا نووسیوێتی، گوایە شیعری مەولەوی تاوەگۆزییە؛ بەڵام لەدیوانی مەولەویدا نییە. هەرچەندە لەشیعری مەولەوی دەچێ، کە ئەم دوو «**بەیت**»ەیە:

١- سەدای زیل و بەم، زەنگ دڵ مەکا مات
ماچی زەوارەن بار کەردەن بسات
٢- هەر وەک پێش ئاهەنگ سەرقافڵەی عەجەم
سەحەر نەسەحرای نەجەف مبۆجەم

شایانی باسە، مەولەوی وێنەی شیعری و نموونەی وەک ئەمجۆرە شیعرانەی زۆر هەیە، کە هەر وەک نموونە، ئەم **بەیت**انە دەنووسین:

سەدای زیل و بەم، مەینەت سەد تەرزەن
خەفەت شادیشەن، خەم دەماخ بەرزەن(٢١,٥٥)

یان:

منارە سەدای سەڵای سەد تەرزەن
مزگی، جەشادی دەماخش بەرزەن(٣٩٣,٥٥)

یان:

خەم نەسەر جۆی هوون، سارای دڵی جەم جەم
بارچنی چوون فەوج قافڵەکەی عەجەم(٤٣,٥٥)

## ٣- مەقامی دەشتی (غەم ئەنگێز)

ئەم مەقامە لقێکی دەسگای شوورە، کە وەک لە سەرەتای ئەم کتێبەوە وتمان دەسگای شوور یەکێکە لە ٧ دەسگاگەلی بنەڕەتی مۆسیقای ئێرانی. «**قەوان**»ی گەورەی ئەم مەقامەی **سەیید**، «**قەوان**»ی بچووکتریان لێ نەگیراوەتەوە. نموونەیەکی ئەم «**قەوان**»ە لەشاری مهاباد هەیە و ژمارەکەیم لای خۆم یادداشت کردووە؛ ئاوایە: V.41455 و ئەمیش ساڵی ١٩٢٩ز، لەکۆمپانیای «**گرامافۆن**»ی «**پۆلیفۆن**» پڕکراوەتەوە. ماوەی گۆرانییەکەی



ئەم مەقامە شەش دەقیقە و نیوە و شیعرەکەیشی وەک **سەیید** لە ٧ لاپەڕەی ناوبراودا، لەیەک جێگەدا نووسیوێتی؛ گوایە شیعری مەولەوی تاوەگۆزییە. بەڵام شیعری مەولەوی نییە و بریتییە لە دوو چوارینەی کوردی و فارسی:

عەزیزا دڵ برینداری جەفاتم
تەمادار مەرهەمی عەهد و وەفاتم
ئەگەر بیچم کوژی حەققت بەدەستە
بەغەیرەز خۆت، بەلای کێ بەم شکاتم؟!

زۆرم سۆراخی ئەم چوارینەیە کرد؛ بەداخەوە نەمزانی شیعری کێیە. بەڵام مامۆستا ڕەفیق حیلمی (؟-١٩٦٠ز) لە باسی خەستەی شاعیردا، چوارینەیەکی لە نموونەی شیعری خەستە بڵاوکردۆتەوە؛ زۆر بەکەش و هەوا و وەزی ئەم چواینەیە نزیکە و بەدووری نازانم چوارینەی سەرەوەش هەر هی خەستەبێ؛ کە ئەمە نموونەیەکی تری شیعری خەستەیە:

ئەگەر کردوومە تەقسیر و گوناهێ
هەزار تەوبە، تا ڕۆژی مەماتم
لەمن عاجز مەبە ئیتر بەقوربان
خۆشە ئەر بمکوژی، ئەر کەی خەڵاتم

(١٤٦,٣٧ هەروەها ٢٧٤,١٩)

دەبێ ئەوەش بڵێم لە دەستخەتێکی تری **سەیید** خۆیدا، کە بەجیا ئەم چوارینەی نووسیوە و لای من هەیە، لەجیاتی عەزیزای سەرەتای چوارینەکە، نووسیوێتی: بەقوربان... ئەوەشمان لەیادنەچێ کە ڕوونووسی چوارینەکە، بەدیالێکتی سنە بووە، ئاخۆ هی **سەیید** خۆی نەبێ؟!...

چوارینە فارسییەکەش وەک دەڵێن هی باباتاهیری هەمەدانییە و بەمجۆرەیە:

هر آن یاری کە دلدارش دگر بی
مداماً عاشقانش خون جگر بی
ببـاید دل از آن دلبر بریدن
اگر حسنش ز یوسف بیشتر بی

وەک دەڵێن **سەیید** ئەم چوارینەی دوایی دەستکاری کردووە؛ چونکە لەبنەڕەتدا ئاوابووە:

هر آن باغی کەنخلش سر بدربی
مدامش باغبان خونین جگر بی
ببـاید کندنش از بیخ و از بن
اگر بارش همە درّ و گُهر بي

## ٤- زەردی خەزان (مەقام - بەیاتی تورک)

مەقامی بەیاتی تورک یەکێکە لە پاشکۆکانی دەسگای شوور و وەک مۆسیقاناسی گەورەی ئێرانی عەلینەقی وەزیری لەبارەیەوە دەڵێ: مەقامێکی بازاڕییە و گامەکانی بەگامی بەیاتی کورد نزیکە و بزووتنەوە و ئاڵوگۆڕی کەم تێدایە.

بۆیە ئەگەر مۆسیقاژەن، یان گۆرانبێژی ئەم مەقامە زۆر بەهرەدار نەبێ و ئاڵوگۆڕ لە دەنگیدا نەسازێنێ، تا ئاوازەکەی لەو یەکنەفەسییە دەربهێنێ؛ سەرکەوتوو نابێ.(٩, ١٢٠)

بەڵام **سەیید** لەم مەقامەدا ئەوپەڕی توانا و دەسەڵاتی هونەرمەندانەی خۆی نواندووە و یەکجار زۆر جوان پیادەی کردووە.

**«قەوان»**ی گەورەی ئەم مەقامەمان لەشاری مەهاباد چنگ کەوتووە و ژمارەکەیم بەمجۆرە لای خۆم یادداشت کردووە: V.41444 و ساڵی ١٩٢٩ز، لەهەمان کۆمپانیای «**گرامافۆن**»ی **«پۆلیفۆن»** پڕی کردۆتەوە. مەقامەکە ٧ دەقیقەیە و هەر لە پاڵ ئەوەدا کە لێی نووسراوە: بەیاتی تورک؛ نووسراوە: زەردی خەزان. «**قەوان**»ێکی بچووکی ئەم مەقامەم لەلایە، کە زۆر تازەیە.

شیعری ئەم مەقامە، وەک **سەیید** خۆی لە ٧ لاپەڕەی ناوبراودا لە دوو جێگەدا نووسیوێتی، گوایە شیعری مەولەوی تاوەگۆزیە. بەڵام لەدیوانی مەولەویدا نییە. هەر چەندە زۆر لە شیعری مەولەوی دەچێ؛ کە بریتییە لەم چوار **بەیت**ە:

١- زەردی ئێمە و ئەو، زەردی خەزانان
یاران هەر دوو ڕەنگ وەک یەک مەزانان
٢- ڕاسەن خۆ هەردوو یەکسان ڕەنگ زەردین



زەعفەرانی تەرز، خەرکاو دەردین
٣- بەڵام تەوفیر هەن جەبینای کاردا
جە تەئسیر دەرد، ئەسڵ ئازاردا
٤- زەردیی ئەو، سەردیی هەوای پاییزەن
زەردیی من، سەردیی مەیل ئازیزەن

شایانی باسە ئەمجۆرە شیعرانە نموونەیان لەشیعری فۆلکلۆردا هەیە و کاتی خۆی ئەندازیار: سالمی کوڕی میکاییلی پەرهامی، کە کوردێکی جوولەکەی دانیشتووی سەقز بووە، ساڵی ١٩٤٥-١٩٤٦ز، چەپکێ شیعری فۆلکلۆری، بەتەرجەمەی فارسییەوە کۆکردۆتەوە و چاپی کردووە؛ ئەم نموونانەی تێدابوون:

دەینی من و لەیل، زەردی خەزانان
هەر سێ بەگەردن ئەحواڵ نەزانان
ڕەنگ زەردی گەڵا ، ساردی پاییزە
زەردی ڕەنگی من، دووری ئازیزە(٥٩, ٢٠٢)

## ٥- مەقامی حیجاز (ئەبوعەتا)

مەقامی حیجاز «ئەبوعەتا»ش یەکێکە لە پاشکۆکانی دەسگای شوور. نموونەی **«قەوان»**ی گەورەی ئەم مەقامەمان لەشاری مەهاباد و سەقز چنگ کەوتوون و ئەمە ژمارەکەیەتی:V.41450 و ساڵی ١٩٢٩ز، هەمان کۆمپانیای «**گرامافۆن**»ی «**پۆلیفۆن**» پڕی کردۆتەوە. لەدیوێکی «**قەوان**»ەکە نووسراوە: حیجاز و دیوەکەی تریشی ئەبوعەتا. **«قەوان»**ێکی بچووکی ئەم مەقامەم لەلایە و هێشتا تازەیە و لەم «**قەوان**»ەوە گوێزاومەتەوە سەر نەواری کاسێت... ماوەی گۆرانییەکە ٧ دەقیقەیە و شیعرەکەی ٣ «**بەیت**»ە و وەک **سەیید** خۆی لە ٢ جێگەی ٧ لاپەڕەی ناوبراودا نووسیوێتی؛ هی مەولەوی تاوە گۆزییە؛ کە لە ڕاستیشدا هەروایە و شیعری مەولەوییە و ئەم ٣ **بەیت**ەیە:

١- تولووع و غورووب، سوب ئێوارانەن
مەعاش و سەبات دەردە دارانەن
٢- ئەی پەشێوی هۆش، ئەی شێویایی فام

ئەی عەقڵ عەبەس، ئەی خەیاڵ خام
٣- من واتم ئەڵبەت تەمامت کەردەن
گیان ڕستگارم، جە دمای مەردەن

**«بەیت»ی** ژمارە (١) و (٣)ی ئەم مەقامە، **«بەیت»ی** ژمارە (١٠) و (٢٥)ی ئەو قەسیدە بەرز و جوانەی مەولەوییە، کە لە لاپەڕە **٤٩٣**ی حەرفی (هێ)ی دیوانی مەولەویدا چاپکراوە. قەسیدەکەش وەک لە دیوانی مەولەویدا نووسراوە: مەولەوی لە بانە فەقێ دەبێ، دەبیستێ کە شێخ عەزیزی جانەوەرەییی هاوڕێی؛ کە لە سنە لە مزگەوتی دارولئیحسان دەخوێنێ؛ ئاوڵەی دەرکردووە. بەو بۆنەیەوە ئەو قەسیدەیەی بۆ دەنووسێ کە هەمووی **٢٩** «**بەیت**»ە و بەم «**بەیت**»ە دەست پێدەکات:

های شەماڵ چەند جار ڕا تەی کەردەنی
چەند تەشریف وەلای یاران بەردەنی

بەڵام **«بەیت»ی** (٢)ی ئەم مەقامە، **«بەیت»ی** ژمارە (١٠)ی ئەو قەسیدەیەیە، کە هەر لەدیوانی مەولەویدا، ژمارە (١٠)ی حەرفی «ئەلف»ی دراوەتێ و هەموو شیعرەکە **١٣ بەیتە** و لەلاپەڕە **٢٣**دا بڵاوبۆتەوە؛ کە بەم **بەیتە** دەست پێدەکات:

ئیمشەو دیارەن بانگم بێشەرمەن
زایەڵەی سەمتوور کەللەم وەگەرمەن(٢٣،٥٥)

## ٦- مەقامی شووشتەری

ئەم مەقامەش هەر لقێکە لە دەسگای شوور. «**قەوان**»ی گەورە و بچووکی ئەم مەقامەم گیرنەکەوتووە. مەقامەکەم لای «کاک حسەینی ئامینە»ی کۆنەوارفرۆشی سنە، لەسەر نەواری «ڕێڵ»ەوە گوێزاوەتەوە سەر نەواری کاسێت. مەقامەکە ٨ دەقیقەیە و وەک **سەیید** لە ٢ جێگەی ٧ لاپەڕەی ناوبراودا نووسیوێتی، شیعری مەولەوی تاوەگۆزییە لە ڕاستیشدا هەروایە، کە ئەم ٣ «**بەیت**»ەیە:

١- شادی! گەرد خەم چۆن نەدۆ وە باد
خەم چۆن وەیاگەی شادی نەبۆ شاد!
٢- ئازیزم وەمەیل من تەڵەب کەردەن



من دەرد دووری تەوانام بەردەن
٣- دڵ چۆن وەش نەبۆ؟ گیان چۆن نەتاوۆ؟
لەیل ئینتیزار بۆ، مەجنوون نەیاوۆ!

تێکڕای ئەم شیعرە **٩** «**بەیت**»ە و لەلاپەڕە **٣١٨**ی دیوانی مەولەویدا بڵاوکراوەتەوە. بەڵام تاکە **«بەیت»ی** دووەم لە دیوانەکەدا ئاوایە:

ئازیز وە کەرەم من تەڵەب کەردەن

## ٧- مەقامی ئیسفەهان، یان: (بەیاتی ئیسفەهان)

شارەزایانی دەسگاگەلی مۆسیقای ئێرانی، پێیان وایە مەقامی ئیسفەهان بەشێکە لە دەسگای شوور و هەندێکی تریش دەڵێن بەشێکە لە دەسگای هۆمایوون. مەقامی بەناوبانگی کوردەواری: قەتار سەر بەم مەقامەیە. هەر بۆیە بەم مەقامەی **سەیید** دەڵێن: قەتاری سنە[1] **قەوان**ی گەورە و بچووکی ئەم مەقامەم لە هیچ جێگەیەک نەبیستووە و نەدیوە. خودی مەقامەکەش لای هاوڕێم: کاک موحەمەد سدیقی موهاجیر (١٩٣١ز) لەشاری سنە چنگ کەوت، کە ناوبراو ئەفسەری خانەنشینە و ئەوکاتە لەگەڵ کاک خالیدی مەنسووری لە دەرمانخانەکەیاندا کاری دەکرد. لەبەرئەوە پێم وایە ئەم مەقامە هەر لای من و کاک موحەمەد سدیقی موهاجیر هەبێت، کە بەداخەوە مەقامەکە هەر یەک دیوی **قەوان**ەکەیە و تەنیا دوو دەقیقە و نیوە. شیعری مەقامەکەش وەک **سەیید** خۆی لە دوو جێگەی ٧ لاپەڕەی ناوبراودا نووسیوێتی، شیعری مەولەوی تاوەگۆزییە و لەڕاستیشدا هەروایە، کە هەر ئەم دوو **بەیت**ەیە:

١- واتم سائەڵبەت تەمات کەردەن
گیان ڕستگارم جەدمای مەردەن
٢- چێش دمای مەرگیش یەند بەدبەختەنان
گیان هەر نەئازار دەرد سەختەنان

**«بەیت»ی** یەکەمی ئەم شیعرە لە مەقامی حیجازیشدا بەکارهێنراوەتەوە، کە بریتییە لە **«بەیت»ی** ژمارە ٢٥ی ئەو قەسیدە جوانەی وتمان مەولەوی لەشاری بانەوە بەبۆنەی هەواڵی

(١) کاتی خۆیشی «داراغا» لە زمانی ڕەشۆڵ عەبدوڵڵاوە وتوویەتی: کە سەیید مەقامی بەناوی «قەتاری سنە»وە خوێندووە. (٥،٣٩)

ئاوڵەدەرکردنی شێخ عەزیزی جانەوەرەیی هاوڕێیەوە بۆ سنە بۆی نووسیوە. بەڵام «**بەیت**»ی دووەمی ئەم «**بەیت**»ە دەبێتە «**بەیت**»ی ژمارە ٢٦ی هەمان قەسیدەی ناوبراو.

هونەرمەند کاک سدیقی تەعریف (١٩٥٥ز) لە دیدارێکدا لە سنە لەماڵی باوکی، کە گوێی لەم مەقامەی لای من بوو، ئاگاداری کردم کە ئەم مەقامە: مەقامی «ئیسفەهان»ە.

## ٨- یار غەزاڵ (بەستە - بەیاتی تورک)

وەک لە جێگەیەکی تردا وتم: **قەوانی** گەورەی یارغەزاڵ، «**قەوان**»ی بچووکتری لێ نەگیراوەتەوە. بەڵام «**قەوان**»ێکی گەورەی ئەم مەقامەم لەشاری مەهاباد چنگ کەوت و ژمارەکەی بریتی بوو لە: V.41448 و ساڵی ١٩٢٩ز، هەمان کۆمپانیای «**گرامافۆن**»ی «**پۆلیفۆن**» پڕی کردۆتەوە... نموونەی تری ئەم «**قەوان**»ە لای «**سەیید محێدین**»ی کوڕەزای **سەیید** لە سنەش هەیە... لەوەدەچێ یارغەزاڵ گۆرانییەکی فۆلکلۆری کوردی بێت.

ئەم گۆرانییە ماوەی شەش دەقیقە و نیوە، شیعرەکەیشی ٤ «**بەیت**»ە و وەک **سەیید** خۆی لە یەک جێگەی ٧ لاپەڕەی ناوبراودا نووسیوێتی؛ شیعری مەولەوی تاوەگۆزییە. بەڵام هەر تەنیا دوو «**بەیت**»ی هی مەولەوییە و دوو «**بەیت**»ەکەی تری شیعری فۆلکلۆرن، کە بەمجۆرەن:

١- هۆرێزە، سوبحەن دڵ تازە خاوەن
شنۆی پای کاوەن، گۆشەی سەراوەن
٢- چ خاس خاس شنیۆ نە ئێواراندا
سەوزە وە ڕووی خاک جەرگەی یاراندا
٣- قوربان ئەو وەختەی منت ئەسیر کرد(١)
کردەوەی خۆت بوو، کەی تۆم مەجبوور کرد!
٤- غەزاڵ چێشم کرد، دڵت لێم ڕێشەن
خۆت ساحێب تێشەی، تەقسیر من چێشەن!

دوو «**بەیت**»ی یەکەمیان لە دیوانی مەولەوی لەلاپەڕە ٤٣١-٤٣٢دا، ژمارە ٧ و ٤ی شیعری ژمارە ٩ی حەرفی (نون)ن.

(١) یان: «منت زنجیر کرد».



بەڵام وتمان دوو «**بەیت**»ی دواییان شیعری فۆلکلۆرن کە دکتۆر محەمەد موکری لە کتێبەکەی خۆیدا، «**بەیت**»ی سێیەمیانی لە زنجیرەی ژمارەی ٤٠٩ی لاپەڕە ١٢٣دا بەمجۆرە نووسیوە:

خۆزگەم بەو شەوەی منت ئەسیر کرد
کردەوەی خۆت بوو، کێ تۆی مەجبوورکرد؟!(٨٩،٥٣)

## ٩- هەی نابێ نابێ (بەستە-ئەفشاری)

ئەفشاری، یان هەوشاری؛ پاشکۆیەکی دەسگای شوورە و «**قەوان**»ی ئەم گۆرانییە، چ گەورە و چ بچووکەکەی لە هیچ جێگەیەک چنگم نەکەوتووە. بەڵام خودی گۆرانییەکە، بەنەواری کاسێت و لەحاڵێکی زۆرباشدا لەلامە. ماوەی گۆرانییەکە ٧ دەقیقەیە و شیعرەکەیشی وەک **سەیید** خۆی لەیەک جێگەی ٧ لاپەڕەی ناوبراودا نووسیوێتی؛ شیعری مەولەوی تاوەگۆزییە، بەڵام هەر تەنیا دوو «**بەیت**»ی سێیەمیان و چوارەمیان شیعری مەولەوییە و «**بەیت**»ی یەک و دوو فۆلکلۆرە و ئەمەش هەموو شیعرەکەیە:

١- لەبیرت مەیۆ شەوەکەی سەرجۆ
عەزیەت کەردەن من، مەکە و لاوەی تۆ؟!
٢- هەی داد، هەی بێداد دەردم تاوتاوە
تاوێ لەرزم هەس تاوێکم یاوە
٣- گیان وەلەب یاوا پەی پابۆس پات
بەیۆ، یانەیۆ، تۆ چێشەن سەڵات؟
٤- زەننەی تۆ چێشەن، منیچ بەو تەورە
ئەر مەیلەن مەیلە، ئەر جەورەن جەورە

ئەگەرچی «**بەیت**»ی یەکەمی ئەم گۆرانییە دەدرێتە پاڵ مەولەوی، بەڵام «**بەیت**»ێکی فۆلکلۆرە و «دکتۆر محەمەد موکری»ش لە کتێبەکەی خۆیدا لە ژمارە ٣٢٨ی زنجیری شیعرگەلی فۆلکلۆردا یادداشتی کردووە؛ کە لای دکتۆر موکری کەمێک جیاوازی هەیە و بەمجۆرەیە:

لەبیرت مەیۆ شەوەکەی سەرجۆ
شفاو لاڵەی من، مەکە لاوەی تۆ؟!(٧٦،٥٣)

دیسان **«بەیت»ی** دووەمیش فۆلکلۆرە و دکتۆر محەمەد موکری لەلاپەڕە ٩٠ی هەمان کتێبدا، ئەم شیعرەی لە زنجیرەی ٣٠٤ی شیعرەکاندا بڵاوکردۆتەوە.

هەی داد هەی بێـــداد جـــەرگم تـاوتاوە
ســــــاتێـکم لەرزە، ســــــاتـێکم یـاوە(٧١,٥٣)

**«بەیت»ی** سێـیـەمـیش، ئەگـەرچی لەدیوانی مـەولەوی‌دا نیـیـە؛ بەڵام مـەولەوی چەندان نموونەی لەو جۆرە شیعرە هەیە، کە ئەمە چەند نموونەیەکیانن:

١- چون خــەیاڵ وە مــاچ پات خــۆشــحــاڵ مــەبی
کــاش جــەکــۆن ئەو بەخت لەب تەبخــاڵ مــەبی(٢٢٧,٥٥)

٢- چـەم وەگــــــــــەرد پـای کـێ ئـاشـنـا بـۆ؟
لـەب وەیـاگــــــــــەی پـای کـێ ئـاشـنـا بـۆ؟(٤٢٧,٥٥)

بەڵام «**بەیت**»ەکە لەبنەڕەتدا هی حافزی شیرازییە، کە بەمجۆریەیە:

عـــزم دیدار تو دارد جـــان بر لب آمـــده
بازگـردد، یا برآید؟ چیـست فـرمـان شـمـا؟(١٦,١٥)

**«بەیت»ی** ٤یش شیعری مـەولەوییـیە، لەلاپەڕە **٢٢٩**ی دیوانی مـەولەوی‌دا هەیە. بەڵام **سەیید** بەگوێرەی پێویستی گۆرانییـەکـە دەستکاری کـردووە، چونکە **بەیت**ەکە لەبنەڕەتدا بەمجۆرەیە:

تۆ زەننەت چێـــشـــەن، منیچ بەو تەورە
ئەرمــەیلەن مــەیلەن، وەر جــەورەن جـەورە(٢٢٩,٥٥)

دیسان هەر مەولەوی **«بەیت»ی** تری لەم بابەتەی هەیە:

دوو حــاڵەن جــەلات زنجــیــرت کــەردەن
ئەر گـەرمی گـەرمـەن، وەر سـەردی سـەردەن(٤/٣٥١,٥٥)
ئـیـتــر تۆ جــەکــەس مــەپرســە خــەبەر
بـیـنـاییم، نـەزەر وە حـــاڵ وێت کــــەر(٥/٣٥١,٥٥)



## ١٠- غەمگین و دڵپەشێوم (بەستە - دەشتی)

ئەم ئاوازەش سەر بەدەسگای بەرینی شوورە. «**قەوان**»ێکی گەورەی ئەم گۆرانییەمان لای کۆنە چایچییەکانی مهاباد چنگ کەوتووە؛ کە ئەمە ژمارەکەیەتی: V.41466 و ئەمیش وەک گۆرانیگەلی تری **سەیید**، ساڵی ١٩٢٩ز، هەر لە کۆمپانیای «**گرامافۆن**»ی «**پۆلیفۆن**» پڕکراوەتەوە. نموونەیەکی تری ئەم «**قەوان**»ە «وەک خۆیان ئاگاداریان کردم» لای **سەیید** عەلای باباشەهابی کوڕەزای **سەیید** لە تاران چنگ دەکەوێ. گۆرانییەکە ٧ دەقیقە و نیوە و شیعرەکەی ٨ «**بەیت**»ە لەم ٨ **بەیت**»ەش، چەند **بەیت**ێکی شیعری وەفایی و «**بەیت**»ێکی شیعری ئەحمەدی کۆر و ئەوانی تر نەناسراون... شیعری ئەم گۆرانییە لە ٧ لاپەڕەی ناوبراودا نییە و گۆرانییەکەش لەو چەپکە گۆرانییانەدا نییە کە بڕیارنامەی نێوان **سەیید** و حەییم حەکاکی ئیمزایان لەسەر کردووە.

ئەوەی لەم گۆرانییەدا جێی سەرنجە، ئەوەیە کە **سەیید** پێشتر شیعرەکانی ئەم گۆرانییەی ئامادە نەکردووە؛ بۆیە هەندێ نیوە **«بەیت»ی** شیعرگەلی ئەم گۆرانییە تێکەڵ یەکتر دەکات، یان هەست دەکرێ هەر ئەو کاتە بەدەم وتن و لەکاتی گۆرانی چڕینەکەدا هانای بۆ گەنجینەی بیرەوەری خۆی بردبێ و بەشپرزەیی، شیعرەکان بەناچاری بۆ پڕکردنەوەی مەوداکانی نێوان گامەکانی ئاوازەکە فریا بخات؛ کە ئەم بارە دەروونییە بەزەقی لەدوا کۆپلەی گۆرانییەکەدا بڕستی لێ دەبڕێ و هەوڵ دەدات شیعرەکان کۆنترۆڵ بکات؛ بەڵام خۆی بۆ زەوت ناکرێ و تادێت جڵەوی زەوتکردنەکەی خاو دەبێتەوە. بۆیە لەدوا کۆپلەی گۆرانییەکەدا «لە **«بەیت»ی** پێنجەمەوە، کە «**بەیت**»ێکی وەفایی دەخوێنی» ، هەر لە یەکەمین نیوە **«بەیت»ی** دووەمەوە، لێی دەشێوێ و بەناچاری و بەهیوای ئەوەی **بەیت**ەکە ڕاست بکاتەوە؛ سێ جاری تر ئەم **بەیتە** دەڵێتەوە، تا بتوانێ بەتەواوی ڕاستی بکاتەوە.

ئەگەر خوێنەری هێژا بەیادی بێتەوە؛ لەو بەشەدا: «چۆن و کەی و لەکوێ **سەیید** گۆرانییەکانی تۆمار کردووە؟» و لەو چەند دێرەدا کە وەک مێژووچەیەکی هێنانی **گرامافۆن** بۆ ئێران؛ ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد کە پڕکردنەوەی ئەم «**قەوان**»انە، بۆ گۆرانیبێژ و مۆسیقاژەنەکانیش سەخت و دژوار بووە، چونکە خاوەنی کۆمپانیاکانی «**گرامافۆن قەوان**»ەکانیان لاشیرین بووە و ئەگەر گۆرانیبێژ، یان مۆسیقاژەنەکە، هەڵەیەکی بکردایە؛ دەبوایە سەرلەنوێ دەست پێبکەنەوە و «**قەوان**»ێکی تازەتری لەجێ دابنێن. ڕەنگە **سەیید**یش تووشی ئەم داروبارە بووبێ و بۆ خۆدەربازکردنیش لەم داروبارە، شیعرەکانی

گۆرانییەکەی تێکەڵ و پێکەڵ کردبێ... کە هەر ئەم کارە بۆتە هۆی ئەوەی **«بەیت»ی** سێیەمی شیعرەکەمان بۆ ساخ نەبێتەوە. ئەمەش شیعری ئەم گۆرانییەیە «وەک خۆی، بەهەڵەکانییەوە»:

١- غەمگین و دڵپەشێوم، بروانە باری لێوم
حەیرانی خاڵی لێوم، جەرگم سووتا وەک قاوە
٢- هەردوو ئەبرووی خوێنرێژت بوون بەجەلاوی گیانم
بەفتوای چاوی مەستت، قەتڵەم واجب کراوە
٣- پاییزی سەردی گیان، زەردی کردە سەری من
زمستانی فیراقت، پێچیدە بەسەری من
٤- بۆ تۆ شێت و شەیدا بووم، بۆ تۆ دەیری و ڕسوا بووم
بۆ تۆ زەنگی زڕیا بووم، بۆچی تۆ ڕەحمەت نەماوە؟
٥- لەسەر تاقی دوو ئەبرۆت، مەیلی زوڵفان دەمکێشێ
بۆ چ دەمکوژی خۆ قوربان پردی سیرات نەپساوە؟!
٦- لە دەردی بێدەرمانی، کەوتوومە سەرگەردانی
بۆ چ دەمکوژی ماڵوێران! جەرگم بۆچی برواوە؟
٧- لە دەردی بێدەوایی، مەیلی زوڵفان دەمکێشێ
لەدەردی بێدەرمانی کەوتوومە سەرگەردانی
بەجوابی: لَن تَرانیَ، چیبکەم جەرگم برواوە!
٨- لە بۆ هیجری دووری دۆست، جەرگ و ڕۆحم نەماوە
چیبکەم لە دووری دۆستم، هۆش و فیکرم نەماوە

نەمزانی **«بەیت»ی** ١ و ٢ و ٤ و شیعری کێن. **«بەیت»ی** ٣شم هەر ئەوەندە بۆ ساخ کرایەوە. **«بەیت»ی ٥**یش هەریەکەی نیوە**«بەیت»ی** ئەم دوو**بەیت**ەی وەفاییە:

١- لەسەر تاقی دوو ئەبرۆی مەیلی زولفان دەمکێشێ
خۆ وەختە من کافربم، چیبکەم قیبلەم گۆڕاوە!(١٥١,٥٧)
٢- دەستم لەتای زوڵفیدا، بەم بالآیە نەمزانی



بۆ چ دەمکوژی خۆ قوربان پردی قیامەت نەپساوە(١٥٢,٥٧)

نیوە **«بەیت»ی ٦**یش وەک وتمان لە **بەیت**ەکانی تری کۆتایی ئەم گۆرانییەدا، بەتەواوی و وەکو خۆی بۆی ڕاست نەکرێتەوە. کە ئەمیش هەر ئەم شیعرەی وەفاییە:

لە دەردی بێدەرمانی، کەوتوومە سەرگەردانی
بەجوابی: لَن تَرانی، چیبکەم ڕۆحم سووتاوە(١٥٣,٥٧)

## ١١- ئای لەنجە و وای لەنجەیە (بەستە-بەیاتی ئیسفەهان)

بەیاتی ئیسفەهان پاشکۆیەکی دەسگای هۆمایوونە. «**قەوان**»ی گەورەی ئەم گۆرانییەم چنگ نەکەوتووە. ڕەنگە هەر زووش **قەوان**ە گەورەکەی فەوتابێ؛ چونکە خودی گۆرانی لەنجەولەنجە کە ئێستا لەسەر نەواری کاسێت هەیە و وەک پێشتر وتمان لەچەند جێگەیەک پچڕپچڕ وناتەواوە و هەندێ کۆپلەی دووجار دووبارە بۆتەوە و نیوە **«بەیت»ی** یەکەمی شیعری سەرەتای گۆرانییەکەش، لە گۆرانییەکەدا نییە. لە ناوەڕاستیشدا نیوە **«بەیت»ی** شیعرێکی تر فەوتاوە... گۆرانییەکەش کە ئێستا لەسەر کاسێت لەبەردەستماندایە؛ وادیارە لە «**قەوان**»ێکی ناتەواوەوە گوێزرابێتەوە سەر نەواری کاسێت... ماوەی گۆرانییەکە «لەم شێوە ناتەواوەیدا» شەش دەقیقەیە. شیعرەکەش «دیسان لەم شێوە ناتەواوەیدا» ٥ **«بەیت»**ە و هەمووی شیعری فۆلکلۆرە و ٤ **«بەیت»**یان لە ٧ لاپەڕەی دەستەختی **سەییدا** هەیە، کە بەهۆی ئەم دەستەخەتەوە نیوە **«بەیت»ی** فەوتاوی سەرەتای گۆرانییەکەم بۆ ساخ بۆوە، کە هەموو شیعرەکە ئاوایە:

١- شەوەکەی وەسڵت هەر لە بیرمەن
جووتە، باڵەکەت گەردن گیرمەن
٢- هەروەک بازووبەند بتکەم وەباڵم
هەر ئێژم دووری، هەرەس وەماڵم
٣- هەی داد هەی بێداد دەردم تاوتاوە
ساتێ لەرزم هەس، ساتێکم یاوە
٤- هەی داد هەی بێداد دەردم کارییە
.......................................(١)

(١) نیوەی دووەمی ئەم شیعرە، لە فۆلکلۆریدا ئاوایە: دەوای دەردەکەم نادیارییە.

٥- شەوان مەخەفتم وە تاسەتەوە
بۆ مەنیام وە بۆی هەناسەتەوە

**«بەیت»ی** یەکەمی لە کتێبەکەی محەمەد موکریدا بەم شێوەیە تۆمار کراوە:

شەوەکەی وەسڵت هەر لە بیرمە
داوێک لە زوڵفت کەمەر گیرمە(٨٢،٥٣)

**«بەیت»ی** دووەمیش هەر لەهەمان کتێبی دکتۆر موکریدا، بەم شێوەیە تۆمار کراوە:

هەر وەک بازووبەند بتکەمە باڵم
هەر ئێژم دووری تالآن بەماڵم(٩٥،٥٣)

**«بەیت»ی** سێیەمیش لەهەمان کتێبی دکتۆر موکریدا بەم شێوەیەیە:

هەی داد هەی بێداد دەردم تاوتاوە
ساتێکم لەرزە، ساتێکم یاوە(٩٠،٥٣)

شایانی باسە هەر **سەیید** ئەم **بەیت**ەی لەگۆرانی هەی نابێ نابێ دا، دووبارە کردۆتەوە:

**«بەیت»ی** چوارەمیش هەر ئەوەندە دەبیسترێ. **«بەیت»ی** پێنجەمیش لەهەمان کتێبەکەی دکتۆر موکریدا بەمجۆرە تۆمار کراوە:

شەوان ئەخەفتم بەتاسەتەوە
بۆم ئەنیا بەبۆی هەناسەتەوە(٨٣،٥٣)

**«قەوان»**ی بچووکی ئەم گۆرانییەم لەلایە.

## ١٢- کراس کورتێ (بەستە-دەشتی)

مەقامی دەشتی یەکێکە لە پاشکۆکانی دەسگای شوور. «**قەوان**»ی گەورەی ئەم گۆرانییەم چنگ نەکەوتووە، بەڵام **قەوان**ە بچووکەکەیم لەلایە. ماوەی گۆرانییەکە ٦ دەقیقەیە و شیعری ئەم گۆرانییە لە ٧ لاپەڕەی دەستخەتی ناوبراوی **سەییدا** نییە؛ کە ٥ شیعری فۆلکلۆری ٨ بڕگەیی و ٣ دێرییە و بەمجۆرەیە:

١-ماڵی بابت سەربەژێر بێ
ئیزرائیل بەماڵی فێر بێ
کێ تۆی ڕەنجاند قورئانگیر بێ
(کراس کورتێ چیت لێ کردم)



٢- هەرچەند ئەکەم فیکر و ئەندێش
تەوەللا بووم لە قەوم و خوێش
لە دووی باڵات بووم بەدەروێش
(باڵا کورتێ چیت لێ کردم... باڵا کورتێ دینت بردم!... بۆچ وات لێم کرد! بیت بەپردم)

٣- ماڵی وێران کردم چاوت
میوانم بۆ زوڵفی خاوت
ئەمنی هەژار کەوتمە داوت
(کراس کورتەی کورتە باڵا)

٤- مەمکت دوو میم و کافێکە
لە باڵای سینە سافێکە
هەر ماچێکت تەوافێکە
(باڵا کورتێ چیت لێ کردم!... باڵا کورتێ دینت بردم!... بۆچ وات لێم کرد! بیت بەپردم)

٥- قوربانت بم ئەی بای شەوێ
خەو بێ لە چاوم ناکەوێ
دڵ مەجنوونە، لەیلی دەوێ
(باڵا گردێ دینت بردم!... بۆچ وات لێم کرد! بیت بەپردم!)

**«بەیت»ی** ١ و ٢و ٣ بەکەمێک جیاوازییەوە، لە کتێبەکەی دکتۆر محەمەد موکریدا تۆمار کراوە...

## ١٣- جانی جانانم وەرە (بەستە - ئەفشاری ناری)

«ئەفشاری»یش پاشکۆیەکی دەسگای بەرینی «شوور»ە... «**قەوان**»ی گەورەی ئەم گۆرانییەمان لە شاری سەقز دەست کەوت؛ کە ژمارەکەی بەمجۆرەیە: V.41462 و ئەمیش ساڵی ١٩٢٩ز، لە هەمان کۆمپانیای «**گرامافۆن**»ی «**پۆلیفۆن**» پڕکراوەتەوە.

ماوەی گۆرانییەکە ٧ دەقیقەیە و شیعری ئەم گۆرانییە لە ٧ لاپەڕەی دەستخەتی ناوبراوی **سەییدا** نییە و بریتییە لە ٩ «**بەیت**»ە شیعری شاعیرانی جیاجیا، کە بەم شێوەیەیە:

١- دڵ نەخۆشی دەردی هیجرە، جانی جانانم وەرە
لەت لەتە جەرگی هووناوم، ماهی تابانم وەرە
٢- عیللەتی دەردی شیفاکەم وا بەلێوی شەککەرت
مایەیی ژین و حەیات و دەردی دەرمانم وەرە
٣- ڕۆژی جەژنە، چاوەکانم موسمی ئازادییە
بۆ بەڵاگەردانی باڵات، قۆچی قوربانم وەرە
٤- لێی گەڕێن بابمکوژێ، شەهیدی مۆژگانی دەبم
٥- ئەی ڕەفیقانی تەریقەت دەردی عیشقم چارەکەن
یا بەجارێ بمکوژن، جەرگم بەخەنجەر پارەکەن
٦- سەد حەکیم هات و عەلاجی ئەم برینەی قەت نەکرد
تۆ عەلاجی زەخمەکەم کە، زووبە لوقمانم وەرە
٧- ئەی ڕەفیقانی تەریقەت دەردی عیشقم چارەکەن
یا بەجارێ بمکوژن، جەرگم بەخەنجەر پارەکەن
٨- چاوەکەم بۆ ڕووی فیراقت دڵ دەناڵێ چون ڕوباب
بەو دوو ئەبرۆی میسلی تاقت، بەندی جەرگم بوو کەباب
٩- گەر بزانیت چەند پەشێوە، حاڵەکەم بۆ دیدەنیت
سەد ئەوەندەی زولفەکانت، دڵ پەرێشانم وەرە

**«بەیت»ی** ١و٢و٣و٦و٧و٩، بەکەمێک جیاوازییەوە شیعری تاهیر بەگی جاف (١٨٧٥-١٩١٧ز)ە(٣١، ١٥-١٦) نیوە **«بەیت»ی** چوارەم، نەمزانی شیعری کێیە. **«بەیت»ی** ٥یش شیعری فیکرییە(٤٧، ٨٣). **«بەیت»ی** ٨یش شیعری ئەحمەدی کۆرە (٤١، هەروەها ١٥) کە لە دیوانەکەیدا بەمجۆرەیە:

دڵبەرا پەی ڕووی فیراقت دڵ دەناڵێ چون ڕوباب
بەو دوو ئەبرۆی میسلی تاقت، بەندی جەرگم بوو کەباب(١٥،٢٨)



## ١٤- ئەی ڕەفیقانی تەریقەت (بەستە - شووری - تاهیری)

ئەم «شووری تاهیری»یەش هەر سەر بەدەسگای «شوور»ە... **«قەوان»ی** گەورەی ئەم گۆرانییەمان لەشاری مەهاباد چنگ کەوت؛ کە ژمارەکەی ئاوایە: V.41464 و ساڵی ١٩٢٩ز، هەر لە کۆمپانیای «**گرامافۆن**»ی «**پۆلیفۆن**» لە **ئاڵمان** پڕ کراوەتەوە. ماوەی گۆرانییەکە ٧ دەقیقەیە و شیعری ئەم گۆرانییە، لە ٧ لاپەڕەی دەستخەتی ناوبراوی **سەیید**دا نییە و بریتییە لە ٩ تاکە **«بەیت»ی** شیعری جیاجیای شاعیران؛ کە ئەمە ٩ **«بەیت»**ەکەیە:

١- ئەی ڕەفیقانی تەریقەت دەردی عیشقم چارەکەن
یا بەجارێ بمکوژن، جەرگم بەخەنجەر پارەکەن
٢- بۆچ ئەمن سووچم چییە، ئەی سەروی بوستانی ئیرەم!
بێ قەباحەت لێم زویریت، چاکە ئینسافت ببێ
٣- ڕۆژی جەژنە، چاوەکانم موسمی ئازادییە
بۆ بەڵاگەردانی باڵات، قۆچی قوربانم وەرە
٤- سەد حەکیم هات و عەلاجی ئەم برینەی قەت نەکرد
تۆ عەلاجی زەخمەکەم کە، زووبە لوقمانم وەرە
٥- چاوەکەم بۆ ڕووی فیراقت دڵ دەناڵێ چون ڕوباب
بەو دوو ئەبرۆی میسلی تاقت، بەندی جەرگم بوو کەباب
٦- هەرکەسێ هات و وتی من عاشقم؛ بڕوامەکە
تا لەسەر گۆنای نیشانەی زەخمی مارانگاز نەبێ
٧- من کە سووتاوم لەدیوان، مەنعی گریانم مەکە
عاشقی ڕووتم بەقوربان، تیرەبارانم مەکە
٨- سەد حەکیم هات و عەلاجی ئەم برینەی قەت نەکرد
تۆ عەلاجی زەحمەکەم کە، زووبە لوقمانم وەرە
٩- چاوەکەم ئەمڕۆ لەگوڵشەن گوڵ بەعیشوە خۆی نواند
نەک نمەک گیر بم، بەمەرگی تۆ قەسەم هیچ نەمدواند
لێی گەڕێن بابموژێ، قوربانی پەیکانی دەبم

**«بەیت»ی** ۱، شیعری فیکرییە (۸۳،٤۷) و **«بەیت»ی** ۲، شیعری ئەختەر: ئەمین کوڕی حاجی بەکر **ئاغا** (۱۸۳۹-۱۸۸۷ز)ە، کە لەبنەڕەتدا شیعرەکە ۸ **بەیت** و ئەم **بەیت**ەی **سەیید** لێرەدا بەکاری هێناوە، لەخودی شیعرەکەشدا هەر **«بەیت»ی** دووەمە. بەڵام **سەیید** **بەیت**ەکەی دەستکاری کردووە؛ یان هەر بەو جۆرەی دەستکەوتووە، چونکە جگەلەوەی دەستکاری کردووە؛ لە هەمان کاتیشدا نیوە **«بەیت»ی** یەکەمی، لە جێگەی دووهەم داناوە، کە شیعرەکە خۆی بەمجۆریە:

بێ قەباحەت لێم زویری، چاکە ئینسافت هەبێ

تاکو نەمرم، خۆ مەحاڵە، ڕۆینم لەم قاپییە

**«بەیت»ی** ۷ و تاکە **«بەیت»ی** دوایین، نەمزانی شیعری کێن. **«بەیت»ی ۳**،٤،٦و۸ شیعری «تاهیر بەگی جاف»ن (۳۱، ۱۵-۱٦). **«بەیت»ی ۵** شیعری «ئەحمەدی کۆر»ە(۵،۲۸ هەروەها ٤١،٥٠) **«بەیت»ی** ۹ش شیعری حەریق «مەلا ساڵحی زێوێ ۱۸۵۱-۱۹۰۷ز»یە(۳٤، ۱۱۳)

ئەوەی لەم دوو گۆرانییەی دواییدا جێی سەرنجە، دووبارەکردنەوەی هەندێ **بەیت**ە شیعرن، لەناو هەریەکە لەم دوو گۆرانییەدا، وەک **«بەیت»ی ۳**و**۵** لەگۆرانی «جانی جانانم وەرە» و هەمدیسان دووبارەکردنەوەی ئەم **بەیت**ە شیعرە لە گۆرانی «ئەی ڕەفیقانی تەریقەت». هەروەها دووبارەکردنەوەی **«بەیت»ی ۳**ی هەردوو گۆرانی ناوبراو، لەگەڵ دووبارەکردنەوەی نیوە **«بەیت»ی** «لێی گەڕێن بامکوژێ، قوربانی پەیکانی دەبم» لە هەردوو کۆرانییەکەدا... کە ئەگەر چەند نیشانەیەکیان هەبێ، هی ئەوەیە: یان ئەم دوو گۆرانییەی لەیەک کاتی بەرودوادا وتووە، یان هەر بەدەستی ئەنقەست ویستوویەتی لە هەر دوو گۆرانییەکەدا چەپکێ شیعری جیاجیای شاعیران، پێکەوە و لەدوو گۆرانیدا بەکاربهێنێ... جگەلەوەی پێشتریش وتمان: ڕەنگە لەبارەی دەروونییەوە ئامادەیی تەواوی بۆ ئەم ۲-۳ گۆرانییەی دوایی نەبووبێ و پێشتر شیعری پێویستی بۆ ئامادە نەکردبن و بەناچاری پشتی بەگەنجینەی بیرەوەری خۆی بەستبێ، کە گەنجینەکەش لەو کاتە خێرایەدا هەر ئەوەندە بەهانایەوە هاتبێ.

# مۆسیقای سترانەکان

لەو بەشەدا کە ناومان نا: «**سەیید** چەند گۆرانی تۆمار کردووە؟» وتمان **سەیید** لە ساڵی ١٩٢٩ز، و لە تەمەنی ٤٧ ساڵیدا، کۆمەڵێک سترانی بۆ کۆمپانیای «**گرامافۆن**»ی **پۆلیفۆن** تۆمار کردووە... لەلایەکی تریشەوە بەپێی ئەو دوو بەڵگەنامەیەی سەبارەت بەتۆمارکردنی سترانەکانی، کە یەکێکیان بێزارینامەیەکی **سەیید** بوو، لەدەست میرزا یەعقووبی سەمیمی هەمەدانی نوێنەری کۆمپانیای «**گرامافۆن**»ی بەیدافۆن بۆ باڵیۆزی میسر لە تاران و ئەوی تریان ئەو بڕیارنامەیە بوو، کە لە نێوان **سەیید** و حەبیم حەکاکی وێنەری کۆمپانیای «**گرامافۆن**»ی **پۆلیفۆن**، زانیمان کە **سەیید** لە هەر دوو بەڵگەنامە و هەردوو سەفەرەکەشدا بۆ تاران، نەناوی هیچ مۆسیقاژەنێک و نەکەسێکیشی بەناوی مۆسیقاژەن لەگەڵ خۆی نەبردووە...

جگە لەمانەش ئەگەر هەر لێرەدا و بەگوێرەی ئەو مێژووە زۆر کورتەی هاتنی **گرامافۆن** بۆ ئێران، ئەوەشمان بێتەوەیاد، کە مێژووی تۆمارکردنی ئەم پۆلە سترانەی **سەیید**، دەکەوێتە ڕۆژگاری خولی دووەمی کارکردنەوەی کۆمپانیای **«گرامافۆن»**ی «**پۆلیفۆن**»ەوە؛ ئەوا بۆمان دەردەکەوێ، ئەو کاتەی **سەیید**، دەنگی خۆی لای کۆمپانیای «**گرامافۆن**»ی **پۆلیفۆن** تۆمار کردووە؛ هەر ئەو کاتەیە کە گۆرانیبێژی بەناوبانگی ئێران خانم قەمەرملووک وەزیری، لە هەمان کۆمپانیای «**گرامافۆن**»ی **پۆلیفۆن**، سترانە درەوشاوەکانی خۆی، لەگەڵ پۆلێک مۆسیقازانی گەورەی ئێرانیدا، تۆمارکردووە؛ کە مۆسیقازانەکانی ئەم خولەی کۆمپانیای «**گرامافۆن**»ی ناوبراویش ئەمانە بوون:

١- مورتەزاخانی نەی داوود، تار (١٩٠٠-١٩٩٠ز).

٢- مووساخانی نەی داوود، وێڵۆن (١٩٠٧-١٩٩٣ز).

٣- عەبدولحسەین شەهنازی، تار (؟-١٩٨٤ز).

٤- ئەمیر ئەرسەلانی دەرگاهی، تار (١٩٠٢-١٩٧٣ز).



٥- مەهدی خانی نەوایی ئیسفەهانی، نەی (١٨٧٩-١٩٤٧ز).

٦- حەبیب سەماعی، سەنتوور (١٩٠١-١٩٤٦ز).

٧- سەلیم خان، وێڵۆن.

٨- موبەشیرخانی قەوام.

٩- یەحیاخانی زەڕین پەنجە.

لە نێوان ژمارەی ئەو (٩) «**قەوان**»ەشدا، کە پێشتر وتمان بەردەستمان کەوتبوون، هەر تەنیا یەکێکیان واتە، هەر «**قەوان**»ی مەقامی دەشتییەکەی؛ ناوی مۆسیقاژەنەکەی لەسەر نووسراوە، کە مەهدی خانی ئیسفەهانی، واتە: مەهدی خانی نەوایییە و بەئامێری فلووت بەشداری لەگەڵ **سەیید** کردووە. ئەمەش خۆی لەخۆیدا بەڵگە و پشتیوانێکی بەهێزە بۆ ئەوەی بڵێین: یەکێک لەو مۆسیقاژەنانەی لەگەڵ ئەو پۆلە مۆسیقاژەنەی کاریان بۆ کۆمپانیای «**گرامافۆن**»ی **پۆلیفۆن** کردووە؛ لەگەڵ **سەیید**یشدا مۆسیقای ژەندووە...

بەڵام لێرەدا ئەوەمان لەیادبێ، کە پێشتر وتمان ژمارەی سترانەکانی **سەیید**؛ «کە ئێستا بەنەواری کاسێت لەبەر دەستماندان» بریتین لە (١٤) گۆرانی... بۆیە بۆ ئەوەی بزانین کێی تر، لەو ژمارەی (٩)ی «**قەوان**»ەی ئێمەی زیاتر دەست کەوتووە؛ بەڵکو بەهۆیەوە بتوانین ناوی مۆسیقاژەنێکی تر، لەسەر «**قەوان**»ی تری جگە لەو (٩) «**قەوان**»ە گیر بخەین؛ لەو سەردانەمدا بۆ لای محەمەد عەلی گوڵشەنی ئیبراهیمی، کە لەگەڵ **سەیید** عەلائەدینی باباشەهابی لە ڕۆژی ١٩٩٧/٥/٣١ز- لەتاران، لە ماڵەکەی خۆی سەردانمان کرد؛ لم بارەیەوە پرسیاری «**قەوان**»ی **سەیید** و سۆراخی ئەوەی ئاخۆ کێ مۆسیقای لەگەڵ سترانەکانی **سەیید**دا ژەندبێ؛ بەداخەوە لای ناوبراو، نە**قەوان**مان گیرکەوت و نەلەبارەی مۆسیقاژەنانی سترانەکانی **سەیید**ەوە، شتێکی دەزانی.

ئەو خولەی کارکردنی کۆمپانیای «**گرامافۆن**»ی «**پۆلیفۆن**»یش، کە ئێمە مەبەستمانە، ئەو خولەیە کە وتمان لە ساڵی ١٩٢٩ز-دا بووە و کاغەزی سەر ڕووی «**قەوان**»ەکان؛ کە ناونیشانی کۆمپانیاکەی لەسەر نووسراوە، ڕەنگی زەرد بووە و «**قەوان**»ەکانیش بەکارەبا پڕکراونەتەوە...

بۆ ئەوەش بتوانین سۆراخی ساغکردنەوەی ناوی مۆسیقاژەنانی سترانەکانی **سەیید** بکەین، بەچاکم زانی لیستی «**قەوان**»ەکانی سترانگەلی خانم قەمەرملووک وەزیری وەگیر؛ کە هەر لەم ساڵەدا و لەم خولەی کارکردنی ئەم کۆمپانیایەدا، تۆماری کردوون...



لەگەڵ محەمەد عەلی گوڵشەنی ئیبراهیمی و سەیید عەلا باباشەهابیدا



لەگەڵ هونەرمەند مامۆستا «حەسەنی کامگار»دا



لە ئاکامدا بۆم دەرکەوت ژمارەی ئەو (٣٠) مەقام و بەستەیەی قەمەرملووک بۆ ئەم کۆمپانیایەی تۆمارکردوون، بەلای زۆرەوە هەر ئەو مۆسیقاژەنانەن، کە لە سەرووتر ناومان هێنان و لەناو ئەمانیشدا ناوی برایانی نەی داوود «مورتەزاخان و موساخان»، لە هەموو ناوەکانی تر، زیاتر دووبارە دەبنەوە و لە ژمارەی ئەو (٣٠) گۆرانییەی قەمەرملووک دا، ئەم دوو مۆسیقاژەنە، بەئامێری تار و وێڵۆن بەشدارییان لە ژمارەی (٢٧)یاندا کردووە...

جگەلەمەش و هەر بۆ زیاتر دڵنیابوون لەم پێناوەدا؛ مامۆستا حەسەن کامگار، کە بۆ ئەم مەبەستە، لەتاران لە ماڵی خۆیان سەردانم کردووە و پرسیارم لێکردووە؛ لە وەڵامدا پێمی وتووە: هەر گۆرانییەکی **سەیید**، ئامێری تاری لەگەڵدا ژەنرابێ، مورتەزاخانی نەی داوود لە تەکیدا ژەندوویەتی...

هەر لەبارەی برایانی نەی داوودەوە هونەرمەند کاک سدیق تەعریف بەدڵنیاییەوە دەڵێ: بەستەی ڕۆژی جەژنە، کە بەخانی جانانم وەرە ناسراوە، بەمۆسیقای برایانی نەی داوود تۆمار کراوە.[1] (٦٧,٥) بەڵام مۆسیقازان مامۆستا ئیرەج بەرخوردار[2] لەسەردانێکمدا، کە لەتەک مامۆستای مۆسیقا ڕەسووڵ میرزاپووردا بەتایبەتی و بۆ ئەم مەبەستە چووبووینە لای؛ لەزمانی جەواد بەدیع زادەوە پێمی وت: کە عەبدولحەسەین شەهنازی ئامێری تاری بۆ گۆرانییەکانی **سەیید** ژەندووە... خۆ ئەگەر ئەم هەواڵەی جەواد بەدیع زادەیەش ڕاست بێت؛ ئەوا بەڵگە و پشتیوانی ئەم بۆچوونەمان پتەوتر دەبێ، چونکە وەک زانیمان «عەبدولحەسەین شەهنازی»ش، هەر لەو پۆلە مۆسیقاژەنەیە، کە لە سەرووتر لەتەک هەمان دەستەدا و لەهەمان ساڵ و خولی کارکردنی کۆمپانیای «**گرامافۆن**»ی «**پۆلیفۆن**»دا ناومان هێنان.

(١) سدیقی تەعریف (١٩٥٥ز): بەڕەگەز کوردە و خەڵکی شاری سنەیە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی هەر لە سنە تەواوکردووە و لەشاری تارانیش پەیمانگەی هونەرە جوانەکان «بەشی شانۆ»ی تەواو کردووە. بەڵام دواتر ئارەزووی مۆسیقا و گۆرانی تێدا زاڵتر بووە و ڕووی کردۆتە گۆرانی و مۆسیقا و تائێستا چەند چەپکە گۆرانی بەزمانی فارسی، لەگەڵ چەندان مۆسیقاژەنی ناسراودا، لەسەر نەواری کاسێت تۆمار و بڵاوکردۆتەوە. (٢٣,٣٣٩-٣٤٠).

(٢) ئیرەجی بەرخوردار (١٩٤٣ز): بەڕەگەز کوردە و خەڵکی شاری سنەیە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە سنە تەواو کردووە و پاشان بۆ خوێندنی مۆسیقا چۆتە تاران و مۆسیقای لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی زانکۆی تاران تەواو کردووە. ساڵی ١٩٦٢ز لە سەقز بۆتە مامۆستای مۆسیقا و ساڵی ١٩٦٥ز، دووبارە لەزانکۆی تاران چۆتەوە سەر خوێندنی مۆسیقا و ساڵی ١٩٦٦ز، بڕوانامە (ماستەر-فوق لیسانس)ی لەزانکۆی «فارابی-تاران» لە مۆسیقادا وەرگرتووە. یەکەمین کەسێک بووە لە ئێران تێزی خوێندنەکەی سەبارەت بە مۆسیقا و گۆرانی کوردی بووە.

سەرباری ئەمانەش، ئەگەر لەیەک کاتدا مۆسیقای ئەم دەستەناوە، کە لەگەڵ سترانەکانی «قەمەرملوک»دا ژەندوویانە، لەتەک مۆسیقای سترانەکانی **سەیید**دا، بەگیانی بەراوردکردنیان گوێیان لێگرین؛ بۆمان دەردەکەوێ کە کەش و هەوا و بەرزی و نزمی و جۆش و خرۆشی مۆسیقای هەردوو پۆلە سترانەکەی قەمەر و **سەیید**، لەیەک کەش و هەوادان و ئێمەش لەگەڵ خۆیاندا بۆناو هەمان کەش و هەوا دەبنەوە...

لێرەدا دەبێ ئەوەش بڵێم کە هەر برایانی نەی داوود، نزیکەی (٨) لەو مەقام و بەستانەی لەگەڵ قەمەردا مۆسیقایان ژەندووە؛ هەمان مەقام و بەستەیشیان لەتەک **سەیید**دا، بەهەمان کەش و هەوا دووبارە کردۆتەوە؛ کە ئەمانەن:

١- مەقامی سێگا.

٢- مەقامی ئەبوو عەتا (حیجاز).

٣- مەقامی بەیاتی تورک.

٤- مەقامی ئیسفەهان.

٥- مەقامی هۆمایوون.

٦- مەقامی شووشتەری.

٧- بەستەیەکی بەیانی تورک.

٨- بەستەیەکی دەشتی(٩، ٣٦٢-٣٦٣)

بەڵام تایبەتمەندی و کەش و هەوای دەنگی **سەیید** و دەسەڵاتی یەکجار باڵای بەسەر زانستی پیادەکردنی لایەنی مۆسیقاییدا، سترانەکانی **سەییدی** لە هەموو ڕوویەکەوە، لە کەش و هەوای سترانەکانی قەمەرملوک و گۆرانیبێژانی هاوچەرخی خۆی، سەراپا جیاکردۆتەوە... بەجۆرێک کە هەمیشە هەست دەکەین کەش و هەوای دەنگی **سەیید**، بەسەر مۆسیقاژەنان و گیانی فارسی ژەندەکانیاندا، زاڵتر و سوارترە؛ تا ئەو ڕادەیەی بەتەواوی هەست دەکەین **سەیید**، جیهانی سترانەکە بۆ ژێر سێبەری دەسەڵاتی خۆی، دەسەڵاتی دەنگی، کۆنترۆڵ دەکات. بۆیە لە سترانەکانی **سەیید**دا، ئەوەندەی مۆسیقای دەنگی **سەیید** بۆ خۆیمان داگیر دەکات؛ ئەوەندەی بۆ جیهانی تایبەتمەندی گۆرانی کوردی، جلەوکێشمان دەکات، ئەوەندە دەسەڵاتی مۆسیقاژەنەکان دیار نین. یان بەواتەیەکی تر: مۆسیقاژەنەکان لە پشت دەنگی **سەیید**ەوەن.. لە کاتێکدا کە ئەم پۆلە مۆسیقاژەنە، لە کۆڵەگە بنچینەیی و درەوشاوەکانی ئەم سەدەیەی مۆسیقای ئێرانین...



لێرەدا و لە کاتی باسی دەنگی کوردانەی **سەیید** و پۆلێک مۆسیقاژەنی بیانی بەمۆسیقا و دەنگی کوردی، خەمێکی شاراوە سەر هەڵدەدات؛ ناچارم بیدرکێنم، ئەویش ئەوەیە کە ئەم دیاردییە، نەک هەر بەرامبەر بەدەنگی **سەیید** بێت، بەڵکو بەرامبەر هەموو گۆرانبێژە نەمر و ڕەسەنەکانی کورد هەروایە.

چونکە هەروەک لە پشت دەنگە نەمرەکەی **سەیید**ەوە، دەسەڵات و بەهرەی مۆسیقاژەنەکانی کورد نابینین؛ بەهەمان جۆر لەپشت دەنگی کاوێس **ئاغا**، عەلی مەردان، ڕەسووڵ گەردی، سێوە، محەمەدی مامڵێ و حەسەن زیرەکەوە، توانا و درەوشانەوەی مۆسیقاژەنانی کورد نابینرێن! کە ئەو دەنگە ڕەسەن و نەمرە کوردییانە، بقۆزنەوە و لەباوەشیان بگرن و پەروەردەیان بکەن و بەپێودانی کەش و هەوای هونەریی و ڕەسەنی کوردەواری، هاوتەریب و هاوشان و هاوکەش و هەوای ئەو دەنگە کوردییانە؛ بەمۆسیقا، هاوکاری و بەشدارییان بکەن... کە ئەم ڕازە شاراوەیە، ئەوەندەی باسی خەمێکی نەبێژراوە، ئەوەندەش مەبەستم بارە زانستییەکەیە؛ چونکە ئەمەوێ بڵێم وەک چۆن شیعری کوردی، کە لە چاو بەشەکانی تری ئەدەبی کوردیدا، ڕەگی لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا قووڵتر و بەتەمەنترە و کەچی تائێستاش ڕەخنەی کوردی، هاوشان و هاوتەریب؛ لەئاست تەمەن و بەخشین و لووتکەکانیدا نییە، هەر بەو جۆرەش مۆسیقای کوردی، هاوشان و هاوتەریب و هاوڕێی تەمەنی دوور و تەنانەت نزیکی گۆرانی کوردی نییە!...

کەواتە **سەیید** لەتەک برایانی نەی داوود، عەبدولحەسەین شەهنازی، مەهدی خانی نەوایی، ئیسفەهانی و هاوڕێکانیاندا، سترانەکانی تۆمار کردووە... جۆری پیادەکردنی سترانەکانیشی، لەباری زانستی مۆسیقا بەگشتی و لەباری زانستی مۆسیقای ئێرانیشەوە بەتایبەتی، لە ئاستێکدان بەڵگەی ئەوەن **سەیید** زانیاری و ئاگاداری و هۆشیاری تەواوی لەسەر مۆسیقای ئێرانی بووبێ... بۆیە سەرجەمی سترانەکانی، لەباری زانستی مۆسیقاوە، بەمجۆرە پیادە کردوون:(١)

«بەرلەوەی لەسەر مۆسیقای سترانەکانی **سەیید** هیچ بڵێین؛ پێویستە بۆ ئاگاداری خوێنەر، ئەوە ڕوون بکەینەوە، کە ئەگەر بەگوێرەی خانەبەندیکردنی دەسگاگەلی مۆسیقای ئێرانی، قسە لەسەر سترانگەلی **سەیید** بکەین، دەبێ ئەوەمان لەیاد بێ، کە قسە و بیروڕای چەندان مۆسیقازان و پسپۆر لەسەر جۆری پۆلێنکردنی مۆسیقای ئێرانی هەیە.

(١) لێرە بەدواوە، زانیارییەکانی ئەم بەشەم بەیارمەتی و ڕێنوێنی لاوی مۆسیقازان: کاکە ئازاد میرزاپوور (١٩٧٩) ئەنجامداوە.

ئەم مۆسیقازان و پسپۆرانەش سەرەڕای ئەوەی هەموویان لەوەدا یەک دەگرنەوە کە ژمارەی دەزگاگەلی مۆسیقای ئێرانی، (٧) دەسگا و (٥) پاشکۆیە؛ بەڵام لەهەمان کاتیشدا هەندێکیان لەسەر جۆر و ژمارە و ناوی پەردەگەلی ئەم چەند دەسگایە، سەلیقە و بیروڕا و زاراوەی جیاواز و تایبەتی خۆی هەیە».

## ١- مەقامی دەشتی[1] (دەشتی ڕێ RE)

مەقامی دەشتی و ئەفشاری، لە و دوو پشکۆمەردا کورت و بەرتەسکەی دەسگای شوورن کە دەرەتانی بزووتنی دەنگ تیایاندا زۆر کەم و تەنگ و دژوارە.

لەبەرئەوە ئەگەر مەقامبێژانی ئەم دوو پاشکۆیە، زۆر شارەزای مەقام نەبن، بەبێ ئەوەی بەخۆیان بزانن لەگەڵ دەسگای شووردا تێکەڵاویان دەکەن.

بەڵام ئەم مەقامە دەشتی‌یەی **سەیید**، کاتی بەئامێری فلووت دەست پێدەکات؛ **سەیید** زۆر شارەزایانە تێکەڵ کەش و هەوای ڕاستەوخۆی مەقامی دەشتی دەبێت. ئەوەی لەم مەقامەدا جێی سەرنجە، ئەوەیە کە **سەیید** بەپشوویەکی درێژەوە، پەردەکانی مەقامەکە دەچڕێ. بەڵام ئەم پشووە درێژانەی نابنە سۆنگەی بەئەنجام نەگەیاندنی یاساکانی پیادەکردنی مەقامەکە؛ بەڵکو کۆتایی هەموو پشوویەکی مەودا و پێوانەی شارەزایانەی لە خەیاڵ و لەبەرچاو گرتووە، کە چۆن دەست پێبکات و چۆنیش کۆتاییان پێ بهێنێ. **سەیید** لەم مەقامەدا پەردەکانی «دەئامەد» و «غەمئەنگیز» بەسەردەکاتەوە.

ئەوەشمان بێتەوە یاد کە سەبارەت بەم مەقامە وتمان: لەنێوان ئەو (٩) **قەوان**ەی دیومانن، هەر تەنها لەسەر ئەم «**قەوان**»ە دەشتی‌یە، ناوی مۆسیقا فلووت ژەنەکەی نووسراوە، کە مەهدی خانی نەوایی–ئیسفەهانی.[2]

(١) دەشتی: پەردەکانی دەشتی بەگوێرەی ئەو خانەبەندیکردنە جیاجیایەی لەلایەن مامۆستاکانی مۆسیقای دێرینەی ئێرانەوە، دیاریکراون؛ بریتین لە:
- درامد (دەرامەد): پلەی یەکەمی سەرجەمی دەسگا و مەقام و پاشکۆکانی دەسگای مۆسیقاییە.
- اوج (ئەوج): هەر دەسگایەک کە لە سەرەتاوە بە«درامد» دەست پێبکات، ئیتر وردوردە پلەکانی بەرەو بەرزبوونەوە هەڵدەکێشن؛ کە ئەم هەڵکشانە لە هەندێ دەسگادا، لەسەر پلەی پێنجەمدا دەبێتە «اوج». لە هەندێ دەسگاشدا لەپلەی هەشتەم، یان دواپین پلەدا دەبێتە «اوج».
- بیدگانی، حاجیانی، گیلەکی، خەمئەنگیز.

(٢) مەهدی خانی نەوایی، ئیسفەهانی، ساڵی ١٨٧٩ز، لە شاری ئیسفەهان هاتۆتە دنیا. لەسەردەمی لاویدا لای سلێمان ئیسفەهانی و نایب ئەسەدوڵڵا فێری نەی ژەندن بووە. چەند «قەوان»ێکی لە خولی دووەمی=



## ٢- مەقامی سێگا: سێگا - موخالیف (سێگای Mip)

وەک وتمان دەسگای سێگا یەکێکە لە حەوت دەسگا بنەڕەتییەکەی مۆسیقای ئێرانی... سەرەتای ئەم دەسگا «مەقام»یە، بەئامێری کەمانچە دەست پێدەکات؛ کە بەلای زۆرەوە ئەشێ ئەم کەمانچە ژەندنە، هەر کاری مووساخانی نەی داوود بێت؛ چونکە بەتایبەتی لەدەسگای سێگادا بەناوبانگ بووە و هەر ئەم شێوەژەندنەی بۆ هەمان دەسگای سێگا–موخالیف، لەگەڵ خانم قەمەرملووک وەزیری ژەندووە... **سەییدیش** بەدەرامەد «درآمد» دەست پێدەکات و ئەوسا زۆر شارەزایانە دەچێتە پەردەکانی موویە و شکستەی موویە...[1] ئامێری کەمانچەکە وەڵامی دەنگی **سەیید** دەداتەوە، کە وەڵامەکەی لە پەردەکانی: دەرامەد، زابۆل «زابل»، موویە، شکستەی موویە، بەرگەشت «برگشت» بۆ دەرامەد پێکدێت؛ ئەوسا دەچێتەوە موخالیف[2] و دوای ئەمیش «چوار میزراب»ێکی موخالیف دەژەنێ و لە کۆتایی «چوار میزراب»ەکەیدا دەچێتە سەر دەرامەد... لە بەشی دووەمدا بەدەرامەد دەست پێدەکاتەوە...

لێرەدا شایانی باسە بڵێین هەموو دەرامەدەکانی **سەیید**، لە سێگادا لەگەڵ موویە و شکستەی موویە دایە. لەنێو **«بەیت»ی** دووەمیشدا دەچێتەوە ناو موخالیف... بەرلەوەش کۆتایی بەمەقامەکە بهێنێ، دەچێتەوە سەر خودی سێگا...

ئەم مەقامەی **سەیید** لە دەرامەد، موویە، شکستەی موویە، موخالیف و لەدواییشدا دیسانەوە لە سێگا پێکهاتووە...

## ٣- زەردی خەزان: (مەقامی بەیاتی تورک-ی FA)

سەبارەت بەم مەقامە، وتمان: مۆسیقازانی گەورەی ئێرانی: عەلی نەقی وەزیری وتوویەتی: بەیاتی تورک، مەقامێکی بازاڕییە و گامەکانی بەگامی بەیاتی کورد نزیکن و

= کارکردنی کۆمپانیای «گرامافۆن»ی «پۆلیفۆن»دا، هەر بەنەی ژەندنی تاک پڕکردۆتەوە، کە یەکێکیان مەقامی دەشتییە و ئەوانیتریان ئەفشاری و بەیاتی تورک، ڕاک عەبدوڵڵایە. ژمارەی «قەوان»ی دەشتی، یەکە ئاوایە:

1502 .V. 1 (١٢، ١٧٧). دیسان هەر مەهدی خان لە هەمان کۆمپانیا و هەمان ساڵ، نەی بۆ خانم نێرە ئەعزەم ڕۆحی ژەندووە.

١– موویە و شکستەی موویە: «موویە» کە ماناکەی بەکوردی دەبێتە «گریان و شیوەن»، لەسەر پلەی پێنجەمی سێگادا، ئەو کەش و هەوا و دۆخی گریان و شیوەنەمان دێنێتەوە یاد کە لە دووتوێی دەنگدایە.

٢– موخالیف: پەردەی شەشەمی سێگایە، کە دۆخی سەرەتایی سێگاکە بەتەواوی دەرِەوێنێتەوە.

بزووتنەوە و ئاڵۆگۆڕی کەم تێدایە، بۆیە ئەگەر مۆسیقاژەن، یان گۆرانبێژی ئەم مەقامە، زۆر بەهرەدار نەبێ و ئاڵوگۆڕ لە ئاهەنگ و دەنگیدا نەسازێنێ، تا ئاوازەکەی لەو یەک نەفسییە دەربهێنێ؛ سەرکەوتوو نابێ. (٩, ١٢٠)

ئەوەشمان لەیادنەچێ کە پێشتر وتمان: ئەم مەقامە یەکێکە لە پێنج پاشکۆکەی دەسگای بەرینی شوور... بەڵام ئەوەی سەبارەت پیادەکردنی ئەم مەقامە نەریت و باوبووە؛ ئەوە بووە کە گۆرانیبێژانی مەقام، سەرەتا بەشێوەیەک دەست پێدەکەن کە وردە وردە بەمەقامی بەیاتی تورک ئاشنامان بکەن.

بەڵام پاش ئەوەی لەم مەقامەدا ئامێری تار، چوار میزرابێک دەژەنێ؛ ئەوسا **سەییدیش** پێشەکییەکی ئاشنا و باوی دەست پێکردووە. دوایی یەکسەر دەسەڵات و شێوازی خۆی بەسەردا پیادەکردووە و ڕاستەوخۆ و لەمەودایەکی زۆر کورت و کەمدا، یەکجار بلیمەتانە، دەمانباتە ناو جەرگەی مەقامەکەوە؛ کە بەیاتی تورک دەچڕێ... ئەمجۆرە چڕینانەش زۆر کەم باوبووە بەدەنگی پیاو بێژرابێ، بەڵکو تایبەت بووە بەدەنگی ئافرەت.

شایانی باسە ئەم شێوەیەش کۆکی چەپ کۆکە و تایبەتە بەدەنگی ئافرەت؛ بەڵام شووری سۆل (SOL)، یان شووری لا (LA)، کە هەردووکیان کۆکی ڕاستن[١] و بەیاتی تورکەکەشیان بەرودواو دەکاتە بەیاتی تورکی سی بیمۆل (Sib) ـ (دۆ DO)، بۆ دەنگی پیاو دەبن؛ چونکە دەنگی ئافرەت «زیر»ە و ئەو پیاوەی کە چەپ کۆک دەچڕێ؛ دەبێ زۆر لە خۆی بکات، تابتوانێ دەنگی خۆی بەو پەردە و ئاستە بەرزە بگەیەنێ، کە دەنگی ئافرەت دەیگاتێ... کە ئەم کارە زۆرجار کە بەدەنگی پیاو بێژراوە، شێوێنراوە و نەتوانراوە بەو بەرزییە ببێژرێ.

(١) دەنگی ئافرەت و پیاو، لەبارەی توانای مۆسیقاییەوە دەکرێت بەدوو بەشەوە: چەپ کۆک، ڕاست کۆک. چەپ کۆک بۆ دەنگی پیاو. لەبەرئەوەش کە مۆسیقای دەنگی پیاو گڕترە؛ بەو هۆیەوە دەتوانێ دەنگی بەرەو خوارتر، واتە بەرەو بەم بخوێنێ؛ بەڵام ناتوانێ زیر بخوێنێ. کەچی دەنگی ئافرەت زۆرتر دەتوانێ بەرەو زیر بخوێنێ و کەمتر دەتوانێ بەرەو بەم بخوێنێ. لەبەرئەوەیە دەنگی پیاو «بەم»ی پێدەوترێ و دەنگی ئافرەتیش «زیر»ی پێدەوترێ. بۆیە مەبەست لە «چەپ کۆک» دەنگی (زیر)ە و «ڕاست کۆک»یش مەبەست دەنگی (بەم)ە... لەباری مۆسیقاییشەوە هەمیشە دەنگی چەپ کۆک، لەبەرامبەر دەنگی ڕاست کۆکدا، پێنج پەردە لەسەرووترەوەیە و بەپێچەوانەشەوە، ڕاست کۆک پێنج پەردە لە خوارترەوەیە، کەواتە ئەگەر پیاوێک بیەوێ وەک سەیید، بەچەپ کۆک بخوێنێ، دەبێ پێنج پەردە، لەدەنگی ئاسایی پیاو، زیاتر هەڵبکشێ و بچێتە سەرەوە



## ٤- یارغەزاڵ (بەستە . بەیاتی تورک . ی FA)

مەقامی بەیاتی تورک و بەستەی یارغەزاڵ، کە هەردووکیان هەر بەیاتی تورکن، پێمان وایە هەردووکیان لەیەک کاتدا تۆمارکراون؛ چونکە هەردووکیان لەیەک پەردەی فا (FA)دان و وەک دەشزانین هەر پەردەیەک بریتییە لە نۆ کۆما؛ بەڵام لە نێوان هیچ کامیشیاندا، تەنانەت یەک کۆما، کە بەرێگەی گوێچکە، ناسینەوەی زۆر دژوارە، کەم و زۆر جیاوازیی ڕوونادات. بەڵکو جیاوازییان ئەوەندە هەیە، ڕەنگە هەر فریای ئەوە کەوتبن: «**قەوان»**ی مەقامی بەیاتی تورکەکە هەڵبگرن و «**قەوان»**ی بەستەی «یار غەزاڵ»ەکە لەجێی دابنێن و هەمان مۆسیقاژەنی تارەکەش، هەر هەمان مۆسیقاژەنی مەقامی بەیاتی تورکەکەیە؛ بەڵام ئامێری کەمانچە و تونبەک «تُنبَك»ی پێ زیاد دەبێ؛ کە دەبێ ئەمانیش دەم و دەست ئامادەبووبن.

پێشەکییەکەی ئەم بەستەیە، بەهەر سێ ئامێری مۆسیقاکەوە دەست پێدەکات و لە پڕێکدا لە دوای هەشت میزان یەکسەر دەوەستن. «ئەم بەستەیە لە دووجار چوار میزانی پێکهاتووە، کە هەر دووجار میزانەکە، دەکاتە ٨ میزان و ئەمەش دەکاتە دوو ڕستەی مۆسیقایی، لەم بەستەیەدا». دوای ئەمە **سەیید** بەڕستەیەکی مۆسیقایی دەست پێدەکات. لەسەرەتاوە وەک مەقام دەست پێدەکات و لە کۆتایی زەربی دووەمی میزانی دووەم دا، دەیکاتەوە بە بەڕیتمیک. دوای ئەوە، دوو دانە میزان، کە لە چوار میزانەکەی پێشوو؛ بەجێمابوون، دەبن بەریتمیک و ڕستە مۆسیقاییەکە تەواو دەکەن. شایانی باسە، بەهرەمەندیی **سەیید** لە پیادەکردنی مەقامەکانی ئەم بەستەیەدا بەجۆرێکە، کە مەودای چڕینی مەقامەکەی ئەوەندەی چوار میزانی ڕیتمیکەکەیە؛ بەبێ ئەوەی بیەڵێت زیاد و کەمی هەبێت. بەواتا: کاتێ کە لەناو ئەم مەقامەدا، جڵەو بۆ دەنگی شل دەکات؛ لەهەمان کاتیشدا زۆر بەپارێز و سڵەوە، ئەوەی لە خەیاڵ و لەیادی خۆیدا پاراستووە، کە مەودای وتنی مەقامەکە، لە چوار میزانەکە تێنەپەڕێنێ؛ بۆ ئەوەی کە یەکسەر دێتەوە سەر ڕیتمیکەکە، بەهەمان چوار میزان، لەنگەری ڕستە مۆسیقاییەکە بگرێتەوە دەست... دوای ئەم مەقامە، یەک ڕستەی ٦ میزانی دێت... ئەوسا ئامێرگەلی مۆسیقایی وەڵامی دەدەنەوە.

دوای ئەمە، سەرلەنوێ دەگەڕێتەوە سەر شێوازی مەقامەکەی، کە چوار میزانی تێدا جێگە بۆتەوە... لەم بەشەشدا هەر ئەو دوو میزانە دێن، کە کۆتاییەکانیان دەبنەوە و بەڕیتمیک. پاش ئەمانە کە **سەیید** ڕستەیەکی چوار میزانی دەچڕێ، ئامێرگەلی مۆسیقایی

وەڵامی دەدەنەوە و جارێکی تریش هەر بەو شێوەیەی سەرەوە، بەڵام بەجۆرێکی تر و بەپەردەیەکی جیاوازتر، کارەکە دووبارە دەبێتەوە.

## ٥- مەقامی حیجاز (**ئەبووعەتا-ی لاکرۆن** LAP)

مەقامی حیجاز، بەزمانێکی سادە، بریتییە لە لووتکە، واتە: «ئەوج»ی مەقامی ئەبوو عەتا؛ کە ئەبوو عەتاش پاشکۆی دەسگای بەرینی شوورە. دیوی یەکەمی «**قەوان**»ەکە، ئامێری کەمانچە، پەردەی چوارمیزراب دەژەنێ. دوای ئەم «چوار میزراب»ە، **سەیید** دەست بەچڕین دەکات. ئەمجۆرە ئەبوعەتایەش کە **سەیید** دەیچڕێ، لە زاراوەی ئێستای مۆسیقادا پێی دەڵێن لاکرۆن. ئەوەی کە لەسەرتاسەری مەقامەکانی **سەییددا**، زۆر زەق و ئاشکرایە، جۆری چریکەکانێتی کە زۆر شارەزایانە و وەستایانە و یەکپشوو پیادەیان دەکات. لەم مەقامەدا **سەیید** هەر تەنیا لە پەردەی حیجازی لا (LA)دا ناوەستێ؛ بەڵکو چارەکە پەردەیەکی تریش دەنگی بەرەوژوورتر، واتە: بەرەو ڕێ (RE) دەبات؛ کە بەم کارەی هەست ناکرێ زۆر لەخۆی بکات، یان لەنگەری دەنگی تێک بچێت.

لەم مەقامەی **سەییددا**، ئامێرەکانی تار و کەمانچە پێکەوە وەڵامی دەنگی **سەیید** دەدەنەوە... بەڵام لەدیوی دووەمی «**قەوان**»ەکەدا، یان لەبەشی دووەمی ئەم مەقامەدا، ئامێری تار چوار میزرابی حیجاز دەژەنێ؛ کە **سەییدیش** هەر بەپەردەی حیجاز وەڵامی مۆسیقاکە دەداتەوە و لەکۆتاییدا بەپەردەی ئەبوعەتا، مەقامەکە دوایی دێنێ.

بەلای زۆرەوە مۆسیقاژەنانی تار و کەمانچەکەی ئەم مەقامە، دەبێ هەر برایانی نەی داوود، واتە: «مورتەزا و موساخان»بن.

## ٦- مەقامی هۆمایوون (**هۆمایوونی** RE)

وەک وتمان هۆمایوون یەکێکە لە دەسگا بنەڕەتییەکانی مۆسیقای ئێرانی. سترانگەل و مێلۆدی کوردەواری، کەمتر لەم دەسگایەدا لەچاو دەسگایەکی بەرینی وەک شووردا، هەن... لەم دەسگایەدا ڕاستەوخۆ **سەیید** بەر لە مۆسیقا، خۆی بەدەرامەد دەست پێدەکات؛ کە لە دوو «**بەیت**»ی یەکەمدا، هەر لە ئاقاری دەرامەددایە.

بەڵام لەبەشی دووەمی دەسگاکەدا، ئامێری تار، چوار میزرابێک لەپەردەی بیداد و نەی داوود دەژەنێ... دوای ئەم چوارمیزرابە **سەیید** پەردەی بیداد و نەی داوود بەوپەڕی بەرزییەوە دەچڕێ.



دوای ئەمە دەچێتە ناو پەردەی «ڕاجیع»ەوە، کە بەگشتی لەسەرەتای وتنی «**بەیت**»ی سێیەمی شیعرەکەوە تا کۆتایی لە پەردەی بیداد(١) و نەی داوود(٢) و ڕاجیع(٣)دا، بەرز و نزمی بەدەنگی دەکات؛ تا لە دوایین پلەکانی دەنگیدا دێتەوە سەر شەقامەڕێی ڕاستەقینەی دەسگای هۆمایوون.

## ٧- مەقامی شووشتەری

وتمان ئەم مەقامە، پەردەیەکی دەسگای «هۆمایوون»ە... لەسەرەتای ئەم مەقامەدا، ئامێری تار چوار میزرابێک دەژەنێ. ئەوسا **سەیید** لەسەر پەردەکانی شووشتەری مەقامەکە دەچڕێ. لە کۆتایی نیوەی یەکەمدا، واتە لە کۆتایی دیوی یەکەمی «**قەوان**»ەکەدا، دێتەوە سەر شەقامەڕێی هۆمایوون... لەبەشی دووەمدا، ئامێری تار چوار میزرابێکی تر دەژەنێ. دووبارە **سەیید** دەست پێدەکاتەوە، کە لەم بەشەی مەقامەکەدا ئاماژە بەپەردەی جامەدەران(٤) دەکات. دوای ئەم پەردەیەش سەرلەنوێ **سەیید** دێتەوە سەر شووشتەری و ئامێری تارەکەش دێتەوە سەر هۆمایوون... بەکورتی ئەم مەقامی «شووشتەری»یە بریتییە لە شووشتەری: جامەدەران، ئەوسا دێتەوە سەر هۆمایوون.

## ٨- مەقامی بەیاتی ئیسفەهان (**ئیسفەهانی** SOL)

بەیاتی ئیسفەهان، تاقانە پاشکۆی دەسگای «هۆمایوون» پەردە سەرەکییەکەیەتی؛ واتە: پەردەی چوارەمینی، دەسگای «هۆمایوون»ە.

بەڵام وەک پێشتر وتمان بەداخەوە ئەم مەقامە، هەر دیوێکی «**قەوان**»ەکەیان چنگ کەوتووە، کە ئەگەر دیوەکەی ترمان لەلا بیایە، وەک مەقامەکانی تری **سەیید** بەدەرامەد دەستی پێکردبایە، کە هەنگاوی سەرەتای هەموو مەقامگەلێکە، بەڵام ئەم دیوەی یەکسەر بەبەیاتی ڕاجیع دەست پێدەکات. بەیاتی «ڕاجیع»یش وەک حیجاز و شووشتەری و عێراق

(١) پەردەی بیداد: یەکێکە لەو پەردانەی کە جارجارەش وەک پەردەی شووشتەری دەتوانرێ بەجیا و بەسەربەخۆ، بەکارببرێن، بەمانای ئەوەی پەردەیەکی بەرتەسک نییە و گۆرانیبێژ و مۆسیقاژەن دەتوانن مەوداکانی توانا و بەهرەی خۆیانی تێدا دەربخەن.

(٢) نەی داوود: ئەمیش زۆر لە پەردەی بێداد نزیکە و هەر لەیەک پلەدان.

(٣) راجیع: بریتییە لە پلەی پێنجەمی هۆمایوون.

(٤) جامەدەران: بەشێوەیەکی گشتی بریتییە لەو پەردەیەی لە زۆربەی دەسگا و مەقامدا بەگوێرەی یاسایەکی تایبەتی، دووبارە دەبێتەوە.

نییە، کە ڕاستەوخۆ بەجیا و سەربەخۆ بوترێ؛ بەڵکو دەبێ زەمینەیەکی بۆ خۆش بکرێ؛ ئەوسا پلەپلە بگاتە ئەم پەردەیە. بەڵام دیارە لەو بەشەدا کە ئێمە دەستمان نەکەوتووە، دەشێ وەک تێکڕای مەقامەکانی تر، **سەیید** ئەم مەقامەیشی بەدەرامەد دەستی پێکردبێ... شایانی باسە ئەم بەیاتی «ئیسفەهان»ەی کە **سەیید** دەیچڕێ، بەیاتی «ئیسفەهان»ی سۆل (SOL)ە، کە لە هۆمایوونی ڕێ (RE)ە دەگیرێ... لەم مەقامەدا، ئامێری تار لەگەڵ **سەییدا** هاوکاری دەکات.

## ٩- **هەی نابێ نابێ (بەستە-ئەفشاری)**

وتمان ئەفشاری پاشکۆیەکی دەسگای بەرینی شوورە... ئەم بەستەیە بەئامێرگەلی تار، کەمانچە، تونبەک «تُنبَك» دەست پێدەکات؛ کە **سەیید** لە ئاقاری دەرامەددا یەکەمین **بەیت**ە شیعر دەچڕێ؛ ئەوسا فیگۆری تایبەتی هەی نابێ نابێ دەکات بەسەربەند.

لە دوای دووەمین «**بەیت**»ە شیعریش هەمدیسان هەی نابێ نابێ دووبارە دەبێتەوە... لە چڕینی نیوە **«بەیت»ی** سێیەمیشدا: «بەیۆ، یانەیۆ، تۆ چێشەن سەڵات!»، **سەیید** بەنۆتی گرنگی ئەفشاری «کە لە خودی پلەی دووەمی ئەفشاری»یە، چارەکە پەردەیەک دەیهێنێتەوە خوارەوە و دەمانباتە ناو کەش و هەوای ئەفشاری، کە بەر لەمەش ئامێرگەلی مۆسیقا کە زەمینەیان بۆ خۆشکردبوو. بەڵام **سەیید** بۆ یەکەمین جار، ڕاستەوخۆ ئاماژەی پێدەکات و لەکاتی چڕینی نیوە **«بەیت»ی:** «زەننەی تۆ چێشەن، منیچ بەو تەورە»، ئەم بەستەیە دەگەیەنێتە لووتکەی چڕینەکە؛ کە گوێگر هەست دەکات مۆسیقاژەنانیشی لەکەش و هەوای دەسەڵاتی خۆیدا، کۆنترۆڵ کردووە. بۆیە لەم جێگەیەدا مۆسیقاژەنان بەوپەڕی دەسەڵات و توانایانەوە وەڵامی دەدەنەوە... لەکۆتایی نیوە **«بەیت»ی** دووەمیشدا: «ئەر میلەن مەیلەن، ئەر جەورەن جەورەن»، دیسانەوە فیگۆری هەی نابێ نابێ بۆ دوایین جار، زۆر بەجوانی دووبارە دەکرێتەوە.

لەکۆتایی ئەم بەستەیەدا، پارچە مۆسیقایەک دەبیستین، کە بەزاراوەی مۆسیقا پێی دەڵێن ڕینگ(١).

(١)ناوەکانی: پێش درامەد، چوار میزراب، ڕینگ، بەلای زۆرەوە دەبێ میرزا عەبدوڵڵای تار ژەنی بەناوبانگی ئێرانی ئەو ناوانەی لێنابن. مانای پێش دەرامەدیش بەو پارچە مۆسیقایە دەڵێن کە زۆر ئارام و لەسەرخۆیە و گوێچکەی بیسەر، بۆ بیستنی ئەو مەقامە، یان ئەو سترانە ئامادە دەکات. «چوار میزراب»یش پارچە مۆسیقایەکی خێراترە، کە مۆسیقاژەن بەتەکنیکی خۆی و شارەزایی خۆی لەبەکارهێنانی میزراب و پەنجەیدا دەیژەنێ.



## ١٠- **کراس کورتێ (بەستە- دەشتی**LA)

ئەم بەستەیە، **سەیید** لەدەسگای دەشتیدا چڕیوێتی و وتیشمان مەقامی دەشتی لەدەسگای شووردایە. لە هەمان کاتیشدا دەسگای شوور، زۆرترین مەقام و مێلۆدی کوردی تێدا جێگە دەبێتەوە.

ئامێرەکانی ئەم سترانە، بریتین لە تار، کەمانچە و وێدەچێ ئەم گۆرانییەی، دوای مەقامی دەشتییەکەی خوێندبێ؛ چونکە هەمان ئامێرگەلی مۆسیقایی مەقامی ناوبراوی تێدان، بەتایبەتی «فلووت»ەکەی مەهدی خانی نەوایی ئیسفەهانی، کە لەسەرەتای سترانەکەدایە... شایانی باسە ئەم مەقامە لە «دەشتی» چەپکۆکدایە.

کەش و هەوای ئەم بەستەیە ئەوەندە کوردەوارییانەیە، کە کوتومت لەمەقامی شووردا سەقامگیر نەبێ، بەڵکو ئەوەندە لە ئاسۆیەکی ڕەنگیندا چڕیوێتی، کە بەستەکە حەز لە ئازادییەکی بەربڵاوی بەرینتر لەمەقامی دەشتی بکات. ئیتر تا کوپلێتی «هەرچەند ئەکەم فیکر و ئەندێش» هەر لەم ئاقارەدایە. بەڵام لەدوای ئەم کۆپلێتەوە دەنگی **سەیید** باڵاتر و بەرینتر دەبزوێ، تاپەردەی دووەم؛ کە ئەم پەردەیە پێی دەڵێن دۆ (Do). تەنانەت سووکە ئاماژەیەکیش بەپەردەی سێیەم دەکات. بەمجۆرە بەهەمان کەش و هەوای ڕەنگین، درێژەی پێدەدا.

## ١١- **ئای لەنجەولەنجە (بەستە-ئیسفەهان)**

پێشتریش وتمان مەقامی ئیسفەهان، تاقانە پاشکۆی دەسگای «هۆمایوون»ە و وتیشمان ئەم بەستەیە تائێستا بەناتەواوی کەوتۆتە دەست گوێگرانی دەنگی **سەیید** و هەر بەناتەواویش خراوەتە سەر نەواری کاسێت.

سەرەڕای ئەم ناتەواوییەش، کە بەئامێرگەلی تار، کەمانچە و تۆنبەک هاوکاری دەکەن؛ لەوبەشەوە کە لەبەردەستمدایە، زوو زوو لەپەردەی دووەمی ئەم پاشکۆیەدا لەنگەر دەگرێ؛ کە نیوە **«بەیت»ی** یەکەمی، **«بەیت»ی** دووەمدا هەر لەهەمان ئاقاری **«بەیت»ی** یەکەمدا دەبزوێ؛ بەڵام لەنیوە **«بەیت»ی** دووەمی ئەم **بەیت**ەدا، ئاسۆی دەنگی، تاپلەی پێنجەمی ئیسفەهان فراوانتر دەکات. ئیتر فیگۆری تایبەتمەندی ئەم سترانە، کە ئای لەنجەولەنجەیە، دووبارە دەکاتەوە.

هەروەها هەی داد هەی بێدادیش بەشێوازی **«بەیت»ی** دووەم دووبارە دەبێتەوە. بەمجۆرە **بەیت**ەکانی تری ئەم بەستەیە، وەک تێکڕای «**بەیت**»ەکانی تر، دووبارە دەکرێنەوە.

## ١٣- غەمگین و دڵ پەشێوم (بەستە-دەشتی)

وەک وتمان مەقامی دەشتی، یەکێکە لە (٥) پاشکۆکانی دەسگای بەرینی شوور. لەم بەستەیەدا ئامێری تار، کەمانچە و تۆنبەک بەشداری دەکەن. لەسەرەتای سترانەکەدا، مۆسیقاژەنان دەست پێدەکەن؛ ئەوسا **سەیید** لە کەش و هەوای دەرامەددا دەچێتە پەردەی دەشتییەوە و زۆر شارەزایانەش بەپەردەی دووەمی دەشتی «کە چارەکە پەردەیەک بەرز و نزم دەکات» ئاماژە بەپەردەی دەشتییەکە دەکات. دوای ئەم «**بەیت**»ە، مۆسیقاژەنان بەتەریبی دەنگی **سەییددا** وەڵام دەدەنەوە...

لە «**بەیت**»**ی**: هەردوو ئەبرۆی «خوێنرێژت»دا، ئاسۆی دەنگی بەرینتر دەکات و بەهەمان شێوەش مۆسیقاژەنان وەڵامی دەدەنەوە. لەنیوەی دووەمی ئەم «**بەیت**»ەشدا: بەفتوای چاوی مەستت، دیسانەوە دێتەوە سەر شەقامەڕێی دەشتی. لە «**بەیت**»**ی**: پاییزی سەردی گیاندا، پلەیەکی تر دەچێتە سەرەوە و ئاماژە بەپەردەی چوارەمی دەشتی دەکات. دیسانەوە ئامێرەکانی مۆسیقا، هاوئاهەنگی لەگەڵ دەکەنەوە... دوای ئەم «**بەیت**»ە، بەنیوە «**بەیت**»**ی** دووەم: زمستانی فیراقەت، دێتەوە سەر بنەمای دەشتی... بەمجۆرە «**بەیت**»ەکانی تری دواییش، بەرودوا بەهەمان هاوئاهەنگیی، دووبارە دەکاتەوە.

## ١٣- جانی نازانم وەرە (بەستە-ئەفشاری ناری)

وتمان ئەفشاری پاشکۆیەکی دەسگای بەرینی شوورە، کە ئامێرگەلی تار، کەمانچە و تۆنبەک بەشداری ئەم بەستەیە دەکەن. ئەوەی جێی سەرنجە، ئەوەیە کە **سەیید** لەم سترانەدا ئاشکراتر و ڕوونتر دەچێتە پەردەی ئەفشارییەوە... سەرەڕای ئەمەش کە بەستەکە هەر لەیەک ڕستەی مۆسیقاییدا دەبزوێ؛ بەڵام **سەیید** بەلێهاتوویی خۆی، ئاڵوگۆڕێکی هەمەڕەنگە و ئاهەنگاوی، بەدەنگی دەکات و ڕستە مۆسیقاییەکە، لەو یەکڕەنگییە دەردێنێ و لەتێکڕای بەستەکەدا، هەست بەبێزاریی ناکەین؛ بەتایبەتی کە دەگاتە ئاقاری پەردەی چوارەم؛ ئیتر بەتەواوی، بزواندنی دەنگی **سەیید**، هەستی گوێگر ڕەنگینتر دەکات.

## ١٤- ئەی ڕەفیقانی تەریقەت (بەستە-شووری تاهیری)

پێشتریش وتمان: دەسگای گەورە و بەرینی شوور، لەدەسگاگەلی مۆسیقای ئێرانییە. ئەم بەستەیەش کە شوورە، وەک بەستەکەی سەرەوە، ئامێرگەلی تار، کەمانچە و تۆنبەک



بەشداری تێدادەکەن... لە **بەیت**ە شیعری یەکەمدا «ئەی ڕەفیقانی تەیرقەت»، دەنگی **سەیید** هەر لە ئاقاری دەرامەددا دەبزوێ. لە «**بەیت**»**ی** دووەمدا: «بۆچ ئەمن سووچم چییە!» بزووتنەوەی دەنگەکە ئەوەندە جوان و زیرەکانە هەڵدەکشێ؛ وەک ئەوەی لە پڕێکدا و زۆر شارەزایانە، باز بداتە جێگەیەکی تر؛ کە هەر بەو جوانی و شارەزاییەوە، بگەڕێتەوە جێگەی پێشووی خۆی... لە «**بەیت**»**ی** سێیەمیشدا: ڕۆژی جەژنە چاوەکانم، وەک ئەوەی بەهۆی دوو «**بەیت**»**ی** پێشوویەوە، کەش و هەوا و زەمینەیەکی لەباری بۆ خۆی ئامادەکردبێ، ئازادتر دەبزوێ و لەقووڵایی ناخییەوە، پەل لە سامالێکی بەرین و بێگەرددا دەکوتێ. لە نیوە «**بەیت**»**ی** چوارەمدا: سەد حەکیم هات و...، بەجوانی و هۆشیارییەوە پەل کوتانەکەی دەیگەیەنێتە لەنگەرێکی ئارام و... بەمەش کەش و هەوا و بۆن و بەرامەی پەردەی «ئەبووعەتا: لەسەرپلەی دووەمی شوور»[(١)] مان پێدا دەپژێنێ. لە نیوەی «**بەیت**»**ی** چوارەمیشدا: تۆ عەلاجی زەخمەکەم کە... هەر بەو شێوەیەی دەنگە ئارامەکەی، بەپەیژەیەکی دڵنیاییدا هەڵکشابێ؛ بەهەمان دڵنیاییەوە بەرودوا دێتەوە... بۆ ئەوەش هەر لەم کەش و هەوا ئارام و دڵنیاییە، ڕامانبگرێ؛ هەمان نیوە «**بەیت**»**ی** چوارەم دووبارە دەکاتەوە... ئیتر هەر بەمجۆرە «**بەیت**»**ی** پێنجەمیش لەم داروبارە سازگارەدا دەچڕێ... بەڵام لە «**بەیت**»**ی** شەشەمدا: «هەر کەسێ هات و...» دەچێتەوە حاڵ و هەوای «**بەیت**»**ی** سێیەم: «ڕۆژی جەژنە...». لە نیوە «**بەیت**»**ی** حەوتەمیشدا: «من کە سووتاوم لە دیوام...» وەک نیوە «**بەیت**»**ی** چوارەم، دەمانباتەوە بۆ باوەشی ئەبووعەتا. لە نیوە «**بەیت**»**ی** دوایی «**بەیت**»**ی** دوایی «**بەیت**»**ی** حەوتەمیشدا، دیسانەوە دەمانباتەوە بۆ ناو کەش و هەواو باوەشی خودی شوور.. لەنیوە «**بەیت**»**ی** سەرەتای هەشتەمیشدا: سەد حەکیم هات و...، وەک «**بەیت**»**ی** چوارەم دەماندانەوە دەست پەردەی ئەبووعەتا. لەنیوە «**بەیت**»**ی** دوایی «**بەیت**»**ی** هەشتەمیشدا: «تۆ عەلاجی دەردوکەم کە.» بە دووبارە کردنەوەی ئەم نیوە **بەیتە** دەمانباتەوە ناو پەردەی شوور... ئیتر «**بەیت**»**ی** دوایی: «چاوەکەم ئەمڕۆ لە گوڵشەن...»، تادوایی گۆرانییەکە، هەر لەناو نیشتمانی شووردا دەبزوێ... بەڵام سەرومڕی سترانەکە، لە ئاقاری شوور و ئەبووعەتادا دەبزوێ.

(١) ئاواز و مەقامگەلی پاشکۆکانی شوور، واتە: ئەبووعەتا، حیجاز، بەیاتی تورک، ئەفشاری و دەشتی بەمجۆرە بەدەست دێن: هەرکاتێ لەئاقاری شووردا «وەک ئەو نموونەیەی سەرەوە»، لەسەر پەردەی دووەمدا لەنگەر بگرین، مەقامەکەمان دەبێتە ئەبووعەتا. بەڵام ئەگەر بچینە سەرپەردەی سێیەم مەقامەکەمان دەبێتە: بەیاتی تورک. ئەگەریش بچینە سەر پەردەی چوارەم، مەقامەکەمان دەبێتە: ئەفشاری. ئەگەر بچینە سەر پەردەی پێنجەمیش، مەقامەکەمان دەبێتە دەشتی.

# ئەوینی خەڵک و ڕووناکبیریی

ئەو هێندە بەڵگە کەمەی لەبەردەستماندان و ئەو تەمەنە کورتەی **سەیید** (٥٤ ساڵ)؛ پێمان دەڵێن **سەیید** هەر زوو، هێشتا لە هەرەتی لاویدا بووە؛ چ بەهۆی ناوبانگی **سەیید**ایەتی و ڕێزی بنەماڵەکەی خۆیان و چ بەهۆی دەنگە خۆشەکەیەوە، لەناو کۆمەڵگاکەیدا ناسراوە و بەچاوی ڕێز و خۆشەویستییەوە سەیری کراوە... بۆیە هەر زووش پێوەندییەکی کۆمەڵایەتی بەربڵاوی لەگەڵ دۆستانی، لەسەرتاسەری هەرێمەکەیدا دروستکردووە... بەتایبەتیش دوای بڵاوبوونەوەی گۆرانییەکانی لەسەر **گرامافۆن**؛ ئیتر لەو دۆستە نزیک و دیارانەی سەرەتای لاوێتی **سەیید**، جەنابی شێخ عەلی حیسامەدین نەقشبەندی (١٨٦١-١٩٣٩ز) بووە(٥٤,٨٣-٨٤)؛ کە ناوبراو کوڕی تاقانەی جەنابی شێخ محەمەد بەهائەددین (١٨٣٦-١٨٨٠ز)(٥٤,٧٥-٨٨)، کوڕی جەنابی «شێخ عوسمانی سیراجەددین»ی تەوێڵە (١٧٨٠-١٨٦٦ز)(٥٤,٧-٣٥) بووە و هەر لەسەر دەستی ئەمیشدا **سەیید** پابەندیی خۆی بەتەریقەتی نەقشبەندییەوە ڕاگەیاندووە. شێخ عەلی حیسامەددین، دوای مەرگی باوکی، لە تەمەنی بیست ساڵییەوە خۆی ڕابەرایەتی تەریقەتی نەقشی و پێڕەوانی ئەم تەریقەتەی کردووە، کە بنەمای تەریقەتەکە ڕێنمایی کردنێکی هێمنانە و قووڵ و عارفانەی ئایینی ئیسلام و خواپەرستی دەکات.

لەهەمان کاتیشدا وەک وتمان ئەم زاتە نەوەی شێخ عوسمانی سیراجەددین و شێخ محەمەد بەهائەددینی تەوێڵەبووە؛ کە هەردووکیان بەرودوا پیر و ڕابەری شاعیری گەورە و بەناوبانگ مەولەوی تاوەگۆزی بوون و لەهەمان کاتیشدا هەمیشە شاعیرانی تری دیالێکتی گۆران، لە نزیک خۆیان و خانەقاکانیاندا بوون و کۆڕی شیعری هەمەڕەنگ و هەمە جێگەیان لاکۆبۆتەوە، بەتایبەتیش مەولەوی بەخۆی و شیعرە نەمرەکانییەوە، پەپوولەی دەوری چرای ئەم بنەماڵە ڕووناک و ڕووناکبیرپەروەربووە و ئەوانیش بۆ مەولەوی هەروابوون... بۆیە هەر زوو لە ڕێگەی ئەم خانەقا و بنەماڵەیەوە، ئەوینی شیعری کوردی بەگشتی و بەتایبەتیش شیعری مەولەوی، بە**سەیید**یش گەیشتووە و دەستخەتە



بەجێماوەکانی **سەیید**، کە ئێستا لەبەر دەستماندان و شیعری گۆرانییەکانیشی، هەموویان نیشانەی ئەوەن یەکجار دڵبەند و هۆگری شیعری کوردی و لەناویشاندا شیعری مەولەوی تاوەگۆزی بووە؛ جگە لەوەی کە خودی بنەماڵەی **سەیید** پێشتریش سەروکاریان لەگەڵ شیعری عیرفانیدا بووە.

پێوەندی و نزیکایەتی **سەیید** و شێخ عەلی حیسامەددینیش، پێوەندی نێوان مریدێک و شێخێک نەبووە؛ بەڵکو بەگوێرەی ئەو ٤ نامەیەی کە شێخ عەلی حیسامەددین بۆ **سەییدی** نووسین و ئێستا لەبەر دەستماندان؛ نیشانمان دەدەن کە شێخی ناوبراو، ڕێز و پلەوپایەیەکی باڵای بۆ **سەیید** داناوە و سەرەتای هەموونامەکانی، ئاوا ناوی **سەیید** دێنێ: «... جناب مستطاب سیادت انتساب سعادت اثر، محبوب فقرای درویشان سید علی اصغر، سعادت دین و دنیا...» و «... جناب سیادت مآب مجرّب سعادت سیر سید علی اصغر...» و هتد...

لەنامەیەکیشیاندا باسی ئەوە دەکات کە **سەیید** سەردانی کردووە، بەڵام نەینووسیوە لەکوێ؟ هەروەک هەر ٤ نامەکەش مێژوویان پێوە نییە...

شایانی باسە شێخی ناوبراو، لە سێ جێگە خانەقای بووە و بەپێی وەرزەکانی ساڵ و لەو جێگایانە بووە؛ کە ئەمانەن: تەوێڵە، بیارە و خورماڵ «باخەکۆن». ئەم سێ خانەقایە لە کوردستانی عێراق و خانەقایەکیشی لە هاوینەهەوارێکی هەورامانی دیوی کوردستانی ئێراندا لە «کرایەدۆڵ» هەبووە؛ کە لە هەموویاندا باخی ڕازاوە و خانووبەرەی جوانی تێدا دروستکردوون... (٥٤,٨٦ هەروەها ١١,٢٢٨-٢٢٩) بۆیە نازانین **سەیید** بۆ کامە خانەقای شێخ عەلی سەردانی کردووە! هەروەک ناشزانین ئەو نامانەی کە **سەیید** بۆ شێخی ناوبراوی ناردوون، کەوتوونەتە کوێ و لەمەڕ چی بوون! هەرچەندە ناوەڕۆکی هەر ٤ نامەکەی شێخ عەلی بریتین لە هەندێ کاروباری تایبەتی **سەیید** و بنەماڵەکەیان...

بەڵام هاوسەرەکەی **سەیید** ئەشرەفی کوڕی **سەیید**، لە زمانی شەرافەت خانمی کچی **سەیید**ەوە بۆمی گێڕایەوە کە **سەیید** چوار جار سەردانی کوردستانی عێراقی کردووە، کە بێگومان دەبێ سێ جاریان بۆ سەردانی خانەقای شێخ عەلی حیسامەددین بووبێ لە کوردستانی عێراق و جاری چوارەمیشیان «کە دوایین سەردانێتی» ئەوجارەیە کە لە ڕێگەی قەسری شیرین و «خانەقین»ەوە چۆتە بەغداد و دواتر بەرێگەی «کەرکووک، سلێمانی، هەڵەبجە، بیارە، هانەگەرمەڵە»دا گەڕاوەتەوە بۆ «مەریوان» و لەوێشەوە بۆ «سنە».

ئەم سەفەرەی **سەیید**، زۆری باسکراوە و درێژترین **سەیید** بووە، کە سەردانی زۆرکەسی کردووە و زۆر کەسیش سەردانیان کردووە. ئەم سەفەرەی **سەیید**، هەر ئەو دوایین و درێژترین سەفەرەی بووە کە نووسەران و هونەرمەندان: **داراغا** (٣٩، ٦) و عەلائەدین سەجادی(٤٥، ١١٧، ١٢٥) و عوسمان شارباژێڕی(٤٧، ٧٩) و عەباسی **کەمەندی**(١٨، ١٦) و ناسری ڕەزازی(٤١، ٢٢)، هەریەکە بەجۆرێک هەواڵەکەیان وەرگرتووە و باس؛ردووە.

ئەم سەفەری **سەیید** بەو جۆرە بووە کە **سەیید** ئەشرەفی کوڕی **سەیید**، بەحوزووری هاوڕێم کاک «شێخ عومەری شێخ کەریم»ی شێخ محەمەدە بچکۆلە، لەچەند دیدەنییەکماندا بۆ سنە، بۆمی گێڕایەوە، وتی: سەرەتای ساڵی ١٩٣٥ز، نۆرەی ئەوەم هاتبوو بکرێمەوە سەرباز؛ منیش بەخۆم وت چاک وایە سەربازی نەکەم و ئارەزووی هەرزەکارانەم سەری پێهەڵگرتم و ڕووم کردە کوردستانی عێراق و لەوێوە چوومە بەغداد. لە بەغدادیش لە «ئوتێل ئومەرا: أمراء»، بوومە شاگرد. خاوەنی ئوتێلەکە کابرایەکی ئەرمەنی بوو... ماوەی نزیکەی ساڵ و نیوێک، یان زیاتر لەو ئوتێلە مامەوە و باوکیشم پەیتاپەیتا دەیناردە شوێنم، تابرۆمەوە. بەڵام نەدەچوومەوە.

لەگەڕەکی قەنبەر عەلی بەغدادیش خزمێکمان هەبوو ناوی مەولوود و پوورزای دایکم بوو، زوو زوو سەردانم دەکرد...

سەرەتای پاییزی ١٩٣٦ز، ئێوارەوە وەختانێک لەناکاوێکدا باوکم خۆی کرد بەماڵی مەولووددا و منیش لەوێ بووم «وەک دواتر باوکم بۆمی گێڕایەوە: باوکم بەرێگای قەسری شیرین» خانەقین دا هاتبوو بۆ بەغداد...[١] ئیتر بڕیاری گەڕانەوە بۆ سنە لە دەسەڵاتی مندا نەما؛ بەڵام جگە لە کاری بەشوێن هاتنی مندا، بەرنامەی وابوو زیارەتی مەرقەدی غەوسی گەیلانی و جەنابی شێخ مەحموودی حەفید (١٨٨٤-١٩٥٦ز) بکات؛ کە ئەوکاتە لە بەغداد لە گەڕەکی وەزیریە دەست بەسەر بوو. منیش جار جارە زیارەتیم دەکرد و ناونیشانی ماڵەکەیان و ژمارەی تەلەفوونەکەیانم دەزانی. ئێوارەی ڕۆژی دوایی، لە ئوتێلەکەوە ماڵی جەنابی شێخ مەحموودم ئاگادار کرد کە باوکم تەشریفی هێناوە و پێی خۆشە بێتە زیارەتتان...

(١) بەیادی خوێنەری دێنمەوە کە «داراغا»ش لە وتارەکەیدا کە لەسەر سەیید نووسیبوی هەروای باسکردبوو کە سەیید بەهەمان ڕێگەدا چۆتە بەغداد. (٦،٣٩)



دەمە و عەسری ڕۆژی دواییتر، جەنابی شێخ جەلال حەفید (١٩٠٧-١٠/١٠/١٩٦٢ز)ی کوڕی شێخ ئەحمەدی برازای شێخ مەحموود و چەند کەسێکی تر هاتن بەشوێن باوکمدا و منیش لەخزمەتیاندا چووم... ئەو کاتەی گەیشتینە ماڵەکەی شێخ مەحموود، خۆیان لە ماڵ نەبوون و بۆ کارێک چووبوونە دەرەوە. دوای ماوەیەک تەشریفی هێنایەوە و بەدیتنی باوکم زۆر شادمان بوو...

لێرەدا مۆڵەت لە خوێنەر وەردەگرم و قسەکەی **سەیید** ئەشرەف دەبڕم و دەگەڕێمەوە بۆ شاری سلێمانی، بۆ لای هونەرمەند کاک حەمەی بەکر (١٩٢٥ز)، تا لەسەر داوای من لە زمانی خوالێخۆشبوو شێخ جەلالی کوڕی شێخ ئەحمەدی برازای شێخ مەحموودەوە باسی ئەو کاتەمان بۆ بکات کە جەنابی شێخ مەحموود خۆی دەکات بەماڵەوەدا و **سەیید** دەبینێ...

هونەرمەند کاک حەمەی بەکر وتی: عەسرێکی درەنگی ئێوارە پاییزەیەکی ناو حەوشەکەی ماڵی شێخ مەحموود، هەندێ درەختی میوەی جوان و جێگەی سازکراو بۆ میوانی زۆر کەش و هەوای ماڵی شێخ مەحموودیش جۆرە بێدەنگی و ئارامییەکی لە خۆگرتبوو... ئامادەبووان هەر لە ڕوخساری **سەیید** ورددەبوونەوە و **سەیید**یش هەر بەناخی خۆیدا شۆڕدەبۆوە و بێدەنگ دانیشتبوو...

لە پڕ کە شێخ مەحموود خۆی کرد بەحەوشەکەدا و دەرگاوانەکان ڕاچەنین و **سەیید** چاوی بەباڵابەرزە جوانەکەی شێخ مەحموود کەوت؛ لەجێی خۆی هەڵسا و چریکەیەکی زۆر بەرز و لەناکاوی کرد و بەدەم چریکەوە ئەم **بەیت**ە شیعرەی مەولەوی تاوگۆزی بەگۆرانییەوە چڕی:

هاگەرد و غوبار مەحمەڵ دیارەن
دەک لێلاویت بۆ؛ چۆنت قەوارەن!

شایانی باسە، ئەوانەی شارەزای شیعری مەولەوین دەزانن کە تاکە **«بەیت»ی** ناوبراو، سەر بەشیعرێکی ٨ **«بەیت»**ییە و تێکڕای ناوەرۆکی شیعرەکە، باسی مژدە و خۆشی گەورەیی هاتنی یار دەکات؛ کە هەر بۆ بیرخستنەوەی خوێنەران بەچاکی دەزانم هەموو شیعرەکە بنووسمەوە، تا لەدواییدا قسەیەکی لەسەر بکەین:

ئەی دڵ مزگانی، ئاماکۆچ یار
شای شادی سەردا، خەمان کەرد فیرار

ها گـەرد و غـوبار مـەحـمـەڵ دیارەن
دەک لێـــڵاویت بۆ؛ چۆنت قـــەراوەن!
چون بەدەن جـە تاو هیـــجـران باڵاش
ئەســڵاهاز و هێــز نەمــدەن جــەلاش
فـــیـــراقش بەو تەور تەوانا ســەندەن
پاقــوەی ڕەفــتــار جــەلاش نەمــەندەن
فـرسـەتەن ئەرواح بشــۆ وە پێــشــواز
پـەردەی بـیـنـایـی تـۆ پـەی پـایـەنـداز
دیدە فـــەرش بووزۆ وە ســـەتح ڕێشـــدا
تاکـە سـەمـەندەش پابنیـۆ پێـشـدا
عـەینەن! وە ئەسرین ئاوپاشی ڕاش کـەر
نەک گـەرد بنیـشـۆ وە گـۆنای دڵـبـەر
باشـای خـاڵـخـاسـان جـەمین پەڕەی گـوڵ
وەی ئەســـاســـەوە یاوۆ وە مـــەنزڵ(٣٦٠.٣٥،٥٥)

وەک سەرنج دەدەین سەرومڕی شیعرەکە بۆ هاتنی یارە؛ کە ئەمە نیشانەی ئەوەیە **سەیید** هەمـوو شیـعری مـەولەوی و بۆنەی شیـعرەکـانی لەبەربوون و هەڵبـژاردنی ئەو **بەیت**ەش، قووڵایی ڕێز و ئەوینی **سەیید** بەرامبەر شێخ مەحموود دەردەخات.

... دەگەڕێمەوە بۆ لای قسەکەی **سەیید** ئەشرەف:

ئەو شـەوە مـیـوانی شـێخ مـەحـموودبووین و ڕۆژی دوایی زیارەتی مـەرقـەدی غـەوسی گەیلانی کرد و دوایی گەڕاینەوە مـاڵی مەولوود و ئوتێل ئومەرا و مۆڵەتمان لێ خواستن و ئەمجارە بەڕێگەی بەغداد کەرکووک دا هاتینەوە...

پێش ئەوەی بگەینە کەرکووک، منیان گرت و باوکم بەتەنیا مـایەوە و ماوەی **٣٥** ڕۆژ لەیەکتریان دابڕین... بەڵام لە کەرکووکیش مـاڵی **سەیید** سەعید سنەیی هەبوو. باوکم چوو بۆ مـــاڵی ئەوان و بەردەوامـیش ســەردانی منی دەکـرد و تەقـەللای ئازادکـردنمی دەدا... وادیاربوو هەر لەوماوەیەدا بنەماڵە و خزمانی شێخ مەحموود لە سلێمانی و بەتایبەتیش



خانمی بەناوبانگ حەپسەخانی نەقیب (؟-١٩٤٥ز) تەقەللای ئازاکردنمیان دابوو.[١]

ئەو کـاتەی باوکم لە مـاڵی **سـەیید** سـەعـیـد سنەیی بووە؛ زۆربەی پیـاوانی ناوداری کـەرکـووک، مـیـوانداری باوکـمـیـان کـردووە. لەوانە: جـەنابی **سەیید** ئەحـمـەدی خـانەقـا (١٨٧٣-١٩٥٢ز)(١١، ٣١٩)... ڕۆژانەش جـارجـار لە چایخـانەیەکی گـەڕەکی مەجیدییەی بەسەربردووە...

وەک لە بیـرەوەرییـەکـانی هونەری بەناوبانگ عـەلی مـەردان (١٩٠٤-١٩٨١ز)دا دەردەکـەوێ؛ ناوبراو هەر لەو مـاوەیەدا لە کـەرکـووک و لەو مـاوەی **٣٥** ڕۆژەی مـانەوەی **سەییدد**ا، چاوی بە**سەیید** کەوتبێ. (٢٢،٤١)

جـێی خـۆیەتی لێـرەدا بۆ دەوڵەمـەندکـردنی بیـرەوەرییـەکـانی **سـەیـیـد** ئەشـرەف، بیـرەوەرییـەکـانی عـەلی مەردانیش لەسـەر **سەیید** بۆ ئێرە بگوێزرێنەوە؛ کـە لـەم بارەیەوە وتوویەتی: «سەردەمی نووری سەعـید بوو، دەم بەدەم خەبەر گەیشتە کەرکووک کە **سەیید عـەلی ئەسغـەری کـوردسـتـانی** هاتۆتە سلێـمـانی؛[٢] من پەرۆش بـووم بیـبـینم بەڵام زۆری نەخایاند هاتە کەرکووک، دووسێ کەسی لەگەڵ بوو کە پێم وابێ بنەماڵەی شێخ مەحموود لەگەڵیان خستبوون... کەرکووک کۆمەڵێک نەججارِ و خەیات و شتی وای لێ بوون، کە خەڵکی سنە بوون و **سەیید** لای ئەوان دەمایەوە. بۆ خۆم چوومـە خزمەتی و چەند ڕۆژێک پێکەوە بوین. ڕۆژان لە دووکـانی کوڕێکی سنەیی، کە لەناو بازاڕی نەجـجـارەکـاندا بوو، دادەنیـشت. زۆرمـان گـۆرانی بۆ یەکـتـر گـوت. مـاڵم قـەبرە؛ گـۆرانیـبـێـژ نەبوو بیگاتێ؛ هەرچەند دەنگی هەڵدەهێنا من کـپـو بێـدەنگ دبووم... من لەگـەڵـیـدا دەرنەدەچووم. دوو شێوازی جیاوازمان هەبوو.

ئەو گـۆرانیـیـانەی کە ئەو وتنی، ئێـسـتـاش وێنەیان نەهاتەوە ڕوو... ئاخ... لە کـەرکـووک دەعـوەتیـان کـرد بۆ خـانەقـای حاجی شێخ عـەلی. ئەو شـەوە موناجـاتی کـرد، بڕوابکـە لەبەر دەنگی **سەیید**، دەروێش کـردیان بەکـارەسـاتێک، بەکـەس دانەدەمـرکـان... تەنیـا لـە بەغـداد گـۆرانی تۆمـار دەکـرا و ئـەویش بۆ **سەیید** هەندێک دژوار بـوو، چونکە دەبوو بگەڕێتەوە و

(١) داراغـاش لەوتارەکـەی خـۆیدا سـەبارەت بەیارمـەتیـدانی سـەیید لەلایەن حـەپسـەخـانی نەقـیـبـەوە، هەر وای نووسیوە. (٦،٣٩)

(٢) وادیارە هەواڵەکە بەپێـچەوانەوە بەعـەلی مـەردان گـەیشـتـووە، بەتایبـەتی کە عـەلی مـەردان لە دوایین ساڵانی ژیانیدا ئەم بیرەوەرییانە دەگێڕێتەوە و وەک نووسەری وتارەکە باس دەکات: قسـەکانی تێکەڵ و پێکەڵ دەکرد. ئەگینا بەشەکانی تری بیرەوەرییەکانی عەلی مەردان نزیکە بەگێڕانەوەکەی سەیید ئەشرەف.

نەیدەویست بمێنێتەوە. ئەگەر بمابایەتەوە، بنەماڵەی شێخ حیسامەددینی بیارە بەهەموو شێوەیەک یارمەتییان دەدا؛ بەڵام بۆ خۆی حەزی نەدەکرد بمێنێتەوە.

قەرار بوو لەسەر **قەوان** گۆرانی تۆمار بکا، بەڵام نەکرا... من پێش ئەوەی گۆرانی بڵێم، فەقێ بووم. تازە جلوبەرگی فەقێیەتیم وەلانابوو، کە **سەیید** عەلی ئەسغەرم دی. لەناو کورددا گۆرانی وتن بەعەیب دەزانرا، وەک ئێستا نەبوو، ئەو گیروگرفت و کەند و کۆسپانە زەرەری زۆری لێ داین. **سەیید عەسکەر** ئەو هونەروەرە بەرزە، کاتێ گۆرانی دەوت، کوڵ و کۆی دایکی جگەرسووتاوی دادەکرکاند. کەچی لێرە گیرا و خرایە زیندان و بۆی نەڕەخسا، کە ئەو دەمە لێرە دەرەتان هەبوو، چەند گۆرانییەک لەسەر **قەوان** تۆمار بکا!

ئەی برا... «لێرەدا عەلی مەردان دەستی بەگریان کرد». (٤١، ٢٣)

... دیسانەوە **سەیید** ئەشرەف:

دوای ئازادکردنم، دوای نیوەڕۆیەک چووینە چایخانەکەی مەجیدییە بۆ ماڵئاوایی لەو چەند ناسیاوانەی باوکم؛ کە لە ماوەی ئەو ٣٥ ڕۆژەی مانەوەیدا لە کەرکووک میواندارییان کردبوو. دانیشتووانی چایخانەکە تکایان لەمن کرد داوا لە باوکم بکەم تا گۆرانییەکیان بۆ بڵێ... کە عەرزی باوکمم کرد؛ دڵی نەشکاندن و گۆرانی بۆ وتن... لە کەرکووکیشەوە هاتینەوە بۆ سلێمانی.

بەڵام لەنامەی ئازادکردنەکەمدا نووسرابوو: «دەبێ تا سەرسنووری ئێران، بەچاودێری پۆلیس بدرێمەوە بەئێران». بۆیە لە کەرکووکەوە بەئۆتۆمبێلی پۆلیس هێنراینەوە بۆ سلێمانی لە سلێمانیش منیان لەسەرا هێشتەوە و باوکیشم لەبەر خاتری من، ئەو شەوە لە ژوورێکی سەرادا، بەدیارمەوە مایەوە... لەوێش کە هەواڵی هاتنی باوکم بەهۆی پۆلیسەکانەوە «کە هەموویان کوردبوون» بەهەندی کەسی ناوشار گەیشتبوو؛ ژمارەیەکی زۆری خەڵک هوروژمیان بۆ سەرا هێنا و تکایان لەباوکم کرد بێتە دەرەوەی سەرا و لە چایخانەیەک نزیک سەرا، گۆرانییان بۆ بڵێ... ئەویش دڵی نەشکاندن و تادرەنگێ لەو چایخانەیەی نزیک سەرا، گۆرانی بۆ وتن.

لەم بارەیەوە ئەخۆل «ئەحمەد دەروێش»ی شاعیر دەڵێ: ئێوارە وەخت بوو، چایخانەیەک لە شەقامی کاوەی ئەمڕۆکەدا هەبوو؛ «سەی ئەسغەر» لەو چایخانەیە دانیشتبوو، کە بیستم لەوێیە؛ چوومە خزمەتی، وردەوردە بۆ بزواندنی کەوتمە گۆرانی و مەقام وتن. «سەی ئەسغەر» جوولا، ئەو ئێوارەیە تادرەنگانێ لەگۆرانی وتن نەکەوت. شەو داهات؛ ئەو



دەنگە لەو شەوەدا دەزرنگایەوە. خەڵکێکی زۆر لەو ناوەدا کۆببوونەوە. تابڵاوەمان لێکرد و هەرکەسەمان بەرەو ماڵی خۆی ڕۆیشتەوە. بەیانییەکەی بیستم «سەی ئەسغەر» گیراوە.

تمەس پیاو خراپ خەبەریان لێدابوو کە ئەوە سەری ئەسغەرە و پەساپۆرتی نییە، لەو دیوەوە بۆ ئەم ناوە هاتووە. من ئەو کاتە لە (مەحکەمە: دادگا)، کاتب بووم. حاکمی «جەزا»م دەناسی، هەوڵێکی زۆرم بۆدا، بەری بدەن، یان جەزایەکی کەمی لێوەربگرن. ئەوەبوو بەهیممەتی حاکمی جەزا، دوو دینار غەرامەیان خستبووەسەر، بەڵام حاکمەکە خۆی پارەکەی بۆ دابوو، ڕەوانەی هەڵەبجە کرابوو، تاحەواڵەی ئەودیوی بکەنەوە. (٤٩، ١٤٠-١٤١)

...دیسانەوە **سەیید** ئەشرەف:

لێرەدا **سەیید** ئەشرەف بەیادی هاتەوە کە لەکاتی هێنانیاندا لە کەرکووکەوە بۆ سلێمانی؛ کەسێکی تریشیان بەزیندانی لەگەڵ بووە، ناوی شێخ محەمەدە بچکۆلە بووە... کەچی ڕێکەوت وابوو هاوڕێم کاک شێخ عومەر شێخ کەریم؛ کە ئامادەی وتووێژەکەمان بوو، هاتە دەنگ و وتی: ئەو شێخ محەمەدە بچکۆلەیە، باپیری منە!... لە ڕاستیشدا هەروابوو، چونکە شێخ محەمەدە بچکۆلە ئامۆزای شێخ مەحمودی حەفیدبووە و لەسەردەمی دەسەڵاتدارێتی شێخ مەحموددا، گەلێ چالاکی بووە و دواتر، دوای دامرکاندنەوەی شۆڕشی شێخ مەحمود و دەسەڵات لەدەس سەندنەوەی «کە ئەو کاتە شێخ مەحمود لەبەغدا دەستبەسەر بووە» هاوکات دەوڵەت کەوتبووە ڕاونان و گرتن و سزادانی خزمان و یارانی نزیکی شێخ مەحمود؛ کە وەک وتمان شێخ محەمەدە بچکۆلە، ئامۆزای شێخ مەحمود بووە.

دیسانەوە دەگەڕێمەوە بۆ لای قسەکانی **سەیید** ئەشرەف؛ کە وتی:

هەر تەنیا شەوێک لە سلێمانی ماینەوە و هەمدیسان بەچاودێری پۆلیس بردیانین بۆ هەڵەبجە و لەوێوە بەکەفالەت ئازاد کراین و بەڕێگەی هەڵەبجە «بیارە» هانەگەرمەڵەدا هاتینەوە بۆ ئێران.

تا ئێرە قسەکانی **سەیید** ئەشرەف سەبارەت دوایین سەفەری باوکی، دوایی دێت... بەڵام دیسان کە گەیشتوونەتە هەڵەبجەش، نووسەران شتی تریان لەبارەی ئەم سەفەرەی **سەیید**ەوە نووسیوە.

بیرەوەری و نووسینەکانی نووسەرانی ئەم لەنگەرگرتنە کورتەی **سەیید**، لە هەڵەبجەدا،

جێی تێڕامان و لێوردبوونەوەن؛ چونکە ئەگەرچی من دڵنیام گشتیان هەر باسی ئەم دوایین سەردانەی **سەیید** بۆ هەڵەبجە دەکەن؛ بەڵام جۆری گێڕانەوەکانیان جیاوازی هەیە، بەتایبەتی ئەوەی کە «حەسەن بەگ»ی مەحموود پاشای جاف لە دوو سەردەمدا بۆ مامۆستایان عەلائەدین سەجادی (١٩١٦-١٩٨٤ز)(١١، ٤٧٩) و (محەمەد ڕەسوول هاوار ١٩٢٣)(٥٨، ٢٢٨) گێڕاوەتەوە... بۆیە من پێم وایە: یان بیرەوەری سەردەمی پیریی حەسەن بەگ، ڕووداوەکەی لێشێواندووە، یان هەر لە بنەڕەتدا خودی گێڕانەوەکە دەستهەڵبەستە و هیچی تر! ئەگینا ڕێی تێناچێ، هەریەک کەسی وەک حەسەن بەگ، یەک ڕووداو، بۆ دوو نووسەر، بەدوو جۆر بگێڕێتەوە!... کە بەداخەوە مامۆستا هاوار لە کاتی تۆمارکردنی گێڕانەوەکەدا، لەلاپەڕەکانی ٢٢٨-٢٢٩ی بیرەوەرییەکانی خۆیدا (٥٨، ٢٢٨-٢٢٩) لەسەر زمانی حەسەن بەگ، ئەوەی لەیادچووە کە هەمان کەس (حەسەن بەگ)، هەمان ڕووداوی بەشێوەیەکی زۆر جیاوازتر بۆ مامۆستا عەلائەدین سەجادی گێڕاوەتەوە و ئەویش لەلاپەڕەکانی(١١٧-١١٨)ی بەرگی شەشەمی ڕشتەی مرواریدا تۆماری کردووە(٤٥، ١١٧، ١١٨)..

لەبەرئەوە بەلای منەوە گێڕانەوەکانی حەسەن بەگ بناغەیان پتەو نییە و بۆ ئەوە ناشێن بکرێنە جی متمانە و دووبارە پشت پێ بەستنەوە و گوێزانەوەیان بۆ ئێرە.

چونکە بەرلەوەی ئەمە بڵێم؛ زۆرم بیر لەوەکردووە کە ئەگەر بەسەرهاتەکەی لەمەڕ حەسەن بەگ بگوێزمەوە ئەم کتێبە؛ کام گێڕانەوەیان بگوێزمەوە![1] لەم بوارەدا قسەکانی «ئەخۆڵ»ی شاعیر و ئەحمەد میرزا (١٩٠٤-١٩٥٨ز) لە ڕاستییەوە نزیکترن؛ کە ئەخۆڵ لەباسی تەواوکردنی قسەی پێشووتریدا؛ ئاوا باسی ئەو چوونەی **سەیید** بۆ هەڵەبجە دەکات: «... کاتی ڕەوانەکردنی **سەیید** ئەسغەر بۆ هەڵەبجە، سەعید قەزاز (؟-١٩٥٨ز) قایمقامی هەڵەبجە دەبێ؛ ئەمیش وەک لێی دەگێڕنەوە پیاوێکی مەجلیس ئارا و بەزەوق بووە. هاوڕێیەتی لەگەڵ زۆربەی ئەدیبان و ڕۆشنبران و هونەرمەندانی ئەو ڕۆژە هەبووە. شێخ نووری شێخساڵحی شاعیر (١٨٩٧-١٩٥٨ز) وەک یەکێک لە کۆنە هاوڕێکانی، بەشداری زۆر کۆڕ و مەجلیسی حەمە سەعید قەزازی کردووە و بەمەقام و بەستە بەسۆزەکانی، دانیشتووانی هەژاندووە. هەر ئەوکاتە، سەعید قەزاز، **سەیید** ئەسغەر لای خۆی گل دەداتەوە. شەو، کە لە یانەی فەرمانبەرانی هەڵەبجە دادەنیشن و دانیشتنەکەیان

(١) بەڵام بۆ ئاگاداری خوێنەر، بەچاکی دەزانم، هەردوو جۆر گێڕانەوەکەی حەسەن بەگ وەک خۆی، لە بەشی پاشکۆی ئەم کتێبەدا بڵاو بکەمەوە.



بەگۆرانی گەرم دەکەن. مامۆستا ئەحمەد میرزا، کە یەکێک بووە لە بەشدارانی ئەو دانیشتنە، دەڵێ: دانیشتووان داوای گۆرانییان لە سەی ئەسغەر کرد؛ ئەویش پێی وتن: لەبەرئەوەی من تازە لە گرتووخانە بەربووم، هیچ زەوقی گۆرانیم نییە؛ بەڵام ئەگەر هەر حەزیش دەکەن گۆرانی بڵێم و بەشداریتان بکەم، ئەوە یەکێکی دەنگخۆشتان ئەگەر تێدایە، با لە پێشان کورکەیەک بکات، بەڵکوو منیش بجووڵێم و بتوانم شتێک بڵێم... ئەوەی لەو دانیشتنەدا بووبێ و بەدەنگخۆش ناسراوبێ؛ شێخ نووری شێخ ساڵح دەبێ؛ بۆیە هەموویان ڕوودەکەنە شێخ نووری و داوای گۆرانی لێدەکەن. شێخ نووریش لەسەر داوای هەموو لایەک، مەقام و بەستەیەک دەڵێ. کە لێدەبێتەوە، سەی ئەسغەر بەخەڵکەکە دەڵێ: «ئێوە ئەوەتان هەبێ؛ منتان بۆچییە؟! ساوەڵڵا تا ئەو پیاوە لێرە دابنیشێ، من لەحوزووری ئەو گۆرانی ناڵێم و بی ئەدەبی ناکەم». (٤٩، ١٤١-١٤٣)

«پێویستە ئەوە بڵێم کە شێخ نووری شێخ ساڵحی شاعیر، یەکێک بوو لە دەنگخۆشە بەناوبانگەکانی ئەو ڕۆژگارە و شارەزاییەکی زۆر باڵای لەمەقام و گۆرانی و مۆسیقادا هەبووە... مەقامی بەناوبانگی هیجرانی کە هونەرمەندی گەورە عەلی مەردان وتوویەتی؛ ئاوازەکەی هی شێخ نوورییە و شیعرەکەیشی هی ئەخۆلی شاعیرە و کاتی خۆیشی هەر شێخ نووری بەدەنگی خۆی، لە مەجلیسی تایبەتیدا وتوویەتی».

***

تێهەڵکێشکردنی بیرەوەری هونەرمەندانی وەک عەلی مەردان و وتاری نووسەران و شاعیرانی وەک «**داراغا** و شێخ نووری شێخ ساڵح و ئەخۆڵ»م بەو مەبەستە تێکەڵ بەگێڕانەوەکەی **سەیید** ئەشرەف کرد؛ تابڵێم: ناوبانگ و پلەوپایەی **سەیید** ئەوەندە گەورەبووە، بۆ هەر لایەک چووبێ، بۆتە جێی باس و خواس و خڕبوونەوەی خەڵک لێی، یان بەواتایەکی تر: هاتوچۆکانی بوونەتە ڕووداو! لەبەرئەوە دووبارە بەدڵنیاییەوە ئەوە دەڵێمەوە کە ئەم سەفەرەی **سەیید** بۆ عێراق؛ یەکەمین و دوایین سەفەری ماوەدرێژ و جوگرافیا بەرین بووە لەژیانی **سەیید**دا؛ بۆیە ئەوەندە لە نووسەران باسیان لێوەکردووە... خۆ ئەگەر پێشتر سەفەری کورت و تایبەتی بۆ لای شێخ عەلی حیسامەددین کردبێ؛ لە «تەوێڵە و بیارە و خورماڵ و باخەکۆن»ی تێنەڕاندووە.

***

سەفەرێکی تری **سەیید**، کە بۆ «موکریان»ی کردووە؛ تائێستاش پیران و بەساڵاچووی مهاباد و هەندێکیش لە بۆکان هەر باسی دەکەن... ئەم سەفەرەیان کە لە دەوربەری ساڵی

١٩٣٢ز دا لەسەر بانگهێشتی چەند چاپچییەکی مهابادی چۆتە مهاباد و ماوەی نزیکەی ٤٠ ڕۆژ لەباخی میرزا شەریفی حاجی ڕەشید، گۆرانی بۆ خەڵکی مهاباد چڕیوە...

ئەم باخەش لەلایەن ٤ چاپچییەوە سەرپەرشتی کراوە و بەڕێوەبراوە؛ کە ئەمانە بوون: ئەحمەدی قاوەچی، قادر سێڵە، دەروێش کەریمی قاوەچی و حەمەدی ساڵحی میری. باخەکەشیان بەجۆرێ پەرژین کردووە، کە پیاوان لە دیوی ناوەوەی پەرژینەکە و ئافرەتیش لەدەرەوەی پەرژینەکە دانیشتوون.

سەبارەت بەم بانگێشتن و سەردانەی **سەیید** بۆ مهاباد؛ لە نێوان ڕۆژانی ١٩٨٨/٦/٢٠ تا ١٩٨٩/٣/٢٥ز، چەند جارێک بەتایبەتی سەردانی مهابادم کردووە و لەو سەردانانەشدا لەگەڵ هاوڕێم کاک **سەیید** محەممەدی سەمەدی سەردانی گەلێ لە بەساڵاچوانی مەهابادمان کردووە، لەوانە: مامۆستا مەلا قادری مودەڕیس، هەروەها بەڕێنمایی مامۆستا **سەیید** نەجمەدینی ئەنیسی و هونەرمەندان محەمەدی ماملێ و **سەیید** ڕەحیمی قورەیشی، دیدەنیم لەگەڵ حاجی غەنی چاپچی «حاجی غەنی حاجی عەبدولمەناف ١٩٠٨ز» و حاجی کەریمی لاوەیی «کەریم سێ بست ١٩١٣ز»دا سازکردووە.

هەروەها لەگەڵ هاوڕێم **سەیید مستەفا** حاجی بابە شێخ «سیادەت» سەردانی مامۆستا نەجمەدینی تەوحیدی مان لەسەقز کردووە؛ کە بەبنەچە خەڵکی مهابادە و ئێستا لە سەقز نیشتەجێیە... ئەم بەڕێزانە پێمیان وت: خەڵکی مهاباد داوایان لەو چەند قاوەچییە کرد، تا **سەیید** بۆ مهاباد بانگێشتن بکەن؛ بۆ ئەمەش: دەروێش کەریم ڕەحمەتوڵڵای چاپچی و ئەحمەدی قاوەچی، خۆیان لەمەهابادەوە بەتایبەتی چوون بۆ سنە بەشوێن **سەییددا** و هێناویانە بۆ مهاباد.

ئەم هاتنەی **سەیید**، کە لەسنەوە بەتەنیا هاتووە و «مۆسیقاژەن»ی لەگەڵ نەبووە؛ وەک لەزمانی خەڵکەوە دەگێڕنەوە گوایە **سەیید** وتوویەتی: «ئەمیر ئەرسەلان»ی تارژەنی تایبەتی خۆم، نەخۆشە و بۆ ئەم سەفەرەم نەیتوانیوە لەگەڵمدا بێت... بەڵام باسی ئەوە نەکراوە، ئاخۆ ئەو ئەمیر ئەرسەلانە؛ کورد بووە یان نا؟. (٤١، ١٩)

تارژەنی ئەوکاتەی مەهاباد میرزا قادری عەبدوڵڵا تۆقە (١٨٦٢-١٩٣٩ز) بووە. (٣٥، ٣٠-٢٣) ئەم تارژەنە ئەوەندە کارامە و شارەزای تار بووە، بەتار قسەی دەکرد، هەر بەتاریش بەخێرخاتنی خەڵکەکەی کرد.

**سەیید** لە هەڕەتی ناوبانگ و بەخشینی هونەرە نەمرەکەیدا، ماوەی چل ڕۆژ میوانی ئەو



شارە پڕ هونەرە بووە و دانیشتووان و باخ و کۆڵان و گەڕەکەکانی پڕکردووە لە چریکەی پڕسۆز و گریاوی ناو دنیای پاک و بێگەردی عارفانە و بەشیعری کوردی ژێر چەقۆی ئەو سەردەمە تاریکەوە، خەمی گوڵ و مەل و گەورە و بچووکی ئەو شارەی لاواندۆتەوە و تائێستاش هاوشارییە بەتەمەنەکانی ئەو شارە، وەک یادگارێکی گەورە و خۆشەویست باسی ئەو دیدەنی و سەردانە شیرینەی **سەیید** دەکەن و هەمووشیان دوای ناوهێنانی **سەیید**، دەبێژن: ئەوجارەی کە **سەیید** هاتۆتە ئێرە؛ قادری عەبدوڵڵا تۆقە تاری بۆژەندووە (٣٢،٣٥).

من بۆیەکەمجار لە ماڵە پڕ لە هونەرە سروشتی و خۆڕسکەکەی هونەرمەندی گەورە محەمەدی ماملێدا، ناوی قادری عەبدوڵڵا تۆقەم بیست، کە ماملێ هەمیشە بەپەرۆشێکی گەورەوە، بەدەنگ داخوازییە یەک لەدواییەکەکانی منەوە هاتووە و چەندان جار، ڕۆژ تائێوارە لەم ماڵ بۆ ئەو ماڵی مەهاباد، ئەرکی ڕێنوێنی و هەواڵ کۆکردنەوەی لەسەر **سەیید** لەگەڵمدا کێشاوە؛ کە هەرگیز ماندووبوونە دڵسۆزانەکەیم بیرناچێتەوە.

لەوجارەشدا کە لە ماڵی ئەوان، ناوی قادری عەبدوڵڵا تۆقەم بیست، لەگەڵ هەواڵەکەشدا هەڵسایە سەرپێ و لەپشت سەرییەوە ئاماژەی بۆ وێنەیەکی گەورەی هەڵواسراو کرد وتی: ئەمە وێنەی قادری عەبدوڵڵا تۆقەیە... یەکسەریش دوای دانیشتنەکەمان، پێکەوە هاتینەدەرێ و چووینە لای وێنەگرێکی ناسیاوی ئەو «کە فیلمی وێنەکەی لابوو» تا پێی بڵێ وێنەیەکیش بۆ من بگرێتەوە...

ئیتر چەند ڕۆژێ دوای گەڕانەوەم بۆ سەقز، دانەیەک لەو وێنەیەی بەدەستی هونەرمەند و هاوڕێم حەمە جەزا حاجی عەلی دا بۆ ناردبووم.

دواتریش کە خولیای زیاتر ناسینی قادری عەبدوڵڵا تۆقەم مەبەست بوو؛ هاوینی ساڵی ١٩٨٩ز، هاوڕێم کاکە ناسر سینای مەهابادی، کە لە بەشی کوردی ڕادیۆی تارانەوە، بەتایبەتی هاتبوو بۆ گفتوگۆ تۆمارکردن و چاوپێکەوتنی ڕادیۆیی لەگەڵ من و «ژوان»دا، دوای ئەنجامدانی چاوپێکەوتنەکە رووم لێنا، تا بۆ ڕێنمایی کردنم لە مهاباد، بمباتە لای نەوەکانی قادری عەبدوڵڵا تۆقە...

دوای چەند ڕۆژێک لەگەڵ کاک ناسردا چووینە لای هونەرمەندی مەهابادی کاکە محەمەدی دانش، کە نەوەی خوالێخۆشبوو قادری عەبدوڵڵا تۆقەیە. ئەویش ڕاستەوخۆ بردینیە لای «گوڵبەدەن خانم»ی نەنکی؛ کە دواژنی قادری عەبدوڵڵا تۆقە بووە و هێشتا لە ژیاندایە. (٣٢،٣٥)

گوڵبەدەن خانم لەبارەی ئەو سەردانەی **سەیید**ەوە بۆ مهاباد، بۆی گێڕاینەوە:

«ئەو ساڵەی هاوینێکی تەواو **سەیید** لە مهاباد ئاهەنگی گۆرانی وتنی گێڕا؛ میرزا قادر، تاری بۆ دەژەند، زۆر دۆستایەتییان خۆش بوو. وەک لەیادم بێت وتیان شەوێک لە شەوانی ئەو ئاهەنگ گێڕانە، لەسەر شتێکی بچووک میرزا قادر تووڕە ببوو، تاری بۆ **سەیید** نەژەندبوو... کارگێڕانی قاوەخانەکە بۆ پڕکردنەوەی شوێنەکەی میرزا قادر و پەکنەخستنی ئاهەنگەکە، چەندان تارژەنی تریان هێنابوو، کە لەگەڵ **سەییدا** تار بژەنن... **سەیید** بەکەسیان ڕازی نەببوو... گۆرانی لەگەڵ کەسیاندا نەوتبوو؛ تا میرزا قادریان ئاشت کردبۆوە... هەر لەو هاوینەدا چەند جارێکیش شەوانە، **سەییدی** بەمیوانی دەهێنایەوە ماڵی خۆمان و ئا لەو ژوورە „ئاماژەی بۆ ژوورێکی ناو ماڵەکە کرد„ لەگەڵ پیاوانی تردا دادەنیشتن و قسەیان دەکرد.

لێرەدا بەهەلم زانی لێی بپرسم:

– لەو چەند جارەدا کە **سەیید** دەهاتە ماڵی ئێوە، تۆ دەتبینی؟!

– نەخێر.

– ئەی ئەو چەند جارەی **سەییدی** بۆ ماڵەوە میوانداری کرد، گۆرانی وت؟!

– نەخێر، هەر باس و خواسی گۆرانییان دەکرد...(٣٣،٣٥)

حاجی غەنی عەبدوڵڵا چایچی بۆمی گێڕایەوە کە جگە لە سەعیدی مامڵێ، سێ گۆرانیبێژی تری مهابادی، بەناوی عەبدوڵڵاڕەش، کەوێ جوو و حسەینی قاقی گۆرانییان لەگەڵ **سەییدا** وتووە. **سەیید** لە ڕادەبەدەر ڕێزی بۆ ئەم گۆرانیبێژانە دادەنا؛ بەتایبەتی بۆ سەعیدی مامڵێ (١٨٧٧-١٩٤١ز)ی باوکی هونەرمەند محەمەدی مامڵێ، چونکە حەزی لەدەنگی دەکرد. لەم بارەیەوە هونەرمەند محەمەدی مامڵێ، دوای نیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٨٨/٦/٢٠ز، لە ماڵی خۆیان بۆمی گێڕایەوە کە هەرجارەی سەعیدی مامڵێ بەندێکی خۆشی گۆرانییەکی وتووە؛ **سەیید** لە خۆشیاندا لەجێی خۆی هەڵساوە و ناودەمی سەعیدی مامڵێی ماچ کردووە.

الثقلين كتاب الله واهل بيتي ذكركم الله في اهل بيتي
وقال الصالحون لله والطالحون لي لان مودة النبي
صلى الله عليه وسلم وكفا الاذى عنه ومودة اقاربه والتقرب
الى الله تعالى بالطاعة والعمل الصالح من الفرائض وجب
على كل مسلم ومسلمة محافظة اقاربه والتقرب

الى الله تعالى بالطاعة والعمل وتوددهم وليكن لكل
علوية صحيفة نسبه الى الحضرة المرتضوية لرد المنكرين
وطيب قلوب المحبين • قال النبي صلى الله عليه وسلم لعنة الله
على الداخلين في النسب بلا حسب والخارجين • الحمد لله
الذي شرفنا بحبيبه ونبيه محمد عليه افضل الصلوة
واتم البركات • وكرمنا بعترته واهل بيته الصفي
مظهر الكرامات • صلوات الله وسلامه عليه وعليهم
ما قرت الارض ودارت السموات وعلى من على كسموات
العلى وعلى من على بكلامه العلى • وكلماته العليا • على
المرتضى • ووصي المصطفى وامام الورى عليه الصلوة
والسلام وعلى درة صدف النبوة وصدف درر الولاية العزة
الغرى قرة عين المصطفى • فاطمة الزهراء صلوات عليها
وعلى سائر الائمة الذين هم فروع النبوة واصول الولاية العزة



الغرى • اقر الله عيون العارفين بمحبتهم • ونور قلوب الطالبين
بمودتهم • وزين بساط الكائنات بكمالهم • وبسط موائد الاحسان
عن نوالهم • ائمة الدين والهدى • ومصابيح الدجى • قدوة الائمة
وصفوة الامة • للمصطفى سبطين • وللمرتضى ابن ولد • وللزهرا
قرتي عين • ولعرش الله قرطين • وسيدا شباب اهل الجنة في الجنة
وهما ابي محمد الحسن • وابي عبد الله الحسين • وعلى زين العابدين
علي ابن الحسين • ومحمد باقر ابن زين العابدين بن علي • وجعفر
ابن محمد باقر • وموسى ابن جعفر • وعلي رضا ابن موسى • ومحمد تقي
بن رضا علي • وعلي نقي بن محمد تقي • وحسن العسكري بن نقي • والحجة القائم
المهدي محمد ابن الحسن العسكري صاحب الزمان صلوات الله وسلامه
عليهم اجمعين • اما بعد فهذه صحيفة شريفة في بيان نسب عاليجناب
سيادت وسعادت انتساب سيد علي اصغر ابن مرحوم المغفور

مرحمت مقام جنت جایگاه شیخ نظام الدین ابن المرحوم المبرور
جنت مکان سید جان ابن مرحوم المغفور رضوان مقام مولانا
سید محمد نوربخش طاب ثراه ابن سید ابراهیم ابن سید طه کا ابن سید
ابراهیم ابن سید حسین ابن مرحوم المبرور المغفور مولانا حاجی
سید هاشم ابن اقدس سره العزیز ابن مولانا سید احمد طاب ثراه ابن سید
المحب الموفق المفخم وارث العلوم سید سالین ارباب العز والتمکین
ملک المسالک المحققین سید نور الشان والهدایة والتقوی
ولد بن سید شهاب الدین علی ونیا طریق انتسابه الی الحضرة المرتضی
انه سید شهاب الدین علی بن سید شیخ علی بن سید عوض بن سید
محمد بن سید ابو الحسن ابن سید عبد الله ابن سید عیسی بن سید موسی ابن
سید فخر الدین ابن سید عماد الدین ابن سید عبد الرحمن ابن سید مطهر



ابن سید زین الدین ابن سید صدر ثانی قطب الربانی علی الثانی
امیر سید علی الهمدانی ابن سید قاسم ابن سید ابراهیم ابن المرحوم سید هبة الله
الکلیم وضیاء نور الانوار ومجد الاطهار ابی ابراهیم موسی
ابن امام جعفر ابن امام محمد باقر ابن امام زین العابدین علی امام حسین
شهید کربلا ابن امیر المؤمنین وامام المتقین اسد الله الغالب
علی ابن ابی طالب صلوات الله علیهم اجمعین ابن عبد المطلب ابن هاشم
ابن عبد مناف ابن قصی ابن کلاب ابن مره ابن کعب ابن لوی ابن غالب
ابن فهر ابن مالک ابن نضر ابن کنانه ابن خزیمه ابن مدرکه ابن الیاس
ابن مضر ابن نزار ابن معد ابن عدنان ابن موسی ابن یامین ابن یشجب
بن صرح ابن صالح ابن الهمیسع ابن نبت ابن ادد ابن الیسع ابن
یوشع بن حمل قیدار ابن اسمعیل ابن ابراهیم ابن آزر ابن
ارغو ابن تارخ ابن ناحور ابن شالغ ابن فالغ ابن عابر ابن ارفخشد


ابن سام ابن نوح بن لمك بن يرد ابن متوشلخ بن اخنوخ ابن
مهلائيل بن بارد ابن قينان بن انوش ابن شيث ابن آدم عليهم
افضل الصلوات واكمل التحيات وعلى آله واولاده اجمعين
ولا يجوز لاحد ان ينكر نسب سيد المذكور لان نسبه ثابت
في التواتر وقد اشتهر بين المورخين في قرية سكنه المحروسة
المشهورة بالنمجان بتيا حيات سوغانو والعاقبة للمتقين نقلته
عن صحيفة جده سيد ابو الحسن الهمداني رحمة الله عليه واجداده
واحفاد عترته وما بعد الحق الا الضلال
حرر في ١٣٣٤

شەجەرەنامەی **سەیید** عەلی ئەسغەری کوردستان




باسم الحول والقوة بالله ثبت الاقرار الراسخ كالطود الشامخ
من الجناب المستطاب العالي النسب والحري الحسيب سلالة
الاطياب الواصلين الى الله ... السيد الجليل الفخم
الكامل على الاصغر المرحوم سيد عسكر وفقا فصدر في
في هذه الورقة ... ابن علي



قەواڵەی هەندێ زەوی و زاری **سەیید** کە بەسەر برا و کوڕەکانی دابەشکردوون



قەواڵەی هەندێ زەوی و زاری **سەیید** کە بەسەر برا و کوڕەکانی دابەشکردون





دەقی بڕیارنامەی **سەیید** لەگەڵ نوێنەری کۆمپانیای گرامافۆنی بەیزافۆن: حەبیم حەکاکی و ئیمزای شاهیدەکانی بڕیارنامەکە



شیعری سترانەکانی **سەیید**، بەخەتی خۆی، بۆ تشکیلات نظمیة طهران





شیعری سترانەکانی **سەیید**، بەخەتی خۆی، بۆ تشکیلات نظمیة طهران



شیعری سترانەکانی **سەیید**، بەخەتی خۆی، بۆ تشکیلات نظمیة طهران





شیعری سترانەکانی **سەیید**، بەخەتی خۆی، بۆ تشکیلات نظمیة طهران



شیعری سترانەکانی **سەیید**، بەخەتی خۆی، بۆ تشکیلات نظمیة طهران





شیعری ئەسەدوڵڵای قادر مەرزی بۆ **سەیید**، بەخەتی **سەیید**



شیعری ئەسەدوڵلای قادر مەرزی بۆ **سەیید**، بەختی **سەیید**





شیعری ئەسەدوڵلای قادر مەرزی بۆ **سەیید**، بەختی **سەیید**



شیعری ئەسەدوڵلای قادر مەرزی بۆ **سەیید**، بەخەتی **سەیید**





وەڵامە شیعری **سەیید** بەخەتی **سەیید** بۆ ئەسەدوڵلای قادرمەرزی



وەڵامە شیعری **سەیید** بەختی **سەیید** بۆ ئەسەدوڵڵای قادرمەرزی





وەڵامە شیعری **سەیید** بەختی **سەیید** بۆ ئەسەدوڵڵای قادرمەرزی



وەڵامە شیعری **سەیید** بەخەتی **سەیید** بۆ ئەسەدوڵڵای قادرمەرزی





شیعری میرزا نادر بۆ **سەیید** بەخەتی **سەیید**



شیعری **سەیید** بۆ میرزا نادر بەخەتی **سەیید**





نموونەی خەتی **سەیید** کە شیعری میعراجنامە و شیعری ئایینی بەکوردی (گۆران) نووسیوە



نموونەی خەتی **سەیید** کە شیعری میعراجنامە و شیعری ئایینی بەکوردی (گۆران) نووسیوە





نموونەی خەتی **سەیید** کە شیعری میعراجنامە و شیعری ئایینی بەکوردی (گۆران) نووسیوە



نموونەی خەتی **سەیید** کە شیعری موناجاتی بەفارسی نووسیوە





نموونەی خەتی **سەیید** کە شیعری موناجاتی بەفارسی نووسیوە



نموونەی خەتی **سەیید** کە شیعری حافزی شیرازی نووسیوە





نموونەی خەتی **سەیید** کە شیعری حافزی شیرازی نووسیوە



نموونەی خەتی **سەیید** کە شیعری ناری نووسیوە





نموونەی خەتی **سەیید** کە شیعری ناری نووسیوە

## دەقی شیعرەکەی ناری

بۆ نەفسی خەتا چوو بەعەبەس، غەرقی خەتا خۆم
هەمسایە لەگەڵ کافری[١] بێ شەرم و حەیا خۆم
مەحکوومی هەواخواهی تەڵەبکاری ڕیا خۆم
بێ تاعەت و زیکر و عەمەل حەمد و سەنا خۆم
ڕوو زەرد و سەر ئەفکەندەیی دیوانی خودا خۆم
نابێ بەبەشەر کەس بەسەر و سوورەت و قامەت
تا جیلوەنەدا مەعریفەت و ڕوشد[٢] و کەرامەت
نەک وەک منی وەحشی سفەت و عەینی نەدامەت[٣]
بۆ سەتری خەتاپۆشی عیبادەت لە قیامەت
عوریان و سەراسیمە و بێ بەرگ و نەوا خۆم
یەک لە حزەنەبوو من بەهەوەس ڕوو لە خوداکەم
تەرکی عەمەلی مەعسیەت و ڕەسمی جەفاکەم
خۆم مایلی داب و ڕەوشی ئەهلی فەناکەم
ئاخر[٤] بە چ ڕوو لە دەری داری بەقاکەم
داماو و حەزین و خەجڵی ڕۆژی جەزا خۆم
مەسرووف[٥] ڕەوش و غافڵ و بێ زوهد و قەناعەت
پێچامەوە دێوانە سفەت سەر لە ئیتاعەت
هەنگامی غەم و زەلزەلە و گەردشی ساعەت
بێ مەرحەمەت و ڕوئفەت و دارای شەقاوەت
شەرمەندە و بەرگەشتە و بێ بەرگ و نەوا خۆم[٦]
عالەم کە سەف ئارایە لە دیوانی[٧] حیسابا
ئەعمالی خەلایق ڕوخی زەردە لە حیجابا
مەسئوولە هەموو کەس لە سەواب و لە عیقابا
لەو ڕۆژە منم مات و خەجاڵەت لە جەوابا[٨]
گیرۆدەیی داوی عەمەلی قوبح و بەلاخۆم
گەه تالبی[٩] حرس و تەمەع و بوغز و عەداوەت
گەه عاشقی بەزم و تەرەبی ئەهلی شەقاوەت
گەه مایلی[١٠] ڕیشوەی عەبەس و پووچ و قەزاوەت
پۆشیویە لەوحی دڵم گەردی قەساوەت
پابەندی خەیاڵاتی غەمی داری قەزا خۆم[١١]
ناگەم لە تەریقی هونەرا قەد بە «نیزامی»
یاخود لە سلووکا بە دەری دەوڵەتی «جامی»
دوورم لە خەزێنەی کەرەمی مورشیدی «شامی»
بێ بەخشش و فەیزی سەفی دەربانی «حیسامی»



بێ چەتر و سەر ئەفکەندە و موحتاج و گەدا خۆم[١٢]
پەیوەستە هەموو غەیبەتی ئەورادی زبانم
بۆ باوی نەزەر شاهی نەزەربازی جیهانم[١٣]
سەرپاکی پڕوپووچە مەقالاتی بەیانم
من موستەحەقی سەرزەنشی پیر و جەوانم
بێ حورمەت و بێ عیززەت و بێ قەدر و بەها خۆم
ناری بەهەدەر ڕۆیشتوە ئەوقاتی حەیاتی
نوقصانە لە تەرزی خیرەدا صەوم و صەلاتی
عەنقا صیفەتە ئایەت و ئاثاری نەجاتی
هەر لە حزەبڵێ چاکە هەتا ڕۆژی مەماتی[١٤]
مەحروومی وەزیفە و سونەنی فەخری وەرا خۆم

**(دیوانی ناری، کۆکردنەوە و ساغکردنەوە و لەسەر نووسین و پێشەکی: کاکەی فەللاح، چاپخانەی نەوڕەس، سلێمانی، ١٩٨٤، لاپەڕەکانی٦٥-٦٦-٦٧)**

........................................................................

(١) لە دیوانی ناریدا نووسراوە: «فاسق»
(٢) لە دیوانەکەدا «زوهد» نووسراوە.
(٣) لە دیوانەکەدا نووسراوە: (... کە دەمێ نیمە نەدامەت).
(٤) لە دیوانەکەدا نووسراوە: «سامن...»
(٥) لە دیوانەکەدا نووسراوە: موسریف.
(٦) ئەم دوو دێڕە لە دیوانەکەدا ئاوان:

بێ تۆشەیی ئەعمال و بەبێ نەقد و بیضاعەت
بێ مەعریفەت و ڕوشد و بەبێ نوور و ضیا خۆم

(٧) لە دیوانەکەدا نووسراوە: «لە هەنگامی».
(٨) ئەم دوو دێڕە لە دیوانەکەدا ئاوان:

مەسئوولە هەموو کەس لە گوناه و لە سەوابا
ئەو ڕۆژە منم مات و خەجاڵەت لە جەوابا

(٩) لە دیوانەکەدا ئاوایە: «مایلی»
(١٠) لە دیوانەکەدا ئاوایە: «تالبی»
(١١) لە دیوانەکەدا ئاوایە: «بۆ حوسنی ڕەوش بێ هونەری سدق و سەفا خۆم»
(١٢) ئەم دوو دێڕە لە دیوانەکەدا ئاوان:

بێ بەخشش و فەیضی نەزەری شاهی «حیسامی»
بێ پەرتەوی ئەنواری عەزیزانی صەفا خۆم

(١٣) ئەم دوو دێڕە لە دیوانەکەدا ئاوایە:

پەیوەستە لەگەڵ غەیبەتە ئەورادی زوبانم
بۆ بابی نەزەر شاهی نەزەربازی جیهانم

(١٤) ئەم چوار دێڕە لە دیوانەکەدا ئاوان:

ناری بەهەدەر ڕۆییوە ئەوقاتی حەیاتی
عەنقا صیفەتە ئایەت و ئاثاری نەجاتی
نوقصانە بەتەرزی خیرەدی صەوم و صەلاتی
واچاکە بڵێ تاکو دەمی ڕۆژی مەماتی



نموونەی خەتی **سەیید**، کە شیعری «معشوق»ی نووسیوە





نموونەی خەتی **سەیید**، کە شیعری «معشوق»ی نووسیوە



چوار نامەی شێخ عەلی حیسامەدین بۆ **سەیید**





چوار نامەی شێخ عەلی حیسامەدین بۆ **سەیید**



چوار نامەی شێخ عەلی حیسامەدین بۆ **سەیید**





چوار نامەی شێخ عەلی حیسامەدین بۆ **سەیید**



شیعرێکی میسباح دیوان، کە لەسەر داوای **سەیید** بەخەتی دۆستێکی نووسراوە



**دەقی شیعری «میسباح دیوان»**

دەروونم لە حەسرەت دیدارت سووتاوە
بەجارێ چە عەقڵ و چە فامم نەماوە
ڕۆح فیدات بێ، دڵ لەلات بێ
من سووتاوم، تویچ وەفات بێ
نیازی دڵم وایە ئەی نازەنینم
هەتاکو نەمردووم دیدارت ببینم
ڕۆیی عومرم کەم بوو سەبرم
پیم بدە ماچ بەڵکو نەمرم
هەتاکەی لە دووریت بگریەم بناڵم
لە هیجرانی زوڵفت دەروون کۆی زوخاڵم
دڵ سووتاوە ڕۆح نەماوە
ماچی لێوت شەکری خاوە
بەهاران چ مەحزوون دەناڵێنێ بولبول
هەتاکەی بگریەم لە عەشقی تۆ ئەی گوڵ
ئەی گوڵی من، سونبولی من
ئاورت خستە دڵی من
جوانی تۆ لەم عەصرەدا بێ نەزیرە
دڵی مورغی سەحرابە دامی تۆ گیرە
مورغی چاکم، زۆر بێ باکم
حەیفە بۆ ڕووت زۆر هیلاکم
خودایە دڵی من چەرەنجووره ئەمڕۆ
دوو چاوانی یارم چە مەخمووره ئەمڕۆ
مەه جەماڵم ڕوو بە خاڵم
زۆرغەریبم، پرسە حاڵم
لە دووری دوو کوڵمت نەووجان شیرین
کوژراوم بەتیری دوو ئەبرۆی میشکین
ئۆە لە داوت، زوڵفی خاوت
خۆم غولامی هەردوو چاوت
بەشەوقی وەکوو ڕۆژ، بەڕوو ماهی تابان
چە خۆشە بەنەزمی بدا یار جەوابان
گوڵ کەلامت، خۆشە نامت
کەیدەگا دوعا و سەلامت
دوو نارنج لە باغی گوڵاندا تەمیزن

دەقی شیعرەکەی میسباح دیوان

دوو لیمۆیی شیرین، دوو سێوی لەزیزن
باغی سـێـوان ، گـوڵ لەنێـوان
بۆ تۆ شـێت بووم کـەوتمە کـێـوان
بەغـەمـزەکـەدەڕوا چەشـیـرینە لەنجـەی
سەروماڵ فیدای بازنەکەی دست و پەنجەی
کــەسک و سـوورن، وەک بـلوورن
بەفـری یەک شـەو، نەقـشی نوورن
چە ئینسافە ئەی گوڵ چە قەوماوە دیدەم
بۆ ئەڵڵا فـەراقی تۆ خـەیلێ کـەشیـدەم
پڕ عـەزابم، دڵ کـەبابم
مـەسـتی بێ بەنگ و شـەرابم
وەرە تا نەمردووم لە دووری تۆ جانا بدە
مـاچی کـوڵمت بەهەدیە و نیـشانە
شـەکـرە سـێوت، خـۆشـە نێـوت
پێم کـەرەم کـە، مـاچی لێـوت
برادەر بپـرسن ئەدەب بۆچ نەمـاوە
لە دووری گوڵی شووشە گەردن شکاوە
سـینە باغـم، ڕوو چـراغـم
سـاحـێبی شـەوق و دەمـاغـم

دەقی شیعرەکەی میسباح دیوان




بسم الله الرحمن الرحيم
به سلاوه ئه‌من سید ابراهیم کوری مه‌رحومی سید عبدالله کوری جنت مه‌کان مه‌رحومی سید علی اصغر کردستانی‌م
له سالی هزار و سیصد و پانزده دا له شاری سنه له ماڵی پیر محمد داڵه دایك بووم و له ته‌مه‌نی ده و دوازده ساڵیدا
به مناسبه‌ت ئه‌وه‌ی که مه‌رحومی باوه‌کم علاقه‌ی زوری پێ بووه له خزمه‌تی ئه‌ودا بو مه‌جالس و ده‌عوه‌ت له ماڵی خه‌لك
وله ته‌کیه‌کانی سنه‌دا ده‌رویم . وله‌و شوێنانه‌دا ئه‌گه‌ر ده‌نگی مه‌رحومی باپیرم سید علی اصغر سه‌باره‌ی باوه‌کم ناراحه‌ت ده‌بو
و ماتم دای ده‌گرت و ده‌سی به گریان ده‌کرد . صاحب ئه‌و ماڵه ناچار ده‌بو مێگرفونی خاموش ده‌کرد . له گه‌ڵ باوه‌کم
ئه‌و تیکه‌ڵاو دردی ده‌کرد و ده‌گریا . جاریك له ماڵی مه‌رحومی خالی خوشم حاجی سیف الله منوچهرزاده دا له خزمه‌تی
باوه‌کم دا له بانگ کرابو بووم توانی باپیرم له سه‌ر مێگرفونی گورانی ده‌وت ناکاو جه‌ماعه‌ته‌که متوجه بووه‌ن
باوه‌کم عاجز و خه‌ریکه بگریت قه‌وامه‌کانی هه‌ڵ گرت وله جیاتی قه‌وامه‌که دا قه‌وامی تریان دا پاکه‌ی ئه‌و قه‌وامه
ده‌نگی باپیرم بو له قورئانی پیروزکی به ده‌نگێکی زور زور خوش و دڵ ته‌زێن ئه‌ی خوێند و به راستی ئه‌من له منداڵ بووم
و هیچم نه‌ده‌زانی به گریان که‌وتم و بوچم به گریانه‌وه به داخه‌وه صاحب ئه‌و ماڵه مه‌رحوم بو و ئیتر خه‌برمان له ئه‌و ماڵه نیه
و نازانم ئه‌و قه‌وامانه‌یان چی لی کرده و چی به سه‌ر هاتووه والسلام علی من اتبع الهدی

سید ابراهیم ۱۳۷۵/۱۱/۲۹

نامەی **سەیید** ئیبراهیمی کوڕەزای **سەیید**، بۆ نووسەری ئەم کتێبە، سەبارەت قەوانی لەناوچووی **سەیید**



کاک محەمەد حەمەباقی
سڵاوێک بە پاکی ئاوی ڕووبارە جوانەکانی کوردستان بەدڵ
پێشکەش بە ئێوە برای خۆشەویست، بەڕێز و هونەرمەند
و هونەرپەروەر. لە یەزدان داوای سەلامەتی و تەمەن درێژی
و کامەرانی بۆ ئێوەی ئازیز دەکەم. ئومێدەوارم تەواوی
ساڵەکانی تەمەنتان پڕ بێ لە بەرەکەت و سەربەرزی.
کاکە گیان ئەو کتێبە کە ناردومە خزمەتتان لە نێو کتێبەکانی باوکم
خوالێخۆش بوو «سەید عەبدولئەحەد» کوڕی گەورەی «سەید علی اصغر»
باپیرم تەنیا یادگاری ئەوە کە بۆ من ماوەتەوە و باقی کتێبەکانی
لە لای برای گەورەم سەید ئیبراهیمە. مامۆستای بەڕێز
زمانی من قاصرە و ناتوانێ ئەوجۆرە کە شیاوی جینابتە حەقی
مەتڵەب بەجێ بێنم و سپاست بکەم، تەنیا دەتوانم بڵێم ماندوو نەبی
و دەستت خۆش بێ و ئەجرت بە خودای سەید عەلی ئەصغەر.
هەروا کە باوکم فەرمووی لە لاپەڕەی چوارەم کتێبەکە بەولاوە کە حاشیە
بەندی کراوە خەتی باپیرمە، بە هیوای کەڵکی لێوەرگرتن
سپاستان دەکەم
سەید عەلای بابا شەهابی
۱۳۷۱/۱۲/۱۶

نامەی هونەرمەند **سەیید** عەلای بابا شەهابی، کوڕەزای **سەیید** بۆ نووسەری ئەم کتێبە، لەگەڵ دەفتەرێکی دەسخەتی **سەیید** دا بۆمی ناردووە، لەگەڵ نموونەی خەتی **سەیید** لەو دەفتەرەدا





«بەناوی یەزدان»
سڵاوێکی پڕ لە خۆشەویستی پێشکەش بە ئێوە برای زانا و نووسەری
پایەبەرز کاک محەمەدی حەمەباقی، براگیان ماندوو نەبی.
هەروەها کە ئەمرت فەرموو سەبارەت بە چۆنیەتی ڕۆژی ئاخری
ژیانی باپیرم «سەید عەلی ئەصغەر»ی شاعیر، باوکم سەید عبدالاحد
ڕەحمەتی ئاوای دەفەرموو: ساڵی ١٣١٥ بوو، ئەمن لە
سنە دوکانی قاڵی فرۆشیم بوو، لە دوکانەکەم دا دانیشتبووم
کە هەواڵیان دا باوکت «سەید عسکر» حاڵی زۆر خراپە و دەبێ
هەرچی زووتر خۆتی پێ بگەیەنی. لەو وەختەدا شاری سنە
تەنیا دوکتورێکی موسای جاکی تێدا بوو بە ناوی دوکتور طبیب زادە
و غەیری چەن ماڵە دەوڵەمەند وەکوو ماڵی آصف دیوان و سنندجی
کەس ماشێنی نەبوو، و تەنیا پیاوێک خەڵکی هەوران دروشکەچی
بە ناوی حەسەن ئاغا بوو کە بە دروشکەکەی ئەو هاتوچۆی
صلوات ئاوامان دەکرد و زیاتر لە یەک سەعات و نیو ڕێگای
سنە تا صلوات ئاوای دەبڕی. ئەمن تا حەسەن ئاغام پەیدا
کرد و دوای چەن سەعات خۆمم پێ گەیاند لە نێو خانەباغەکەی
بنا ویلە دیتم بەداخەوە دقیقەکانی ئاخری ژیانی دەبا، سەرچەرکە
سەری هوبارولیم ئاسەر رانم تماشایێکی زۆر مەندی کردم و زۆری نەخایاند
لەگیانی تسلیم کرد و پشتمی شکاند!

نامەی هونەرمەند **سەیید** عەلای باباشەهابی کوڕەزای **سەیید**، بۆ نووسەری ئەم کتێبە، دەربارەی مەرگی **سەیید**


بەڵام هەمیشە لە خزمەتیدا بووە، لە بیرمە دوای فرۆشتنی باوکم
تەنانەت سندوق ئاوازەیێک کە لە ماڵماندا بوو ئیتر دایە ئا و
فرۆشتی. وە هەرکاتێ لە خیابان و بۆ ماڵ دەهاتەوە، ئەگەر
لە نێو قاوەخانەکانی سەر ڕێگەی دووکاندا گوێ لە دەنگی
باوکی "سەید عسکر" بگرتایە ئەی دەتوانی فرمێسکی خۆی
ڕاگری و بە حاڵێکی تەزار و ناڕاحەتەوە دەگەیشتە ماڵەوە.
مامۆستا. ئەمن ئەرکی سەرشانی خۆم دەزانم هەر لێرەدا بە دڵ
و بە تەواوی لە قووڵایی دڵمەوە بۆ تێکۆشان و زەحمەتەکانی
جەنابت مامۆستای بەڕێز کاک حەمەباقی و تەواوی ئەوانەی
لە کاری بە ئەنجام گەیشتنی کتێبەکەی جەنابتا یاریدەر و کۆمەگی
ئێوەی بە توانا بوون سپاس و قەدردانی بکەم و لە خودای
سەید عەلی ئەصغەر داوادەکەم جەزای خێر و سەلامەتی و سەرکەوتن
بدات بە خۆتان و بە ماڵی بەڕێزتان.

والسلام سەید عەلائەلدین
باباشەهابی
۲۵ ی ئازاری ۱۳۷۶ هەتاوی

نامەی هونەرمەند **سەیید** عەلای باباشەهابی کوڕەزای **سەیید**، بۆ نووسەری ئەم کتێبە،
دەربارەی مەرگی **سەیید**



**خوالێخۆشبوو سەید عەسکەر**

**«سەید عەلی اصغر» وە ئاوازی کوردی**

**قادردیلان**

ئەگەر سەرنجێکی تەواو بدەینە ڕابردووی نزیکمان ئەبینین کە لە مابەینی ساڵی ۱۸۹۰ تا وەکو ساڵی ۱۹۳۰ چەند هونەرمەندێکی کورد لە کۆڕی مۆسیقادا ئیشیان کردوە وەتی کۆشاون وەزاڵ بوون بەسەر ڕووتەی خەڵک و توانج و کۆسپی زۆر سەختدا وەهەمیشە ئەو ئامانجانەی خۆیان بردۆتە سەر، وەکو سەی عەسکەر و احمدی ناصر و کریم ڕەشید ئاغای مەهابادی «مەلا کەریم» وە کاوێس ئاغا و غزیز ئاغا وە جلال بەگی دیاربەکری وە لە ئافرەتدا مریم خان، وە هێچ گومانی تیانیە کە هەر یەکێ لەم هونەرمەندانە، جگە لە احمد ناصر، کە پێش ئەوەی قەوان بێتە کایەوە کوژرا سەرتاپا ئەم ناوبراوانە دەنگیان لەسەر قەوان دەست ئەکەوێت.

لەبەرئەوەی ئەمجارە ناتوانین کە بەتەواوی باسی هەریەکە لەم هونەرمەندە ناوبراوانە بەتەواوی بکەین وەک وتمان تۆزێ سەید عەلی ئەسغەر ئەدوێین، چونکە بەپێویستمان زانی کەتۆزێ بەو هونەرمەندە بەرزەوە خۆمان خەریک بکەین.

**گۆرانی سید علی اصغر لە ۳ لکی گەورە پێک هاتوە:**

١- وشەی خۆیی کوردی بەکارهێنان نەک هەموو جۆرە وشەیەکیش، بەڵکو هێناویە شیعری «مەولەوی» خوێندۆتەوە بەبەستەکانیەوە وەهیچ کاتێ وشەی بێگانەی بەکارنەهێناوە نەبۆ مەقام نەبۆ گۆرانی بەستە، لەکاتێکا لە کۆمەڵێکا ژیاوە کە زوبانی میللەتێکی تر زاڵ بو بەسەر زوبانەکەی خۆیدا.

٢- شێوەی گۆرانیەکانی لەگەڵ مۆسیقا: ناوبراو هەرجۆرە گۆرانیەکی وتبێ چ بەستە، وەک مەقام شێوەیەکی کوردی تەواوی داوەتێ، وەکو چۆن ئێمە بەگوێ لێ بوونمان بەدەنگی سید علی، گورج ئەزانین کە ئەمە سید عەسکەرە، چونکە شێوەی گۆرانی وتنی جیاوازە لەگەڵ هەموو گۆرانی بێژێکا. وە ئەو گۆرانیەی ئەو وتویەتی، کەس نەی توانیوە بیلێ وە لاسایی بکاتەوە، هەروەها ئەو تیپە مۆسیقیەی یاخود ئالەتە موسیقیەی کە لەگەڵ گۆرانیدا بەشداربوون هەموویان فارس بوون، دەنگی بەرز و خۆشی سید عەسکەر «سۆپرا نۆیە»(١).

وتاری هونەرمەندی مۆسیقا «قادر دیلان» دەربارەی **سەیید**

هێز و تاپیریبە بەجۆری بووە کە مۆسیقە لێ دەرەکان خۆیان لە بیرچۆتەوە کە فارسن، لەبەر ئەوەی شێوەی لێ دانی بەستە و ئاوازەکانی زیاتر بەلای کوردیا ئەچێ، ئەگەر بەتەواوی کوردی نەبێت.

٣- سید عەسکەر هێناویە مەقامی تر، جگە لە کوردی گۆڕیوە بەشێوەی خۆیی، بەدەست کاریەکی تەواو، بەجۆریک کە هەموو کەس بزانێت کوردیە «هەرچەندە زۆر کەس ئەم گۆڕینە بە باش نازانن، بەڵام ئێمە لەگەڵیان نین، چونکی هەرچەندە هەموو جۆرە مەقامێ شێوەی ئەگۆڕێت، لەڕاستیدا مەقام مانای «پەیژەی موسیقا» و هەر مقامەی لەچەند پلەیەک پێک هاتوە وەکو مەقامی (کورد) بەعربی و فارسی و تورکی بێلێ، ئەوترێ «کورد»، بەڵام هەریەکە لەم میللەتانە ئەڵێ ئەمە هی منە و وەرگیراوە، چونکە جیاوازی هەیە لەشێوەی «أداء» کردنی ئەو مقامەدا.

کەواتە سید عەسکەر بێ ئەوەی خۆی پێ بزانێ ڕێگەی ڕاست و ڕەوانی گرتوە وە هەوڵێکی زۆر گەورەی داوە بۆ پێش خستنی گۆرانی، کە بەشێکی زۆر گەورەیە لە مۆسیقا وە هیوامان وایە کە گۆراني بێژانی ئێستەمان وە دوارۆژمان بەبرەوی مامۆستای ناوبراو بکەن لەگەڵ خۆ ئامادەکردنیان بۆ هەموو ڕێبەکی نوێ وەکو خوێند خوا لێ خۆش بوو.

«سۆلفیچ[2] مێژووی موسیقا وەنووسینی مۆسیقا» بۆ ئەوەی مۆسیقای خۆمان بەتەواوی بزانین وەبتوانین بەم زوبانە لەگەڵ گێتی بدوێین ئیتر بەخواتان ئەسپێرم تاجارێکی تر کە باسی هونەرمەندانی کوردستان بکەم.

– سەرنج: خوێندنەوەی نوتەی موسیقی، بەدەنگ بەمەرجی ناوە تایبەتیەکانی موسیقا بۆ پلەکانی دەنگ بەکاربێت (م).

**رۆژنامەی (ژین) ژمارە ١٣٣٣ ساڵی ٣٢: پینج شەمو ١٩٥٧/٢/١٤**(*).

.........................................................................

(١) سوبرانو: بەزوبانی موسیقا «سەرنوتە» کە بریتین لە: دو، ڕی، می، فا، صول، لا، سی».
(٢) سۆلفیچ: دەنگی ناسکی ئافرەت.(م)
(*) ئەم وتارەمان بەشێوەی ڕێنووسی ئەو سەردەمە و وەکو خۆی نووسییەوە.

وتاری هونەرمەندی مۆسیقا «قادر دیلان» دەربارەی **سەیید**



# سید علی اصغری کوردستانی

غفور رشید

ناوبانگی بە ( سەی ئەسکەر ) بلاو بوتەوە ، خەلکی گوندی ( سەلوەتاوا ) یە ، کە کەوتوتە روژ هەلاتی شاری سنەوە لە کوردستانی ئیران ، ئەم گوندە بەقەیاسی نیو سەعات بە سواری دوور ئەبیت لەسنەوە .

سەی ئەسکەر لە سالی ١٨٧٦ زاینی لە ( سەلوەتاوا ) لە دایك بووە ، لەبنەمالەیەکی مام ناوەندی کە خاوەنی ئەم گوندە بوون ، بەکشتوکالەوە خەریك بوون ، سەی ئەسکەر هەر لەمنالیەوە بلیسەی هونەرمەندی لەرووبا دیار بوو ، کاتی دەستی دایە گورانی وتن توانی لەماوەیەکی کەمدا آوازە کوردیەکان زورباش رەوان بکات و گەورەترین پلەی سەرکەوتنی تیا بېری کە هیشتا لە تەمەنی ١٦ سالیدا بوو ، ئیجگار دەنگی خوش بوو کە لەگەل هونەرە بەرزەکەیدا جووتی ئەکردن ، بەتەواوی گوی گرانی سەرسامو حەیران ئەکرد . تیکرا تەزوو بەلەشیاندا ئەهات ، تەلی عاتفەیانی ئەبزوان ، ئەو خەلکەی ئەبردە دنیایەکی ئەوتووە کە هەر پربی لە شادمانیو بەختیاری .

ناوبانگی سەی ئەسکەر وەکو آگرو پووشو بەهەموو لایەك و کەلو قوژبنیکی کوردستاندا بلاو بووە لە هەموو کوریکی رابوارندا باس هەر باسی ئەوبو ، تەنانەت لە سلیمانی کاك رشید ( رەشەخیل ) کە ایستا حاجی رشیدە ئەوکاتە لە سلیمانی چایخانەکەی سەعولی خەلفە کەریمی بەدەستەوە بوو ، دوکەسی راسپارد کەبچن بەدوویا بو سنە بەلکو بو چەند روژیك بیتە سلیمانی لە چایخانەکەیدا کور بگریت و آرەزووی خەلکی سلیمانی بهینیتە جی کە هەموو ناوبانگیان بیستبوو وتامەزروی دەنگە خوشەکەیو هونەرە بەنرخەکەی بوون بەلام بوی ری نەکەوت کە بیت .

سەي ئەسکەر لە سەر خواستو داوای کومپانیای بەیزافون رووی کردە تاران کە دەنگو هونەرەکەی تومار بکات ، لەوی هەڤدە قەوانی دەر کرد ، مقامە

وتاری مامۆستا غەفوور ڕەشید داراغا دەربارەی **سەیید**

بەناوبانگەکانی ئەو دەورە کە زوربەی بەفارسی ئەوتران هەموو وەر گیرایە سەر کوردی و لە زوریا شعرە بە سوزەکانی بویژی بەناوبانگ تایەر بەگی جافی بەکارهینا وەکو :

١ ـ همایـون

٢ ـ حجاز

٣ ـ شـــور

٤ ـ بەیاتی تورك

٥ ـ دەشـــت

٦ ـ قەتاری ســـنە

٧ ـ خەمەنگـیز

لەگەل ئەم مقامانەدا گەلیك بەستەی ئەو دەورەی تومار کرد وەکو ئ‌ی لەنجەیە ، شەوەکەی سەرجو ..... هتد .

سید علی اصغری کوردستانی نەك تەنیا کابرایەکی هونەرمەند بووبیو ، بەس ، بەلکو نیشتمان پەروەریکی کورە بوو هەموو هونەرەکەیو دەنگە خوشەکەی تەرخان کردبوو لە پیناوی ووریاکردنەوەو پیش خستنی گیانی نەتەوایەتی کورد دا . لـە پیناوی ئەوەدا هەر چەندە کوردستان لەت لەت کراوە بەلام گەلیکی ئەمری تیا دانیشتووە کە گەلی کوردە هەروا بزانە هاکا راپەریو جولایەوەو گشت لەتەکانی پیکەوە لکانەوە .

سەی ئەسکەری کورد پەروەر سەودای بینینی شیخ محمود ، پیشەوای شورشەمەزنەکەی کوردستانی کەوتە سەر ، کە ئەوکاتە سالی ١٩٣٦ لە بەغدا دەست بەسەر بوو ، لەبەر ئەوە لە ریگای قەسری شیرینەوە رووەو بەغدا کەوتە ری ، بەدیدەنی شیخی ئەمر شاد بوو ، چەند روژیك لەلای مایەوە ، شـیخ محمود زوری پی خوش بوو دلی زور بـە سەی ئەسکەر کرایەوە کەوا کابرایەکی هونەرمەندی کورد پەروەر لە کوردستانی بـە ئیرانەوە بەستراو بیتە لای ، دەردو خەفەت و جەخاری گەلی کوردی لە کوردستانی ئیران‌دا بو دەر بخات بەهوی هونەرو دەنگە خوشەکەیەوە ، سەرەرای ئەوە شیخی ئەمر هەموو کاتی حەزی کردووە بە هەلس‌و کەوت لەگەل بویژو ویژەوان و هونەرمەنداندا .



سەی ئەسکەر پاش ئەوەی کە شادبوو بە دیدەنی شیخ ، رووی کردە مەلبەندە نازدارەکەی شیخ ، شاری سلیمانی ، کە گەیشتە کەرکووك لەوی ژەندرمەکانی دەوری دوابراو بەتورەیەکەوە تێیان خوڕی کەخەلکی کویی ؟ سەی ئەسکەریش ئەم پرسیارەی بەلاوە سەیر بوو ، چونکە ئەو کابرایەکی خەلکی ئەم کوردستانەیە و لەو کوردستانەدا ئەم پرسیارەی لی ئەکەن زور دلگیرو زویر بوو وەرامی ژەندرمەکەی بەتوندی دایەوە لە بەر ئەوە ژەندرمەکان لە ئوتومبیلەکە دایان گرت و سەرەوخواریان کردەوە بوکونی گرتووخانە ، نزیکەی دوو روژیکی تیامایەوە ، لەپاشا حەپسەخانی نەقیب زانی ، خیرا آگاداری دوستیکی کرد لە کەرکووك کە سەی ئەسکەر رزگار بکات ، تونرا کەواز بە ژەندرمەکە بهینری لە شکاتەکەی سەی ئەسکەر بە بەندی ناردیانە سـلیمانیو شـەو لە سەرا مایەوە ، بەیانی لەریگای پینجوینەوە رەوانەی ئیرانیان کردەوە .

سەی ئەسکەر پیاویکي تابلی‌ی ز‌ر کەلەگەت بوو ، چوارشانەو گەنم رەنگ بو ، دەم و چاوی آولە کونجی کردبوو بەلام زور لی‌ی نەکردبـوو بـــەعەیب ، زور دلخواز بوو حەزی بەبەزمو رابواردن ئەکرد ، بەلام زور جار بەدرەنگ ئەکەوتە ووتن پیش ئەوەی‌بکەوتایە ووتن ، هەموو دانیشتوان خاموش‌ئەبوونو چاویان ئەبریە سەی ئەسکەر بەلام کاتیك کە تی‌ی ئەچریکان بە آوازە شیرینەکەی بەهونەرە بی هاوتاکەی لە هەموو لایەکەوە خەالك پول پول وەکو پەپوولە شەیدای چرابن ، لی‌ی کوئەبوونەوە .

سـەی ئەسکەر یەکەم کوردیکە کە کەلەپووریکی هونەری گورانیو موسـیقای بـو بەجی هیشتوین ، هەر چەندە هونەرەکەیو دەنگە خوشەکەی بەر لەچارەکە سەدەیەك تومار کراوە ، بەلام ایستاش کە لە ئیسـتگەکانەوە لی ئەدری خەلك بەریزیك و خوشیەکەوە گوی‌ی لی ئەگرن .

سەی ئەسکەر کەواو سەلتە لەسەریەوە عەبایەکی کوبایی سووری لە بەر ئەکرد ، جار جارە تەپلەو مشکی و هەندی جار کلاوو مشکی ئەبەست .

ئیسـتا لە ئیستگەی رادیوی کوماری عراقدا تەنها حەوت قەوانی هەیە ، یانی دە قەوانی وونە ، رەنگە لە سلیمانی یان شارەکانی تری کوردسـتان یان لە کومپانیای

بەیزافون لقی تاران بە چنگ بکەوی .

ئەمرو پیویستی سەرشانی ئیستگەی رادیوی عراق ، کومەلی آوازی کوردی لە بەغدا کومەلی هونەرە جوانەکان لە سلیمانی و لەکویەیە ، کە هەول بدەن گشت قەوانەکانی سەی ئەسکەر کوبکەنەوە . سەر لەنوی توماری بکەنـەوەو نوتەکەی بنوسنەوە بتوانن چاپی بکەن .

ئەو هونەرمەندە ، ئەو کورد پەروەرە . ئەودەنگ یوسفیە لەتەمەنی ٦١ سالیدا ، لە سالی ١٩٣٧ زاینی کوچی دوایی کرد ، لە گورستانی ( تایلان ) لە گەرەکی چوارباخ لە سنە نیژرا ، دەنگە خوشەکەی و هونەرە هەلکەوتووەکەی بردە تویی گلەوە

سەی ئەسکەر سی٣ کوری هەیە سەی ئەول محمد ، سەی اشرف و سەی ماشاءالله ئیستا لە شاری سنە بەبازرگانییەوە خەریکن .

~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~

زور سوپاسی کاك رەشولو كاك مجیدی قالەی حەمامچی ئەکەم کە لە نوسینی ئەم باسـەدا یارمەتیان دام .

---

وتاری مامۆستا غەفوور ڕەشید داراغا دەربارەی **سەیید**



# ڕووداوەکانی رابوردوو

+ - رۆژی ١٩٥٦/٩/٩ بوو، سەعات پێنجی پاش نیوەڕوٚ، لەگەڵ حەسەن بەگی عەلی بەگی مەحموو پاشای جافدا پێکەوە لە هەڵەبجە دەرچووین روو بە رووی خـورماڵ بۆ چاوپێ کەوتن‌و سەیر کردنـی مزگەوتە کۆنەکەی ئەو شوێنە مێژوویی‌یە. ئۆتۆمۆبێل ، ئۆتۆمۆبێـلەکەی حەسەن بـەگ بوو ، مەحموو لێی ئەخوڕری ، ترمێلەکە رادیۆی تیـا بوو ، قەوانی (سێ‌گا) ی سەید عەلی ئەسغەری کوردوستانی لـە ئیستگەی بەغـدادا ئەو کاتە خرابووە سەر ، رادێو کرابووەوە گوێمـان لە دەنگە بە سۆزەکەی سەی عەسکەر بوو کە ئەیوت :

**هەر وەك پێشەنگی سەرقافڵەی عەجەم**

**سەحەر ئەسەحرای نەجەف ببۆ جەم !.**

بەو هۆیەوە حەسەن بەگ ئەمەی خوارەوەی بۆ گێررامەوە وتی :

ئەوا سـاڵی ١٩٢٦ء ، لەگەڵ ئەحمەد بەگی وەسمان پاشـادا ــ کە ئەو سەردەمە هەر دووکمان جۆشی گەنجایەتیمان بوو ــ. لە هەڵـەبجە شەوێکی دەمەو پایـز لە ژوورە بچکۆلە تایبەتیەکەی ماڵی ئەحمەد بـەگا دانیشتبووین ، ئەحمەد بەگ پیاوێکی هەبوو حەمە عەلی ناو بوو ، بـە حەمەعەلی وت کە نەیەڵێ ئەو شەوە کەس بێت بۆ لای ، بەو نیازە کـە ئێمە ئـەو شەوە بەزمێـکی تاجرانە بگێڕین !.. ئەحمەد بـەگ بـە دەسـتی خۆی هەموو جۆرە خواردنەوەو مەزەیەکی ئامـادە کردو بە راستی نەوەك بوو بە بەزمی تاجرانە ، بەڵکوو بوو بە بەزمێکی شاهانەی دوور لە هەمـوو دڵتەنگیەك . سەرو پێك نرا بە سـەرەوەو نەنرا حـەمە عەلی لە ناکاو کردی بە ژوورا وتی ئەوا سەیدێك هات نـازانم چی بکەم ؟!. ئـەو قسەکەی هەر لە دەما بوو، کوتوپڕ یەکێـکی‌تر کردی بـە ژوورا ، کە سەرمان بەرز کردەوە زەلامێـکی باڵا بەرزمان بەرچـاو کەوت ، باوەشـێ مێزەری سەوزی بە سەرەوەیە ، عەبایەکی رەشـی ماوتی بـە شانەوەیە ، ریشێـکی رەشی پڕی قـەڵەمـکراوی پێوەیە وتی : ( سەلامونئەلەیکم !. )و بە بێ قسە دانیشت !. حەسـەن بەگ وتی بەراسـتی ئێمەش لەو سەرو دیمەنە بە تەواوی شڵەژاین‌و لـە

وتاری مامۆستا عەلائەدین سەجادی و گێڕانەوەی حەسەن بەگی عەلی بەگی جاف دەربارەی **سەیید**
~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~

شەرمانا بە پەلە پەل کەوتینە شاردنەوەی قاپە عەرەقو پێکو مەزەو هەڵسساینە سەرپێو لەبەری راســـت بووینەوە ،کە سەید دانیشت زمانی هەڵهێنایەوەو وتی :

( ئاغەگەل بەندە سەی ئەسکەری کوردسانیم ، فەرموو دانیشن )۰

کە ئەمەی وت تۆزێ روومان کرایەوە دانیشتینو بە خێراتمان کرد ۰ ئەویش تێ گەیشتبوو کە ئێمە خەریکی چین ۰ لەپاش تۆزێک وتی : ( ئاغەگەل بەزمی خۆتان تێک مەدەن ، بەندەیچ ئەربابم !۰ ئەو ئەسباوگەلە دەرکەن !۰ ) ئێمەش دڵێک رازیو دڵێک نارازی شتومەکەکان کە شاردبوومانەوە هێنامانەوە مەیدان بەڵام هەر شەرمان ئەکردو دەستمان بۆ نە ئەبرد ۰ ئەمجا وتی : پێکێک بۆ منیچ تێکەن !۰ ئێمە هەم پێمان خۆش بوو هەم پرر کێشیشمان نەئەکرد !۰

ئەحمەد بەگ سێ پێکی تێ کردو یەکەمینێ دایە دەست ئەو و ئێمەش هەر یەکە یەکێکمان گرت بە دەستەوە ۰ سەی عەسکەر پێکی وەر گرتو هەستایە سەر پێ ، پێکەکەی نزیکی پێکی ئەحمەد بەگ کردەوەو دای لە پێکەکەی تەقەی لێ‌هەستانو وتی : ( بە سەلامەتی سەری ئێوە )و نای بە سەرەوە ! و دانیشتەوە ۰ سەیرمان کرد راستە زۆر ئەرباب بوو ، ئەو لە ئێمە گەلێ وەستاتر بوو !۰

تۆزێ مات بوو و پاشان وتی : ( ئاغە پێکێکی‌تر بۆ ئەم ئاغەی خۆتانە تێکەوە !۰ ) پێکی‌تری بۆ تێ‌کردو دایە ، ئەویشی نا بە سەرەوە ۰ سەیرمان کرد وردە وردە رەنگی سوور هەڵگەرراو دەستێکی بەرز کردەوە تۆزێ مێزەرەکەی لار کردەوەو لەبەر خۆیەوە دەستی کرد بە وتن ۰ پاش ماوەیەک کە گەرم بوو دایە چریکەو دەنگی بۆ بەرز کردەوە ، لەگەڵ حەنجەرەکەیا شووشەی پەنجەرەکان کەوتنە شەکو شۆک ، ئەوەندەمان زانی خرر شووشە هەموو کەوتنە خوارەوە جامی پەنجەرە خررەی کرد !۰ کە چاک سەیرمان کرد هەرچێ ئەهلی هەڵەبجەیە بە دەورەی زوورەکەدا کۆ بوونەتەوەو لەو نەوایە سەرسام ماون ، ئەوی راستی بێ ئێمەش هیچ ئیختیارێکمان تیا نەماو ئەتوانم بڵێم کەوتین !۰۰

● ● ●

رشتەی مرواری بەرگی شەشەم لاپەڕە ۱۱۷تا ۱۲۰

وتاری مامۆستا عەلائەدین سەجادی و گێڕانەوەی حەسەن بەگی عەلی بەگی جاف دەربارەی **سەیید**



**دەقی وتاری مامۆستا محەمەد ڕەسوڵ هاوار**

(جارێک حەسەن بەگی جاف بۆی گێڕامەوە) وتی: ساڵێک لە هەڵەبجە، هاوین بوو، سەعید قەزازی قائمقامی هەڵەبجە میوانم بوو. لەناو چیمەنی حەوشەدا دانیشتبووین. لەپڕ تەماشامان کرد پۆلیسێک زەلامێکی ڕیش سپی هێنا، بەخۆی و گۆچانێکەوە پێش خۆی داوە و هاتە ناو چیمەنەکە. کابرای پیر یەکسەر ئانیشکی نایە سەر گۆچانەکەی و چریکەی گۆرانییەکی لێ بەرز بووەوە، کە بەڕاستی هەموومانی مەستکرد و لەجێیی خۆمان تاس دەیبردینەوە، تومەز ئەمە: سەی عەسکەر بوو، لەسەر سنوور هاتوچۆی ئەو دێهاتانەی دەکرد و پۆلیس گرتوویەتی و هێناویەتی بۆ هەڵەبجە و بۆئەوەی لێرەوە بینێرنەوە بەودیودا و وتی: حەسەن بەگ، هاتووم ببیت بە کەفیلم، کە ئەمشەو حەپسم نەکەن، هەتا سبەینێ دەڕۆمەوە.

سەعید قەزاز هەڵیدایە وتی: باوکم من دەبم بە کەفیلی و بە پۆلیسەکەی وت: بچۆ بە قۆمیسەر بڵێ قائمقام کەفیلێتی و بەریدەن، باکوێ دەچێت ئارەزووی خۆیەتی.

بەڵێ ئاوابوو گــوزەران و ژیانی دەنگخـۆشـێکی بێ وێنەی وەک سەعکەر...

لە یەکێکی شارەزام بیست، وتی: ئێرانییەکان زۆریان هەوڵدابوو لەگەڵیا کە بە فارسی چەند قەوانێک تۆمار بکات. نەیکردبوو... ل (۲۲۸ - ۲۲۹) (*).

..........................................................................

(*)کتێبی: کوێرەوەری و بیرەوەری - هاوار، محەمەد ڕەسووڵ ۱۹۸٤ لەندەن - بەبێ ناوی چاپخانە.

وتاری مامۆستا محەمەد ڕەسوڵ هاوار دەربارەی **سەیید**



ئەسڵ: دووەمی بچووک زیل تر:  یار غەزاڵ





ئەسڵ: بەرابەر: ئەی ڕەفیقانی تەریقەت



ئەسڵ: دووەمی بچووک زیل تر: دەردی هیجران





ئەسڵ: بەرابەر: لەنجەولار



ئەسڵ: دووەم کوچک زیل تر «ئەسڵ: دووەمی بچووک زیل تر» هەی نابێ نابێ





ئەسڵ: دووەم بچووک زیل تر: هەی نابێ نابێ



غەمگین و دڵ پەشێوم





ئەسڵ: دووەم بچووک زیل تر: کراس کورتێ



ئەسڵ: دووەمی بچووک زیل تر: کورتە باڵا



## دوا وێنەی سەیید

بۆ سۆراخی ئەم وێنەیە کە لە چایخانەی حاجی خەلیفە ئەوەل محەمەد، گیراوە، ڕۆژی یەکشەممە ١٩٩٦/٢/١٨ لەگەڵ کاک ئەمیری لوتفوڵڵا نەژاد، چووینەلای کاک ناسری زەهرایی -کوڕی جاجی خەلیفە ئەولمحەمەد زەهرایی موقەددەم (١٩٠٠-١٩٨٦ز)- خاوەنی ئەو قاوەخانەیەی کە **سەیید** ئەم دواوێنەیەی تێدا گرتووە... کاک ناسری زەهرایی موقەددەم (١٩٣٥ز) خۆی لەم وێنەیەدا، ئەو منداڵەیە کە بەباوەشەوە گیراوە و... سەبارەت بەبەشدارانی ئەم وێنەیە، ئەم ناوانەی لێ ناسینەوە:

(لەچەپەوە بۆ ڕاست)

١- **سەیید** حەمەمین قەساب

٢- **سەیید** عەبدولئەحەدی کوڕەگەورەی**سەیید**

٣- **سەییدعەلیئەسغەریکوردستانی**

٤- حاجی خەلیفە ئەولمحەمەد

٥- ڕەحیم قاوەچی

٦- غولام عەتاردی

٧- «گوروویان»ێک

٨- منداڵەکە (ناسری زەهرایی موقەددەم) لە باوەشی «باقر مسگەر»دایە؛ کە بە«باقر سیا» ناسراوە.

ئەگەر تێبینی وێنەکە بکرێ، دەردەکەوێ کە چایخانەی ناوبراو ڕازێنراوەتەوە. کە وەک کاک ناسری زەهرایی، پێی وتین گوایە: ڕۆژی ژنهێنانی محەمەد ڕەزا شای پەهلەوییە لەگەڵ فەوزیەی خوشکی مەلیک فاروقی میسردا... بەڵام بۆنەی ناوبراو دەکەوێتە دوای مێژووی کۆچی دوایی سەییدەوە... چونکە وتمان سەیید لە ١٥ی بەهمەنی ١٣١٥ هەتاوی -٤ی شوباتی ١٩٣٧ز-دا کۆچی دوایی کردووە، لە کاتێکدا محەمەد ڕەزا شا لە ٥ی مانگی خورداد (پووشپەڕ)ی ١٣١٧ هەتاوی-٢٦ی مارتی ١٩٣٩ز-دا، فەوزیەی دیاری و نیشانە کردووە و دواتر مارەی کردووە و گواستوویەتییەوە... بۆیە زۆرم سۆراخی ئەو بۆنەیە کرد کە شاری سنەی بۆ ڕازێنراوەتەوە؛ بەداخەوە بۆمک ساخ نەبۆوە...



دوا وێنەی سەیید





نموونەی مۆرێکی سەیید



نموونەی مۆرێکی سەیید

worked with him. There is a reference to the place and date of recording of his songs by the gramophone company which recorded 14 songs and Maqams for him. We are definite that the number of these songs has been more than 14, but because of the political situation of **Sayed**'s Kurdish people in **Iran**, some of them have been destroyed.

method which has been used by Zorast when singing hymns and Zorast lived in Kurdistan.

So the main reason for the success of the songs is that it is the music or the musical voice of other types of singing to be musical rather than merely a group of words or a didactic or elegant Poem to be poetic... . Since if the Poem were leading and putting into shade the music of a song, then we wouldn't need elegant poetry or pompous messages in singing. We know that the power of a pleasant musical voice is based and dependant on poetry.

In **Sayed**'s songs this trait has ascended so high ... . When listening to **Sayed**'s song, we will be surprised by the magic of the voice rather than by the meaning of the Poems. **Sayed**'s voice is paradoxically simple and complicated to understand. It is apparently simple, but so hard and complicated in content. In the tone of his voice there is something which make us cry... . There is something tranluscent and deep in his voice. Everything will dissolve in his voice which is similar to hot Water of an ocean... . This is the magic of immortality of his voice. In comparison to this voice, even the sweetest and most pleasant singing of nightingales will be taken for granted. No one but **Sayed** was and is able to sing in such a heavenly way. That is why in our endeavour for perceiving the meaning of the lines of the Poems, we are perplexed. Since **Sayed**, in his own state of intoxication, paid all his attention to the pitch and tone of his own voice and cared not the slightest bit for the words and lines of the Poems. He adapts the words to the atmosphere of his voice in a way similar to that of a sculptor who changes a rough stone into his or her desired statue and this is the case, generally speaking, with most of his songs and specially with his Maqams. Sometimes we feel that he breaks a word and curtails another word and even passes it



through a mist or a fog in his voice. That is why he has got thousands of enamoured listeners without understanding even one Poem among his songs! ... . In other words, in the songs of **Sayed**, music is leading Poems in a way that poetry is actually lagging behind it.

In **Sayed**'s voice there is something not only absolutely natural and easily flowing but also revealing an infinite skill and power. He presents his voice in a way which gives one the impression that there is in this man, a mythological ability which leads the frequencies and pitches of the voice. There is a precise accordance between the pitch of his voice and this and that beat without using any energy ( that is what we feel) and making any artificial attempt. **Sayed**'s mastery in the octaves of his voice is to such an extent that in each song he has his own octaves which are distinct even from those of his other songs and Maqams. That is why there is no similarity between his songs. Each song has its own characteristics. Various as they are, they are all obedient to the great master. And that is what they have in common.

Behind the traits of **Sayed**'s songs, one can see **Sayed**'s mastery in Kurdish and Iranian culture. He is a ware of and acquainted so well with the literature of the Kurdish Language. And this has become a strong foundation for his success. He found and chose the raw material for his songs among the works of Kurdish mystic Poets.

This book is the result of my research, for nine years, concerning the life and works of **Sayed Ali Asgar Kurdistani** and I have tried to give to my readers a comprehensive information about this great Kurdish singer. I have analyzed the style's of his songs and the Poems as well. The reader will be acquainted with the musicians who

circle of the houses of the Kurdish a entry and landlords and brought them to the common Kurdish people.

The way that the people and lovers of art appreciated, during these 80 years, at on hand and imitating his songs by his contemporary singers and those after his death, on the other hand , are the evidences of the fact that this man of art is the manifestation of the ancient feelings of his people and of the original and honest art. **Sayed** is one of the manifestations of Kurdish identity and life and music, both at home and abroad. The heritage of music has come, generation by generation, to his time ... . The greatness of **Sayed** is that he also, carried this sacred heritage to his successors. And he did it so successfully and skillfully. The famous Kurdish musician, professor Gadir Dilan was the first to notice this fact. "He has given an original Kurdish style to every song he sang. " says he. Also the prominent singer, Sdik Ta'rif, comparing the style of **Sayed** with those of other Iranian singers and as a result of his search for the identity of **Sayed**'s voice, he says: ((The style of **Sayed** is Kurdistani.)) This style, when listening attentively to his voice, gives you the impression that this is the echo of the songs and music of the centuries ago, of the ancient times ... . There is something archaic in his song that from some old foggy days in these people's history, addresses our hearts. That is why, sometimes we feel that this voice is so near to us, it is a part of our hearts, and at the same time it is such an impressive call that can create a resurrection, in which we will see our late ancestors who have come to a new life, we can feel their omnipotent presence among us, their grandchildren, intoxicated by that sacred archaic music repeated in the voice of **Sayed**, and dancing, hand in hand with their grandchildren, in a pompous dance which is a circle as vast as the whole Kurdistan.



If we turn the pages of the history of Kurdish music and songs, we will find that those of **Sayed**'s fore runners were of various styles of different parts of Kurdistan, which at the same time they followed unifying rules in a way that they can be categorized in an independent school... . The styles, the rhythms and tones gives those songs their special identity so as to be different from the songs of their neighbouring tribes and nations. If we consider the explicit and tangible characteristics of this identity which belong to the original and the purest Kurdish music, i.e. that of Kurdish Lawik, Hayran, Bait, Siachamana and Hora, we will notice that all of these categories can be classified as Maqam. They are not of the same rhythm, yet the similarity of the content is a preponderant trait of all of these categories: In all of them, a problem, something didactic or a humanitarian sorrow is the underlying basis... .The theme of each category is penetrated into fascinating poetic imagery. The imagery is short and brief, simple and betray readily the theme... . But in all of them the most prominent trait is the music which encompasses all the other traits. We should say that other characteristics of these categories are conveyed to us through the music. What we listen to is neither a rough and undecorated theme nor a collection of sheer imagery. That is why, music in Lawik, Hayran , Bait, Siachamana and Hora is the leading component. First and foremost it is the music that calls our feelings, not the verbal patterns... . Sometimes, groups of words lack a musical and poetical rhythm ! And when singers sing the songs, specially in the case of Lawik, Hayran and Bait and sometimes in the case of Siachamana and Hora, it is the quality of the voice which creates the poetic foots and musical rhythms for the lines of the songs. And this is the

# Preface

From the time gramophownes were imported into **Iran**, a group of famous Iranian musicians and singers recorded their works on disks. **Sayed Ali Asgar Kurdistani** (1882 - 1937) not only ranked among the most prominent of these men of music but also he was the first , in the history of Kurdish music, to record his songs, with his original Kurdish voice, in 1929, on gramophone disks. And this, from the very beginning, surprised the trained ears of experts in various styles of Iranian songs. These people began to search for the secret of his voice and as a result his style became a special school. **Sayed Ali Asgar** has got a deep root in the hearts and feeling of the Kurdish people and even in those of neighbouring tribes and nations. That is why prominent Persian writers and musicians, from his time till today, have written, twice as much as what Kurdish men of letters and music have done, on his works. Among them we can name great and famous musicians Mr. Rouholah Khalegi and Dr. Sasan Sepanta, and great writers, Mr.Parizi Bastani, Mr. Mahdi Tajali Pour, Mr. Yousif Mir Shakak. Kurdish musicians and writers as well have written a lot, in Kurdish, Farsi an Arabic, on him. We can refer, among these people, to professor Gader Dilan Karim, Abbas Kamandi, Sadik Tarif, etc. In addition to these works and researches on **Sayed Ali Asgar**, poets have written, during his lifetime, lauding Poems for him and his unrivaled and heavenly voice and this has continued after his death. Now many singers still imitate his immortal songs and voice.

Although this Kurdish singer has recorded his voice on gramophone disks in the worst time for Kurdish culture, i.e. during the reign of Reza Shah Pahlavi in Iran, when there were strict bans in the way of flourishing of Kurdish



art and culture, so skillfully has he presented his art that surprised musicians and singers not only of Kurdistan but of the Persian people. His gift and ability in mounting the ancient Iranian music, with so much dexterity, on his voice, and at the same time creatively leaving his own and individual marks on this music and thus creating styles of singing different from those of the past and contemporary singers has perplexed the experts.

In the voice of this singer, there is something so deeply human that it has omitted provincial frontiers and (travelled everywhere both in Iran and the) neighboring countries. Every musically trained ear after having listened to **Sayed Ali Asgar**'s songs, will no doubt be enamoured with it since in its depth one can find an infinite sorrow of the sort shared by, as if throughout the history. That is why **Sayed Ali**'s songs, after several decades, still remain a memorable event in the history of music and are keeping, in their bosoms, that hilarious secret during their strong slouches toward the future... In other words, his songs are a past which is a future. These songs' past has got a deep and extensive root in the Kurdish art and culture, seeing that during the time after his death, his angelic voice has been a singing bird building its nest on the high mountain of Kurdish soul. This bird is Flying nearer and nearer to the keen ears of the original Kurdish music and songs ... . That is why the farther gets **Sayed Ali Asgar**'s death, the more acquainted becomes his voice to our ears. That is the essence of the immortality of his voice. About 80 years ago he was able, in a primitive society, to raise the value of art so that all social strata in such a society look at it with a respecting eye ... and pay attention to art and its magic power... and regard art as something beautiful and holy. **Sayed Ali Asgar** released Kurdish songs from the limited

# SAYED ALI ASGARI KURDISTANI

Muhammad Hama Baqi